# گزنگ

95

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات



# گزنگ

ژ ٩٥ ئایار ٢٠١٢

گۆڤارێکی ئەدەبییە یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک دەریدەکات

خاوەنی ئیمتیاز: یەکێتیی نووسەرانی کورد - لقی کەرکوک



**سەرنووسەر**

د. ئازاد ئەمین باخەوان

07701385647

**جێگری سەرنووسەر**

موعتەسەم ساڵەیی

**بەڕێوەبەری نووسین**

عەبدولستار جەباری

07701322588

starjabari@yahoo.com

**بەڕێوەبەری هونەری:**

ئەنجام سەعید

**دیزاین**

دلێر ڕەفیق



ئیمەیلی گۆڤاری گزنگ :

Gizing2010@yahoo.com

ناونیشان:

کەرکوك-رەحیماوا-فلکەی ئیخوان-بەرانبەر قوتابخانەی خانی

کوردستان / کەرکوك


تێبینی:

– نووسەر خۆی بەرپرسیارە لە نووسینەکەی.

– هەر نووسینێك لە شوێنێکی تر بڵاو بکرێتەوە فەرامۆش دەکرێت

# لەم ژمارەیەدا ٩٥

**سەکۆی گزنگ:-**

نووسەران و بەهرەی قسەکردن، **و: تاهیر عوسمان**..........................................ل٥

**زمانەوانی:-**

زاراوەسازی و پێوەندیی نێوان  واتایی زمانەوانی، **د. شەهاب شێخ تەیب**......................ل٩
زمان و شوناسی نەتەوەیی، **و: بەهار زایر** .............................................. ل١٥

**وتار و لێکۆڵینەوە:-**

چەند سەرنجێك دەربارەی ڕۆمانی ڕیالیزمی، **د. عادل گەرمیانی**..............................ل٢٧
پێشەکییەك دەربارەی ئیلیادە-ب/١، **حەمەکەریم عارف**.........................................ل٤١
ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت) وەك نموونەی...، **جەلیل محەمەد شەریف**......................ل٥٧
مێژوویەکی نوێی ئەدەب و هونەری کوردی، **هەیاس کاکەیی**....................................ل٦٥
ئاڤێستا (دێرینترین پەیام و سروودی کورد)، **عەزیز عوسمان**..................................ل٦٩
لێکۆڵینەوەیەك لە سەر ژیانی خانای قوبادی/ب٢، **کاروان عوسمان**..........................ل٧٧
خوێندنەوەیەك بۆ ڕۆمانی کار لەکار ترازا، **سوارە کافرۆشی**.....................................ل٩١
حیکایەتەکانی عەزیز نەسین، **خالید کاوێس قادر**..............................................ل٩٧

**وەرگێڕان:-**

ئێرۆتیزیم لە شیعری فروغی فەروخزاددا، **و: رزگار جەباری**....................................ل١٠١
ئارنۆڵد گوهلن و فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجیەکەی، **و: سیما چۆمانی**............................ل١١٥
هۆشەنگ ئیبتهاج (سایە)، **و: عوسمان شێخ محێدین**.........................................ل١٢١
داش ئاکۆل، **و: ڕەسوڵ سوڵتانی**.......................................................ل١٢٧
دایك و ڕۆڵە، **و: ئازاد نەجم**..........................................................ل١٣٩

**چیرۆك:-**

باپیرەم چۆن دەوڵەمەند بوو، **و: عەبدوڵڵا مەحموود زەنگنە**...................................ل١٤٩
زەمبەقە ئاوییەکان، **ئەدیب نادر**.........................................................ل١٥٣
مردنێك بە دەم پێکەنینەوە، **کاروان محەمەد فەتاح**..........................................ل١٥٩

**شیعر:-**

پەنجەرە، **لە فارسیەوە: بابە ك  سەحرانەوەرد**..................................................ل١٦٥
لەبەر دەرگای شیعر، **و: هێمن عومەر خۆشناو**..................................................ل١٦٩
خوڵ، **شنۆ ئەحمەد غەفور**...............................................................ل١٧١
ئاشتبوونەوە، **ستار ئەحمەد**...............................................................ل١٧٣
ملیارەها دلۆپە خەڵکی سەرزەمین، **توانا حەمەنوری**...........................................ل١٧٥
هاوڕێم زیندانەکان وێڵیان کردووم!، **گۆران ڕەئووف**...........................................ل١٧٧
شینێك بۆ هەڵەبجەم...، **غەمبار جەباری**.....................................................ل١٧٩

**هونەر:-**

ریالیستی لە هونەری شێوەکاری ژاپۆنی دا، **و: عەباس مەجید**.................................ل١٨١

**دیمانە:**

قەشە یوسف سەعید، **و: بورهان ئەحمەد**......................................................ل١٨٥
گفتوگۆ لەگەڵ هارۆکی مۆراکامی، **لە فارسییەوە: جەبار سابیر**................................ل١٩١
کاروچالاکییەکانی یەکێتیی نووسەرانی کورد، **سابان ستار**....................................ل٢٠٣

# نووسەران و بەهرەی قسەکردن

**و:تاهیر عوسمان**

ئایا نووسەران بەچاکی قسەدەکەن ؟ کاتێك له بۆنەکان یا چاو پێکەوتنیان لەگەڵ هۆکارەکانی راگەیاندن داوایان لێ دەکرێ لێوان بدەن؟

بۆ ژمارەیەك له نووسەران وەکو قسەکەری سەرنەکەوتوو یا خاکی یاخود پەشۆکاو دەردەکەون ؟ کاتێك خۆیان دە بیننەوە لەناکاو داوایان لێ دەکرێ لەبارەی خۆیان و بەرهەمەکانیان . یا کاروباری ژیان بدوێن؟

ئایا ئەوان بەڕاستی لە گوزارشت کردندا سەرنەکەوتوون ؟ یاخود ئێمە گەیشتووینەتە ئەو باوەڕەوە؟ چونکە هەمیشە بەراوردێك لە نێوان قسەی نووسەری بەردەم جەماوەرو بەردەم میدیاکان و ئەوەی دووتوێی کتێبەکانیان دەکەین . کە کتێبەکانیان زمانێکی چەند تۆکمەو دارشتنێکی چەند جوان و چەندین هزری لە خۆوەگرتووە کە راستەوخۆ دەگەنە ئێمەو زۆر جار بە رێگایەکی واکاریگەرپێمان دەگەن کە ئەو کاریگەریە بەسەر ژیانمانەوە دەردەکەوێ.پاشان بۆ ئەوە بەسەر نووسەردا دەسەپێنین کەدەبێ قسەکەرێکی باش بێ ؟له جیاتی ئەوەی کە پێویست بکا چەند کردەیەکی دیکە بەباشی ئەنجام بدا وەکو سەماکردن . یا یاری کردنی تێنس ، یاخود مۆسیقا ژەنێکی چاك بێ ؟ وە ئایا قسە کردن کردەیەکی تەواو جیاواز نی یە لەگەڵ بەهرەی نووسیندا ؟؟؟؟ فلادیمێر نابۆکۆف لە چاو پێکەوتنێکدا بە بۆینباخێکی سەیرو چاویلکەیەکی گەورەوە لەگەڵ بەرامبەرەکەی دەدوێ . کە هەردووکیان لەبارەی رۆمانی لۆلیتا وە قسەدەکەن و نابۆکۆف دەڵێ :من لە رۆمانەکەمدا نامەوێ





له دلی خوێنەر بدەم .یاخود کار لە عەقلی بکەم . نا بەڵکو دەمەوێ تەنها موچڕ کێك به لەشی خوێنەردا بێنم ، رۆماننووس کاتێك ئەو وشانە دەدرکێنێ خۆی بەهەڵدانەوەی چەند کارتێکەوە مژوڵ دەکا و ناوە ناوە دەگەڕێتەوە سەر کاغەزەکانی بەردەمی و درێژە بە قسەکانی دەدا .ئایا ئەو نووسەرە باش دواوە . هەرچەندە دەتوانێ بە ٣ زمان قسە بکا . لەوانەیە . لەبەر ئەوەی وەلامەکانی خاکی و سادە بوون . بەلام وادەردەکەوێ وەلامەکان لە کاغەزەکانی بەردەمی بخوێنێتەوە یا نووسەر پێشتر لەچەند تێبینیەکدا تۆماری کردبن ئایا ئەمە هەست بە نائومێدی کردن نی یە؟ بەلام دەبێ ئەوەش بزانین کەوا نابۆکۆف —ی نووسەر وتار بێژ نییە. لەسەر نووسەریش نی یە زیرەك و بەهرە دار بێ تەنها لەکاتی نووسیندا نەبێ . ئەم دیمەنە پرسیارێکی گرینگ دەخاتە روو کامە کردە یەکەم جار دێت ؟ نووسین یا بیر کردنەوە ؟ئایا بیر کردنەوە پرۆسەیەکی سەربەخۆیە لە نووسین یاخود کردەیەکە تەنها له میانەو به هۆی نووسینەوە دێتەدی؟ زۆربەی نووسەران پێیان وایە ئەوان ئەو کاتە زیرەکتر و بەهرەدار ترن کە دەنووسن . نەوەك لەو کاتەی کە دەدوێن . ئەدگار ئالان پۆ لەم قسەیەدا هاو ڕایە لەگەڵ مۆنتێن و دەڵێ خەڵك باسی بیر کردنەوە دەکەن . بەلام سەبارەت بە خۆم من بیر ناکەمەوە تەنها ئەو کاتە نەبێ کە دادە نیشم بنووسم .له راستیشدا وادەردەکەوێ ئەم رایە راست بێ نەوەك لەبەر ئەوەی کە نووسین هزرەکان دە خولقێنێ و دایان دەهێنێ .

نووسین هزری له ناکاو بۆ نووسەر دێنێ کەبەر لە پرۆسەی نووسین بە خەیاڵی دا نەهاتبێ . هەروەك ئەوەی جیهان لەدەرەوەی کردەی نووسیندا نەبووبێ و هیچ بیرۆکەیەك نەتوانێ خۆی تێدا بەرجەستە بکات. هەرچەندە زانای دەروونناس ستیفن بینکەر لەسەر ئەم جۆرە بەراورد کردنەرازی نی یە و دەڵێ بیر کردنەوە لە پێش نووسینە . هۆیەکەش ئەوەیە بۆیە ئێمە لەکاتی نووسیندا زیرکترو روونتر دەردەکەوین چونکە نووسین دەرفەت و رووبەرێکی وامان پێ دەبەخشێ تا بتوانین ورد بین ترو بهرەدار تر بین لە گوزارشت کردن لە هزرەکانماندا . ئەو خۆشیەش هەمیشە لەکاتی قسەکردندا بۆ ئێمە نارەخسێ . ئەوەش بەتەواوی راستە.بەلام سەبارەت بە جۆرێکی دیاریکراوی نووسین . کە نووسەر بۆ ئەوە ئەنجامی دەدا تا بەهۆیەوە پارووی ژیان پەیدا بکات وەکو ئەوەی ماددەی و راپۆرتانەی کە بۆ رۆژنامەکانی دەنووسێ لەو کاتەدا پێویستە پابەندی چەند پێوەرو بابەتێکی دیاریکراو بێ کە پێش وەخت لەلایەن بەرێوەبەری

نووسین و ئیدارییەکانەوە دیاریی دەکرێن، بەلاّم سەبارەت بەو نووسینانەی کە نووسەر لەو فشارو ڕێ و شوێنە پیشەیی و داراییە راستەوخۆیانە رزگاری دەبێ . ئەوە پرۆسەی بیرکردنەوەکە دەبێتە بەشێکی ئۆرگانی لە پرۆسەی نووسیندا . کە هەرگیز ناکرێ بە هیچ حاڵەتێك لە پرۆسەی زمانەوانی _ گوزارشت کردن جیا بکرێتەوە کە خۆی لە کردەی نووسیندا دەنوێنێ ،ئەو رووبەرە لە ناکاوانەی کە نووسین بۆ ئەو ئازادیە پێمان دەبەخشێ کاتێك ئێمە خەریکی پرۆسەی نووسینین ئەوە بۆچۆنیەتی مامەڵە کردنمان لەگەڵ زەمەندا دەگەڕێتەوە .چونکە نووسین کردەیەکە لە زەمەنێکی تاکڕەوی گۆشەگیر لە هەموو زەمەنەکانی تردا .بەوەی کە نووسەر دەتوانێ ئەو رووبەرە خاکیە نامۆیانە بقۆزێتەوەکە پەنگ خواردنەوەی زەنەنە نیسبیەکە لە هەموو لایەکەوە پێمانی دەبەخشێ .بەمەش کردە– نووسین دەبێتە هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی ئەو ناوچە نەناسراوانەی کە هیچ کردەیەکی تر نەیتوانیوە بیاندۆزێتەوە .نووسەریش لە ساتەوەختی نووسیندا داوای لێ ناکرێ بەریتمێکی زەمەنی دیاریکراو بەشداری بە خەڵکی تر بکا .هەروەك چۆن لە کاتی ئەو دیالۆگانەدا دەیکات کە میدیاکان لەگەڵیدا دەیکەن . یاخود کاتێك قسەکانی لەبەردەم جەماوەردا دەکات .سەرەرای زەمەنیش راستیەکی زانستی تر هەیە کەزاناکان دووپاتیان کردۆتەوە ئەویش ئەوەیە کەوا کردەی قەڵەم گرتن دەست کردنە نوسین لەسەر کاغەزێکی سپی پێویستی بەکارکردنی چەند بەشێکی تری مێشك هەیە جیایە لەوانەی کەلە کاتی نووسینی سەر شاشەی کۆمبیوتەر روودەدا . کەواتە بۆ ئەو بەراوردە لەهەردوو حاڵەتی نووسین و قسەکردنیشدا راست نەبێ ؟وە گومانی تێدا نی یە لەرووی لۆژیکیەوە کەوا مێشکی نووسەر لە کاتی نووسیندا بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکات. لەوەی کە هەمان کەس لە کاتی قسە کردندا بێت. دەبێ ئاماژە بەوەش بکەین کەوا سەردەمی میدیاو وێنە وەهمێکی وای دروست کردوە کەوا دەبێ نووسەر قسە کەرێکی باش بێ . بەلاّم لەوە گرینگتر ئەوەیە نووسەر بەر لەهەموو شتێك نووسەرێکی باش بێ . بێگومان هیچ لەنگی نی یە ئەگەر قسەکەرێکی بەبەهرەش بێ.بەڵکو ئەمە پێویستیشە . بەلاّم هەرگیز نابێ ئەوە بەدیلی بەهرەی نووسین بێ .هەر لێرەشدا مەسەلەی نووسەر و قسەکردنی دەکەوێتە نێو چەند بابەتێکی ترو کۆمەلێك پەیوەندی ترەوە لەوانەش دیاردەیەکی تازەی وەکو بە ئەستێرە بوونی نووسەر کە سیاقێکی تازەی بۆ پەیوەندی ئەو نووسەرە بە ژیانی کۆمەلاّیەتی دەرەوەی بەرپا کردوە.وە ئایا بە





ئەستێرە بوون حالەتێکی لەناکاوە لە نێوەندە ئەدەبیەکەدا ؟.وەئایا دەکرێ سیاقێکی رۆشنبیری و مێژوویی بۆ دیاری بکرێ ؟ دیارە ئەو پرسیارەش مەسەلەیەکی پسپۆڕی نی یە سەر بە بوارێکی لێکۆڵینەوەی ئەدە بیەوە هەبێ بەڵکو ماددەیەکی رۆشنبیریەو لەگەڵ چەندین ئاراستەی تردا یەکدەگرنەوە .کەوادەکا ببێتە نیمچە خوێندنەوەیەك لە مێژووی رۆشنبیری پیشەی نووسەرەکە .لەسەرەتای دەیەی دوایی سەدەی رابردووشدا چەندین گۆڕانکاری لەسەر ئاستی گەردوونی لە رۆشنبیریدا بەرپابوو کە لایەنێکیان بووە هۆی سەرهەڵدانی چەندین نەریتی کارکردنی تازە لەزۆربەی بوارەکانی بەرهەم هێنانی رۆشنبیریدا هە روەها ئەدەب یەکێك بوو لەو بوارانەی کەبە شێوەیەکی مەنهەجی کەوتە ژێر باری ئەوەی کە دواتر بەیاساکانی بازاڕی بەرهەم هێنانی رۆشنبیری ناونرا .هەر لەم بارەیەشەوە زۆربەی رەخنەگران لەسەر ئەوە کۆکن کەوا ژیانی ئەدەبی چەندین دیاردەی بە ئەستێرە بوونی لە ئابووریەکانی پیشەسازی سینەما وەرگرتووەو دووبارە دایڕشتۆتەوە تاوەکو لەگەڵ تایبەتمەندی پیشەی نووسەردا بگونجێ بە ئەستێرە بوونی ئەدەب لەتەنها گوزارشتێکی ئاڵۆزو خواستراوەوەبوو بە چەمکێکی بەکارهێنراو.سەرباری هەموو ئەوانەش بە ئەستێرە بوونی ئەدیب سەبارەت بە زۆربەی لێکۆڵینەوە رۆشنبیریەکان هێشتا نەبووەتە بابەتێکی نەگۆڕو روون .بەڕادەیەك کە بتوانرێ دیاری بکرێ و بە ئاسانی لێی بکۆڵدرێتەوە لەبەر ئەوەی بیرۆکەی نووسەری تاك کەبە شێوەیەکی تایبەتی لە چەرخی تازەدا پەرەی سەندوەو سەرەتا بۆ مێژووەی ئەوروپی سەردەمی رێنیسانس دەگەڕێتەوە ، کەوتۆتە ژێر باری چەندین جۆرە پەرەسەندنی جیاجیاوە و بەچەندین قۆناغی جیاواز لە روو و شێوازدا رەت بووە ،هەر لەبەر ئەوەش دوو تێڕ وانین بۆ مامەڵە کردن لەگەڵ ئەو بابەتەدا هەیە یەکەیەمیان لەوەوە سەرچاوە دەگرێ کەوا دیاردەی بەئەستێرە بوونی ئەدەبیی هاوچەرخ پەرەسەندنێکی کەڵەکە بووەو بە شێوەیەکی سروشتی لەئاکامی پەرەسەندنی پیشەی نووسەر خۆیدا بەرپابووە .بەلاّم دووەمیان لەو کلاّو رۆژنەیەوە لە بابەتەکە دەڕوانێ بەوەی کە دیاردەیەکی لە ناکاوبێ و یاسا ئابووریەکانی بزاڤی ئاڵو گۆڕکردنی رۆشنبیری نێو بازاڕی هاوچەرخ سەپاندبێتیان.....

سەرچاوە:پاشکۆی رۆشنبیری رۆژنامەی ئەلسەورەی سوری ژمارەی رۆژی///٣–٥–٢٠١١علی محمد سلیمان کردوویە بە عەرەبی

# زاراوەسازی و پێوەندیی نێوان واتایی زمانەوانی و زاراوەیی

د.شەهاب شێخ تەیب

جیهان لە گشت بوارەکانی ژیاندا، گەشەسەندنێکی گەورەی بەخۆوە دەدینێ، لەگەڵ ئەم گەشەسەندنانەش چەندین چەمك و داهێنان و ئەو شتە تازانەی، کە ژیانی ئادەمیزاد لە خۆدەگرن دێتە کایەوە، کە بێ گومان پێویستی بە ناونان دەبێت، بۆ ئەوەی پێی بناسرێنەوە، زانراویشە ئەو لایەنەی کە بەرپرس لە گشت ئەو شتە تازە و چەمك و پێویستیانە، دەکەوێتە سەرشانی زمان. ئەم پێشکەوتنە گەورەیە و گەشەسەندنە خێراییە لە زانیاری مرڤایەتیدا و لە گشت بوارەکانیدا، پشت بە گواستنەوەی زانیاری و گۆڕینەوەی و یەکخستنی دەبەستێت و زاراوە و چەمکی هێمابۆکراوی بەکاردێت . بەڵام ئەم گەشە و پێشکەوتنەی بواری زانستی و تەکنیکی ..... هتد، بۆتە هۆی گیروگرفتی دانانی زاراوە، کە بتوانێ گشت لایەنەکانی زانیاری مرۆڤایەتی داپۆشێت،چونکە یەکسانی و لێکچوون لە نێوان ژمارەی چەمکە زانستییەکان و ژمارەی ئەو زاراوانەی گوزارشتی لێدەکات یەکسان نییە. لەبەر ئەوەی ژمارەی ڕەگەکان لە هەر زمانێکدا ناگاتە هەزار، لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی چەمکەکان دەگاتە چەند ملیۆن و لە زیادبوونیش دایە– واتا لێرەدا جۆرە گونجانێك نییە لە نێوان ڕەگەکان و چەمکەکان، تا ئێستا لە





بواری ئەندازیاری کارەبایی، بۆ نموونە نزیکەی چوار ملیۆن چەمك هەیە و، تا ئێستاش گەورەترین فەرهەنگ نەیتوانیوە زیاتر لە شەش سەد هەزار چەمك لەو بوارە بدۆزێتەوە. لەبەرئەوەیە هەموو زمانەکان پەنا دەبەنە بەر توێژینەوە و لێکدان و وشەی هاوبێژ و ڕێگەی تری وشەسازی و واتاسازی و سینتاکسی، بۆ گوزارشت لەو چەمکە تازانە، لەبەر ئەم هۆیانە لێرەدا زانستی زاراوەسازی هاتە کایەوە، کە(( زانستێکی تازەیە و لەم سەدەیەدا هاتۆتە کایەوە و تا ئێستاش لە دەوری پەرەسەندن و پێشکەوتن و گەشەسەندنە))(١).

لێرەدا جێی خۆیەتی کورتە مێژوویەکی زانستی زاراوەسازی بخەینە ڕوو، لە ئەورووپا زانایانی کیمیا و زیندەوەرزانی لە سەدەی نۆزدەیەمەوە دەستیان بە یەکخستنی بنەماکانی دانانی زاراوە کرد . ئەم بزوتنەوەیە پلە بە پلە گەشەی سەند. ((لە سالانی ١٩٠٦ – ١٩٢٨دا بە شەش زمان فەرهەنگی وێنەداری شلۆمان بۆ زاراوە تەکنیکییەکان دەرچوو، بایەخی ئەم فەرهەنگە لەوەدایە، کە لەسەر دەستی گروپێکی نێودەوڵەتی لە شارەزایان دەرچووە و، بەپێی ڕیزبەندی ئەلف و بێی ڕێك نەخراوە، بەڵکو لەسەر بنچینەی چەمکەکان و پێوەندی نێوانیان ڕیزکراوە.

لە ساڵی ١٩٣١ کتێبی (یەکخستنی نێودەوڵەتی زمانی ئەندازە) بە تایبەتی (ئەندازەی کارەبایی) دەرچوو کە پرۆفیسۆر (ڤیستەر) مامۆستا لە زانکۆی (ڤیەننا) کە لە ساڵی ١٩٧٧ کۆچی دوایی کردووە، داینابوو، دوای ئەوەی چەندین بنچینەی پتەوی بۆ ئەم زانستە دانا، زۆربەی زمانەوانان و ئەندازیاران، ئەم کتێبە بە سەرچاوەیەکی گرنگی ئەم بابەتە دەژمێرن.

لە ساڵی( ١٩٣٦)دا لە سەر داواکردنی یەکێتی سۆڤیەت (لیژنەیەکی تەکنیکی بۆ زاراوەکان) لە ئەکادیمیای زانستەکانی سۆڤیەتی پێکهێندرا . لەژێر سایەی (یەکێتی جیهانی کۆمەڵەکان بۆ پێوانە نیشتمانیەکان ISA).

لە دوای جەنگی جیهانی، لیژنەیەکی نوێ جێگەی (لیژنەی تەکنیکی بۆ زاراوەکان)ی گرتەوە بەناوی (لیژنەی تەکنیکی ٣٧)ی تایبەتکار بە دانانی زاراوە و یەکخستنیان کە بەشێکە لە (ڕێکخراوی جیهانی یەکخستنی پێوانەیی ISA)، کە جنێف بۆتە بارەگای ئەم لیژنەیە و هەڵساون بە کۆششێکی زۆر لە بواری یەکخستنی بنەماکانی دانانی زاراوەدا.

یەکێك لە پێشەنگە گەورەکانی بواری زاراوەسازی، کە شارەزاییەکی گەورەی یونسکۆیە، (ئەدۆین هۆڵمستڕۆم)ە، ئەم ڕێکخراوە جیهانییەی هاندا بۆ بنیاتنانی بڵاوکردنەوەی بیبلۆگرافیایەك بە دوو بەرگ، بە ناونیشانی فەرهەنگە تایبەتمەندەکان لە زانست و تەکنەلۆژیادا .

لە ساڵی( ١٩٧١ ) بە هاوکاری نێوان یونسکۆ و حکومەتی نەمساویی (مەرکەزی زانراوی نێودەوڵەتی زاراوەکان Infoterm) لە ڤیەننا دامەزرا. پرۆفیسۆر (هلموت فلبرFelber ) مامۆستای زاراوەسازی لە زانکۆی ڤیەننا، کە ناسراوە بە چالاکی فراوان لەم بوارەدا سەرپەرشتی دەکات))(٢) ئەم بنکەیەش چەندین کۆڕ و سیمیناری بۆ ئەم مەبەستە سازکرد، (( ئەم بنکەیە بە هاوکاری ئەکادیمیای زانیاری سۆڤیەتی، بنکەیەکی زانیاری دەولی بۆ زاراوەکانی (أنفوترم) لە مۆسکۆ، سەبارەت بە کێشەی تیۆری و مەنهەجییەکانی زاراوە دانا. هەروەها بنکەکە لە ڤیەننا لە ٢٧ – ٣٠ تشرینی دووەمی ١٩٧٩دا سیمینارێکی ساز کرد بۆ لێکۆڵینەوە لە فەرهەنگنووسی و پێوەندی زاراوەسازی بە زانستەکانی دیکەوە و، پێویستی گەشە پێدانی بانکی زاراوەکان بە تایبەتی لە بوارە دیاریکراوەکاندا.

دوایەمین کۆبوونەوە لە بارەی زاراوەسازی (سیمیناری جیهانی لە بارەی گیروگرفتەکانی هاوواتایی و پێناسە لە زاراوەسازیدا) کە لە (کوبیك) لە کەنەدا لە حوزەیرانی ١٩٨٢ بەسترا هەروەها سیمینارێکی تایبەت بە زاراوەسازی لە کۆنگرەی جیهانی فەرهەنگسازیدا زانکۆی (ئەکستەر) لە ئەیلوولی ١٩٨٣ دا))(٣) پێشکەش کرا.

زاراوەسازی وەك زانست بەم شێوەیە پێناسە دەکرێت : ((ئەو زانستەیە کە وا لە پەیوەندی نێوان چەمکە زانستیەکان و زاراوەکانی زمان، کە ئەو چەمکانە دەردەبڕن دەکۆڵێتەوە))(٤) هەروەها زانستی زاراوەسازی (Terminology ) یەکێکە لەو ((چەمکە تازانەی سەر بە زانستی زمانەوانی هاوچەرخە و ئامانجیشی ئەوەیە، کە دەستورێکی چەسپیوو و پێوانەیی بۆ زاراوە زانستیەکان دابنێت))(٥) کە باشتر وایە بەو شێوەیە بڕوانینە زاراوەسازی وەك کیلگەیەکی فرە بواریی لەبەر ئەوە بەستراوە، یاخود پێوەندە بە مەنتیق و زانستی واتاسازی و وشەسازی و پۆلێن کردن و....هتد. لەبەر ئەو گەشەسەندنە گەورەیەی کە زانستی زاراوەسازی بەخۆیەوە دەی بینێت، بۆ دەربڕینی ئەو چەمکە تازانەی بوارەکانی





زانست و تەکنەلۆجیا پێی تێدەپەڕێت .(وبستر) و (سکولمان) پێشینەی ئەو زانایانەن کە یارمەتی دامەزراندنی زانستی زاراوەسازی هاوچەرخیان دا .

(زاراوە)ش ((چەشنە وشەیەکە و گواستنەوەی وشەکەیە بۆ واتایەکی نوێتر، زاراوە، وشەی فەرهەنگی سەر زمانی خەڵکی نییە، بەڵکو وشەیەکی نوێباوە بۆ واتایەکی نوێ، (زاراوە) واژەیەکی بابەتییە پسپۆڕەکان لەسەری ڕێککەوتون، بۆ ئەوەی واتایەکی دیاریکراوی زۆر بەوردی و ڕوونی پێ دەربڕن))(٦) بەمەرجێ ڕێککەوتن لەسەر ئەو وشانە بە شێوەیەك دەبێت کە بەهیچ جۆرە شێواوی و ئالۆزییەك لە بیری خوێنەر و گوێگردا پەیدا نەکات . جێی خۆیەتی لێرەدا هەندێ لە زانستی زاراوەسازی و زاراوە و پێناسەکانیان و مەرجی دروست بوون و بنەماکانیان دووربکەوینەوە، چونکە زۆر زیاتر لەمە هەڵدەگرێت و، ئاماژەی بۆ خالێکی تر بکەین کە دەمانەوێت لەم وتارە ساکارەماندا باسی بکەین، ئەویش پەیوەندی نێوان واتای زمانەوانی زاراوەییە ( واتا پەیوندی واتایی نێوان زانستی زمان و زانستی زاراوەسازی ) .

وەك زانیمان زانستی زاراوەسازی لقێکە لە لقەکانی زانستی زمانناسیی پراکتیکی، لەبەر ئەوە بنەما بنەڕەتییەکانی زانستی زاراوەسازی جیاوازە لە بنەما گشتییەکانی توێژینەوەی زمانەوانی بنەڕەتی، بەڵام لەگەڵ ئامانجە زمانەوانە پراکتیکیەکاندا یەك دەگرنەوە، ئەوەش لەم خاڵانەی خوارەوەدا ڕوون دەبێتەوە :

١- کارکردن لە زانستی زاراوەسازیدا لە دوای دەست نیشان کردنی چەمکەکان دەست پێ دەکات، گەر بێت و توێژینەوەی زمانەوانی هەوڵی لێکۆڵینەوەی بنیاتی زمانیدا و لە واتاکەی بکۆڵێتەوە . زانستی زاراوەسازیش لە پلەی یەکەمدا چەمکەکان دیاری دەکات و یاساش بۆ زاراوەکانی دادەنێت.

٢- زانستی زاراوەسازی تایبەتە بە لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی وشەکان، بەڵام زانستی زمان بێجگە لەوشە، لە بواری تریش دەکۆڵێتەوە، لەوانە بنیاتی ڕستە و دەنگەکان، ئەم باسانەش زانستی زاراوەسازی بایەخی پێ نادات . سەرەڕای ئەوەی کە گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوەی زمانی تایبەت، لە ڕوانگەی پێوەندی بە زمانی گشتیەوە، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوە لە زانستی زاراوەسازیدا تایبەتە بە لێکۆڵینەوەی ئەو وشانەی، کە دەربڕین لە چەمکی داواکراو دەکات .

٣-زانستی زاراوەسازی خاوەنی ڕوانگەی

کاتییە– بە واتای ئەوەی مێژوو هەموو چەمکەکان، یان زاراوەکان بە باش نازانێت، بەڵکو لە ئێستای دەکۆڵێتەوە بۆ ڕێکخستنی چەمکەکان و دیاریکردنی پێوەندییەکانیان. زانستی زمانیش چەند جۆرە ڕێبازێکی هەیە، وەسفی (پەسنی) و مێژوویی و بەراورد و ....هتد.

٤–لە ڕێگای ڕێکەوتنەوە زاراوە دروست دەبێت، زانستی زاراوەسازیش لەو ڕێگایانە دەکۆڵێتەوە کە دەبێتە هۆ، بۆ پێکهێنانی ئەو زارانە و یەکخستنی زاراوە جۆربەجۆرەکانی خاوەنی یەك چەمك، ئەویش تەنیا تۆمارێکی زمانەوانی نییە، بەڵکو دەیەوێت لە چوارچێوەی ڕیکەوتن بۆ پێکهێنانی زاراوە هەوڵ بدات .

٥–زانستی زاراوەسازی لە وەسفییەوە دەپەڕێتەوە بۆ پێوانەیی، چونکە جیاوازە بە واتای بنەڕەتی لە زانستی زماندا، زانستی زمان پێوانەیی نییە لە ڕێبازە جیاوازەکانی، بەڵام زانستی زاراوە سازی خاوەنی ئارمانجێکی پێوانەییە.

٦–زانستی زاراوەسازی پارچەیەکە لە نەشونماکردنی زمانەوانی، ئەگەر لێکۆڵینەوەکانی زمانەوانی سەبارەت بە بنیاتی زمانە جیاوازەکان و دیالێکتە جیاجیاکان لە وڵاتانی ئیفریقیا و ئاسیا، کە تەنیا وەسفی ئەو واقیعە چەسپیووە بکات، زانستی زاراوەسازیش بۆی هەیە هەوڵ بدات، بۆ دۆزینەوەی ڕێگاکانی گەیاندنی زمانە نیشتمانییە گەورەکان، تا بگاتە ڕێژەی گۆڕانی تەواوی سەبارەت بە سەدە و زانیارییەکانی .

٧–زانستی زاراوەسازی بایەخ بە وشەی نووسراو دەدات، بەڵام توێژینەوەی زمانەوانی لە دەنگە درکێنراوەکانەوە دەردەپەڕێت، ئەویش لە ڕوانگەی ئەوەی کە زمان دیاردەیەکی درکێنراوی گوێبیستە.

٨–زانستی زاراوەسازی هەڵ دەستێت بە دەست نیشانکردنی نرخی پێکهاتەکانی زاراوە ئەمەش لە یەکخستنی پێوانەیی زاراوەکان پێکدێت . بە واتای هەڵبژاردنی زاراوەی گونجاو، دانانی زاراوەی ویستراو، ئەمیش بەندە بە دەست نیشانکردنی واتاکانیانەوە، کە پێکهاتەکانی زاراوە لە خۆی دەگرێت، ئەمەش کارێك بوو زانستی زمان لە لایەنە باوەکانیدا بایەخی پێنادات، چونکە تایبەت بوو بە دروست بونی فەرهەنگ.

زانستی زاراوەسازی خاوەنی ئاسۆیەکی جیهانییە، وەك زانستی زمان بەشێوەیەکی گشتی و یەکخستنی پێوانەیی زاراوەکان، پێویستی بە بنەما و تیۆرێکی گشتی هەیە. لەبەر ئەمە لێرەدا هاوکارییەکی نێودەوڵەتی





بەتین هەیە، کە ئامانجی ئەوەیە و دەیەوێت پەرە بە بنەما گشتییەکانی زانستی زاراوەسازی و ڕێبازەکانی بدات، بۆ دروستکردنی فەرهەنگی زاراوەکان لە پێناوی بە یاساکردنی کارکردن لەم بوارەدا.

**پەراوێز و سەرچاوەکان**

١– محمد علی الفاروقي التهانوي، كشاف اصطلاحات الفنون، تحقيق : لطفي عبدالبديع، المؤسسة المصرية، ١٩٦٣.
٢– د.علي القاسمي،مقدمة في علم المصطلح،الموسوعة الصغيرة ١٦٩، بغداد،٥ ١٩٨،ل١١ – ١٣.
٣– هەمان سەرچاوە، ل ١٤ – ١٧.
٤– هەمان سەرچاوە، ل ١٨.
٥– سعد القحطاني، قضايا في المصطلح العربي، مجلة (الفيصل) العدد (٣٠٩)، الاردن، ٢٠٠٣، ل ١١.
٦–جەمال عەبدول، بەرکۆلێکی زانستە زاراوە سازیی کوردی، یەکەم چاپ، سلێمانی، ٢٠٠١، ل ٦.

زانکۆی ڕاپەڕین / کۆلێژی پەروەردە

# زمان و شوناسی نەتەوەیی

و: بەهار زایر

وشەی ( نەتەوە Nation) لە بنچینەدا وشەیەکی ئالۆزە، هەندێ جار بە شێوە ئیتمۆلۆژییەکەی بەکاردێت، کە بەواتای پەیوەندی خەڵکە بە بنچینەو زێدی لە دایك بوونەوە، بۆ نموونە کاتێك باسی نەتەوەیەکی وەك (جولەکە و چیرۆکییەکان) دەکەیت ، زۆر جار بە واتایەکی فراوانتر لە هەرێمێك و خەڵکەکەی و ئەو حکومەتەی حوکمیان دەکات بەکار دێت کەوەك تەوەرێکی تاکی یەکگرتوو دێتە بەرچاو – نەتەوەی بەریتانی نموونەیەکی دیارە بۆ ئەمە، ئەگەر بە واتا ئیتمۆلۆژییەکە بۆی بچین ئەوا ( ئیرلەندا) بە نەتەوە و دەوڵەت دادەنرێت کەچی بەریتانیا بە نەتەوە دانانرێت ، بەریتانیا لە چوار نەتەوەی تر پێك هاتووە ( ئیرلەندای باکور– سکۆتلەندا–ئینگلیز– ویلز ) زۆرجار نەتەوەی وەك سکۆتلەندی و گالی بە نەتەوەی بێ دەوڵەت دادەنرێت.

کێشەیەك لێرەدا سەر هەڵدەدات ئەگەر نەتەوە وەك شێوە باوەکەی بەکار بێت ئەوا دەبێت تەنها هاونەتەوەکان لە هەرێمەکەیاندا بژین و نابێت هیچ تاکێك لەو هاونەتەوانە لە دەرەوەی ئەو نەتەوەیە ژیان بەسەر ببەن، کە ئەمەش دەبێتە شتێکی ناخۆش بۆ تاك ، جگە لەو کەسانەی هەستە نەتەوایەتییەکەیان لە پلەی دەمار گیریدایە. لەجیهانی نوێشدا





زۆر جەخت لەسەر زێد دەکرێتەوە،هەندێ لە نەتەوە سیاسییەکان هەست بە مەترسییە دەرەکییەکان دەکەن جا چ لە رێگای کۆچی نەتەوەکانی ترەوە بێت بۆ ناو ولاتەکەیان یان لە رێگای ئیمپریالییەت و داگیرکاریەوە بێت ، بۆ نموونە لە فەرەنسا ( بەرەی نیشتمانی فەرەنسی) لایەنگرانی گەلێك زۆربوونە لەو شوێنانەی کە زۆر کۆچەری نوێی لێیە ئەمە لە سەرەتاوە بۆ کۆچەرانی باکووری ئەفریقا بوو ئیستاش بۆ ئەوانەیکە لە ئەورووپای رۆژهەڵاتەوە دێن تا لە ساڵی ٢٠٠٢ سەرکردەی بەرەکە (جۆن ماری لۆپین) گەیشتە ئاستی کۆتایی لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی فەرەنسی. هەروەها لە سکۆتلەندا لە سەردەمی تاتچەر دا پارتی نەتەوەیی سکۆتلەندی لایەنگرانی زۆر بوو کاتێك وتی ئەو چاکسازییە ئابووریانەی کراون لە ژێر سایەی بەریتانیا چەوساندنەویەکی ترە لە چەوساندنەوەکانی کۆنە دوژمنانی ئیمپریالییەتی ئینگلیزی ، کاتێك بلێر لە ساڵی ١٩٩٩ دەسەڵاتێکی لاوەکی سپاردەوە بە پەرلەمانی ئسکۆتلەندی لایەنگرانی بەرەو کەم بوونەوە چوو.

ئەو هێرشەی کە لە ساڵی ٢٠٠١ کرایە سەر هەردوو تاوەری بازرگانی جیهانی و پنتاگون لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نموونەیەکی بەرچاوە بۆ ئەو مامەڵە خۆرسکیەیە کە لەگەڵ سیمبۆلە نەتەوایەتیەکاندا دەکرێت، کاتێك کە هێرش دەکرێتە سەر نەتەوە و ئەم دامودەزگایانە وێران کران هێرشێك بوو بۆ سەر نەتەوەیەك کە زۆر بەوردی کاری لەسەر کرابوو ئەو دوو تاوەرە سیمبۆلێك بوون بۆ سەرمایەداری جیهانی جا شوێنەکەشی کە لە سەنتەری شاری نیویۆرکە وادەکات ئەمریکا و سەرمایەداری بکات بە دوو جەستە کە لێك جیا نابنەوە .

ئەوەی جێگای سەر سوڕمانە ئەو نرخە سیمبۆلیەیە کە ئەو دوو تاوەرە لای ئەمریکییەکان دروستیان کردووە، ئەگەر چی بە هەزاران کیلۆمەتر لە ئەمریکاوە دوریشن و رەنگە نیویۆرکیان هەر نەبینیبێت ، پێدەچێت هێرشەکە ئەم هەستەی دروست کردبێت . دوای چەند هەفتەیەك ویلایەتە یەکگرتووەکان هێرش دەکاتە سەر ئەفغانستان و جیهان دەکات بە دوو بەشەوە لایەنگر و دژ پاش ٨ مانگ هێرش دەکاتە سەر عێراق و لەگەڵ لایەنگرەکانی ، سەدام حوسێن دەشکێنن کە هیچ پەیوەندییەکی بە ١١ی سێپتێمبەرەوە نەبوو بەلام شان بەشانی بن لادن بە دوژمن دادەنرا.

لەسەردەمی هەردوو جەنگی جیهانیی دا سنورە نەتەوەییەکان دەسنیشان کرانەوە و ڕێکخستنەوەی یەکێتی سۆڤیەت و کەمپی ڕۆژهەلاتی لە ١٩٨٩-١٩٩١ و داننان بە کیانە نەتەوەییە جیاکان لە ئەروپا ، دەستیان هەبوو لە چاندنی ئاگاییەکی نەتەوەیی وا کە سیمای نەرمی و هەرمەکی هەیە بەلام ئەم ئاگاییە نەیتوانیوە ئیمانی قوڵی نەتەوەیی لە ناو بەرێت چونکە ، ئەوە شتێکە لە لە دایکبوونمانەوە لەگەڵمانە هەروا بە سانایی لە ناو ناچێت بەلام زۆرێك لە لێكۆڵەوەران لە هەوڵی ئەوەدان بە شتێکی خوراف داینێن و بەدوای ئەوەون کە بە شتێکی وای دانێن کە بە درێژایی ژیانمان دروستی دەکەین و دانوسانی لە بارەوە دەکەین.

بە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوو بابەتێکی چەسپاو هەیە لە لێکۆڵینەوەی شوناسی نەتەوەییدا ئەویش بابەتی زمانە کە گرنگییەکی جەوهەری هەیە لە دروستبوونی نەتەوەدا.

دواتر دەردەکەوێت زۆر لە مێژوو ناسان و کۆمەڵناسان وسیاسەتمەداران پێیان وایە بوونی زمانێکی نەتەوەیی بنچینەیەکی سەرەکیی دروستبوونی ئایدۆلۆژیای نەتەوەییە ، بەلام هەندێکی تر پێیان وایە ڕەنگە زمان کێشەی بۆ نەتەوە دروستکردبێت بۆ نموونە لە دوورگەکانی بەریتانیا زمانەکەیان چەند سەدەیەکە تێکەڵەیەکە لە زارە ناوچەییەکانی کە لە بنچینەیەکی سەلتی و جەرمانی پێکهاتووە تا ئێستا تاکەکان بە دوای زمانێکی یەکگرتوودا نەگەڕاون بۆ نەتەوەکانیان ( ئینگلتەرا- ئیرلەندا- سکۆتلەندا- گال- کۆرۆنوال) جگە لە هەندێ ناوچەی بچووکی تر .

لە سکۆتلەندا دوو زمانی نەتەوەیی جیاواز هەیە ( گالی و سکۆتلەندی کە لە بنچینەیەکی سەلتی و جەرمانییەوە هاتوون ) بەلام دەرکەوتووە بەیەکەوە ژیان وای نەکردووە زمانێکی یەکگرتوو بۆ خۆیان دا بنێن ، ئەوەندەی تواناکانیان لە دژایەتی یەك سەرف کردووە بە دوای ئەوەدا نەگەڕاون زمانێکی یەکگرتوو بۆ خۆیان دانێن کە بتوانن لە بەردەم هەیمەنەی ئینگلیزیدا بەکاری بێنن ، ئەمە وای کردوو سکۆتلەندا لە زمانی نەتەوەییدا بەلاواز بێتە بەرچاو کە چی زۆربەی سکۆتلەندییەکان پێیان وایە ، بەکارهێنانی زمانی جیهانی نرخێکی ئابووری گرنگی هەیە بۆ ئەوان لەسەرووی ئەو نرخە سیاسیی و کەلتووری وسۆزە زمانییەوەیە کە بەشێوەیەکی بۆماوەیی بۆیان ماوەتەوە، دەبێت ئاماژە بۆ ئەوەش بکرێت کە ئەو ململانێیە





ناوەکییەی نێوان گالییەکان و سکۆتلەندییەکان هەستی نەتەوەیی لە نێوانیان هێشتۆتەوە بێ ئەوەی پرسەکەی تێکدابێت.

لە باری سکۆتلەندادا دەردەکەوێت کە ئەحکامێکی ڕەها نییە بۆ زمان و شوناسی نەتەوەیی . چەمکی زمان ونەتەوە خۆیان بە گوێرەی ناوچەکان جیاوازییان تێدەکەوێت ، بەلام لەگەڵ ئەوەش دا دەتوانین چەند نەمەتێکی دیاریکراو بدۆزینەوە کە پشێوی دەخاتە بونیادی زمانیی شوناسی نەتەوەیی کە لەسەر ئاستی جیهانی دا بڵاوە، ئەو نەمەتانەی کە چوارچێوەیەکی سەرەکی بۆ خوێندنەوە و بەراوردکردنی وەرچەرخانەکانی بونیادی ناوچەیی لە ناوخۆ دا دەرەخسێنێت.

[ ..........]

بونیادی شوناسی نەتەوەیی وزمان:

دانتێ( لەمەڕ زمانپاراوی عەوامەوە)

ئاشکرایە یەکێك لەو کۆسپە سەرەکیی و مەترسیدارانەی کە دەبێت تێ بپەڕێنرێت بۆ بونیاد نانی شوناسی نەتەوەیی نە بوونی زمانێکی نەتەوەییە. لەبەر ئەوەی ئەفسانەی ( دەوڵەت- نەتەوە) بە شێوەیەکی بەتین بەستراوە بە زمانەوە ، ئەو کۆسپانەی دێنە ڕێمان هەرچۆنێك بن بۆ دیاری کردنی ماهییەتی( ئەلمان) بۆ نموونە بۆ جیاکردنەوەیان لەو مندالە تورکانەی کە لە ئەلمانیادەژین ئەوا زمانی ئەلمانی بە تەوای دەبێتە هێڵی جیاکەرەوە هەر بۆیە هیتلەر سەرەتای هێرشەکانی بۆ وڵاتەکانی دەوروبەری دەستپێکرد چونکە ئەو دەیوت ئەوان بە ئەلمانی قسە دەکەن کە واتە بەشێکن لە نەتەوەی ئەلمانی .هەروەك هۆتۆن ١٩٩٩ ئەوەی ڕوونکردەوە ، هیتلەر جولەکەکانی دەچەوساندەوە چونکە پێیوابوو هەرچەندە زمانی جولەکەکانی ئەلمانیا (ییدی) شێوەیەکە لەشێوەکانی زمانی ئەلمانی، بەلام هەندێ تایبەتمەندی وای تێدایە کە وا دەکات نەبێت بە زمانی ئەلمانی ، بۆیە ئەوان نابێت لە جیهانی سیاسی ئەلمانی دابن بگرە بوونیان تێیدا بارگرانییە.

هەرچەندە بوهیمی و نەمساوی و بڕوسی ڕۆژهەلاتی و ییدی بەشێك بن لە زمانی ئەلمانی یان نا ئەوانەچەند حەقیقەتێکن ناتوانرێت بەئاسانی قسەی لەسەر کرێت و حەقیقیەتێکی واش نییە کە زمانەوان بە شێوەیەکی زانستی لەسەری بدوێت. لەبەر ئەوەی زمانی ئەلمانیش وەك هەر زمانێکیتر بۆ مەبەستێکی کەلتووری بونیادنراوە و مێژووەکەی بۆ سەدەی ١٦ دەگەڕێتەوە بە تایبەتی بۆ مارتن لۆتەر (١٤٨٣-١٥٤١) کاتێك کتێبی پیرۆزی

وەرگێڕا ، ویستی شێوەیەک بداتە زمانی ئەڵمانی کە لە چەندین دیالێکت پێکهاتبوو ، تاکو نزیکی سەدەی نۆزدە زمانی ئەڵمانی هەر لە چەند دیالێکت و کۆمەڵی تر پێکهاتبوو کە هەر ئەمە ڕەنگدانەوەی کەلتووری ئەڵمانیشە.

جابۆ ئەوەی ئەفسانەیەکی باش دروستکرێت ، دەبێت کاری زۆر کەس پشت گوێ خرێت و پەراوێز خرێن لە کاتی داڕشتنەوەی زمانی ئەڵمانیدا دەبێت ئەوە بزانین کە لۆتەر هیچی پێ نەدەکرا ئەگەر ئەوگۆڕانکارییە گەورانەی سەدەی پانزە ڕوویان نەدایە . ئەوکاتەی کە هەستە نەتەوایەتییەکان سەر هەڵ دەدەن بۆ ئەوەی لە دەست شانشینی ئایینی ڕۆمانی ڕزگاریان بێت.

لە ڕاستیدا نموونەی ڕەسەنی زمانی نەتەوایەتی ئیتالییە، ڕەنگە ئەمە سەرسوڕهێنەر بێت لەبەر ئەوەی ئیتالیالییەکان لە ساڵی ١٨٦٠ یەکیان گرت و ١٨٧٠ بوون بە دەوڵەت. پێش ساڵێک لە یەکگرتنەوەی ئەڵمانیا ، دورگە ئیتالییەکان لە ڕێگای زمانەوە توانییان یەکێتییەکی نیشتمانی پێک بێنن . بۆ ماوەی هەزار ساڵ لە سەردەمی ڕوخانی ئیمپراتۆرییەتی ڕۆمانییەوە تاکو سەردەمی ڕێنسانس زمان بە واتای لاتینی دەهات بۆ هەموو مەبەستە ڕەسمییەکان و نووسین هەر ئەو بەکار دەهات لەگەڵ ئەوەی لە سیاقە نا ڕەسمییەکان زمانی ناو خۆیی بەکار دەهات کە بە شێوەیەکی مێژوویی بەو زمانەوە بەسترابۆوە، هەرچەندە ئەو زمانە لە دێیەکەوە بۆ دێیەکی تر جیاواز بوو ، بۆیە ئەو کاتە چەمکی زمانی ئیتاڵی بوونی نەبوو ئەم نازناوە بۆ (دانتێ) دانەری کتێبی (کۆمیدیای ئیلاهی) دەگەڕێتەوە (١٣٠٦) ئەو نامەیەی دانتی( لەمەڕ زمانپاراوی عەوامەوە) کە لە ساڵی ١٥٢٩ بڵاوکرایەوە ئەو کردەیەی دیاری کرد کە لە ڕێگایەوە زمانی نەتەوەیی دەدۆزرێتەوە نەک دادەهێنرێت بۆ نەتەوەیەک دوای پێنج سەدە دەتوانێت لە ڕوی سیاسییەوە متمانە وەرگرێت.

هەروەک دانتێ پێی وایە کارەکە دۆزینەوەی ئەو زمانە (عامییە) ئیتاڵیەیە کە لە جێگای لاتینی بەکاردێت کە دەبێتە زمانی ڕەسمی جیهانی مەسیحی ڕۆژئاوایی :

(( ئەو زمانە عامییەی کە منداڵ لە دەوروبەرەکەیەوە فێری دەبێت زۆر بە کورتی ئەو زمانەی کە بە بێ هیچ ڕێسایەک وەری دەگرین لە ڕێگای بە خێوکەرەکانیانەوە))

دانتێ ئەو زمانە بە زمانی ( ڕێزمان) کە





مەبەستی زمانی نووسینە کە ئێستا پێی دەوترێت زمانی پێوەری بەراورد دەکات کەهەر لاتینییە کۆنەکەیە کە دانتێش شتەکانی پێ دەنووسیەوە :

((ئەو زمانەی کە ڕۆمان و یۆنانییەکان پێیان دەوت ( ڕێزمان) کە زمانی دووەمە لە ڕاستیدا بەشێکی کەمیان دەیانتوانی بەکاری بێنن چونکە فێربوونیان کاتێکی زۆر و خوێندنێکی زۆری دەویست))

لە پاشان دانتێ ئەو زمانە لە چاو زمانی عامیی بە زمانی دووەم دادەنێت لە ڕووی گەورەیی و گرنگییەوە:

(( زمانی عامی خانەدان ترە چونکە ئەو زمانە مرۆڤ لە سەرەتاوە بەکاری هێناوە و هەموو کەسێک بەکاری دەهێنێت ئەگەرچی بەسەر چەندین وشەو دەستەواژەدا دابەش بووە بەڵام بۆ ئێمە سروشتییە و ئەوەی تر دەستکردو و قورسە))

لاتینی زمانی کەنیسەیە ، زمانێکی پیرۆزە ڕەنگە ئەمە هەرقەتەیی بێت کە ئەو زمانە زمانی عامیی بە خانەدان تر دابنێین بەڵام ئەو دەڵێت ئەو زۆر سەرسامی ئەو سروشتییەتەیە کە زمانی عامی هەیەتی بە بەراورد لەگەڵ ئەو دەستکردییەی کە زمای لاتینی هەیەتی ، چونکە ئەوە بە هونەر دادەنێت ، ئەوکاتە هونەر نوێنیش کارێکی ئیجابی بووە ، لەگەڵ ئەوەی هونەر لە جەوهەریدا مرۆییە بەڵام سروشتەکەی خواییە ، دانتێ زۆربەی دیالێکتەکانی زمانی ئیتالی پشکنیوە بۆ ئەوەی ئەو دیالێکتێکی خانەدان بدۆزێتەوە کە بتوانرێت شیعری پێ بنوسرێت ، لە کۆتاییدا هیچ یەکێک لەو دیالێکتانەی بە دڵ نەبوو، ئەو پێیوایە عامییەکی نمونەیی دەبێت لە ڕێگای عەقڵەوە بدۆزرێتەوە نەک گوێ:

(( هەموو دەشت و کێوەکانی ئیتاڵیا گەڕاین و نەمانتوانی ئەو پڵنگە بدۆزینەوە کە مەبەستمانە ، دەبێت بە عەقڵانییەت بگەڕێین بۆ ئەو ئاژەڵەی کە بۆنی لە هەموو شوێنێکە کەچی لە هیچ جێگایەک ناتوانین بیدۆزینەوە))

واتا دەبێت جەوهەری ئەو دیالێکتانە بدۆزرێتەوە کە بە ئاسانی بتوانرێت جیا بکرێتەوە :

(( دەبێت ئەو پێوەرە بدۆزینەوە کە بە هۆیەوە بتوانین ئەو هەڵسوکەوتانەی پێ بپێوین ، وەک هەڵسوکەوتانەی کە گەلی ئیتالی پێ جیا دەکرێتەوە ، هەندێ نەریتی جەوهەریمان هەیە ، جلوبەرگ ، قسەکردنمان کە وەک ئیتالییەک جیامان دەکاتەوە ))

بە بێ ئەوەی دانتێ هیچ یەکێک لەو نیشانانە دیاری بکات کۆتایی بە

لێکۆڵینەوەکەی دەهێنێت :

(( ئەو هەڵسوو کەوتانە کە تایبەت نین بە هیچ شوێنێکی ئیتالیا کەچی لە نێو هەموویان دا هاوبەشە ، خانەدانترینیان بەو زمانە هاوبەشە دادەنێین کە بە دواییدا دەگەڕێین کە بۆنی لە هەموو جێگایەکە و لە شوێنێکدا جێگیر نییە ))

لەگەڵ ئەوەی دانتی ئەو هەڵسوکەوتە خانەدانەی دیاری نەکردووە کە لە هەموو شارە ئیتالییەکاندا هاوبەشە ، ئەمەش کۆتایی ئەو لێکۆڵینەوە درێژە بووە بەڵام دانتێ دڵنیایە لەوەی کە ئەمە تایبەت نییە بە هیچ شارێکی ئیتاڵی کەچی هەموویان تێیدا هاوبەشن ، کەواتە ئێمە زمانێکی واقعی مان هەیە کە هەمان زمانی دراماتیکایە کە لاتینییە ، بەڵام بەوشێوەیە خانەدان نییە کە دانتێ مەبەستێتی ، لە نێو هەموو شارە ئیتالییەکان هاوبەشە ، بەڵام لە نێو هەموو کەسێکدا بەکار نایەت ئەوەیە کە هەموو کەس بەکاری دەهێنێت و کەسیش خاوەنی نییە.

ئەمانە هەموو بۆ خوێنەری نوێ وەك خەیاڵە کە دانتێ ئەم عامییە پاراوەی دۆزیبێتەوە کە لە دواییدا بە زمانی( تۆسکانی) ناو دەبرێت ، ئەو دیالێکتەیە کە خەڵکی توسکانای بەکاری دەهێنن ، ئەمە چۆن دۆزرایەوە؟ ئەم زمانە هیچ یەکێك لەو سیفەتانەی تێدا نییە کە دانتێ دای نابوو نە ڕەسەنە و نە هاوبەش و نە سروشتییە و نە ئەو خانەدانییەی تیایە کە دانتێ باسی کردبوو ئەی دەبێت بۆ ئەمە لە لاتینی باشتر بێت؟

دانتێ لە گەڕانەکەی بەردەوام دەبێت بۆ دۆزینەوەی توخمی سروشتی، بێ ئەوەی دان بەوەدا بنێت ئەو توخمە سروشتییە خۆی بە هەر جۆرێك بێت دەبێت بە هۆی هونەرێکەوە بەرهەم بێت ئاواش وەك گراماتیکا دەستکرد دەبێت چونکە مێژووی مرۆڤایەتی دروستی کردووە . ئەو عامییە پاراوەی دانتێ باسی دەکرد شتێکە دژی مێژووە ، ڕابردووی ئیتاڵییەکان شتە هاوبەشەکانی نێوان تاکەکانی ئیتاڵیای دروست نەکردووە. ئەمەش ئەو حاڵەتە ناگرێتەوە کە لە جەستەیەك پێك هاتبوو ، ئەوان کاتێك یەکگرتوو بوون کە زمانیان لاتینی بوو ئەگەرچی ئەو کاتە لە زمانی ئیسپانی و فەرەنسی و ئۆکسیتانی .... پێك هاتبوو ، بۆ ئەوەی پلنگەکەی دانتێ بدۆزینەوە دەبێت مێژوو ئاوەژوو بکەینەوە ، بۆ ئەوەی بە یەکێتییەکی تەواوی ئیتاڵییەکان بگەین ، مێژوو زمانی یەکگرتووی ئیتاڵی لێك جودا کردۆتەوە ئەو عامییەی ئەو مەبەستێتی ئەو کاتە دەدۆزرێتەوە کەلە هەموو ئەو کەموو





کوڕیانە داماڵرێت کە مێژوو خستوویەتییە سەر دیالێکتەکان، دانتێ پێی وایە گراماتیکا کێشەکانی مێژوو زیاتر دەکات لە بری ئەوەی چارەسەری بکات لەبەر ئەوەی ئەو شتێکی دەسکردە ، شێوانی سروشتە ئەمە بۆتە هۆی تێکدانی دیالێکتەکان و لەبەر ئەوەی پابەند نین بە نیشانە جەوهەرییەکانەوە ، ئەو عامییەی دانتێ خۆی دژی مێژووە لەبەر ئەوەی دژی جۆراوجۆری دیالێکتەکان وزمانی پێوەرییە ، ئەمەش پێویستی بە دروستکردنی مێژوویەکی ترە کە بەشێوەیەکی قوڵ ئەفسانەییە و بە دوای یەکێتییەکی نیشتمانی وادادەگەڕێت کە پێویستە دابڕێژرێتەوە.

***سووك کردنی پایەی زمان :نبریخا و ڤالدێس***

عامییە پاراوەکەی دانتێ کە لە کارەکەی خۆی ( کۆمیدیای ئیلاهی) بەکاریهێنا هەروەك بیتزارش و بۆکاشیوش بەکاریان هێناوە کە هاوسەردەمی ئەو بوون ، بوو بە پێوەرێك بۆ زمانە ئەوروپییە نوێیەکانیش کە زمانەکانی خۆیان پێ هەموار دەکردەوە ، لەگەڵ ئەوەی شوناسی نەتەوەیی ئیتاڵی دوای چەند سەدەیەك توانی ئیدراکێکی سیاسی فراوان بۆخۆی بدۆزێتەوە ، لەبەر بەرژەوەندی پاپا و دەوروبەری کە ئەو دورگانە لێك جوودابووایە بۆ ئەوان باشتر بوو ، کەچی شوناسە نەتەوەییە ئەوروپییەکانی تر زۆر سوودیان لە نموونەکەی دانتێ وەرگرت ، دانتێ لە نامە زمانییەکەیدا زمانپاراوی دەستکاری نەکراوی ڕاگەیاند و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێك گریمانەی دروست کرد لە بارەی چەمکی( پاراوی) ولە بارەی سروشتی گەیاندن و مەعریفە و حەقیقەت و جوانی. بەڵام ماهییەت ئەو شتە نییە کە پێویستە گەلێك هەیبێت لەبەر ئەوەی ڕێگا سروستییەکەیان لە قسەکردندا بە شتێکی پێوەری دانانرێت ( لەبەرامبەر لاتینیدا هەرواش بوو لەبری ئەوەی لاتینی بۆ ماوەیەکی زۆر دەستکرد بوو ) ئەو کاتە هیچ بانگەشەیەك بۆ بوونی سەربەخۆیی نەتەوەیەکی دیاریکراو نامێنێتەوە.

ئامانجی سەرەکی کتێبەکەی ئەنتۆنیۆ نیبراخا (١٤٤٤–١٥٢٢) سینتاکسی ئیسپانی( ١٤٩٢) کە بە یەکەم سینتاکسی گرنگی ئەوروپی نوێ دادەنرێت، هێشتنەوەی ئیسپانی( قشتاڵی)یە بۆ ئەوەی ببێت بە بناغە بۆ زمانی ئیسپانی نوێ لەژێر ڕێك خستن و زاڵ بووندا ئەمە لە پێشەکی کتبەکەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێت کە بۆ شاژن ئیزابیلا نووسراوە(( زمان شان بەشانی ئیمپرتۆرییەتەکان ڕۆیشتووە ، لەگەڵ یەك گەشەیان کردووە و ڕێچکەیان بەستووەو پێکەوەش لە ناوچوونە نموونەش بۆ چەندین زمان هەن

کەهاوشانی ئیمپراتۆرییەتەکەیان بوونە نیبراخا بەردەوام دەبێت لە هێشتنەوەی قشتالی وەك شتێکی دەستکرد و دەڵێت:
(( بیرو حەزم لای ئەو شتانەیە کە پەیوەندی بە نەتەوەکەمانەوە هەیە لە بری ئەو پیاوانەی کەکاتەکانی خۆیان بەو چیرۆك و رۆمانانەوە سەرف دەکەن کە پڕن لە درۆ ، دەمەوێت پێش هەموو شتێك زمانی (قشتالی) بکەمە پێوەرێك بۆ زمانی ئیسپانی بۆ ئەوەی لەئێستا و داهاتووشدا لەسەری بڕۆین هەروەك لە یۆنانی و لاتینیشدا ئەمە هەبووە ، چونکە ئەوان خزابوونە نێو هونەرەوە هەر ئەوەش بە یەکگرتوویی هێشتبوونییەوە.))
ئەو سێ ئامانجەی نیبراخا خستوونییەتیە ڕوو بەرزڕاگرتنی نەتەوە ، بەکارهێنانێکی باشتری عەقڵی خەڵك، و ڕێگرتن لە گۆڕانی زمان ، ئامانجی سەرەکی بیری ڕێنسانسی زمانییە، هەر دوو زاراوەی ( تەسك بوونەوەی زمان بۆ شتێکی دەستکرد) و( چونە ژێر ڕکێفی هونەر) هەمان واتایان هەیە ، چونکە وشەی دەستکرد هەر واتای هەونەر دەدات ، نیبریخا سینتاکسی زمانی بە جەنگێك دژی زمان داناوە چونکە هەمیشە قەبارەکەی کەم دەکاتەوەو مل کەچی دەکات ، هەوەرك چۆن یەکێك دەیەوێت دوژمنەکەی خۆی مل کەچ کات.
ئەوکاتە قەبارەکەی کەم دەکاتەوە ئەو توخمانە لادەدات کە لەگەڵ ڕێساو لۆژیکدا ناگونجێن. لێرەوە هونەری سینتاکس دەردەکەوێت لە کۆتایی ئەو پێشەکییەدا نیبریخا بە ئیزابێلا دەڵێت:
(( لەبەر ئەوەی خانمەکەم زۆر گەلی هەمەجی لەژێر دەستدایە ، کە زمانی زۆر سەیرییان هەیە، بۆ سەرکەوتن بەسەریاندا ملکەچ کراون بۆ چەند یاسایەك کە داگیرکار دەیسەپێنێت بەسەر داگیرکراودا کەزمانەکەمانی لەگەڵدایە کە لە ڕێگای ئەو هونەرەوە دەیزانن وەك ئەو هونەرەی ئێمە دەیخوێنین بۆ ئەوەی لاتینی فێربین))
لای نیبریخا سینتاکس وا دەکات ئەو نەتەوانەی لەژێر دەستی پاشادان ئیسپانی(قشتالی) فێربن کە لە ڕێگایەوە یاساکان ئیسپانیشیان بەسەر دادەسەپێت و ئیمپراتۆڕیەتی ئیسپانیش دەتوانێت کاری خۆی بکات ، ئیمپراتۆڕییەتی ئیسپانی و هاوڕێکەی کە زمانەکەیەتی شان بەشانی یەك فراوان دەبن . ئەمەش بە واتای ئەوە نییە کە قشتالی بۆ قشتاڵە دەگەڕێتەوەو ئیسپانیاش لە ڕوحی قشتاڵیدا خۆی دەبینێتەوە بەڵکو مەبەستی نیبراخا مەبەستێکی سیاسی پیسە ، قشتالە نەتەوەیەکی بەتەوای داگیر کردووە و دەیەوێت یاساکان و زمانەکەی بەسەردا





دەسەپێنێت ، ئەگەر ئەو زمانە هەیمەنەتی قشتاڵی بەسەر ئیسپانادا سەپاند ئەو کاتە بۆ ئیمپراتۆریەتەکەشی شتێکی چارەنووس ساز دەبێت.
خوان ڤالدیس (١٤٩٥– ١٥٤١) لە کارەکەیدا( گفتوگۆی زمان) وەکو نموونەیەکی ئەدەبی وایە لەو کاتەی کە زمانی عامیی گرنگییەکی زۆری پێ دەدرا یان بەشێوەیەکی تر دیالێکتێکی عامی لەسەر حیسابی دیالێکتێکی تر گرنگی پێ دەدرا بۆ ئەوەی بکرێت بە زمانێکی نەتەوەیی ، بەڵام لە کۆتاییدا سەرچاوەی کۆتایی هەر یۆنانی و لاتینییەکە بوو ، ئەوان نەك هەر پێوەر بوون بۆ ئەو زمانە زانستییەی کە دەبوو ببێت بە زمانی نەتەوەیی ، بەڵکو ئەوان پێوەر بوون بۆ پاراوێتی زمانە نەتەوەییەکە ، لەگەڵ ئەوەی زۆربەی خەڵك لەگەڵ ئەوە بوون کە هیچ یەکێك لەمانە ناتوانێت ئەوان تێپەڕێنێت ، ڤالدێس پێی وابوو ئەو دیالێکتە عامییەی کە دانتێ دۆزیبوویەوە( تاشقی) بۆیە قبوڵ کراوە لەبەر ئەوەی نزیك بۆتەوە لەو پاراوییەی کە زمانە کلاسیکییەکان هەیانە ، هەر لەوسەردەمەدا هەندێ بەرهەمی ئەدەبی دەرچوون کە بە قشتالی نووسرابوون دەکرا بکرێنە ناو ئەو لیستانەوە کە زمانێکی وایان بەکارهێنابوو تیایاندا.
پاشان ئەو گفتوگۆیانە دەستی پێکرد کام دیالێکت لەهەموو دیالێکتەکان باشترە ئەوکاتە هەر بەدوای ئەو دیالێکتەدا دەگەڕان کە پاراوترە ، زمانی نەتەوەیی نابێت وشە لەم لاو لەولا وەرگرێت بەتایبەتی ئەگەر لەژێر دەستی ئەو زمانەدا بووایە . ڤالدێس جۆراو جۆری زمان بۆ نا سەربەخۆیی سیاسی و ناتەبایی دەگەڕێنێتەوە ئەمەش لەئەنجامی تێکەڵ بوونی ئەوانە بەناوچەکانی دەوروبەرەوە:
((مارسیۆ: با وا دابنێین بنچینەی زمانی لاتینی قشتالیی ئیسپانییە ، ئەی بۆ ئێستا لە ئیسپانیا چوار جۆرە زمان بەکار دەهێنرێت ، کاتەلانی و ڤالانسی و پرتوگالی و باسکی.
ڤالدێس: بە شێوەیەکی گشتی دوو شتی سەرەکی دەبنە هۆکاری فرەیی زمان لە هەرێمێکی دیاری کراودا ، شتی یەکەم ئەوەیە کە حاکمەکە بەتەواوی حوکمی ئەو فرییەی زمان ناکات کە بەردەوام لەپەرەسەندندایە و دەبێتە هۆی زیاتر بوونی ئەو فرەییەی زمان و زۆربوونی دەسەڵاتداران، ئەوەی تریش ئەوەیە کە ئەو هەرێمانە هەمیشە لە پەیوەندیدان لەگەڵ یەکتری و شت لەیەکتری وەردەگرن تاوای لێدێت تەنها لەزماندا ئەمە ڕەنگ ناداتەوە بەڵکو لە ڕەوشت و هەڵسوکەوتیشدا تێکەڵ بوونە لە ڕاستیدا

بوونی ژمارەیەك دەسەڵاتدار كە حوكمی ئیسپانیایان كردووە كاری كرۆتە سەر فرەیی زمان، لەگەڵ ئەوەی هەموو ئەو زمانانە لەگەڵ قشتاڵیدا یەك دەگرنەوە ئەو زمانانە لە دراوسێكانیشیان شتیان وەرگرتووە وەك كەتەلانیا لە فەرەنسا و ئیتالیا و ڤالانسیا لە كەتەلانیا و بەو شێوەیە بەڵام لە ڕاستیدا هەر پشت بە لاتینییەكە دەبەستن كەئەویش بووە بە بنچینە بۆ قشتالی.

لەبەر ئەوەی قشتالی لە زمانەكانی تر كەمتر توشی گۆڕانكاری بووە بۆیە لە كەتەلانی و ڤالانسی بە باشتر دادەنرێت بۆ ئەوەی ببێتە زمانی نەتەوەیی ئەمەش لەبەر دوو هۆكار بووە یەكەم : لەبەر ئەوەی سیما ئیسپانییەكەی لە دەست نەداوە دووەم : لەبەر ئەوەی لەگەڵ جەوهەری مێژویی زمان بەوەفا بووە ، بۆیە زۆرینەی ئیسپانییەكان تێی دەگەن ، هەرچی باسكی و پرتوگالییە ڤالدێس بەردەوامە لە پاكتاوكردنیان و پێی وایە باسكی لە زمانەكانی تر زۆر دوورە بۆیە كەس تێی ناگات ، پرتوگالیش لە بنچینەدا هەر قشتالییە لەگەڵ هەندێ جیاوازی كەم لە دەربڕین و دركاندندا.

هەر لەم گفتوگۆیەدا باسی (پاككردنەوە) دەكەن كە پێویستە بۆ زمانی عامیی بكرێت كە لە حەقیقەتدا داماڵینیەتی لە سیفەتە سروشتییەكەی تەنانەت لای ئەو كەسانەش كە دەیانویست بەو شتانە ماڵی بكەن لێرەدا ئەو پرسیارە دەكرێت ئایا ئەوەی لە شێوە سروشتییەكەی دورخراوەتەوە شتە نا جەوهەریی و دەخیلەكانە هەرچەندە ڤالدێس بە قەرز وەرگرتنی وشە لە دراوسێكان بۆ قەرز وەرگرتنی دابونەریت دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش ئیسپانییەتەكەیان دەخاتە ژێر پرسیارەوە كە ئایا پارێزراوە لە دەوروبەرەكەی یان تێكەڵ بووە لەگەڵیان بە هۆی پێگە جوگرافییەكەی كە جەوهەری شێوازە نەتەوەیی و زمانییەكەیانە.

لەگەڵ ئەوەی ستراتیژیەتی پاكتاوكردنی دەوروبەر لەگەڵ سەنتەر بە بنچینەی پێكهێنانی زمانی نەتەوەیی دادەنرێت . ئەمەش بە پێچەوانەی بونیادی سیاسی نەتەوەییە ، گەلی ئیسپانی یان ئیتاڵی و هەر گەلێكی تر لەسەر سنورێكی سیاسی دامەزراوە كە وادادەنرێت لە خۆوەیەو بوونێكی مێژوویی هەیە ، لە سەردەمێكی تردا لە شوێنێكی تردا بووە، بۆ ئامانجی سیاسی و كەلتوری جێگیركراوە بۆ ئەوەی نەجوڵێت ( جگە لە فراوان بوون) بۆ ئەمەش دەبێت قەناعەت بەو كەسانە بهێنرێت كە لە سنورەكان دەژین بەوەی كە لەگەڵ خەڵكی





سەنتەردا یەك گەلن و لەگەڵ دراوسێ نزیكەكانیان جیاوازن بە هەمان شێوەش دەبێت قەناعەت بەوانەی مەكەز بێنین، ئەگەر بمانەوێت بۆ شەڕێك بیانهێنین بۆ ئەوەی پارێزگاری لە سنورەكانمان بكەین. دەبینین هەر زوو جوتیارەكان ئامادەن بۆ خزمەتی سەربازی ئەمەش بۆ دوركەوتنەوەیە لە واقیعی ژیانیان بۆ ئەوەی بچن بۆ شار و ئەودیو دەریاكان هەر نا لە كاتی جەنگدا قەناعەتی پێ دەكرێت بەوەی ئەو سەربازێكی مەسیحی یە نابێت لەمردن بترسێت و بۆ ئەودونیا خۆی هەڵگرێت بۆ ئەوی هانبدرێت لەو جەنگەی كە پارێزگاری لەنەتەوەكەی دەكات.

جا بۆ ئەوەی چەمكەكە زیاتر جێگیر بێت بۆ ئەو مەبەستانە هەر زوو دەست دەكرێت بە جیاوازی دروست كردن لەگەڵ دراوسێكان ، بەكارهێنانی چەمكی ( تاجفیل) هەمان مەبەستی هەیە كە كەنەدییەكان بۆ جیاكردنەوەی ئەمریكییە دەخیلەكان بەكاری دەهێنن بەوەی ئەوان لەڕووی كەلتوور وزمانەكانەوە لەوان جیاوازن ، هەمان شت بەكاردێت بۆ ئسكۆتلەندی و ئینگلیزەكان وناوچە فەرەنسییەكان لەگەڵ سەنتەر چینی و باكورو باشور و ئەوانەی تر. ئەم جیاوازیانە بەردەوام ئیشی لەسەر دەكرێت. كە زۆرجار شتی كەلتووری زۆر بچووك گەورە دەكرێت لەگەڵ ئەوەی پرسی نەتەوەیی هەر لەسەر گەورەكردنەوەی شتی بچووك بەندە ، بۆ نموونە پارێزگاری لەشێوەی دركاندنی دەنگەكانیان دەكەن یان ئەو تەنورانەی لەبەری دەكەن و ئەو خواردنانەی لێی دەنێن لەلایەن دراوسێكانەوە گاڵتەیان پێدەكرێت شتێكی سەیر نییە ئەگەر بێت( جەوهەرگەرایی) بەسیغەی زانستی باو بۆ تێگەیشتنی شوناسی نەتەوەیی دابنرێت ئەگەر وامان دانا ئەم شوناسە شتێكی زۆر بنەڕەتییە لە دەركەوتە بەراییەكانی خۆیدا.

ئەتوانینن بەشی یەكەم بەم شێوەیە كورت بكەینەوە ، نیشانە زمانییەكان لەسیمۆلۆژیا بە شێوە سۆسێرییەكەی پەیوەندی هێمایە بە واتاكەیەوە ئەگەر هێمای ( شوناسی نەتەوەیی) ئیتاڵی بە نموونە وەرگرین ئەوا ئەوكاتە واتاكەی تەنها لەسەر حەزو ئارەزوو دەوەستێت ئەم حەزەش دەبێت حەزی زۆرینەی خەڵكی ئیتاڵیا بێت ئەوكاتە وتای گەلی ئیتاڵی دەبێە حەقیقەتێك و بەو پێیەی چەند چەمكێكن نەك شتێكی ماددی حەقیقی.

ژێدەر:اللغه والهویه ، جون جوزیف، ت: عبدالنور خراقی، عالم المعرفه ، كویت



د. عادل گەرمیانی

# چەند سەرنجێک دەربارەی
# ڕۆمانی ڕیالیزمی و خاسیەتیەکانی

پێوەندی نێوان ڕۆمانو ڕیالیزم پێوەندییەکی پتەوە، چونکە زیاتر لە دوو سەدەو نیوە مۆرکی ڕیالیزم لە جیهانی ڕۆماندا بەردەوامی خۆی پاراستووە، ئەمەش بە پێچەوانەی پێوەندی نێوان ڕۆمانو هەندێ شەپۆڵو قوتابخانەی ئەدەبی دیکە، کەوا بە هەمان چەشنی ڕیالیزم نەیانتوانیووە بە بەردەوامیو بەرفراوانی لەنێو ژانەری ڕۆماندا ڕەنگبدەنەوە.

هۆی سەرەکی مانەوەو تەشەنەکردنی مۆرکی ڕیالیزم لەنێو ڕۆماندا زیاتر بۆ شێوازە کۆمەڵایەتیەکە دەگەڕێتەوە : کەوا هەردوو لایان لە سەرچاوەی کۆمەڵو مرۆڤایەتی سوود وەردەگرنو، بەردەوامی خۆیان لەنێو ڕەوتە ژیاریەکەی دەنوێنن. کۆمەڵ بابەتی سەرەکیی ڕۆمانەو، ڕیالیزمیش هەمیش هەوڵیداوە کەتواری ( واقیعی ) ئەو کۆمەڵە لە چەند لایەنێکەوە دیسانەوە بە شێوەیەکی هونەری خەڵق بکاتەوەو خەیالێکی ماقووڵ وەبەری بکات، نەك وێنەیەکی فۆتۆگرافیانەی بگرێ. ڕۆمانو ڕیالیزم بە دوو دیاردەی زیندووی ئەدەبی هاوچەرخ دەژمێردرێنو، هەردووکیان پێکەوە هەوڵی دەرخستنی کەتواریان داوە لەگەڵ بەکارهێنانی خەیاڵی





هونەری، چونکە پێوەندی نێوان ڕیالیزمو خەیاڵ، وەکو والاس ستیفنز دەڵێت: " بناغەی کەسێتی ئەدەب دادەمەزرێنن"(١).

دانانی پەرژینێك لەنێوان ڕیالیزمو خەیاڵ لە تیڕوانین بەرامبەر چەمکی ڕیالیزم ( کەتوارییەت ) زۆرتر دەبێت هۆی نزیکبوونەوە لە قوتابخانەی سروشتییەت ( Naturalism )، کەوا زیاتر هەوڵی وێنە گرتنێکی فۆتۆگرافیانەی کەتوار دەدا، چونکە زیاتر " سروشتییەت فۆتۆگرافیانەیەو، ڕیالیزم هەڵبژاردەییەو... نووسەرەی ڕیالیزمی وەکو زانای بایۆلۆژییە لەڕووی هەڵبژاردنی شتی گرنگ، بەڵام نووسەری سروشتییەت وێنەی گشت شتەکان دەگرێ. هەروەها نووسەری ڕیالیزمی وێنەی کەتوار بۆ دەربڕینی هەڵوێستێك دەگرێو، لای نووسەری سروشتییەت ئەو هەڵوێستە نییەو داوای بێ لایەنی لە نووسەری ئەدەب دەکەن....."(١).

یەکێك لە ئەرکەکانی ڕۆمان ئەوەیە : خوێنەر لە حالەتی ساواییەوە بەرەو حاڵەتی تاقیکرنەوەکانی نێو جیهانەکەی بگوازێتەوە، ئەم دیاردەیە چ لە ڕۆمانی جیهانی، یا لە ڕۆمانی کوردیدا، بە ئاسانی نایەتە دی ئەگەر ڕۆماننووس خاوەن شارەزاییو لێهاتوویەکی باش نەبێ لە بوارەکانی ژیاندا، وەکو کۆمەڵناسی، دەروونناسی، مێژووناسی. ئەم جۆرە زانیاریانە زیاتر ڕۆماننووس لە ڕیالیزم، وەکو چەمکێکی ئەدەبی، نزیك دەخەنەوە، چونکە ڕیالیزم " خۆی بە نواندنی بواری کۆمەڵایەتیو جیهانی هاوچەرخ بە شێوەیەکی وردو دڵسۆزانە دەبەستێتەوە"(١).

بایەخدانی ڕۆمان بە مرۆڤو مرۆڤایەتی هاوتەریبی بایەخدانەکەی ڕیالیزمە بە مرۆڤی نێو کۆمەڵە، چونکە " گشت کەتوارێکی بێ مرۆڤ شتێکی بێگیانەو، ئەو کەتوارە لەگەڵ مرۆڤدا ژیانو ململانێ و هەبوونێکی هەمیشەیی هەیە"(١). لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا جۆری بارو گوزەرانی ژیانی ڕۆژانەی پاڵەوانو کەسە سەرەکیەکانی بەرجەستە دەکرێتو، لە ئەنجامدا ئەو پاڵەوانو کەسە سەرەکییانە نمایندەو نموونەی چەند توێژو چینێکی نێو کۆمەڵن لە سەردەمێکی تایبەت لە پەرەسەندنی کۆمەڵایەتیدا.

راستە لەنێو ڕۆماندا جۆرە دەربڕینو بەرجەستە کردنێکی ژیانی کۆمەڵی بورژەوا بەرچاو دەکەوێ، بەڵام ئەمەش شتێکی سروشتییە، چونکە ڕۆمان بە زادەی قۆناغی حوکمرانی چینی بورژەوا دادەنرێ،

هەروەها رۆمان بە کاردانەوەیەکی رۆمانس هاتووەتە کایەوە، کە بە ئەدەبی سەردەمی دەربەگایەتی ناسراوە. لێرەدا دەبێ ئەوەش بڵێین : هەرچەندە لە رۆمانی ریالیزمی جۆرە رەخنەیەك ئاراستە دەکات، ئەم کارەش بووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە نارەزامەندییەکی چینی بورژوا بەرامبەر بە رۆمانی ریالیزم. لەم بارەیەوە جۆن فیتشەر دەڵێت:" رۆمانی ریالیزم... ئاوێنەیەکی خستە بەر رووی کۆمەڵی چینی ناوەندیو، لەبەر ئەوەی وێنەکەی شەوقدار نەبوو، ئەوەسا وەکو ئامێرێکی لێهات دەبێ گۆڕانکاری بەسەریا بکرێت. کۆمەڵە بەرفراوەکان تەنیا ریایی کەرەکان قەبووڵ دەکەن نەك رەخنە لێگرەکانی، هەرچەندە ئەوەی جێی سەرسوڕهێنانە ئەو رەخنەگرانە جێی سەربڵندی ئەو کۆمەڵەن"(١).

دیاردەی ململانێی چینایەتی نێوان دەربەگایەتیو چینی بورژوا لەنێو کۆمەڵی کوردیمان بەو شێوە شۆڕشگێرانە نەبوو لە ئەوروپا هاتە دی، ئەم لایەنەش زیاتر بۆ کلکایەتی پەرەسەندنی کۆمەڵەکەمان دەگەڕێتەوە. کەوا تا جەنگی یەکەمی جیهانی کەوتبووە ژێر رکێفی دەسەڵاتی عەجەمو تورك. ئەم دوو دەسەڵاتە زیاتر مۆرکی دەربەگایەتیان پێوە دیاربوو. ئەنجامەکەشی چینی بورژوا لەنێو کۆمەڵەکەمان پەرەی نەسەندو هیچ شۆڕشێکی پەریا نەکرد، کۆمەڵەکەمان تا سالآنێکی پاش جەنگی دووەمی جیهانی زیاتر بە کۆمەڵێکی کشتوکاڵی ناسرابوو.

ئەم دیاردانە بوونە هۆی سەرهەڵنەدانی رۆمانی ریالیزمی لە سەدەی نۆزدەهەمدا لەنێو ئەبەدەبەکەمان، وەکو ئەوەی لە ئەدەبی ئەوروپی لە سەدەی نۆزدەهەمدا هاتە دی. ریالیزم لە بواری پەخشانی کوردیدا، بە تایبەتی چیرۆکو رۆمان، زیاتر لە سالآنی بیستەکانی سەدەی بیستەهەم دەستی بە نەشونما کرد، جا ئەگەر لە بواری چیرۆکدا توانستی لە سەرەتاوە سەقامگیربێ، ئەوا لە رۆمانی کوردیدا تا سالآنی پاش جەنگی دووەمی جیهانی هەر بە لاوازی مایەوە. لێرەدا ئەوەی جێی سەرنجە ریالیزم لە بواری رۆمانی کوردیدا هەروەکو لە بواری چیرۆکی کوردیدا بە شێوەی رەخنەگریی لەدایکبوو هاتە کایەوە. باشترین نموونەش دەقەکەی ( لە خەوما )ی جەمیل سائیبە، کەوا بە چیرۆکێکی هونەری درێژ دادەنرێ، دەقەکەی ( مەسەلەی ویژدان )ی ئەحمەد موختار جاف، کەوا بە رۆمانێکی کورتی تەواو نەکراو سەیر دەکەین.

سەرهەڵدانی قوتابخانەی ریالیزم لە





سەرەتادا لەنێو شیعرو، پاشان لەنێو چیرۆکو رۆمانی کوردیدا زیاتر بۆ نزیکبوونی ئەم قوتابخانەیە لە هەستی مرۆڤی نێو کۆمەڵەکەمان دەگەڕێتەوە. لەم بارەیەوە دکتۆر عیزەدین موستەفا رەسوول دەڵێت: " ئەگەر ریالیزم قوولبوونەوە بێت لە بوارەکانی ژیانو، وێنەگرتنی نموونەیەکی زیندووی کۆمەڵ بێت، ئەوا ئەدەبی ریالیزمی کوردی نموونە وێنەگرتنی واقیعەکەیەو، ئەدەبی ریالیزمی کوردی هەستی خۆیو تاقیکردنەوەکانی ( تەنانەت خودیەکانیشی ) لە واقیعی ژیانەوە هەڵدەقووڵێ"(١).

ریالیزم، وەکو کاردانەوەیەکی رۆمانتیکیەت هاتە کایەوە، چونکە ریالیزم زیاتر" بە ئەرکی لەناوبردنی پێرۆزی دان بە خودییەت لە رۆمانتیکیەتدا هەڵساو، ویستی سنووری بۆ پشت بەستنەوە بە خەیاڵی نامەقووڵ دابنێت، دەوری ئەفسانە لە ئەدەب کورت بکاتەوە لە بوارێکی دیاریکراودا. هەروەها بەرهەڵستی وێنەگرتنی رۆمانتیکانەی سروشتی دەکرد"(١). دژایەتی نێوان ریالیزمو رۆمانتیکیەت رێژەیی بوو نەك رەهاییە، چونکە ریالیزم زۆر سوودی لە رۆمانتیکیەتی شۆڕشگێرانە وەرگرت. ئەم جۆرە رۆمانتیکیەتە بە زەمینە خۆشکردن بۆ لەدایکبوونی ریالیزمی رەخنەگریی دادەنرێت. لە بواری ئەدەبی کوردیدا رۆمانتیکیەتی شۆڕشگێرانە لە سەدەی نۆزدەمدا نییە وەکو ئەوەی لە ئەدەبی ئەوروپیدا هەبوو، بەڵکو زیاتر رۆمانتیکیەتی خەیاڵاوی لە هونراوەکانی مەولەوی بەدی دەکەین، کەوا زیاتر وەسفێکی پڕ لە خەیاڵی تێیدا بەدی دەکەین. هەروەها لە ئەدەبی کوردیدا سروشتییەت وەکو قوتابخانەیێکی ئەدەبی سەری هەڵنەداوە، وەکو ئەوەی لەنێو ئەدەبی ئەوروپی لەپاش سەرهەڵدانی ریالیزم هاتەدی. ئەم لایەنەش زیاتر بۆ لاوازی ریالیزمی نێو ئەدەبی کوردیمان دەگەڕێتەوە. هەرچەندە " قوتابخانەی سروشتییەت لە باوەشی ریالیزم لەدایکبوو"(١)، بەلآم وەکو ( ئەمیل زۆلا )ی رۆماننووسو رابەری ئەم قوتابخانەیە دەڵێت: " سروشتیەت.. زیاتر قوتابخانەیەکی شیکردنو تاقیکردنەوەیە"(١) واتە سروشتیەت لە رێی بایەخدانێکی مەزن بە وەسفکردنی تەنیا کەتواری ( واقیعی ) کۆمەڵەکە شیدەکردەوە، نەك وەکو ریالیزم لە وەسفی کەتواری کۆمەڵەکە هەوڵی گۆڕینی ئەو کەتوارە دەدات. رۆماننووس لە قوتابخانەی سروشتیەت " زیاتر نووسەرێکە یا کۆپی کەرێکە"(١) بۆ کەتواری کۆمەڵەکە. هەروەها پاڵەوان یا کەسە سەرەکیەکانی رۆمانی سروشتیەت

دەخرێنە ژێر چەند تاقیکردنەوەیەکی زانستیانە، بەپێچەوانەی پاڵەوانی ڕۆمانی ڕیالیزمی کەوا تا ڕادەیەك سەربەخۆیی خۆی هەیە لە نواندنی ڕۆڵە تایبەتیەکەی. هەروەها جەماعەتی سروشتییەت بایەخێکی زۆریان بە وەسفی کەتوارو وێنەگرتنێکی فۆتۆگرافیانەی دەدا بە شێوەیەك ( ئەمیل زۆلا ) لەم بارەیەوە دەڵێت:" ئێمە وەسفکارین نەك جەماعەتی قەزاو قەدەرینو، جیاوازی نێوانمان زۆرە، ئێمە خۆمان لە قەرەی باسی ناوەڕۆکی دیاردە نادەین، بەڵکو ئێمە تەنیا وەسفی دەکەین"(١). لێرەدا دەردەکەوێ وەسفکردنەکەی قوتابخانەی سروشتییەت تەنیا بۆ وێنەگرتنی کەتوارەکەیە، نەك بۆ شیکردنەوەی ئەو کەتوارەو دەرخستنی ئەو هۆیانەی دەبنە فاکتەرێکی کاریگەر بۆ گۆڕینی بارودۆخی کەتوارە کۆمەڵایەتیەکە. هەر ئەم لایەنەش بووە هۆی ناردنی نامەیەك بۆ ( زۆلا )ە لایەن ( تین )ی فەیلەسوفو نووسەر، تێیدا ڕەخنە لە بۆچوونەکانی زۆلا دەگرێتو، دەڵێت:"هونەرمەندی ڕاستەقینە دەبێ فەلسەفەیەکی گشتیو بۆچوونێکی بەرفراوانی بەیەکەوە گرێدراوی هەبێ "(١). ئەم داخوازیەی ( تین )یش لە لای نووسەرانی قوتابخانەی ڕیالیزم بەدی دەکرێ. ئەگەر لە قوتابخانەی سروشتییەت ئەرکی وێنەگرتن " زیاتر وێنەی دەرەوەی شتەکان پیشان دەدرێ " ئەوا ئەرکی وێنەگرتن لە قوتابخانەی ڕیالیزمدا " سروشتی ناوەوەو دەرەوەی شتەکان بەرجەستە دەکرێ "(١).

قوتابخانەی ڕیالیزم لە سەدەی بیستەمی جەنجاڵو پڕ لە چەندین قوتابخانەو شەپۆلو بزووتنەوەی ئەدەبیدا تووشی چەندین بەرەنگاریبوونەوە بووە، بەڵام سوریالییەت گەورەترین ڕەتکەرەوەو کاردانەوەی ڕیالیزم بوو، چونکە ئەم قوتابخانە ئەدەبیو هونەرییە، کەوا لە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی سەری هەڵدا، کەتواری ژینگەی مرۆڤی ڕەتدەکردەوەو، جیهانێکی خەیاڵاوی دروست دەکرد. ئەم جەماعەتە زیاتر بایەخیان بە خەیاڵو بەکارهێنانی ڕەمز دەداو، بە شێوەیەك خەونەکانیان گەورە دەکردووەوە تا خوێنەرو بینەر لە کەتوارەکە هەڵبێت. جا ئەگەر سروشتییەت هەوڵیدا ڕیالیزم لە ڕێی ئیدعای میراتگەرێتییەوە قووت بدا، ئەوا سوریالییەت دوژمنایەتی خوی بەرامبەر ڕیالیزم زیاتر ئاشکرا کرد لە ڕێگای ڕەتکردنەوەی کەتوارو هەڵاتن بەرەو جیهانێك لە خەیاڵیان دروستیان دەکرد. جەماعەتی سوریالییەت لەیەك خاڵ لەگەڵ





جەماعەتی ڕیالیزم یەك دەگرنەوە : ئەویش دانپێنان بە هەبوونی ( مادە )دا بە شێوەیەکی سەربەخۆ لە دەرەوەی ئەقلو خەیاڵی مرۆڤدا، هەروەها ئەم جەماعەتە لەگەڵ جەماعەتی سروشتییەت یەکدەگرنەوە بە بایەخدانیان بە ڕێڕەوی زانستیو هەوڵدان بۆ سەرهەڵدانی زانستی ئەدەب، لەم بارەیەوە ( ئەندریە بریتۆن ) ڕابەری جەماعەتی سوریالییەت، لە بەیاننامەیەکی ساڵی ١٩٣٤ دا دەڵێت :" کۆششێکی تایبەتی زۆرم کرد بۆ سەلماندنی ئەوەی ڕێڕەوی ئاقلانەکەی هەڵوێستی زانا تازە کەڕەوەکان هەر دەبێتە هاوڕێی ڕێرەوێك بەرەو جۆرە ڕیالیزمێکی بەسەر سوریالیەت کراوە بێ"(١) ئەوەی جێی سەرنجە ( لویس ئەراگۆن )ی هۆنیار، کەوا بە یەکێك لە دامەزرێنەرانی جەماعەتی سوریالییەت دادەنرا، لە پاش جەنگی دووەمی جیهانی لەم جەماعەتە کشایەوەو هاتە ڕیزی نووسەرانی قوتابخانەی ڕیالیزمی سۆشیالیزمی، دەڵێت:" دەتوانین بڵێین وشەی ڕیالیزم شوورەییەکی گەورەیە، بەڵام قەت دەستی لێ هەڵناگرم. هەڵوێستی ڕیالیزمیانە لە ژیان، یان لە هونەر، گەوهەری ژیانو هونەرمە... شەرم ناکەم لە هەڵوێستی ڕیالیزمیانەی خۆمو، دەستی لێ هەڵناگرمو... ڕیالیزم بوو بە لایەنگیری بیرمو، ناتوانم بەپێی شارەزایی ژیانم لێی دوور بکەومەوە "(١).

قوتابخانەی ڕیالیزم لە بواری پێشبینی کردنی لەگەڵ بزووتنەوەی داهاتوویەت ( Futurism ) یەك دەگرنەوە، بەڵام لە بواری بایەخ نەدانی داهاتوویەت بە کەلەپووری میللەت جیا دەبێتەوە، چونکە ڕیالیزم قەت لە کەتواری کۆمەڵو کەلەپوورو ڕابردووەکەی نکۆڵی ناکاتو، لە چوارچێوەیدا بەسەرهاتە کۆنو تازەکانی کەتواری کۆمەڵ پێشبینی خۆی پێشکەشدەکات بۆ گۆڕینی بارودۆخی کۆمەڵ بەرەو بارێکی لەبارترو باشتر.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ڕیالیزم، وەکو قوتابخانەیێکی ئەدەبیی زیندوو و هاوچەرخ، خۆی لە خەونە میسالیەکانی ڕۆمانتیکیەتو، خۆ لە کەتوار دوورخستنو ڕەتکردنەوەی کەلەپوور بەناوی داهاتوویەتو، قەبەکردنی هێماو بەکارهێنانی ڕەمز لە ڕەمزیەتو، ناماقووڵی بێهوودیەت و، تەنیا وێنەگرتنی دەرەوەیی لە سروشتییەتو، زیادڕۆیی کردن لەبواری سەربەستی تاکە کەسی لە بوونگەراییو، نەچوونە ڕیزی کۆمەڵ لە بێ پابەندییەت.. ڕیالیزم خۆی لە ناوەڕۆكو سیمای سەرەکی ئەو جۆرە قوتابخانەو بزووتنەوەو شەپۆڵە ئەدەبیانە دوور خستەوەو، زیاتر خۆیی کرد بە خەمخۆری

كێشەكانی كۆمەڵایەتی‌و مرۆڤایەتی. ریالیزم، وەكو ( بۆریس سۆچكۆڤ ) دەڵێت: " قوتابخانەیەكی داهێنەرانەیە، بەڵام دیاردەیەكی مێژوویییە، لە قۆناغێكی تایبەت لە پەرەسەندنی ئەقڵی مرۆڤایەتی دەركەوت، لەو سەردەمە دەركەوت خەڵكی تێیدا لەگەڵ زەروورەیەتێكی زاڵ زۆرانبازیان دەكرد، كەوا چارەی نەبوو خۆ لە بیركردنەوە لە ناوەڕۆك‌و ڕێڕەوی بزووتنەوەی كۆمەڵ لابدات"(١).

دەركەوتنی ئەم قوتابخانەیە لەنێو ئەدەبی كوردی بەگشتی‌و، چیرۆك‌و ڕۆمانی كوردی بە تایبەتی، بۆ پێویستییەكی هاوچەرخیی زەمانە دەگەڕێتەوە، چونكە ئەم قوتابخانەیە زیاتر ئەدەبەكەی لە ئاواتی میللەتەكەمان نزیكخستەوە. لەم ڕووەوە چیرۆك‌و ڕۆمانی كوردی ڕۆڵێكی كاریگەریان لە بەرجەستەكردن‌و دەرخستنی باری ژیانی كۆمەڵەكەمان بینیووە.

چەمكی ریالیزم، وەكو لە سەرەوە دەركەوت، چەند خاسیەتێكی هەیە لە سروشتی چەمكی ڕێبازو بزوتنەوە ئەدەبیەكانی دیكە جیای دەكاتەوە، ڕۆمانیش، بەپێی ئەوەی پێوەندییەكی پتەوەی لەگەڵ ریالیزم‌و كۆمەڵ هەیە، باشترین زەمینەو بوار بوو بۆ زیاتر ڕەنگدانەوەی چەمكی ریالیزم لەنێویدا. لە خوارەوە بە چەند خاڵێك هەندێ لە خاسیەتیەكانی ڕۆمانی ریالیزمی تۆمار دەكەین بەمەبەستی ئەوەی بزانین تا چ ڕادەیەك ڕۆمانە كوردیەكانمان ئەو خاسیەتانەی تێدا بەدی دەكرێ.

١- وەسف لە ڕۆماندا بۆ بەرجەستە كردن‌و وێنەگرتنی چەند لایەنێك لە سروشتی شوێن‌و ژینگەی پاڵەوان‌و كەسانی دیكەی نێو ڕۆمانكە بەكار دەهێنرێ. لە ڕۆمانی ریالیزمیدا وەسف زیاتر سەربەخۆیی خۆی هەیە، بە پێچەوانەی ڕۆمانەكانی شەپۆلی هۆش‌و ڕۆمانی نوێ، كەوا وەسفی شتومەكەكان لە ڕێگای گێڕانەوەی تێكەڵی وەسفی شوێن‌و كەسەكان دەبێ. لەم بارەیەوە دكتۆرە ( سیزا قاسم ) لە كتێبەكەیدا ( بینای ڕۆمان ) دەڵێ: " لە دەقە ریالیزمیەكاندا هەندێ بڕگەی وەسفی سەربەخۆ هەیە، دەتوانرێ لە دەقەكە دەربكرێت‌و، یەكێتی تەواوی خۆی بنوێنێ، بەڵام لە ڕۆمانەكانی شەپۆلی هۆشدا شتی واها نییە، بەڵكو وەسفەكە بە گێڕانەوەكەو بە شێوەی یەكێتییەكی هۆنراو نووساوە"(١).

ئەم جیاوازییەی نێوان سروشتی وەسف‌و سروشتی گێڕانەوە كار لە سروشتی





وێنە هونەرییەكانی نێو ڕۆمانەكە دەكات. لە بواری وەسفیدا دەبێ ڕۆماننووس ڕەچاوی بەكارهێنانی چەند لایەنێكی ڕەوانبێژی بكات لە بونیاتنانی وێنە هونەرییەكانی نێو ڕۆمانەكەی بۆ ئەوەی ئەو وێنانە زۆر ساكارو فۆتۆگرافیانە نەبێ، وەكو ئەوەی ڕۆمانی سرۆشتییەت بۆ نواندنی ئەمانەت لە وێنەگرتنی كەتوار پێڕەوی دەكات. ئارنست فیشەر لە بارەی ڕۆمانە سروشتییەكانی زۆلاوە دەڵێت: " هەڵوەشانەوەی چینی بورژەوای پیشاندا، هەروەها هەژاری گەل‌و بەرگریی چینی كریكاری پیشاندا. بەڵام بێ ئەوەی چارەسەرێك بدۆزێتەوە... زۆلا لە وەسفە بێ كۆمەڵایەتییە ترسناكەو، دان پێنەنانی بەوەی ئەو بارودۆخە قابیلی گۆڕانكارین... لەو كارەیدا بەهێزی‌و لاوازی بزووتنەوەی سروشتییەت دەردەكەوێ"(١). وەسفكردنی نێو ڕۆمانی ریالیزمی بە پێچەوانەیەو، زیاتر لە پێناوی وێنەگرتن‌و دەرخستنی سروشتی ڕووداوو بەسەرهاتەكانی ژیانی پاڵەوان‌و كەسانی دیكەی نێو ڕۆمانەكە دەنوێنێ. بۆ نموونە وەسفی سروشتی ژیانی جوامێر پاڵەوانی ڕۆمانی ( ژانی گەل )ی ئیبراهیم ئەحمەد لەنێو بەندیخانەكەدا، هەروەها تێیدا پاڵەوان زیاتر خەمی ناخەوەی نەپچڕاوە، بەڵام زیاتر بایەخەكە بە خودی پاڵەوانەكە دەدرێ نەك بە كۆمەڵەكە. ئەم لایەنە لە ڕۆمانی ریالیزمیدا بە پێچەوانەیە، چونكە كۆمەڵ بابەتی سەرەكی ڕۆمانەكەیەو، خەمخواردنی بارو گوزەرانییەكە لە مەبەستە سەرەكیەكانی ڕۆمانی ریالیزمە، چونكە ریالیزم بۆ لێكۆڵینەوە لە ناخەكانی ژیانی مرۆڤایەتی تێدەكۆشێ‌و، لە هەندێ سنوری دیاریكراودا ناوەستێ، بەڵكو پشكنینێكی بەردەوامە لەمەڕ نهێنی ژیان‌و، ڕێگاكانی ڕزگاربوونی مرۆڤایەتی لە ئەشكەنجەكانی، پاڵەوانی نێو ڕۆمانی ریالیزمی نموونەی مرۆڤێكە لەنێو كەتواری كۆمەڵەكەوە ڕۆماننووس هەڵیدەبژێرێ.

ڕۆماننووسی ریالیزمی سەرەكەوتووتر دەبێ ئەگەر پاڵەوانە هەڵبژێراوەكەی نموونەی قۆناغی پەرسەندنی كۆمەڵایەتی كەتواری كۆمەڵەكەی بێ، چونكە " هەموو قۆناغێك كەوا مرۆڤ لە ڕەوەتە دوورو درێژەكەیدا پێیدا ڕۆیشتووە، نموونەیەكی مرۆڤایەتی داهێناوە ڕەنگدانەوەی وێنەی ئەو مرۆڤەیە، كەوا دەبێ بەو شێوە بێ لەو قۆناغە كۆمەڵایەتییە تا بە ڕووی تەنگوچەڵەمەكان ڕابوەستێ‌و، ململانێ لەگەڵ هێزی شەردا بكات كەوا هەوڵی ڕاوەستاندنی ڕەوڕەوەی ڕەوتەكەی دەدات. پاڵەوانیش بەرجەستەكردنی زیندووی توانای گۆڕین‌و پەرەسەندنی

مرۆڤە.."(١).

٣- لە رۆمانە ریالیزمیەکاندا رەنگو بۆیەکی رۆمانتیکیانە بەرچاو دەکەوێ لە بواری سۆزو هەستی دەروون دەربڕین. ئەم لایەنەش شتێکی سروشتییە، چونکە ریالیزم و رۆمانتیکیەت دژی یەکتر نین، بەڵکو رۆمانتیکیەت بە قۆناغێکی سەرەتایی بۆ سەرهەڵدانی قوتابخانەی ریالیزم دادەنرێت. مەبەستیش لە رەنگو بۆی رۆمانتیکیانەی نێو رۆمانی ریالیزم ئەو جۆرە دیمەنو وێنە هونەرییانەیە، کەوا لەبواری ئەڤینداریدا جیهانی دەقی رۆمانەکە لە شێوازە ریالیزمیەکەی دەرازێننەوە. بۆ نموونە لە رۆمانی ( راز )ی خەسرەو جافدا دیمەنی بەیەك گەیشتنی ئاغای موهندیس ( ئەردەشێر )ی سەرۆکی چەکدارەکانی چیای ( داڵەهۆ ) لەگەڵ فراولەی پسپۆر لەبواری کۆنەوار ناسیو ئەندامی لێژنە نێردراوەکەی زانکۆی بەرلین بۆ پشکنینو درەخستنی رازی زێرینی ( جامی جیهان نما ) ئەو بەیەك گەیشتنە بە شێوەیەکی رۆمانتیکیانە وەسف دەکرێ، بەڵام رێرەوی هێڵی درامی رۆمانەکەو شێوازی رووداوەکانی تێك ناچێت بە تێئاخنینی ئەو دیمەنە ئەڤیندارییە. هەروەها ئەو دیمەنە رۆمانتیکیانە لەنێوان کەسانی نێو رۆمانی ( شار )ی حوسێن عارفدا زیاتر بۆ خزمەتی هێڵی درامای رۆمانەکە تەرخانکراون.

٤- راستە رۆمانی ریالیزمی کەتواری مرۆڤایەتیو کۆمەڵ پیشان دەدات، بەڵام ئەم پیشاندانە بە شێوەی وێنەی فۆتۆگرافیانەی کەتوار نییە، بەڵکو لە رێی خەیاڵێکی هونەری دیسانەوە خەلقی دەکاتەوە. لەم بارەیەوە مۆپاسان دەڵێت: " ئەگەر نووسەری ریالیزمی بەراستی هونەرمەند بێ پەنا وەبەر پیشاندانی ژیان لە چەند وێنەیەکی فۆتۆگراڤ ساکار نابات، بەڵکو پەنا وەبەر پیشاندانی چەند وێنەیەکی زۆر زیندووتر لە راستیەکە دەبات"(١). فەرامۆشکردنی بەکارهێنانی خەیاڵ لە رۆمانی ریالیزمیدا دەقەکە لە دەقێکی مێژوویی، یان سەرگوزەشتەو گێڕانەوەی خودی نزیکدەخاتەوە، نەك لە رۆمانێکی ریالیزمی، هەروەها زیادرۆیی لە بەکارهێنانی خەیاڵ دەقەکە لە رۆمانێکی خەیاڵی نزیك دەخاتەوە. رۆماننووسی ریالیزمی زیاتر پەنا وەبەر موتوربەکردنی کەتوارو خەیاڵ دەبات تاکو خوێنەر هەست بە تامو چێژێکی هونەریی بکات، تەنانەت لە رۆمانە ریالیزمییە سیحراویەکانیشدا، کە تازەترین چەشنی رۆمانی ریالیزمی سەدەی رابردوون، فەرامۆشی ئەو موتوربەکردنە نەکراوە.





خوێنەرانی رۆمانی ریالیزمی هەست بەوە دەکات بەرگێکی خەیاڵاوی وەبەر کەتوارەکەی کراوە، بەڵام زۆریش لێی دوور نەکەوتووەو، لەنێوان کەتواری راستەقینەی خۆیو کەتواری دروستکراودا خوێنەر گەشتێك دەکاتو، لە ئەنجامدا خوێنەر باشتر لە کەتوارە راستەقینەکەی دەگات. لەم بارەیەوە ( میشێل بۆتۆر )ی رۆماننووس لەو باوەڕەدایە " خوێندنی رۆمان گەشتکردنێکە لە جیهانێکی جیاوازدا لەوەی خوێنەر تێیدا دەژیتو، هەر لە یەکەم ساتی کردنەوەی کتێبەکەوە خوێنەر بەرەو جیهانێکی خەیاڵاوی دەگوازێتەوە"(١).

مەرجو سیمای سەرەکیی ریالیزم دەرخستنو وێنەگرتنی کەتوارە، بەڵام لەم وێنەگرتنەدا دووبارە کەتوارەکە بە شێوەیەکی هونەریی خەلق دەکرێتەوەو، لەم بوارەدا لایەنی هونەریی، نووسەرو هونەریی قوتابخانەکە ئاوێتە دەبن تاکو خوێنەر نەڵێت وێنە گرتنەکە فۆتۆگرافیانەی سادەو ساکارە، بەڵکو تامو چێژێکی هونەریی هەیە. لەم بارەیەوە ( جۆرج. جی. بیکر ) دەڵێت: " کەتوارەکە هەرچۆنێك بێ لەوە دەچێ دەتوانین بڵێین لە بەرهەمە هونەرییەکە ناکاتو پێش ئەو کەوتووە، کەواتە ریالیزم جۆرە ستراکچەرێکی هونەرییە بە شێوەیەکی تایبەت لە کەتوار دەگاتو، وێنەیەکی ناڕاست دەربارەی پێشکەش دەکات"(١).

رادەی وێنە ناڕاستەکەی ریالیزم قەت ناگاتە رادەی ئەوەی بڵێین ریالیزم خوێنەر لەمەڕ کەتوارەکەی دەخەڵەتێنێ، بەڵکو راستترە بڵێین بە شێوەیەکی هونەریی ناڕاستەوخۆ هۆشیاری دەکاتەوە لە رێیی بەکارهێنانی قاوغێکی خەیاڵیی ماقووڵ. ئەم لایەنە تا رادەیەك بووە هۆی سەرهەڵدانی جۆرە راکێشانێکی خاویی لە چەمکی ریالیزم، چونکە " ریالیزم جارێك وەکو هەڵوێست سەیر دەکرێ، واتە وەکو دانپێنانێك بە کەتوارێکی مەوزووعیو جارێکی دیکە وەکو شێواز، یان قوتابخانە سەیر دەکرێو، زۆر جاریش سنووری نێوانیان نامێنێ "(١). رۆمانی ریالیزمیش، وەکو کێڵگەو بوارێکی چاکی دەرکەوتنی چەمکی ریالیزم هەمان جۆرە راکێشانە خاوەکەی بەخۆیەوە بینیووە لە نواندنی مەوزووعییەت لە دەرخستنی کەتواردا.

٥- سروشتی گێڕانەوە لە رۆمانی ریالیزمیدا شێوەی بەکارهێنانی جۆرەکانی کات دەردەخات، لە رۆمانەکانی ریالیزمی سەدەی نۆزدەهەم زنجیرەی کات لەنێو رۆمانەکە لە رابردووەوە بەرەو کاتی ئێستا دەڕۆیشت، بەڵام لە رۆمانی شەپۆلی هۆشو رۆمانی نوێ لە کاتی ئێستاوە دەست پێدەکرێو، لە رێگای گێڕانەوەی

بەسەرهاتەکانو بەکارهێنانی مەنەلۆگەووە خوێنەر بەرەو کاتەکانی ڕابردووی ژیانی پاڵاوان دەبرێت. سروشتی گێڕانەوە لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا زیاتر ناوخۆیییە نەك دەرەوەیییە، لە جۆری یەکەمدا ڕابردوویەکی پاش دەستپێکردنی ڕۆمانەکە دەردەخرێ، بەڵام لە جۆری دووەمدا ڕابردوویەکی پێش دەستپێکردنی ڕۆمانەکە دەردەخرێت"(١).

٦- یەکێك لە خاسیەتەکانی ڕۆمانی ڕیالیزمی هەبوونی جیاوازی لەنێوان سروشتی کورتکردنەوەی گێڕانەوەی بەسەرهاتەکانو سروشتی گێڕانەوەی دیمەنەکانی نێو ڕۆمانەکەدا. جا ئەگەر لە دیمەندا " چەند ماوەیەکی خەستکراوی کاریگەر پێشکەشدەکرێ "(١). ئەم جیاوازییە لەنێوان ئەرکی کورتکردنەوەو دیمەندا جیاوازییەکی دیکە لە سروشتی خوێنەر دەخولقێنیو، لەم بارەیەوە ( بیرسی لۆبۆك ) ئاماژە بۆ ئەوە دەکات:" لە شێوەی کورتکردنەوەدا خوێنەر گوێی خۆی بەرەو لای ڕۆماننووس دەگرێو گوێ لە دەنگی شلێ دەکا، بەڵام لە شێوەی دیمەندا خوێنەر سەیری چیرۆکەکە وەکو شانۆیەك دەکاتو، تێیدا نواندنی کەسەکان پێشکەشدەکرێ "(١). لە هەردوو حاڵەتەکەدا بەسەرهاتی مێژووی زیاتر بۆ زەمینەی ڕۆمانەکە تەرخاندەکرێ. لەم بارەیەوە هونەری ڕۆمان وەکو هونەری مۆسیقا بە هونەرێکی کاتی نەك شوێنی دەژمێردرێت، چونکە لەنێو جیهانی ڕۆمانەکەدا هەست بە جوڵانەوەی کەسەکان دەکرێو، ئەم لایەنەش لە سروشتی بەکارهێنانی کاتە. بۆ نموونە لە ڕۆمانە کوردیەکانمان وەکو ( شار ) ی حوسێن عارفو ( کۆردەرە )و ( هیچ )ی خەسرەو جافو ( پەرستگەی دڵداری ) ی ئیسماعیل ڕەسوڵو، هەروەها ( کوێخا سێویێ )و ( غەوارە )ی عەزیزی مەلارەشو ( هەڵکشان بەرەوە لوتکە )ی عەبدوڵلا سەرجدا. لەم ڕۆمانە سروشتی بەکارهێنانی دیمەنی ڕۆمانەیی دەردەکەوێو، چونیەتی بەکارهێنانی لەنێو جوڵانەوەی کاتدا لە ساڵانی چلەکانەوە تا کۆتایی پەنجاکانە، لەم بارەیەوە دەتوانین بڵێین، ڕۆمانی کوردی خاسیەتە سەرەکیەکەی ڕۆمانی ڕیالیزمیی فەرامۆش نەکردووە، کەوا زیاتر" لەباسی ڕابردووی دەست پێدەکات، بەڵام کاتی ئێستا زیاتر لەگەڵ پێشکەوتنی گێڕانەوەکە دەردەکەوێ"(١).

٧- دەروازە لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا، وەکو چەشنەکانی دیکەی ڕۆمان، گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بە ڕێگا خوشکەرەوەیەك بۆ خۆ خزاندنی خوێنەر بەرەو نێو جیهانی





ڕۆمانەکە دادەنرێت. ڕۆماننووسی سەرکەوتوو ئەوەیە بتوانێ لە ڕێگای دەروازەی ڕۆمانەکەیەوە هانی خوێنەر بدات بۆ سلێ نەکردنەوە لە تەواوکردنی خوێندنەکەیو، بە ئەنجام گەیاندنی گەشتەکەی بەنێو جیهانی ڕۆمانەکە. دەروازەش بە " بەشێکی گرنگ لە ڕۆمانی ڕیالیزمی دەدانرێو، ڕەوتی گێڕانەوەکەو گەشەسەندنەکەی پێیوە بەندە "(١). باشترین دەروازەش لەنێو ڕۆمانە کوردیەکانمان ئەوەی لە سەرەتای ڕۆمانی ( کۆردەرە )ی خەسرەو جافو، ڕۆمانی ( غەوارە )ی عەزیزی مەلا ڕەشو ( شار )ی حوسێن عارف، چونکە لە سەرەتادا چەند زانیارییەکی ڕێخۆشکەر پێشکەشدەکرێ لەبواری سروشتی شوێنو کەسایەتی پاڵەوان پێش ئەوەی خوێنەر یەکسەر بخزێتە نێو هێڵێ درامی ڕووداوەکانەوە.

٨- شێوەی دیالۆگو ئاخاوتنی کەسەکان لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا زیاتر بۆ دەرخستنی سروشتی کەسێتی پاڵەوانو کەسە سەرەکیەکان تەرخاندەکرێ، ئەم لایەنەش فاکتەرێکی کاریگەرە بۆ دەرخستنی تا چ ڕادەیەك ڕۆمانەکە لە ژینگەی پاڵەوانو کەتواری کۆمەڵەکەی نزیکە. بۆ نموونە لە ڕێی دیالۆگی نێوان ( دالگە )و کەسانی دیکەی نێو خێزانەکەی ( ئەکبەر )پاڵەوانی ڕۆمانی ( کوردەرە )ی خەسرەو جاف دەزانین ڕووداوەکان لە ناوچەی خانەقین ڕوودەدات، هەروەها لە ڕێی ئاخاوتنی نێوان کەسانی هەردوو ڕۆمانەکەی عەزیزی مەلا ڕەشەوە ( کوێخا سێوێ )و ( غەوارە ) درك بەوە دەکەین ڕووداوەکان لە ناوچەی دەشتی هەولێر ڕوو دەدەن.

٩- پێشبنین لە ڕۆمانی ڕیالیزمیدا بەدی دەکرێ، بە تایبەتی لە ڕۆمانی ڕیالیزمی سۆشیالیزمیدا. بۆ ئەم مەبەستەش خەیاڵێکی هونەری ماقووڵ بەکار دەهێنرێ لە ڕێی کۆششی پاڵەوان بۆ بەدیهێنانی گۆڕانکاری بەسەر بارودۆخی کۆمەڵدا ڕێی ڕەخنەگرتنێکی گەشبینو کردەوەی چاکانە. بەکارهێنانی خەیاڵی هونەری لەنێو ڕۆمانەکانی ڕیالیزمدا زیاتر بۆ بەخشینی شێوەیەکی نموونەیییە بە وێنە دەرخراوەکانە، بەڵام ئەو خەیاڵە هونەرییە خوێنەر بۆ جیهانێکی میسالی نافرێنێ وەکو ئەوەی لەنێو ڕۆمانتیکیەت دەبینرێ، لەم بوارەدا ڕۆمانی ڕیالیزمی:" پیرۆزی بەخشین بە خودێتی ڕەتدەکاتەوەو، ئەوەندە پشت بە خەیاڵو شتی پڕوپووچ نابەستێ...وێنەگرتنێکی ڕۆمانتیکیانەی سروشت ڕەتدەکاتەوە "(١).

١٠- ئاستی جوانکاری نێو ڕۆمانی ڕیالیزمی پابەندی چۆنیەتی تێڕوانینی

نووسەرەکەیە، کەوا دەبێ " بە راستگۆییەکی زۆرو، هەستێکی راستگۆیی‌و، بۆچوونێکی بەرفراوانی ورد هەموو ئەو شتانەی لەنێو کۆمەڵ دەبینێ دەربخات "(١). هەروەها دەبێ وێنە گرتنەکە بچێتە نێو ناخی گیانی کەتوارەکەو" هەرچەندە شێکردنەوەی رووداوەکان روونتر بێ ئەدەبەکە ئەوەندەی تر قووڵترو نزیکتر لە کۆمەڵەکە دەبێ "(١). ناسکیی‌و جوانکاری نێو رۆمانی ریالیزمی پەردەکەی روو گەشتر دەکاتو دەبێتە شووشە بەندێکی ساکار بۆ سەیرکردن، زۆر ناسکە، زۆر روونە، دەیمەنی بە تەواوی تەنکەو، تەنکاییەکەی بە شێوەیەکە وێنەکان لێیوە تێدەپەڕن‌و پاشان وەکو ئەوەی لە کەتواردا هەبن دووباره دادەمەزرێنەوە "(١).

ئاستی لایەنی جوانکاری لە رۆمانی ( کوێخا سێوێ ) ساکارە، بەڵام لە دووەم رۆمانەکەی عەزیزی مەلا رەشدا ( غەوارە ) رۆماننووس هەنگاوێکی باشتری نواند لە بونیاتنانی وێنەی هونەری‌و بەکارهێنانی زمانێکی پاراودا. ئەم ئاستی جوانکارییە لەنێو رۆمانەکانی خەسرەو جافدا، بە تایبەتی لەنێو هەردوو رۆمانەکەی ( هیچ ) و ( راز )دا، سەرکەوتنی رادەی نووسەر دەردەخەن لە تەوزیفکردنی پەخشانێکی هونەری لە بواری وەسفی شوێن‌و بونیاتنانی وێنەی هونەریدا. ئەم لایەنە جوانکارییە لەنێو رۆمانەکی ( ژانی گەل )ی ئیبراهیم ئەحمەدو ( توانەوە )ی غەفور ساڵحو ( بوهژین )ی دکتۆر نافع ئاکرەیی‌و ( هەڵکشان بەرەو لوتکە )ی عەبدوڵڵا سەراج‌و هەردوو رۆمانەکەی حوسێن عارف ( شار )و ( ئەندێشەی مرۆڤێك ) بەدی دەکرێ.

١١- پاڵەوان‌و کەسە سەرەکیەکانی نێو رۆمانی ریالیزمی لەنێو کەتواری کۆمەڵەکەوە هەڵدەبژێردرێن‌و، رادەی خەمخواردنی کێشەکانی کۆمەڵ زاڵترە بەسەر خەمخواردنی کێشەی خودێتییان.

١٢- لەنێو رۆمانی ریالیزمی زیاتر بایەخ بە رووداوە گرنگەکانی نێو کۆمەڵ دەدرێ، نەك شتە لاوەکی‌و هیچ‌و پووچەکانی، چونکە هەندێ جار سروشتی رووداوە گرنگەکانی نێو رۆمانە ریالیزمیەکان وەکو بەڵگەنامەیەك سەیر دەکرێن‌و، لە لایەن توێژەرانەوە بۆ گەواهیدان بەسەر بارودۆخی کۆمەڵ بەکار دەهێنرێن، ئەمەش لەبەر ئەوەی رۆمانی ریالیزمی زیاترو راستتر لە سروشتی پەرەسەندنی کۆمەڵەوە نزیکە.

١٣- لە رۆمانی ریالیزمیدا هەمان بایەخ بە لایەنی شێوەو ناوەرۆك دەدرێ، واتە تەنیا بایەخدان بە لایەکیان دەبێتە هۆی لەنگبوونی تەرازووی هاوکێشی نێو





رۆمانەکە، چونکە جوانی بیر لەلای ریالیزمیەکان لە جوانی شێوە جیا نابێتەوە.

## پەراوێزەکان


(١) دیمین کرانت – الواقعیة، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ص ٣

(٢) موحازەرەیەکی دکتۆر جمیل نصیف التکریتی بۆ قوتابیانی خوێندنی باڵای بەشی کوردی- پلەی ماستەر لە وانە ئەدەبی بەراوردکاری لە رۆژی ١٩٩٤/٤/٢٥

(٣) دیمین کرانت – الواقعیة، ت: د. عبدالواحد لولوة، ص ٤١

(٤) رفیق محمد توفیق – الواقعیة في ادب غسان کنفاني. رسالة ماجستیر، ص ٢٩

(٥) جون فیتشر – نقد المقارنة، مقالة بلا مترجم، مجلة فصول، المجلد الثالث، العدد الثالث، ١٩٨٣، ص ٦٦

(٦) عزالدین مصطفی رسول – الواقعیة في الادب الکردي، ص ١١٣

(٧) د. صلاح فضل – منهج الواقعیة في الابداع الادبي، ص ١٨٥

(٨) هەمان سەرچاوە،ل١٨٨

(٩) هەمان سەرچاوە،ل١٩٢

(١٠) هەمان سەرچاوە،ل ١٩٤

(١١) هەمان سەرچاوە،ل١٩١

(١٢) هەمان سەرچاوە، ل ١٩٤

(١٣) هەمان سەرچاوە، ل ٢٣٠

(١٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٠

(١٥) روجیر جارودی – واقعیة بلا ضفاف، ت : حلیم طوسون، ل١٠

(١٦) بوریس سوتشکوف – المصائر التاریخیە للواقعیە، ت : محمد عیتاني واکرم الرافعي، ل١

(١٧) د. سیزا قاسم – بناء الروایة.. دراسة مقارنة لثلاثیة نجیب محفوظ، مطابع الهیئة المصریة العامة للکتاب، ١٩٨٤، ص ٨١

(١٨) ارنست فیش – ضرورة الفن، ت: میشال سلیمان، ص ٩٥

(١٩) صبري مسلم حمادی – صور البطل في الروایة العراقیة، ١٩٢٨- ١٩٨، اطروحة دکتوراه مقدمة إلى مجلس کلیة الاداب، جامعة دبغداد. ١٩٨٤، ص٨

(٢٠) د. سیزا قاسم- بناو الروایە، ص ٧٨

(٢١) هەمان سەرچاوە، ص ٧٤

(٢٢) دیمین کرانت – الواقعیة، ت: د. عبدالواحد لؤلؤة، ص ٢٦

(٢٣) ارنست فیشر – ضرورة الفن، ت: میشال سلیمان، ص ١٢٨

(٢٤) د. سیزا قاسم – بناء الروایة، ص ٤

(٢٥) هەمان سەرچاوە، ل ٦٥


(٢٦) هەمان سەرچاوە، ل ٦٥

(٢٧) هەمان سەرچاوە، ل ٣٠

(٢٨) هەمان سەرچاوە، ل ٣١

(٢٩) د.سالم احمد الحمداني- مذاهب الادب الغربي ومظاهرها في الادب الحدیث، ص١٦٣

(٣٠) هەمان سەرچاوە، ل١٦٤



حەمە کەریم عارف

# پێشەکییەک دەربارەی ئیلیادە

## بەشی یەکەم

(١)

دیارە ئیلیادەو ئۆدیسە وەکو دوو شاکاری هونەری بەدرێژایی مێژوو، کاریگەریان بەسەر کارێن ئەدەبی و هونەری نەوە یەك لە دوای یەکەکان هەبووە. ئەم دوو داستانە، لە کۆنەوە تاکو ڕۆژگاری ئەمڕۆ بە ڕەمزو هێمای هونەری نەمر دانراون و هەر ئەم نەمرییە پاراستوونی و کردویەتە کارێك کە بگەنە دەستی ئێمەی خەڵکی سەدەی بیست و یەکەم و لەزەتە ئەستاتیکییەکەی خۆیان بپارێزن. جا ئیلیادە و ئۆدێسە چەند مایەی سەرسامی بوون و چەند کاریگەریان هەبووە، ئەوەندەش مایەی جیاوازی بیرو بۆچوونی ئەهلی قەڵەم بوون لە هەموو شوێن و سەردەمێکدا.. هەندێ کەس پێیان وایە هومێرۆس ئەم دوو قەسیدەیەی نەهۆنیوەتەوە، بەڵکو کۆمەڵە کورتە قەسیدەیەکی لەسەر جەنگی تەروادە خڕکردۆتەوە، ڕێکی خستوون و داونیەتە





دەم یەکەوە پاشان کردویەتی بە دوو بەشەوە، یەکیان دەربارەی تۆران و توڕەبوونی ئەخیلەو دووەمیان لەسەر گەرانەوەی(ئودوسیوس)ە ئیدی لەگەڵ تێپەڕ بوونی ڕۆژگاردا بەشی یەکەم ناوی ئیلیادەی وەرگرتگە و هی دووەم ئۆدیسە. هەندێکی دی لایان وایە هومیرۆس تەنیا ئیلیادەی هۆنیوەتەوە، هۆنەرێکی خۆوێژی دیکە ئۆدسەی هۆنیوەتەوەو پاشان بە هەڵەو نارەوا ئەویش دراوەتە پاڵ هۆمیروس.. هەندێکی دی پێیان وایە هۆمیرۆس، شایەرێکی خۆوێژی گۆرانی بێژی هۆنراوانی فۆلکلۆری بووەو پاشان ئەو هۆنراوە فۆلکلۆریانە لەلایەن خەڵکانی دیکەوە کۆ کراونەتەوەو بە هەڵە دروانەتە پاڵ هۆمیرۆس.. هەندێکی دی هەر بەوەندەوە ناوەستن، بەڵکو لە ناوی (هۆمیرۆس)ش بە گومانن.. وشەی هۆمیرۆس مانای کۆرە دەگەیەنێ، گوایە (کۆرە) ناز ناوی ئاشق و شاعیرێکی نابینا بووەو مێژوو ناوە ڕاستەقینەکەی بۆ تۆمار نەکردوین و ئیدی ئەو نازناوە جێگەی ناوە ڕاستەقینەکەی ئەو ئاشقو شایەرەی گرتوەتەوە، هەندێکی تر بە گومانن کەسێك بە ناو یان نازناوی هۆمیرۆس هەبووبێ، واتە هۆمیرۆس کەسایەتییەکی خەیاڵییەو پاشان وەکو کەسایەتییەکی ڕاستەقینە خۆی بەسەر زانایان و مێژوونووسانی ئەدەبیاتدا سەپاندووەو بووە بەم ناوە زندووەی کە ئێستا لە سەرانسەری گێتی دا فرە ناسراوە، بەهەر حاڵ وێرای جیاوازی ئەو بیروبۆچوونانەی لەمەڕ هۆنەری ئیلیادەو ئۆدیسە هەیە، وێرای جیاوازی ئەو پرسیارانەی کە: لە کوێندەر لە دایك بووە، ژیانی چۆن بووە، لە چ سەردەمێکا ژیاوە، ڕادەی پەیوەندی هۆنەر بە بویەرو ڕووداوەکانی ناو داستانەکان... و زۆر شتی دیکەش، بە هەرحاڵ بیروباوەڕو بۆچوونەکان چەند زۆربنو جیاوازبن، بە تۆزقاڵێش لەو حەقیقەتە ناگۆڕن، کە دوو دانە گەوهەری دانسقە بەناوی ئیلیادە و ئۆدیسە گەییونەتە دەستی خەڵکی ئەم سەردەمە و پەساپۆڕتی ئەم گەشتە دوورو درێژەشیان تەنیا هونەرییەتی خۆیان بووە، جا خوای دەکرد لە بنی خاوەنیان نەدەبوو. چونکە ئەوەی بۆ خوێنەر گرینگە دەقی داستانەکانە وەکو چۆن هەن، نەك هۆنەرەکەیان.

(٢)

وەکو دەزانین، هەر یەکێك لە ئیلیادەو ئۆدیسە بە سەر بیست و چوار پاژدا دابەش بوون، کە ڕەخنەوانانی کۆن ناوی سردوویان لێناون، واتە هەر یەکێکیان



بریتییە لە بیست و چوار سروود، دیارە ئەم تەقسیمبەندییە لە سەرەتای پەیدا بوونی ئەو جووتە داستانەدا نەبووە، دواتر لەلایەن ئەهلی ئەدەب و قەڵەمەوە ئەم تەقسیمبەندییەی بۆ کراوە.. هەر یەکێك لەم بیست و چوار سرووده لە ژێر پیتێکی ئەلفبایی بیست و چوار پیتەی گریکیدا دانراوە، سروودەکانی ئیلیادە بە پیتی گەورە (کەپیتال) و ئەوەکانی ئۆدیسە بە پیتی بچووك (سمۆڵ) دیاری کراون، بۆ نموونە سروودی یەکەمی ئیلیادە بە پیتی ((A))ی دەست نیشانکراوەو هی ئۆدیسە بە پیتی ((a)). دیارە دەبێ ئەم تەقسیمبەندییە دوای گۆڕان و پەرەسەندن و جێگیر بوونی ئەلفبای گریکی و گیرسانەوەی لەسەر بیست و چوار پیت، ئەنجام درا بێ، زانایان لەو باوەڕەدان کە ئەم کارە لەسەردەمانی پێش زایندا لەلایەن (زینودو توس)ەوە ئەنجام دراوە، کە لە دەوروبەری ساڵی ٣٢٥ پ.ز لە دایك بووە، لە ساڵی ٢٨٤ پێش ز بە یەکەم بەڕێوەبەری کتێبخانەکەی ئەسکەندەر دامەزراوە. یەکەم کەس بووە هەوڵی ڕێکخستن و ساغکردنەوەو بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆسی داوە..

ئیلیادە لە (١٥٦٩٣) بەیت پێك هاتووە و ئۆدیسە بریتییە لە (١٢٢١٠) بەیت، ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئیلیادە لە نێوان





(٤٦١– ٩٠٩) بەیت دایە. سروودی یەکەم (٤٦١) بەیتە، سروودی سێیەم (٩٠٩) بەیتە. ژمارەی بەیتەکانی هەر سروودێکی ئۆدیسەش لە نێوان (٣٣١– سروودی شەشەم، و ٨٤٧– سروودی چوارەم) بەیت دایە... سەرەتاو پەیدا بوونی ئەم دوو داستانە کەی بووەو چۆن بووە، ئەمە مشتو مڕی زۆری لەسەرە، بەڵام پێدەچێت لەسەردەمێکا پەیدا بووبن کە نووسین و تۆمار کردن هەبووبێ، جا ئەگەر هۆمیرۆس بەخۆی یەکەم کەس نەبووبێ کە نووسینی بۆ تۆمار کردنی هۆنراوەکانی بەکار هێنابێ ئەوا لە سەردەمێکا هۆنیونیەتەوە کە نووسین و تۆمار کردن لە باوو برەودا نەبووە، چونکە شەقڵی زارەکی بە داڕشتنی هەردووك داستانەکەوە دیارە، بە هەر حاڵ ئەم بۆچوونانە ئەوە ناسەلمێنن کە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لەگەڵ پەیدا بوونیانا، ئیدی لە ئاستێکی بەرین و بەربڵاودا تۆمارو بڵاوکراونەتەوە. بەڵکو کەوتۆتە سەر زاری ئاشقان و شایەران و نەوە دوای نەوە گێڕدراوەتەوەو دەماو دەمی کردووە، ئەمەش کردویەتێ کارێك کە هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ئاستێکی بەربڵاودا بڵاوببێتەوە و لە کۆنەوە بووە بە مایەی سەرنج و مشتو مڕی زانایان و دایان و هزر ڤانان و فەیلەسوفان و هەر کەسەو لە گۆشە نیگای خۆیەوە راڤەو شرۆڤەی کردوون و کە ئێستا بوون بە سەرچاوەی باش بۆ لێکدانەوەی ئەو جووتە داستانە... بە هەر حاڵ کۆنترین چاپی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس لە ساڵی ١٤٨٨ی زدا لەلایەن (دیمتریوس خالکوندیلوس)ەوە بڵاوکراوەتەوە. لە ساڵی ١٥٠٤دا جارێکی دی لەلایەن (ئالدین)ەوە چاپکرانەوە.. ئیدی زۆر چاپی دیکەی بە دودا هاتووە. بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی عەرەبیدا، هیچ زانایەك بیری لە بڵاوکردنەوەی هۆنراوەکانی هۆمیرۆس نەکردۆتەوە هەر چەندە، چەند بەشێکی زۆری بە نووسراوی لەسەر لەبان، لە لمەڵانەکانی میسردا لە ژێر ئەرزا دۆزراونەتەوە... تا ئێستا ئەم جووتە شاکارە لەلایەن چەند نووسەرو ئەدیبێکی وەکو سلێمان البستانی، درینی خشبە، (امین سلامە)وە کراون بە زمانی عەرەبی، کە کۆنترینیان دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای دەیەی بیستەکانی سەدەی بیستەم، بەڵام هیچیان پابەندی ئەمانەتی وەرگێڕان نەبوون... هەروەها لەنیوەی دووەمی سەدەی بیستەمدا چەند باسکارێکی عەرەب هەندێ لێکۆڵینەوەیان لەمەڕ جووتە داستانی گۆڕین نووسیوە، لەوانە کتێبی: ((هۆمیرۆس– شاعیری نەمری)) دانانی دکتۆر محمد صفر خفاجە،

که له ساڵی ١٩٥٦دا لەلایـەن وەشـانخانەی (نهــچه مــصر) لـــه قـــاهیره چـــاپ و بڵاوبووەتەوە، که باسی ژیانی هۆمیرۆس و کاریگـەریی هـۆمیرۆس بەسـەر نووسـەرانو ئـەدیبانی کـۆن و نوێـدا دەکـات، و هەنـدێ پەرەگرافی پەراگەندەشی لە هەر یـەکێك لـە داستانەکان وەرگێـڕاوە، کتـێبی دووەم لـە ژێر سەر ناڤی "هۆمیرۆس– مێژووی ژیـانی سـەردەمێك"ـــە، لەسـاڵی ١٩٦٨دا لـــە ئەسـکەندەرییە چـاپ و بڵاوبووەتـەوە، بـە کورتی باسـی ژیـانی هـۆمیرۆسو دیـاردەی هۆمەری دەکات و ئیدی بابەت و ناوەڕۆکی جووتە داستانەکە و رادەی پەیوەندییان بە مێژووەوە خراوەتـە بـەر وردەبـینی راڤـەو لێکۆڵینەوەوە.

(٣)

لێکۆڵینــەوە بـــە راوردکارییـــەکانی بـــواری داستانناسـی ئـەوەیان سـاغکردۆتەوە کـە شـــاعیر بابەتەکـــەی لـــە ڕووداوێکـــی مێژووییەوە وەرگرتووە، بەڵام لە مالیجـەی ئـەو ڕووداوەدا، دەرهــەق بــە قارەمانـانی داسـتانەکەو کـات و ڕووداوەکـان ئەوپـەڕی ئـــازادی بـــە خـــۆی داوەو دەســـتکاری هونەرییانەی کردووە،

دیارە زانایان سەبارەت بە ڕووداوەکانی ناو داســتانی ئیلیـــادە بۆچـــوونی جیاوازیـــان هەیـە، هەیـە پێـی وایـە کـە ڕووداوەکـانی ئیلیادە، زادەو ئافەریدەی خـەون و خـەیاڵی شاعیرێکی بلیمەتی خەیاڵپەروەرەو فڕیان بە راستییەوە نییـە، بگـرە شـەڕی تـەروادەش ئەفسانەیەو هیچ پاشخانێکی مێژوویی ئەوتۆ لە ئارادا نییە کە متمانەی پێ بکرێت... لـێ هەندێ زانای دی جەختی تەواو لەسەر ئەوە دەکـەن کـە جـەنگی تـەروادە، بویـەرێکی مێژوویـیـەو دەکـرێ لـە ڕێگـەی لێکۆڵینــەوە ئـارکولوژی و ئەدەبییـە هـەرە کۆنەکانــەوە بـسەلمێنرێ. ئەمانـە پێیـان وایـە بابـەت و نێـوەڕۆکی ئیلیـادە، وێنـەی کێـشەی نێـوان ئاخاییــەکان و (گریکــەکان)– کــە ئەوســا دوڕگـــەی ڕۆدۆس مەڵبەنـــدی ســـەرەکیان بووە– پەیمان و بەرەی ئەسـوا، کـە شـاری تــەروادەش لــەو بەرەیــەدا بـــووە، وێنـــە دەگرێت، ئەو شـەڕو کێـشەیەش لـەو سـەرو بەندەدا قەوماوە کە ئەستێرەی دەسـەڵاتی دەوڵەتی حـیتی لـە لێـژی دا بـووە... بـەڵام ئــەوەی راســتی بــێ ئــەم بابەتــە زۆر ڕوون نییـە، و ئـەو زانیارییانـەی لەمـەڕ هـەزارەی دووەمــی پــێش ز لــە ئــارادان هێــشتا زۆر کەمن.. دیارە زانایانی مەیـدانی ئـارکۆلۆجی هەوڵێکی زۆریان داوە هەنـدێ تیـشك بخەنـە ســەر مێــژووی تــەروادەو شــوێنی شــاری تــەروادە دیــاری بکــەن. گوایــە (شــلیمان) شوێنی شـارەکەی دیـاری کـردووەو هەنـدێ شـــوێنەواری خانووبـــەرەی دۆزیوەتـــەوە، پاشــان (دوربفیلــد) هــاتووە لەئیــشەکانی (شلیمان)ی کۆڵیوەتەوە، دوای ئەوان (بلجن) هــاتووەو هەنــدێ سەرچــاوەی دیکــەی بــە دەست هێناوەو بە وردی لە کارەکانی ئەوانی کۆڵیوەتــەوە.. هــەوڵ و تەقــەللای ئــەم ســێ زانایە، ڕۆشناییەکی زۆریـان خـستوەتە سـەر رادەی پەیوەنـدی نێـوان بابــەتی داســتانی ئیلیـــادەو حەقیقـــەتی مێـــژوویی شـــاری تـــەروادە... دۆزینـــەوە ئارکولوجیـــەکان ئەوەیان سەلماندووە کـە شـاری تـەروادە لـە جارێـك پـتر بینـانراوەو لـە جـارێکیش پـتر وێرانو تەخت کراوە..

دەگێڕدرێتــەوە کــە شــاری تــەروادەی نــاو ئیلیادە لە ساڵی ١١٤٨پ.زدا رووخاوەو وێران بووە.. (بلجن) لـە لێکۆڵینـەوە بـە پێزەکـەی خۆیدا جەختی لەسەر ئەوە کردووە کە شاری تەروادەی حەوتەم لە دەوروبەری ساڵی ١٢٠٠ (پــێش زایــن) رووخــاوەو شــاری تــەروادەی شەشەم لە ساڵی ١٣٠٠ پ.ز وێران کراوە. بـە گوێرەی ئەمە دەبێ تـەروادەی نـاو ئیلیـادە، شاری تەروادەی حەوتەم بێ... بەڵام دەستە زانایـەکی دی بـەلای ئـەوەدا دایدەکێـشن کـە تەروادەی ناو ئیلیادە تەروادەی شەشەم بێ، بەڵگــە مێــژوویی‌و ئارکۆلوجیــەکانیش وای نیشان دەدەن کە تەروادەی شەشەم بە هۆی بومەلـــەرزەوە وێـــران بـــووە، جڵـــەوداری بومەلەرزەش بە گوێرەی ئەفسانەو باوەڕێن گریکی، خواوەند (پۆسیدون)ـە.

بـە گـوێرەی ئیلیـادە، تـەروادە لـە ڕێگـەی ئەسپەدارینەوە وێران کراوە، هـەر چـەندە ئەســـپەدارینەکە، بـــەگوێرەی ئیلیـــادە، ئەتینای یەزدانخانم نـاردی، بـەڵام بـە پێـی ئەفـــسانەو بـــاوەڕێن گریکـــی، ڕەمـــزی خواوەنـد پۆسـیدون بـووە، بـە هـەر حـاڵ تەروادەکــەی نــاو ئیلیــادە، تــەروادەی شەشــەم یــان حەوتــەم بــێ، لــە رووی ئــارکۆلۆجی و مێژوویيـــەوە، ئــەوە ســاغ بووەتـەوە کـە شـارێك بـووە، هـەبووە، لـە ئاسیادا و لـە دووری چـوار میلـی دەوازەی دەردەنیل بـووە، کـە ئـەو ناوچـەیە ئـەمڕۆ (حەسارلیك)ی پێ دەڵێن، هـەروەها بەڵگـە مێــژوویی‌و ئارکولوجیــەکان ئەوەشــیان ســاغکردوەتەوە کــە شــەڕی خوێنــاوی و کوشندە لە نێوان شاری تەروادەو دراوسـێ ئاسیایی‌و ئەوروپاییەکانیان بەرپا بووە، بە گـــوێرەی ئیلیـــادە هێـــزی فـــرە ڕەگـــەز بەشداری ئەو شـەڕەیان کـردووە... شـاری بولوس مەڵبەندێکی گرنگـی شارسـتانیەتی موکینیایی بووە. سەیر دەکەین لە ئیلیادە شوێنەواری میتولۆژیـای موکینیـایی بـەدی دەکرێت، وەکو شـەڕی ئەرکادیاییـەکان لـە ســـروودی حەوتـــەمی ئلیادەداوهـــەروەها شەڕی ئاییان لە سروودی یازدەیەمدا.

هـــەروەها نـــە ســـتور، کـــە یەکێکـــە لـــەو

شەڕەتکارو فەرماندانەی بەشداری گەمارۆی تەروادەی کردووە، خەڵکی ئەو دەڤەرەیە. لە باری سەرنجی مێژوویەوەش ئەوە دیارە کە موکینیاییەکان کۆلۆنیان لە دورگەی رودوسدا دامەزراندووەو پەیوەندییان لەگەڵ لوکییەکاندا هەبووە، ئەم حەقیقەتە مێژووییانە لەگەڵ ناوەڕۆکی ئیلیادەدا تەواو تێك دەکەنەوە، بۆ نموونە گەلێك لە قارەمانانی لۆکیایی وەك گلاوکوس و پنداروس و سارپیدون بەشداری شەڕی تەروادەیان کردووە، ئەمە جگە لەوەی هەندێ لە زانایانی کۆن پێیان وایە پەیوەندی لە نێوان پاریس و ناوچەی تساليا، و لە نێوان هیکتۆرو ناوچەی ناوەڕاستی نیمچە دورگەی گریکدا هەبووە... کەواتە داستان و چیرۆکی گەمارۆی تەروادە، وەکو چۆن لە ئیلیادەدا هاتووە، وێنەی جەنگێکی خویناوی و کوشندە دەگرێت کە سوپاو لەشکری زۆربەی ناوچەکانی دنیای کۆن لە هەردك کیشوەری ئەورووپاو ئاسیا بەشداریان تێدا کردووە، ئەو لەشکرانەش وەکو نوێنەری گەلانی ئەو دەڤەرانە بوو بوون بە دوو ئۆردوگای گەورەی هەڤدژ و ماوەیەکی زۆر شەڕی نێوان ئەم دوو ئۆردوە بەردەوام بووە.

هەڵبەتە هۆکارەکانی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە کوشندەیە بە تەواوەتی روون نییە. بەڵام ئاشکرایە ئەو مەملەکەتانەی کەوتبوونە ئاسیای بچووکەوە زۆر دەوڵەمەندبوون و خودانی زێڕێکی زۆر بوون و ئەمەش کردبوویە کارێك گەلانی دەرو دراوسێ چاوی تەماحی تێ ببڕن، بۆیە پێدەچێت هۆی هەڵگیرسانی ئەو شەڕە ئابووری بوو بێ... بەڵام ئیلیادە هۆی شەڕەکە دەگێڕێتەوە بۆ رفاندنی (هیلین)ی ژنی (مینیلاوس) کە یەکێك بوو لە پاشاکانی گریك، لەلایەن پاریسی جوان خاسی کوڕی پریامۆسی پاشای تەروادە... بە هەر حاڵ شەڕو کێشەی نێوان هەردوو ئۆردووی تەروادەیی و گریکی زۆر کۆن و بە رەگ و ریشەیە، هۆیەکەشی یا ئابوورییە یان شەخسیە یان هەردووکیانە، بەڵام کە هومیرۆس هاتووە چیرۆکی هەڵگرتن و رەڤاندنی (هیلین)ی کردووە بە هۆکاری هەڵگیرساندنی شەڕەکە، رەنگە ئەمە بگەڕێتەوە بۆ ئەو پایەیەی ئەم چیرۆکە لە میتولۆجیای گریکی دا هەیبووە، راستەوخۆ پەیوەست بووە بەکۆمەڵگەی خوداوەندانیەوە، وەکو چۆن خەیاڵی گەلانی موکینیایی و گەلانی دیکەی گریکی بەرجەستەیان کردووە.

سەیر لەوەدایە خوداوەندان لە ئیلیادەدا





دەورێکی یەجگار گەورە دەبینن، جا بەڵگە مێژوویی و ئارکۆلۆجیەکان ئەوەیان سەلماندووە کە لێکچونێکی زۆر لە نێوان سیستەمی جیهانی خوداوەندانی زادەی خەیاڵی موکینیاییەکانو سیستەمی جیهانی خوداوەندانی ناو ئیلیادەو ئۆدیسەدا هەیە. کاریگەریی دیانەتی موکینیایی لەنۆڕینی هۆنەری ئیلیادە و ئۆدیسەدا بۆ خواوەندان زۆر بەزەقی دیارە... هەندێ لە زانایان پێیان وایە هەندێ کاریگەری رۆژهەڵاتیانەشی پێوە دیارە، بە تایبەتی کاریگەریی دیانەتی حیتی کە بە خۆیشی لە ژێر کاریگەریی دیانەتی بابیلیدا بووە... جگە لە چیرۆکی جەنگی تەروادە، گەلێك ئەفسانەی دیکەی وەکو ئەفسانانی موکینیایی و ئەفسانانی تیبە، ئەفسانەی نیوبی کە ئەخیل لە سروودی بیست و چوارەمدا ئاماژەی بۆ کردووە، هەروەها ئەفسانەی ملیاگر کە فوینیکس لە سروودی نۆیەم دا ئاماژەی بۆ کردووە، لە دەقی ئیلیادەدا کەم و زۆر رەنگیان داوەتەوە.

(٤)

بەرهەوەری و توانای هۆنەری ئیلیادەو ئۆدیسە هەر لەوەدا نییە کە کەرەستەی داستانەکانی لە چەندین سەرچاوەی کۆنەوە هەڵێنجاوە، بەڵکو زیاتر لە وەدایە کە چۆن بەو کەرەستانە ئیلیادە و ئۆدیسەی بنیادناوە.

هۆنەری ئیلیادە نەهاتووە هەموو چیرۆکەکەی جەنگی تەروادەی وەربگرێ و مامەڵەی لە تەکدا بکات، بەڵکو یەك رووداوی ئەو جەنگەی هەڵبژاردووە، ئەویش بریتییە لە تۆران و توڕە بوونی ئەخیل و کاریگەریی ئەم تۆڕە بوونە بەسەر لەشکرو هێزی گریکەکانەوە کە دژی تەروادە دەجەنگی.... توڕە بوونی ئەخیلی کردووە بە تەوەری سەرەکی و هەموو بویەرو رووداوە سەرەکیەکانی دیکە بە دەوری ئەودا دەسورێنەوە. رووداو لە ئیلیادەدا پەنجا رۆژ دەخایەنێ، بەڵام ئەگەر ئەو ماوانەی کە شەڕی تیا وەستاوە، وەکو ئەو نۆ رۆژەی پەتای تیا بڵاوبووەوە، ئەو دوانزە رۆژەی خواوەندان لە وڵاتی ئەتیوبیاندا بەسەریان دەبرد، و ئەو دوانزە رۆژەی گریکەکان بە شێواندن و سوکایەتی کردن بە جەنازەکەی هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەو دوانزە رۆژەی پریام و تەروادەییان بە رێورەسمی پرسەو ناشتنی هیکتۆرەوە بەسەریان برد، ئەگەر ئەو ماوانە لە پەنجا رۆژەکە دەربکرێ، چەند رۆژێکی زۆر کەم دەمێنێتەوە کە دانەری ئیلیادە رووداوەکانی شەڕی تەروادەی تیادا دەگێڕێتەوە.. وێڕای کورتی ماوەی

شەڕەکە، شاعیر توانیویەتی وێنەیەکی زۆر جوانو پوختەی چیرۆکی شەڕی تەرواده بە دەستەو بداتو بەرجەستە بکات. شاعیر بۆ ئەو مەبەستەی دوو ڕێگەی گرتۆتە بەر، یەکەمیان، هاتووە کێشەو ململانێی نێوان فەرماندە گریکییەکانی بەکۆمەڵێك دیمەنی پڕ لە وردەکاری ئاوێتە کردووەو بە جۆرێ ناو کێشی گێڕانەوەی ئیلیادەی کردووە کە هێندەی دی وێنەی شەڕی تەرواده بەرجەستە دەکات... بە تایبەتی ئەو دیمەنانەی کە هەست و سۆزی سەربازەکان لە کاتی شەڕدا بەرجەستە دەکەن، بەمجۆرە هۆنەری ئیلیادە ئەوەمان پیشان دەدا کە چۆن شەڕی تەرواده نۆ ساڵی تەواو درێژەی کێشاوە. چۆن گریکەکان لە شەڕ بێزار بوونو خوا خوایان بووە شەڕ تەواو بێو ئاشتی بەرپا بێ.وچۆن فەرماندە گریکەکان ناچاربوون پەنا وەبەر شێوازی تازە بەرن تا وورەی سەربازەکانیان بەرز بکەنەوەو بە جۆرێ جۆشیان بدەن کە هەمدیس بەرەو پیری شەڕ بچن.... ڕێگەی دووەمی ئەوەیە شاعیر هاتووە لە زۆر شوێنی داستانەکەدا ئاماژە بۆ هەندێ ڕووداوی گرنگ، بەر لە ڕوودانیان دەکات. ئەمەش لە ڕێگەی کەسایەتیانی ناو داستانەکەوە دەکات، نەك لە ڕێگەی گێڕانەوەی ڕاستەوخۆوە.

وەکو ئەمەی لەگەڵ ئەخیل دا کردووە، هەروەها لەگەڵ خەڵکی تەروادەدا، کە هەردوولایان تەرەفن لە کارەساتەکەدا، بۆ نموونە لە سروودی چوارەمدا ئاگا مەمنون، لە ئەنجامی خیانەتی پنداروسدا، دەگاتە ئەو ئەنجامگیرییەی کە تەرواده تیا دەچێت و گومان لەمەدا نییە... هەمان ئەنجامگیری لە سروودی شەشەمدا لەسەر زاری هیکتۆر دووبارە دەبێتەوە، هەروەها (دیومیدوس)ش لە سروودی حەوتەمدا ئەگەری وێران بوونی تەرواده دووپات دەکاتەوە... نیوەی دووەمی داستانەکە پڕە لە ئاماژە و هێمایان کە چارەنووسی هیکتۆر بەندە بە چارەنووسی تەروادەوە و گومانیش لە فەوتانی هیکتۆر نییە... خۆ ئەوەش هەر لە سروودی یەکەمەوە لای خوێنەر خۆیایە کە ئەخیل لە بەردەم هەڕەشەی تارمایی مەرگدایە، و ئەمە لە سروودەکانی هەژدەیەم، نۆزدەیەم، و بیست و یەکەم و بیست و دووەم دا زیاتر روون دەبێتەوە.

بەو جۆرە دانەری ئیلیادە، بایەخی تەواو بە هەندێ لە کاراکتەرەکان دەدات و زۆر بە باشی دەتوانێ سەرنجی وەرگرو خوێنەر رابکێشێت و وای لێ بکات بە تاسەوە پەیگیری ڕووداوەکان بکات... جا ئەم جۆرە کاراکتەرسازییە دواتر بوو بەنموونەیەکی





پەسندی ئەوتۆ کە گریکەکان لە هەموو جۆرە شیعرەکانیاندا لاساییان دەکردەوە، و لە زۆر کارێن ئەدەبی هاوچەرخیش دا لاسایی کراوەتەوە.

(٥)

دنیای ئەم جووتە داستانە دنیایەکی غەریب و سەیرە، نە بە تەواوەتی دنیای قارەمانێتی باوی سەردەمی موکینیاییەکانە، نە دنیای پاشایەتی باوی سەردەمی هومیرۆس، نە دنیایەکی رووتی خەیاڵیە، بەڵکو ئاوێتەیەکە لە کۆمەڵە دنیایەکی جیاواز و هونەرمەندانە لەگەڵ یەکتردا گونجێنراون، بەر لە هەر شتێك دنیایەکی ئینسانیە، هۆمیرۆس هاتووە پشت بە توانای بەهرەی رەنگینی خۆی دنیایەکی زۆر تایبەتی دروست کردووەو شەقڵی تایبەتی خۆی پێ بەخشیوە، تانوپۆی دنیایەکەی کاراکتەرسازییە هەرە جوان و پەسندەکەیەتی. زۆربەی کاراکتەرەکانی خەڵکانی خانەدان و رەسەنن، زۆر جار بۆ زیاتر بەرجەستە کردنی خانەدانیو رەسەنایەتیان بە خواوەند یان خواوەندئاسا، نیمچە خواوەند وەسفیان دەکات، بەڵام لە پاڵ ئەوەشدا لێرەو لەوێ، هەندێ کاراکتەری بۆرەکی-ش قوت دەکاتەوە، کە لە هەر شوێنێ ناویان دێ بە بێ قەدری ناو دەبرێن و مامەڵەیان لە تەکدا دەکرێ... بە هەر حاڵ دنیای ئەم جووتە

داستانە زیاتر پاشایەتییە تا دنیای خانەدان و ئەرستوکراتان. کۆڵەکەو تەوەری کۆمەڵگە پاشایە، هەر چەندە لە ئیلیادە ئاگاممەنون سەردارو شای شایەکانە، بەڵام ئەمە بە هۆی بارودۆخی شەڕەوەیەو بارودۆخەکە وای خواستووە جڵەوی رابەرایەتی بە یەك کەس بسپێردرێت و کەس فەرمانی لە زەوی نەدات، دەنا هەموو پاشاکان لە یەك ئاستدان، کەس لە کەس نەزیاترە و نە کەمتر.

قارەمانانی ئیلیادە و ئۆدیسە بە پیاوەتی و نێراتی بەناوبانگن، هەموو شەڕڤان و جەنگاوەرن، وا دیارە شەڕ یەکێکە لە پێوەرو پێوانەکانی رادەی توانای پیاوەتی و تەبیعەت و ئەخلاق و بەردەباری قارەمان...

بۆیە سەیر دەکەی قارەمانانی ئیلیادە لە شەڕدا زۆر بە توانان، لە رادەبەدەر بە توانان... چونکە شەڕ پێوەری مێرایەتیە، جا کاراکتەرە سەرەکیەکانی ئیلیادە و ئۆدیسە میناکی ئەخیل، هیکتۆر، ئەجاکسو پاتروکلۆس، لە شەڕدا زۆر سەکێش و کەڵەمێرد، ڕێسکبازن.. هەر قارەمانەو بە جۆرێ خۆی دەنوێنێ، ئیدی بە هێزی بازوو بێ، بەلەزگینی و گورج و گۆڵی و خۆشبەزی بێ، یان بە بەردەباری

و خێرایی قەراردان بێ، یا بە دانانی نەخشەو پلان بێ، یان بە رادەی سەبرو حەوسەڵەی بێ سنوور بێ، یان بە هێرش و پەلاماری بێ روحمانە بێ. جا ئەوانەی لە شەڕدا قارەمانن، لە کۆمەڵگەشدا هەر پایەیان بەرزە و لە رووی رواڵەتی بەدەنیشەوە قۆز و جوانن، لە باری ئەقڵی و هۆشیاریشەوە، دەم راست و ئەهلی راوتەگبیر و بەردەبارن... ئەمەش دەکاتە کارێك هێندەی دیکە خانەدان بنوێنن و لەلای خەڵکی بە هەیبەت بن... بە زۆری کۆشك و بارەگاکانیان پڕە لە زێڕو سەروەت و سامانی زۆرو خوڵام و کەنیزەکی زۆریان لە خزمەتدایە..

تەویلەو ئاغەڵەکانیان لە میگەلە پەزو رەوە بەرازو، لە بۆنەو دەعوەتاندا، خوانیان رازاوەو بە هەموو خواردن و خواردنەوەیەکی بەلەزەت ئاوەدانە. لە شەڕدا شانازی بە چەك و ئەسلەحەکانیان دەکەن، کە لە برونز دروست کراوەو بە زێڕو زیوو عاجان نەخشێنراوە. لە کۆڕو مەجلیساندا نەك هەر حەکیم و بردەبارن بەڵکو بە دەم و زمان و قسەزانیشن... میوان پەروەرن، داڵدەی داڵدەخوازان دەدەن، سەخاوەتمەندانە لە کاتی سرووتی ئاینیدا، لە کاتی نوێژو نزاو پاڕانەوەدا، قوربانی و نەزر پێشکەش بە خواوەندان دەکەن... ئیدی دەبینی هۆمیرۆس لەو جووتە شاکارەدا دنیایەکی دەوڵەمەندتر لەو دنیایەی خۆی تیایدا ژیاوە، وێنەدەگرێت... هاتووە ئەم چیرۆکە ئینسانیەی لە چوارچێوەیەکی قارەمانێتی دا داڕشتووەتەوە. دیارە دەیتوانی رابردوو بکاتە دەستاوێزێك بۆ هەڵاتن لە واقیع، یان چوون بەرەو رۆمانسیەت... بەڵام ئەمەی نەکردووە، بەڵکو رابردووی کردووە بە هۆیەك تا لە رێگەیەوە وێنەیەکی باڵای ئەو جیهانە بە شەریە نیشان بدات کە خۆی ویستویەتی وێنەی بگرێت.

سیفەتی قارەمانەکانی هۆمیرۆس زیاتر لە رێگەی گوتارو کردارەکانیانەوە بە دیار دەکەوێ نەك لە رێگەی هزرین و هەستەکانیانەوە، دیارە کرداریش زادەو رەنگدانەوەی تەبع و تەبیعەتیانە.. هەموو دەزانین ئیلیادە بە تۆران و تۆڕە بوونی ئەخیل دەست پێدەکات، ئەم توڕە بوونە دەبێتە مایەی شکستی گریکەکان، شکستەکەش کوژرانی پاتروکلۆسی لێ دەکەوێتەوە، هەموو ئەمانە پەیوەندییان بە بوونی ئەخیلەوە هەیە، بەو گیانە بەرزە فرە لە خۆ باییەوە هەیە کە دەکاتە کارێك ئەخیل وەکو پیاوێکی دڕو دڵڕەق و ئازاو مێرخاز بێ هاوتاو بێ هەڤرك بنوێنێ، یان ئۆدیسیوس، ئەوەندەی بە زیرەکی و فەندو





فێڵان و بەردەباری بەناوبانگە ئەوەندە بە مێراتی و ئازایەتی بەناوبانگ نییە، بە هۆی بوێرییەکەیەوە تووشی زۆر ئاستەنگان دەبێت و تەنیا زیرەکییەکەی فریای دەکەوێ و رزگاری دەکات... کە دەبینین هیکتۆر شەڕڤانێکی بە دیمەن و مێردێکی خۆشەویست و بابێکی میرەبانە، لەبەر ئەوەیە شتێکی هەیە کە لە پێناویدا دەخەبتێ، شەڕ دەکات، ئەویش خێزانەکەی و شارەکەیەتی. یان کە دەبینرێ ئاگامەمنون بوێرێکی دوو دڵ و بە سام و هەیبەت و لووتبەرز و خۆپەسندە، لەبەر ئەوەیە کە لە فەرماندەکانی دیکەی گریك پتر بەرپرسیارەو هەست بە باری قورسی مەسئوولیەتەکانی سەرشانی دەکات.. بە هەر حاڵ ئەو قارەمانانەی هۆمیرۆس وێنەی کێشاون زیاتر لە رێگەی کردارەکانیانەوە خۆ دەناسێنن و بوونی خۆیان دەسەڵمێنن.

هەڵبەتە قارەمانانی هۆمیرۆس، ئافرەتیشیان تێدایە، و بوونی ئەو ئافرەتانەش زادەی پێداویستییەکانی خودی داستانەکانەو لە خۆڕاو بە بێهودە قوت نەکراونەتەوە. بۆ نموونە هیلین، هیلینی جوانە ژنی دڵڕفێن، کە هۆکاری هەڵگیرسانی شەڕی تەروادەیە، زەرورەتی پەرەسەندنی داستانەکە سەپاندوویەتی نەك حەزو ئارەزووی هۆمیرۆس. دیارە هیلین تایبەتمەندی خۆی هەیە، هۆمیرۆس دەیتوانی بە جۆرێ و وێنەی بگرێ کە نەك هەر سەرچاوەی شەڕ بێ بەڵکو خودی شەڕ بێ.... بەڵام هۆمیرۆس هاتووە بە جۆرێ وێنەی گرتووە، کە جەماوەری گوێگر یان خوێنەر هەست بە هیلین بکەن و هاوبەشی هەستەکانی بکەن.... ئەوەتا کاتێ کە هیکتۆر دەکوژرێ بە جۆرێ بۆی دەگری و شینی بۆ دەکات هیچی لە گریان و شینی ژنەکەی و دایکی کەمتر نییە، بەڵکو بەوپەڕی خەمبارییەوە، بە دڵی پڕ کەسەرەوە ئەوە دەگێڕێتەوە کە چۆن بە بەردەوامی هاوسۆزی لەگەڵدا کردووەو دڵی راگرتووە.. راستە کاراکتەرەکانی هۆمیرۆس بە پێی هەڵوێست و بارودۆخ و ژینگەی خۆیان نەشونما دەکەن، بەڵام زۆر جار لەو هەڵوێست و بارودۆخەی کە تیایدان، زندووتر و گەورەتر دەنوێنن، هۆمیرۆس لە کاراکتەرسازی ژناندا، چوارچێوە مرۆڤانیەکانی لەبەر چاو گرتووە، سەلبیات و ئیجابیاتی وەکو هەر بە شەرێك وێنەگرتوون، بۆیە کاراکتەری ژن لەئیلیادەدا، بودەڵەو سووك و خوێڕیلە نییە، مرۆڤەو لە دنیا بەشەریەکەی ناو داستانەکەدا نمودو دیمەنی خۆی هەیە... جا با بێینە سەر کەسایەتی پریسیس، هەر چەندە بوونی ئەم کاراکتەرە بۆ داستانی

ئیلیادە پێویستە، چونکە ئەخیل لەسەر ئەو تورە دەبێت، کاتێ کە ئاگا مەمنون تەماحی تێدەکات و بە تۆبزی لێی دەستێنێ، ئیدی ئەخیل تورە دەبێ و دەتۆرێ، پریسیس لەو سەروبەندەدا دیار نییە، نە دەنگی هەیەو نە رەنگ، نە هیچ شتێك دەڵێت و نە هیچ شتێك دەکات کە کار لە رووداوەکە بکات.... تاقە وشەیەك ناڵێت، پێدەچێت هۆمیرۆس بۆیە ئەمەی کردبێ تابەوە تاوانبار نەکرێ کە لە رێگەی قسەکانی ئەو کیژەوە رای خۆی لەمەڕ کێشەی نێوان ئەو دوو قارەمانە دەربڕیوە.. بەڵام دواتر کە جەنازەکەی پاتروکلۆس دەهێنرێتەوە بۆ بەر خێوەتەکان، دەست بە گریان دەکات و باسی ئەوە دەکات کە بەر لە کوشتنەکەی چەند لەگەڵیا باش بووە.. هیکتۆریش هاوسەرو دایکی هەیە، هەر یەکێکیان تایبەتمەندی و واقیعی خۆیان هەیە، هەر یەکەیان کول و کۆڤانی تراجیدیانەی خۆیان هەیە. ئەندروماك، هاوسەری هیکتۆر، ژنێکی مناڵکارە، لە هەموو شتێکدا پشتی بە مێردەکەی بەستووە، زۆری خۆش دەوێ، بە رادەیەك دەترسێت لە دەستی بچێت، یانی لە خۆشەویستیدا پێشبینی مردنی دەکات. کە بە مردنەکەی دەزانێ و جەنازەکەی بە دوای گالیسکەکەی ئەخیلەوە دەبینێ، ئیدی لە کۆتایی و نەمانی خۆی و منداڵەکەی دڵنیا دەبێت، ئیدی ورە بەر دەدات و دەبێت بە نموونەی بێوەژنێکی نائومێدی خەمبار. بەڵام هیکۆبای دایکی هیکتۆر، پیرەژنێکی کارەساتدیدەی جەرگ سووتاوە، ژمارەیەك لە کوڕەکانی کوژراوەو بە بەردەوامی لەترس و نیگەرانی و دوو دڵیدایە... لە هیکتۆر دەپاڕێتەوە کە شەڕی ئەخیل نەکات، لە پریامۆسی مێردی دەپاڕێتەوە ریسك بە ژیانی خۆی نەکات و نەچێ بۆ لای ئەخیل تا داوای جەنازەکەی هیکتۆری لێ بکاتەوە.. ئیدی لە ئاکامدا دەوری دایکێکی پیر، دایکی پاڵەوانێکی گەورەو ناودار دەگێڕێت، بەڵام کەسایەتی و هەست و سۆزو تەبع و تەبیعەتی تایبەتی خۆی هەیە.

(٦)

هەر چەندە، هۆمیرۆس زیاتر بایەخی بە کەسایەتی پاشایان و خانەدانان داوە، بەڵام پەی بەوەش بردووە کە وێنەی هونەری شیعرەکانی، بەبێ هەندێ دیمەنی میللی و خەڵکانی عەوام نوقستان دەبێت.. جا کە هاتووەتە سەر ئەو دیمەن و تابلۆیانە، بە تۆبزی لە دەقەکەی بار نەکردوون و هەرگیز وەکو پینەی زەق نانوێنن، بەڵکو بوون بە تەواوکەرێکی زۆر ئاسایی رەوتە گشتییەکەی رووداوی سەرەکی داستانەکە..





لە وانە بۆ وێنە چۆن دژمنان پەلاماری شوانکارانی بێ دەسەڵات دەدەن و مەڕو ماڵاتیان بەتاڵان دەبەن.. دیمەنی شەڕ، دیمەنی ئاشتی، ئاهەنگی زەماوەندو بەزم و گۆرانی، دیمەنی زەوی کێڵانو جووتکاری، دروێنە و حاسڵات خڕ کردنەوە، میوەچنی و بە ڕەزو باخا راگەییشتن، ... هتد، دیارە هۆمیرۆس ئەم تابلۆ و دیمەنانەی بۆیە هێناوەتە ئاراوە، تا دنیا بەشەرییەکە بەو جۆرە وێنە بگرێ و بەرجەستە بکات کە لە خەیاڵی خۆیدا هەیە... دیارە هۆمیرۆس بۆ وێنەگرتنی ئەو دیمەن و تابلۆیانە رێگەیەکی دیکەشی گرتۆتەبەر، ئەویش رێگەی بەکارهێنانی وێنەی هونەری و سنعەتە رەوانبێژیەکانە، لەو بوارەدا کۆمەڵێك وێنەو هونەرو سنعەتی رەوانبێژی زۆر جوانی بەکار هێناوە کە دواتر بووە بە یەکێك لە شەقڵ و خەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی شێوازە دەگمەن و بێ وێنەکەی.. رەنگە هۆمیرۆس ویستبێتی بەمە، ئەو باوەڕەی خۆی بسەلمێنێ کە جیهانی قارەمانێتی بە تەنیا هەموو شتێك نییە، بەڵکو زۆر شتی دیکەی ئاسایی و باو هەیە دەبنە تەواوکەری لایەنەکانی جیهانی قارەمانێتی و جۆرە زندوویەتێکی زیاتری پێ دەبەخشن.. دەست رەنگینی هۆمیرۆس لەوەدایە کە هاوسەنگیەکی زۆر جوانی لە نێوان کارەکتەرەکانیدا دروست کردووە، و سیمای هەر یەکێکیان، سیمای ئەویتر بەرجەستە دەکات و تیشکی دەخاتە سەر. بۆ نموونە لە ئیلیادەدا دوو دنیا، یان دوو لایەن هەن، کە هەر یەکێکیان تیشك دەخاتە سەر ئەویتریان، دنیای یەکەم، دنیای نێرینە، کە بیریتیە لە هێزو لەشکری گریکەکان، دنیای دووەم، بریتییە لە کۆمەڵێك جەنگاوەر، ژنان، پیران، ژن و مناڵ و پەککەوتوان، کە هەموو شاری تەروادەیە... دیارە، ئەم بەرانبەرێن کردنەی ئەم دوو دنیایە، بەڵگەی ئەوەیە کە شەڕ بە تەنێ هەموو لایەنەکانی ژیان نییە، بەڵکو لایەنی دیکەش هەیەو ئەگەر جۆرە هاوسەنگیەك لە نێوان ئەو لایەنانەدا نەبێ ژیان سەنگەلا دەبێت... بۆیە ئەگەر هۆمیرۆس ئەمەی نەکردبا رووداوی سەرەکی ئیلیادە دەبوو بە زنجیرە شەڕێکی هۆڤیانەی دوور لە هەستە مرۆڤانیەکان.

خۆ ئەگەر لەم روانگەو بۆچوون و چەمکەوە سەیری کەسایەتی ئەخیل بکەین، دەبینین نموونەی ئەو قارەمانەیە کە بۆ خۆی کار دەکات و شکۆو سەرفرازی خۆی مەبەستە، راستە کۆمەڵە هەست و سۆزێکی مرۆڤانی هەیە، بە تایبەتی دەرهەق بە پاتروکلۆسی هاوڕێی، کە لە

جیاتی ئەم چووە شەڕەوەو کوژراو، مردنەکەی بووە مایەی ئەوە کە ئەخیل رق لە هیکتۆر هەڵگرێ.. راستە ئەخیل هەست بە دۆستایەتیەکی بتەو دەکات لەگەڵ فەرماندە گریکییەکانی دیکەی میناکی ئۆدیسیوس و دیومیدوس و نەستورو ... هتد، بەڵام وێڕای ئەوەش گۆشەگیری و دوورە پەرێزی بەسەر ئەخیلدا زاڵە، هێشتا بابی لە ژیاندایە، بەڵام هەرگیز نایبینێ، چونکە دەریاو ئۆقیانووسی بەرین دە ساڵە لێکدی دایبڕیون.

هەندێ جار دایکی دڵخۆشی دەداتەوەو ئامۆژگاری دەکات، بەڵام چونکە لە پێڕی خواوەندانە، و بەشەر نییە، هەرگیز پابەندی ئەو پەیوەندییە بەشەریانە نابێ، کە هەقە لە نێوان دایك و فەرزەندا هەبێ، هۆمیرۆس هاتووە هەردوو لایەنی خراپەو چاکەی ئەخیلی وێنەگرتووە، بەمەش شەقڵێکی مرۆڤانی ئەوتۆی پێ بەخشیوە، مەگەر تەنیا لە چەند قارەمانێکی راستەقینەی کەمدا هەبێ، بەڵام ئەخیل، لە هەموو حاڵێکا دەستبەرداری بەها بەرزو ئایدیالیەکانی خۆی لە مەڕ مێرایەتی و سەرفرازی نابێت و ئامادەیە لە پێناوی ئەو بەها بەرزانەدا خۆی بەکوشت بدات.. واتە ئەخیل نموونەیەکی ئایدیالی قارەمانێتی زاتیە، بەڵام لە بەرانبەریا قارەمانێکی جیاوازتر هەیە، کە ئەویش هیکتۆرە، کە بەڕاستی زێدەباری سەرکێشی و کەڵەمێردی و بوێرییەکەی، لایەنێکی مرۆڤانی گەلەك کاریگەریشی هەیە، بە تایبەتی ئەو کاتەی کە دڵخۆشی ژنەکەی دەداتەوە و کوڕە ساواکەی دەلاوێنێ.. زۆر چاك دەزانێ کە دایکی چەندی هەق بەسەرەوە هەیە، زۆر بە نەزاکەت و ئەدەبەوە مامەڵە دەگەڵ هیلین دا دەکات.. هەر ئەو پشت و پەناو کۆڵەکەی مقاوەمەت و بەرگری تەروادەیە، ئەو رابەری لەشکر دەکات و هێرش بۆ سەر کەشتی گریکەکان دەکات، ئەو پاریس سەرزەنیشت و سەرکۆنە دەکات... چاك دەزانێ دەبێ بەرەنگاری ئەخیل ببێتەوەو لەسەر دەستی ئەویش دەکوژرێ.. کەچی کڕو کپ و مەنگ ، بێ دوو دڵی بەرەو پیری مەرگ دەچێت، و وا دیارە تەروادەش لە دوای ئەو تیا دەچێت، جا بەم پێودانگە دەشێت ئەخیل بە نموونەی پاڵەوانێتی زاتی دابنرێ، بەڵام هیکتۆر نموونەیەکی پێشکەوتووترو فرە لایەنتری قارەمانیەتیە، قارەمانێکە، بەرپرسە بەرانبەر بە خێزان و نیشتمانەکەی.. واتە وەفاداری بەرانبەر بە خێزان و نیشتمان مەرجێکی ئەو قارەمانیەتیەیە... ئەگەر ئەخیل نموونەیەکی کۆن و کلاسیکی قارەمان و قارەمانێتی بێ، ئەوا هیکتۆر نموونەیەکی






تازەتری قارەمان و قارەمانێتییە، ئەو نموونەیەیە کە خودی هۆمیرۆس گەرەکیەتی.

هۆمیرۆس، لەم جووتە داستانەدا، بایەخێکی زۆر بە ئینسانیەتی بەشەر دەدات، وەکو خۆی چۆنە ئاوها مامەڵەی لە تەکدا دەکات، کاری نائاسایی و موجیزەیی نەداوەتە پاڵ هیچ بەشەرێك.. خۆ ئەگەر لە شوێنێکدا وا پێویست بوو بێ بە شەرێك کارێکی نا ئاسایی و موجیزەیی بکات، خێرا هاتووە بە شێوەیەکی هونەری داویەتە پاڵ خواوەندان. وەکو چۆن پاریس بە موعجیزە لە شەڕی مینیلاوس رزگار دەبێت، هەڵبەتە بە فەزڵی ئەفرۆدێت رزگار دەبێت... یان کاتێ ئەسپەکانی ئەخیل دێنە قسە و پێشبینی مردنی ئەخیل دەکەن، دیارە هێرا بە حەولوقوەتی خوایانەی خۆی زمانیان دەپژێنێ و ئەو قسانەیان دەخاتە سەر زار.

بەو جۆرە دەبینین هۆمیرۆس شەقڵێکی ئینسانی بە هەموو کاراکتەرەکانی بەخشیوە، تەنانەت لە وێنەگرتنی ئافەریدەێن خوراقی و گیانلەبەرانیش دا ئەم لایەنەی فەرامۆش نەکردووە، ئەمەش کردویەتە کارێك کە چیرۆکەکەی وەکو یەکەیەکی یەکگرتووی هونەری شەقڵێکی ئینسانیانە وەربگرێت.



جەلیل محەمەد شەریف

# ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت)


## وەک نموونەی ((ڕۆبین هود) و (دۆن کیشۆت) و (حەمەدۆک)

بوونی دیاردەی چینایەتی و هەژاری و دەوڵەمەندی بە درێژایی مێژووی مرۆڤایەتی دیاردەیەکی هەمیشەییە. لە هەموو کۆمەڵێك و وڵاتێکدا دووبارە بۆتەوە. هەرچەندە ناوی هەندێ لەو کۆمەڵانە وا باس کراوە گوایە یەکسانی و ئەوپەڕی وەك یەك بوونی لەئارادا بووە و ڕادەی ژیانی بەرز و نزمی تێدا نەبوبێت، بەڵام ئەگەر بە چاوێکی زانستی لەبارەی ژیانی هەموو کۆمەڵان وردبینەوە، بۆمان دەردەکەوێت کۆمەڵێ یەکسان و بێ چینایەتی لە مێژوودا تا ئەم سەردەمەیش نەبووە و ڕووی نەداوە. بۆیە هەمیشە کێشە لەنێوان چینەکان و توێژەکاندا بەردەوام هەر هەبووە. لەوانەیە ئەو کێشانە تەنیا سکاڵای زارەکی بووبێ، بەڵام لە قۆناخی دیکەدا ئەو ململانێیە توند و تیژ بووە و تا گەیشتووەتە ڕادەی بەکارهێنانی توندوتیژی و خوێنڕشتن.

چەکێکی دیکەش هەبووە بۆ هەوڵدانی دامەزراندنی کۆمەڵێ یەکسانی، ئەویش بە پەیدا بوونی کەسانێك کە ویستوویانە لە








ڕێی زۆرەملێ و خاوەسەندنەوە یان بە هەر شێوەیەکی دیکە کە بووبێتە مایەی ئەوەی بەشێك لە سامانی دەوڵەمەندەکان جا گەر ستەمکار ببون یاخود نا، دابەش بکرێن بەسەر هەژاران و ستەمدیدەکانەوە. بەم کارەیش ئەو کەسانە ویستوویانە تۆڵەی هەژاری و نەبوونی لە خاوەن سامانەکان بسەننەوە، بەو بیانووەی گوایە کێشەی هەژاری هەردەم خەتای دەستڕۆکان بووە. ئەو کەسانە هەمیشە ویستوویانە ئەو خەیاڵ و حەزەی کە لە دەروونیاندا هەبووە بەو ڕێگا ساکارەوە بەدی بێنن. هەرچەندە مێژوو پێمان دەڵێ ئەمە ڕێگەیەك نییە بۆ بەدیهێنانی حەز و ئارەزووی ئەو چەند کەسانە. ژیان و هەست و سۆزی ناسکی ئەو خاوەن ویژدانانەی کە ویستوویانە بەو ڕێگەیەوە ئامانجەکانی هەژارەکان بەدی بێنن، بووەتە بابەتێك بۆ هونەری چیرۆك یان ڕۆمان لەلایەن چەند نووسەرێکەوە. وێنەی کێشراوەو نموونەش بۆ ئەم قسەیە چەند ڕۆمانێکی بەناوبانگی ئەدەبی جیهانییە وەکو (ڕۆبن هود) و (دۆن کیشۆت) و (حەمەدۆك). ئێمە لێرەدا مەبەستمان ئەوە نییە کە بە دوورودرێژی باس لەو ڕۆمانانە بکەین، چونکە هەر یەك لە پاڵەوانەکانی ئەو ڕۆمانانە هەندێك جیاوازییان لەبارەی هۆکار و پاڵنەرەکانی ئەو ڕەوتەوە هەیە، هەروەها سەردەمەکانیان جیاوازە و جۆری چالاکییەکانیان بۆ بەدیهێنانی مەبەستەکانیان جیاوازن، بەڵام هێڵێکی هاوبەش لە نێوانیاندا هەیە کە بەیەکیانەوە دەبەستێت.

لەبەر ئەوەی نموونەی ئەو پاڵەوانانە دوور بووە لە هەوڵی بەدیهێنانی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان، بۆیە هەردەم لە خەمی کەسانی ناو کۆمەڵەکەیان بوونە. هەریەك لەو شاکارە ئەدەبییانە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ بە نەمری ماونەتەوە و هەمیشە حەزی خوێندنەوەیان چ لە سەردەمی پەیدابوونیان یا لە پاشتردا هەر هەبووە و هەمیشە لە بەرەودابووندایە.

کاك موعتەسەم ساڵەیی بەم دواییە

ڕۆمانێکی بڵاو کردووەتەوە کە تا ڕادەیەکی زۆر لە چەندین لاوە نموونەیەکە لەو ڕۆمانانەی کە ناومان هێنان. دیارە کاریگەرییان لەسەر کاک موعتەسەم زۆر هەبووە. بەو پێیەی کە دیارە نووسەر خوێنەرێکی باشە و لە نووسینەکانیشیدا ڕەنگیان داوەتەوە. کە یەکێکیان ئەم ڕۆمانەیە کە لەم وتارەدا هەندێ بیروبۆچوون لەسەری دەخەینە ڕوو.

ڕۆمانەکەی نووسەر بەناوی (دانای کوێخا شەوکەت)ەوەیە. مەبەست لە هەڵبژاردنی ئەو ناونیشانە نزیك بوونەوەیە لە ناونیشانی ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ی نووسەری ئیسپانی ناسراو (سیرڤانتس) هەردوو ناونیشانەکە هاوشێوەی یەکترن.

لە ڕاستیدا لێکچوونی ناونیشانی ئەم دوو ڕۆمانە هیچ ناگەیەنێ، جگە لەوەی کە بیرۆکە و ناوەڕۆکی ئەو دوو ڕۆمانە لەیەکەوە نزیکن. هەرچەندە نووسین لەسەر یەك بیرۆکە و یەك دیاردە شتێکی دووبارە و سێبارە کراوە لە مێژووی ئەدەب و مێژووی هونەریدا. هەر نووسەر و هەر هونەرمەندێك بەشێوەیەکی جیاواز باس لەو بیروبۆچوونانە و دیاردانە دەکات، گەر لە یەکەوەش نزیك بن، چونکە لە ڕاستیدا هەندێ کەلێن و لایەنی جیاوازیان تێدا بەدی دەکرێت ئەویش بەهۆی



جیاوازی سەردەم و بارودۆخ و پلەی هۆشیاری هەریەك لەو سەردەمانە. بۆیە دیاردەی دەق ئامێزی هەردەم لە دنیای ئەدەبدا لە ئارادا بووە.

لە لای ڕۆشنبیران شتێکی ئاشکرایە کە ڕۆمان هونەرێکی باڵا و سەرنج ڕاکێشە لە مێژووی ئەدەبدا. هۆیەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ڕۆمان جیهانێکی فراوان دەگرێتە خۆی و پەیوەندی بە چەندین لایەنی ژیانەوە هەیە، وەکو مێژوو، دەروونناسی، بارودۆخی ئابووری، گرێ سیاسییەکان و هەوڵی وەدەستهێنانی ئازادی و مافە زەوتکراوەکانی گەلان.

ڕۆماننووسی کارامە دەتوانێ لە دوو توێی نووسینەکەیدا ئەو هەموو لایەنانە بەیەکەوە





ببەستێت لەگەڵ ڕۆچوون بۆ بنج و بنەماکانی باری دەروونی و وردەکاری ژیانی تاك و کۆمەڵ، کە لەوانەیە لەلای مرۆڤی سادە زۆر ڕوون و ئاشکرا نەبن تا ئەو ساتەی کە ئەو ڕۆمانانە دەخوێننەوە.

سەردەمی ڕۆمانی ڕۆبن هود سەدەی پانزەیەمی زایینییە و ڕووداوەکانی دۆن کیشۆت لە سەرەتای سەدەی حەفدەمینە. ڕۆمانی (حەمە دۆك)یش باسی شێوازی ژیانی کۆمەڵێك دەکا لە قۆناغی ڕوخانی دەوڵەتی عوسمانی و بنیاتنانەوەی دەوڵەتێکی تازە لە شوێنیدا بەناوی (کۆماری تورکیا) کەچی ئەم ڕۆمانەی کاك موعتەسەم ڕووداوەکانی دەگەڕێنەوە بۆ قۆناخی وێرانکردنی کوردستانی باشوور لە هەشتاکانی سەدەی بیستەم و دواتریش کاریگەری سیاسەتی بەعس لەسەر کۆمەڵی کوردەواری بەتایبەتی لەسەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵکی شاری کەرکوك و بەتایبەتیش گەڕەکی زێویە. بۆیە جیاوازی لە نێوان مێژووی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکان شتێکی ئاساییە، دەتوانین بڵێین کە ڕادەی هونەریش لە نێوانیاندا هەر جیاوازە.

ئەو کەسەی کە ڕۆمانی (خاسەی خۆڕاگر)ی خوێندبێتەوە کە هەر لە نووسینی موعتەسەم ساڵەییە، بۆی دەردەکەوێت گۆڕەپانی ئەم دوو ڕۆمانە زۆر لەیەکەوە نێزیکن، لێواری ڕۆژهەڵاتی چەمی خاسە و گەڕەکی زێویە مەیدانی ڕووداوەکانن، بەڵام ئەوەی ئاشکرایە کە بارودۆخی سیاسی شاری کەرکوك لە ڕۆمانی دووەمدا زۆر زەقترە بەتایبەتی کاتێك ڕۆماننووس نەهامەتی تاکەکانی ئەم کۆمەڵە شی دەکاتەوە، چەوسانەوەی نەتەوایەتی لەم شارەدا بەبێ پەردە دەخاتە ڕوو، بەتایبەتی نەهامەتی ئەو خێزان و کەسانەی کە لە ئەنجامی هەڵمەتەکانی ئەنفال بەناچاری گوندەکانیان بەجێ هێشتووە و ڕوویان کردووەتە شارەکان و ژیانێکی کولەمەرگی دەگوزەرێنن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەڵسوکەوتی پاڵەوانەکانی ڕۆمانی (کوێخا شەوکەت)دا تێدەگەین کە هیوا و ئومێدی گەڕانەوە بۆ گوندەکان و هەڵهاتنی ڕۆژی ئازادی لە ئەندێشە و بیرکردنەوەدا لە ئارادایە. ئەو هیوایەش هەمیشە پەیوەستە بە بوون و مانەوەی هێزی پێشمەرگە لە شاخ و لە دەرەوەی شار، بەتایبەتی کاتێك کە دانای پاڵەوانی ڕۆمانەکە بیر لە باوکی دەکاتەوە کە چەکدارێکی سەردەمی پێش گوند ڕووخانەکە بووە، تفەنگەکەی باوك هێشتا لە زەویەکەی خۆیاندا لە گوندا خراوەتە چاڵەوە و هەر بەو ئومێدەوەیە کە ڕۆژێك لە ڕۆژان، بتوانێت لەژێر خاکدا دەریبهێنێت و بیخاتە شانی تا تۆڵەی خۆی

له رژێمی بەعس بسەنێتەوە.

دانای پاڵەوانی رۆمانەکە لەگەڵ هاوڕێیەکی خۆیدا بەناوی (سامە شان پان)ەوە ئەم ناوەیش لە ناوی (شانشۆ پانسا) هاوەڵی دۆن کیشۆتەوە نزیکە، هەردەم بەسواری پاسکیلەکانیان لە هاتوچۆدان بە نێو کۆڵانەکانی زێویە و لێواری خاسە و گردەکانی نزیک شارەکە. نووسەر ئەم کەسایەتییەی دووەمی هێناوەتە کایەوە کە هاوسۆزی لە کارەکانی دانادا بکات، بەتایبەتی لە کاتی گەڕاندنەوەی مافێك بۆ کەسێکی دانیشتووی گەڕەکەکە یان لە لابردنی ستەمێك لە ژیانی کەسانی تردا. نووسەر لەناوی ئەم دووەم کەسە کە (سامە شان پان)ە دووبارە ویستوویەتی ناوەکەی لەناو کەسایەتی دووەمی (دۆن کیشۆت)ەوە نزیك بکاتەوە و لەیەك بچن، بەڵام پێم وایە ئەم ناوە وشەیەکی گرانە لەسەر زمان و ئاسایی نییە، بۆیە مەبەستی نووسەر وای کردووە ئەم ناوە نەگونجاوە بکاتە تەواوکەری کەسایەتی یەکەم. ئەو هەڵسوکەوتانەی کە دانای کوڕی کوێخا شەوکەت پێیان هەڵدەستێت، سووك و بچووکن بە بەراورد لەگەڵ سەرکێشیەکانی دۆنکیشۆت و رۆمانە جیهانییەکان و زۆر سایشتەی گێڕانەوە نین بۆ وەدەرخستنی کەسایەتییەکی فرە



لایەن، کاریگەر دەبوو گەر نووسەر چەند کردەوە و سەرکێشیەکی گەورەتری بدایەتە پاڵ پاڵەوانەکەی. بۆ نموونە لە رۆمانی (حەمەدۆك)دا پاڵەوانەکە چەندین کەسایەتی ناوداری ستەمکاری کوشتووە. یاخود لە رۆمانی (رۆبن هود)دا چەندین کارمەند و خاوەن دەسەڵات و سەرباز بەدەستی پاڵەوانەکە گیانیان لەدەست دەدەن، کەچی لە رۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت)دا دەبینین بۆ نموونە جووتێك پێڵاو دەبەخشرێت بە منداڵێکی هەژار. یاخود تەقەللا دەکرێت لە پێناوی پشتگیری کردن لە ئافرەتێکی خزمی دانا. هەروەها گێڕانەوەی جلوبەرگی دوو کەسی مەسیحی، کە لە لایەن سەربازگەیەکی رژێمەوە لە





بەریان داکەندرابوو. جگە لەم کردەوانە دەبینین هەردوو پاڵەوانە سەرەکییەکە دەتوانن بگەنە ئەو زەوی و زارەی گوند کە باوکی (دانا) کاتی خۆی تفەنگێکی تیادا شاردبووەوە. دەتوانن تفەنگەکە لەژێر خاك و خۆڵ دەربهێنن. لێرەدا نووسەر توانیویەتی هەست و سۆزی پاڵەوانەکەی وێنە بکێشێت و هەروەها سۆزی خوێنەریش بەلایدا بەکێش بکات و ئومێدی ئازادی بهێنێتە کایەوە. دیاردەی هەڵسوکەوتی داروەستەی رژێم بەعسیەکان لەگەڵ خەڵکیدا لە چەند بەشێکی ئەم رۆمانەدا ئاماژەی پێ کراوە، بەتایبەتی لەو قۆناغەدا کە پیاوانی رژێم لە هەڵپەدابوون لە گەڕان و پشکنین بەدووی هەڵاتووانی بەرەکانی جەنگی نێوان ئێران و عێراق، یاخود ئەو کەسانەی کە خۆیان نەدەدایە دەستەوە تا بچنە ریزی سوپای میللیەوە (الجیش الشعبی)ی بەدناو. زۆرجار (دانا) خۆی لەو چالاکیانەی ئەو چەکدارانە هەڵدەقورتێنێ، بەڵام لە ئەنجامدا زۆر بە خراپی دەشکێتەوە سەری و دەبێتە مایەی خەفەت و مەینەتی بۆ دایکە کلۆڵەکە. لەبەر ئەوەی کە دانا و سامەی هاوەڵی قوتابی دەبن، بۆیە لە ئەرکی سەربازی بەخشرابوون. یەکێك لە مەرجەکانی سەرکەوتنی هەر رۆماننووسێك ئەوەیە کە لە کاتی دەرخستنی هەڵسوکەوتی پاڵەوان و کارەکتەرەکاندا بۆی نییە دیاردەی دووفاقیی دژبەیەك بخاتەڕوو.

کاك موعتەسەم لە چەند شوێنێکی رۆمانەکەدا ئەم دیاردەیەی پەیڕەو کردووە. بۆ ئەوەی درێژە بەم لایەنە نەدەین تەنیا یەك خاڵ بەیاد دێنمەوە ئەویش ئەوەیە کە لە کاتێکدا کەسایەتی دانا وەکو لاوێکی هۆشەنگ و زرنگ پیشان دەدرێت بەڕادەیەك کە ئاگای لە هەموو لایەنەکانی بارودۆخ و رووداوەکانی نێو گەڕەکەکەی هەیە و هەوڵدەدات کاردانەوەیەکی لەبارو شیاوی بەرامبەریان هەبێت، کەچی شەوێك لە شەوان خۆی و هاوەڵەکەی کۆمەڵێك خەڵکی کە لە تاریکیدا رەوت دەکەن. وەکو دوو کەسی بێ ئاگا بەردبارانی ئەو خەڵکە دەکەن و بە دز و جەردەیان تێدەگەن. لە کاتێکدا ئەو کۆمەڵە خەڵکە تەرمی شەهیدێکی بەرەی جەنگیان بەرەو گۆڕستان دەبرد، ئەگەر نموونەیەکی دیکە بخەینە بەر باس و لێکۆڵینەوە لە هەندێك وردەکارییەکانی نەگونجاو، دەبینین جارێکیان دانا دەچێتە ماڵێك بۆ تەلەفۆن کردن بۆ داواکردنی ئامادەبوونی پیاوانی ئاگر کوژێنەوە چونکی باخەکەی مەلا سدیق ئاگری تێبەربوو، هەروەها دەڵێ چرە دووکەڵ ئەو ناوەی گرتووەتەوە، من دەڵێم

دەبووایە ئاگرکەوتنەوەکە لە شوێنیّ یان لە چەند شتێك بێت، کە زۆر جار ڕوودەدەن، نەك وەك نووسەر دەڵیّ لە باخێکدا بێت، چونکە کاری وا ئەگەر بووبێتیش زۆر دەگمەنە و ئاسایی نییە، یەکەم بەزۆری باخی تەڕە دووەم بەهۆی ئاگر کەوتنەوەیش لەو دوورە. ئەو شوێنە ئەگەر پووش بوایە یان ڕەزێکی وشکەوەبوو بوایە لەوانەبوو وێنەکە دەگونجا بووایە نەك باخێك لە باخەکانی لێوار خاسە کە هەمیشە تەڕ و سەوزن، دوای ئەمە وشەی (چڕەدووکەڵ) بە دووکەڵێك دەوترێ کە سەرچاوەکەی ئاگرێك بێ لە بابەتێکی چەورەوە هاتبیّ لە هەمان کاتدا لە شوێنێکی تەسك و بچووکدا بڵاو بێتەوە کە بۆن و تیژیەکەی مرۆڤ سەخڵەت بکات. بۆیە ئەم وشەیە نەگونجاوە لەگەڵ دووکەڵی سووتان لە شوێنێکی بەربڵاوی وەکو باخ. سۆزی مرۆڤ بۆ نیشتمانی خۆی بەتایبەتی گەر بۆ ماوەیەك لێی دوور بکەوێتەوە، دیاردەیەکی لە خودی هەموو مرۆڤێکدا هەیە و کاریگەریشە، هەرچەند ئەو نیشتمانەیش بچووك بێت وەکو گوندێك یان کۆڵانێك کە سەردەمێکی ژیانی تێدا بەسەربردبیّ. نووسەری ئەم ڕۆمانە لایەکی لەم بابەتە کردۆتەوە و بەتایبەتی پەیوەندی دەروونی ئەو کەسانەی کە بە ناچاری لە گوندەکانیان ڕەتێنراون. کە لەوەو دوا ساڵەهای ساڵ هەستی حەزی گەڕانەوە بۆ ئەو شوێنە دەیانجوڵێنیّ، هەناسەی گەرمی بۆ هەڵدەکێشن و لە هەموو بۆنەیەکدا باسی لێوە دەکەن، بەو ئومێدەی بگەڕێنەوە. لە دەورووبەری شاری کەرکوکدا بەدەیان گوند بە فەرمانی حکومەتی بەعس لە ساڵانی (ئەنفال) و ساڵانی پێشوتریشدا ڕووخان و دانیشتووەکانیان یان زیندەبەچاڵ کران یاخود گوازرانەوە بۆ شوێنانی تر یان گەر خۆیان دەرفەتیان بۆ ڕەخسابێت پەنایان بردۆتە بەر شارەکان. پاش چەند ساڵێك کە هەندێك بارودۆخە ناهەموارەکە ئاسایی دەبێتەوە، هەندێك کەسان و هەندێك خێزان بە بیانووی ئەوەی کە بۆ سەیرانی بەهار دەچن بۆ دەورووبەری شار و دوور دەکەونەوەو خۆیان دەگەیەننە کۆنە گوندەکانی خۆیان، ئەوسا لە ئاستی کەلاوەی گوندەکانی خۆیان رادەمێنن و فرمێسك هەڵدەڕێژن. بیری ڕۆژانی رابردووی خۆیان دەکەن. خەم و خەفەتی خۆیان بە دیمەنی ئەو شوێنانە دەڕەوێننەوە. تاڕادەیەك نووسەری ڕۆمانی (دانای کوێخا شەوکەت ئەم لایەنەی بەیادمان هێناوەتەوە، ئەم دیاردەیەش لە ڕۆمانەکەدا






وێنەی کێشراوە.

نووسین لە بارەی زۆر لایەنی تاڵ و سوێریی سەردەمی بەعس جۆراوجۆرن، وەك بزانم ئەو نووسینانەی کە لە بارەی هەڵمەتەکانی ئەنفالەوە بەرهەم هێنراون شایستە و بەپێزن بەڵام جۆری چیرۆك و ڕۆمان کەمن و لە ئاستی ڕووداوەکاندا نین. موعتەسەم ساڵەیی یەکێکە لەو نووسەرانەی کە مەینەتی و نەهامەتی گەلەکەمانی بە ڕۆمان دەربڕیوە، بەتایبەتی ئەو نەهامەتییانەی ناوچەی کەرکوك. ئەمەش کارێکی شایستە و لە جێی خۆیدایە بەتایبەتی بۆ نووسەرێك کە خۆی لە گۆڕەپانی ئەو ستەم و نەهامەتییانەدا ژیابێت.

وەك لە خۆیم بیستووە کە بەتەمایە ڕۆمانێك لە بارەی جەنگی ئێران و عێراقەوە بنووسێت. دیارە ئەو ڕووداوەیش پەیوەندی موکومی هەیە بەئازار و ژیانی تاڵی هەمان سەردەمەوە. لە کاتێکدا بەسەرکردنەوەی کەرکوك و دەورووبەری بەشێکە لە خەمخۆری بارودۆخی نالەباری نیشتمان و گەل. لە هەمان کاتدا دەستخۆشی لەو کەسانە دەکەین کە توانای ئەوەیان هەیە ئاوڕ لەو کێشانە بدەنەوە بە ڕێگای نووسینەکانیانەوە.

موعتەسەم ساڵەیی یەکێکە لەو نووسەرە دڵسۆزانەی گۆڕەپانی نووسینی کوردی، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێت هەر خوێنەرێك و توێژەرێك تەماشای نووسراوەکانی بە چاوێکی ڕەخنەیی ناواقیعیانەوە بکات، بۆیە دەڵێم بریا نوسەر هەندیّ زمانی ڕۆمانەکانی جیاواز بووایە لەگەڵ زمانی ئاسایی ڕۆژانەوە. هەندێك لە جۆرەکانی ڕەوانبێژی و هونەری بئاخنایەتە نێو بابەتەکەیەوە، چونکی ڕۆمانی سەردەم لە ڕووی زمانەوە جیاوازیی هەیە لەگەڵ شێوازی پێش چل ساڵێك لەمەوبەر. چڕبوونەوەی وشە و ڕستەکان لەگەڵ هەوڵی گواستنەوەی خوێنەر بەرەو ئەندێشە بۆ وێنەی کەسایەتی و ڕووداوەکانی هەر چیرۆك و ڕۆمانێك پێویستیەکی سەردەمیانەیە. زمان و مامەڵە کردن بە شێوەیەکی هونەری بەشێکی گرنگە لە هەر نووسینێکدا. بە جۆرێکی تر دەوترێت ڕۆمان و چیرۆك هەر ڕووداو نییە، بەڵکو زمانی هونەری یەکێکە لە پێویستییەکانی ئەدەبی سەرکەوتووی کاریگەر، بۆ ئەوەی بۆ ماوەیەکی درێژ ئەو نووسینانە نەمر بن و لە ئەندێشەی زۆربەی خوێنەراندا بچەسپن و کاڵ نەبنەوە. دوو مەرج هەن بۆ پێشخستنی هەر نووسەرێك، یەکەم خوێندنەوەی بەردەوام و بەرهەمی نویّ، دووەم هەوڵدان لە دوورکەوتنەوە لە پەلە و خێرایی بابەت بڵاو کردنەوە.




# مێژوویەکی نوێی ئەدەب و هونەری کوردی
# بە لەدایکبوونی چوارینەکانی باباتاهیری هەمەدانی

**هەیاس کاکەیی**

ئەدەب و هونەری کوردی لە سڕووبوونێکی تەواودا مایەوە بۆ ماوەیەکی دوورودرێژ، ئەویش پاش نەمان و لەناوچوونی بەکارهێنانی نووسینی بزماری لە سەر خشتە قوڕپینەکان و چاخەکانی پێش هاتنی ئیسلام و، تەنانەت لە سەردەمی ئیسلامیشدا بەو شێوەیە مایەوە تا نزیکەی کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی بە دەرکەوتنی چوارینەکانی باباتاهیر.

باباتاهیریش سەرەڕای ئەوەی تاکێکی مەزنی هاویارانی نوێ کەرەوەی ڕێبازی (یارسانی – ئەهل هەق – کاکەیی) بوو، لە سەردەمی شاخۆشین (مبارەك شا) (٤٠٦–٤٦٧ ك)، لە لوڕستان و کوردستان و دەوروبەری بووەتە مەشخەڵ لە بواری کۆمەڵایەتی و رامیاری و ئەدەب و هونەر لەو ناوچانەدا، بواری ئەدەب و هونەری





کوردی پاش مت بوون و سڕ بوونێکی دوورودرێژ لە دونیای باباتاهیردا سەری هەڵدایەوە، چوارینەکانی باباتاهیر بوونە بناغەی ئەدەبی کوردی سەردەم بە شایەدی پسپۆڕان و زانایانی بیانی و خۆماڵیش، هەرچەندە لەو بوارەدا ئەو پلە و پایەیەی پێ نەبەخشراوە کە شایانی خودی بابا تاهیر بێت، چ لەبەر ئەوەی چوارینەکانی بە شێوەزاری لوڕی بووە و لێکدانەوەی هەندێك ئاڵۆز و شاراوەیە، پڕ لە مانا و فەلسەفەیەو بە شێوەی مەجازی داڕێشتوون. واتە وەك ئامرازێك بۆ دەربڕینی بیر و فەلسەفەی ڕێبازەکەی خۆی.

ئەدەب فەلسەفەی یارسان نەپچڕا و بووە بە درێژایی مێژوو و تەنانەت لە پێشی بابا تاهیری هەمەدانیشەوە، کە بەشێکە لە ئەدەب و هونەری کوردی ڕەسەن، تا ئەو سەرزەمانە کۆمەڵگای کوردەواری هەست و دەرکی پێ نەکردووە. چوارینەکانی بابا تاهیر بەشێکن لە ئەدەب و هونەری یارسان، بۆیە نووسەر و ئەدیبان بە جۆراوجۆر لێکی دەدەنەوە، کە زۆرجار دووره لە ناخی ئەو چوارینانەوە، بەهۆی ئاڵۆزی فەلسەفەی باباتاهیر و زمانەکەی، یان بەهۆی هەر هۆیەکی ترەوە بێت.

ئەو کەسەی شارەزایی تەواوی نەبێت لە بواری ئەدەب و فەلسەفەی ریباری یارسان ناتوانێت بە ئاسانی لە چوارینەکانی بابا تاهیر بگات و لێکی بداتەوە، یان لێکۆڵینەوەی لەسەر بکات. جا پێویستە ئەو کەسەی گەر لە مێژووی ئەدەبی کوردی بکۆڵێتەوە، دەبێت بگەڕێتەوە سەر مێژوو خوێندنەوەی فەلسەفەی یارسان، و شارەزایی تەواو لەو بارەیەوە بەدەست بهێنێت، چونکە زۆرێك هەبوون پێش بابا تاهیر لە یارسان دەستی باڵایان هەبووە لە بواری ئەدەب و هونەردا، لەژێر تەسەوفی ئیسلامیدا بوونە، بەڵام بەشێوەیەکی بەربڵاو هەستی پێ نەکراوە لە دونیای ئەدەب و هونەری کوردیدا تا ئەم ساتانەی دوایی. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ئەدەب و هونەری کوردی نەپچڕاو بووە بە درێژایی مێژوو تا سەرهەڵدانی لە سەردەمی باباتاهیردا.

پاش سەردەمی باباتاهیریش درێژەی هەبووە لەگەڵ پەرەسەندنی ڕێبازی یارسان لە سەردەمە جیاوازەکاندا بەدەرکەوتنی رابەرەکانیان. تا دەگاتە کۆتایی سەدەکانی هەزارەی دووەمی زاینی، کە جۆرەها ئەدیب و هونەرمەند ڕۆژی روناکیان سەری هەڵدا.

چوارینەکانی باباتاهیر پۆلین دەکرێن لەلایەن نووسەران و ئەدیبانەوە بۆ چەند

بەشـێك بـۆ نموونـە وەك خۆشەویـستی، عیشقی خودایی و هیتر...

ئەگەر بە وردی بڕوانینە چوارینەکانی بابا لە ناخدا خۆشەویستی مجازیـە بـۆ پیرانـی ڕێبازەکـەی و دەربـڕینی عیـشقی بـیرو بـاوەڕی ڕێبازەکـەی. بـۆ نموونـە لـەم چوارینەیەدا دەڵێت:ـ

عەزیزا کاسەی چەشمم سەرایەت
مەیان هەردوو چەشمم خاك پایەت
ئەز ئان ترسەم کە غافل پانەهی بات
نشینەد خار موژگانم بە پایەت

واتەکەی بە کوردی:ـ

ئازیزم وەرە چاوانی من سەیرانگەی تۆیە
پێ بنێ بە بان چاوانا، با بتگرمە ئامێز
دەترسم لە غەفڵەتدا هەنگاو بنێی
تیژی برژانگەکانم ئازاری ژێر پێت بدەن

ئازیزانی باباتاهیر پیرانی ڕێبازەکەیەتی، بە پەرۆشە بۆ دیتنیان تا بگاتـە لایـان و دڵـی شـاد بێتـەوەو ئـارام بگرێـت، بـەو نزیکبوونەوەیەش دەگاتە پلەی (کەمال).

ئەگەر بڕوانیتە ئەم چوارینەیەی خـوارەوە کە دەڵێت:ـ

بە سەحرا بنگرم، سەحرا تەوینەم
بە دەریا بنگرم، دەریا تەوینەم
بە هەرجا بنگرم، کوە و دەرو دەشت
نشان ئەز قامەت رەعنا تەوینەم.

واتاکەی:

دەڕوانمە بیابان و لە بیاباندا تۆ دەبینم
دەڕوانمە زەریا، لە زەریا تۆ دەبینم
هەر کوێ دەنۆرم، کێو و دەر و دەشت
نیشانەی بالای رەعنای تۆ دەبینم

لـە فەلـسەفەی سـۆفیزمدا، ئـەم عیـشقە دەربڕینـە بـۆ دیـتنی خـودا لـە دڵـەوە نـەك بەچاو، بۆیە دەڵێت لـە هـەر کـوێ دەگـەڕێم تۆ دەبینم، واتە تـۆ لـە دڵ و فیکـر و هـزری مندای ئەی خودای تاك و تەنیا. واتە هەست دەربڕینێکە بۆ خۆشەویستی خودای گەورە.

بابا تاهیر لە هەندێ باری ناڕەحەتی و ئـازار و ئەشکەنجەدا هەسـتی خـۆی دەربڕیـوە لـە تـوێی چـوارینەکانیدا وەك لـەم چـوارینەی خوارەوە:ـ

ئەگەر دەستم رەسد بە چەرخی گەردوون
ئەز و پرسەم کەئین چوونەست و ئان چوون
بەیەکی را دادەئی سەد گونە نیعمەت
بە یەکی را نان جو ئالودەی خوون.

ئـەم چـوارینەیەی لەوپـەڕی نارەحـەتی و تووڕەییدا وتووەو خۆی لەبیرکردووە لەپێش میـوانی ئازیزیـدا بابـا خوشـین، بـەڵام پـاش ماوەیـەکی کـورت هاتووەتـەوە سـەرخۆی و پەشیمان بووەتەوە.

هەروا باباتاهیر وەسفی حاڵی خـۆی دەکـات وەك دەروێشێکی عـەودال. گـوێی نەداوەتـە ماڵ و حاڵی دونیا و هەمیشە لەگەڕان بووە. لەو دونیایەدا بەدوای هەقیقەتدا گـەڕاوە کـە





دەڵێت:ـ

موئان رەندەم کە نامم بی قەلەندەر
نەخان دیرم نەمان دیرم نەلەنگەر
چو روز ئایە بگەردم گەردی گێتی
چوشەو ئایە بەخشتی وا نەهەم سەر

واتاکەی:ـ

من ئەو رەندەم کەوا ناوم قەلەندەرە
نەخانم هەس نەمانم هەس نە لەنگەر
کە رۆژ داهات لە دنیادا خول دەخۆم
کە شەو داهات سەرم دەخەمە بان خشت

جارێکی تر غەمی دڵی خـۆی دەردەبڕێ وەك غـەریبێکی دامـاو و دوورە وڵات کـە لـەم چوارینەیەدا دەڵێت:ـ

موسڵمانان سە دەرد ئامو بە یەك بار
غەریبی و ئەسیری و غەم یار
غەریبی و ئەسیری سەهل ئایر
غەم یار موشکلە تا چوون شودکار

غەریبی بابـا دوورە وڵاتـە، خـاکی لوڕسـتانە، یان خۆی لەم دونیایەدا بە غـەریب دەزانێـت، بـەڵام ئەسـیری بابـا واتـە دیلـی بیروبـاوەڕی ڕێبازەکەیەتی و لە سەودایدایە، بـەڵام دووری یـار (مەعـشووقەکەی) کـە پیرانیـەتی زۆر گرانترە و داغی زۆرترە.

لە هەندێ چوارینەی تردا باباتاهیر ئامۆژگاری و وەبیرهێنانەوەی دوارۆژی حیسا بە لـەپاش مردن وەك لەم چوارینەیەدا:ـ

بە گۆڕستان گوزەر کەردم سەباحێ
شنیدەم نالەو فیغان و ئاهێ
شنیدەم کە للەیی بەخاك میگوفت
کە ئین دونیا نمی ئازەرد بە گاهی

یان لە چوارینەیەکی دیکەدا دەڵێت:

بە گۆڕستان گوزەر کەردم کەم و پێش
بدیدم حاڵی دەوڵەمەند و دەروێش
نە دەروێش بە خاکی بێ کفن ماند
نە دەوڵەمەند بەرد ئەز یەك کفن پێش

لـەم دوو چـوارینەیەدا باباتـاهیر بـە بـیری مـرۆڤ دێنێتـەوە کـە دونیـا هـیچ نـاهێنێ و پاشەڕۆژمان هـەر قەبرستانە، تـەنیا کـارو کردەوەی چاکە لە پاش مردن بە یادگـاری دەمێنێتەوە، ئەوی دەمرێ تەنیا یەك کفن لەگەڵ خۆی دەبات چ دەوڵەمەند بێت یـان هەژار.

باباتاهیر زۆر لـەوە زیـاتر هەڵدەگرێت لـەم چـەند دێـڕەی کـە نووسـیومە، چـونکە دونیایـەکی تایبـەتی فراوانـە، پلـە و پایەیەکی زۆر بەرز و بەنرخە و ئومێدەوارم زۆر شـتی بـەپیت و بـەنرختر دەربـارەی بنووسرێت، کـە شـایانی خـودی باباتـاهیر بێت.



نوسین و ئامادەکردنی: عەزیز عوسمان

# ئاڤێستا

# (دێرینترین پەیام و سروودی کورد)

خۆش بەختانە لەم دواییانە، هەندێ ئاوڕ لە مێژوو و کەلتورو شوێنەوارە کۆنەکانی کوردستان دراوەتەوە، بەڵام ئەو هەولآنە هێشتا هەر کەمن‌و مایەی خۆشحاڵی نین، بێگومان دەبێت هەوڵی لەوە چاکترو زۆرتر بدرێت بۆ ناساندن و دەرخستنی ئەو سامانە مێژینەیە کە شوناس‌و ناسنامەی نەتەوەییمانن ، بۆ ئەم کارەش هەڵبەتە هەوڵی هەمەلایەنەو ئەکادیمیانەمان دەوێ و کۆششی چڕوپڕ ترمان گەرەکە .

ئاڤێستا ناسی و نوسین و لێکۆڵنەوە دەربارەی زاتێکی وەك ئەشو زەردەشت، کە بە شێکی گرنگی سامانی نەتەوەییمانن ، بێگومان گەڕانە بە دوای کۆمەڵێ چەمك‌و بابەتی مێژوویی ئاڵۆزو نائاسایی کە کورد نەك هەر لە بیری کردبوون ، بەڵکو بەهی خۆشی نەدەزانی.







+زەردەشت ( زەرەتوشترە –زەرەت ئاسترا): بە واتای ئەستێرەی روناك یان درەوشاوە وەیان تیشکی زێڕین دێت . لەسەر شوێن‌و کاتی دایکزادی (زەردەشت)یش بیروڕای جیاوازو دژبەیەك هەیە . هەرە زۆری پسپۆران‌و لێکۆڵەرانی ئاڤێستا ناس بەپشت بەستنن بە بەڵگەی کۆمەڵناسی‌و زمانەوانی‌و دیکەی زانیاریەکان ، گەیشتونەتە ئەو ئەنجامەی کە سەردەمی ژیانی زەردەشت لە نێوان ١٥٠٠ تا ٨٠٠ی پ.ز دابووە، ئەمە جگە لە ئەفلاتوون کە(٦٠٠٠)پ.ز .و ( خسانتۆس)(٦٥٠٠) پ.ز. و (ڤۆلتێر)٧٠٠٠پ.ز. و (ماکیاڤیلی)١٠٠٠ی پ.ز.و بەشێکیش (٧٠٠تا ٥٠٠ی.پ.ز)یان بۆ داناوە . بەلآم جێ بڕواترینیان بۆچوونەکەی (زەبیحی بەهرۆزە ) کە پسپۆری ماتماتیك‌و فەلەك‌وئەستێرە ناسی‌و هەرواش ئاڤێستا ناسێکی بە توانایەو بە هەندێ بەڵگەو فاکتەری زانستی‌و بڕوا پێکراو سەلماندویەتی کە زەردەشت ١٧٦٨ساڵ پێش زایین هاتۆتە دونیاوە و زۆربەی ئاڤێستا ناسە ئێرانیەکانیش لە سەر ئەو مێژووە هاوڕان. سەبارەت بە شوێنی لە دایکبونیشی، ئەوا بە دەر لە هەر ئەگەرو بۆچونێك هەموو تێزو لێکدانەوەوەکان لە سەر ئەوە کۆك‌و تەباو هاوڕان کە شوێن‌و جێگەی دایکزادی زەردەشت سێ گۆشەی رۆژئاوای ئێرانی ئەو سەردەمەو مەلبەندی ورمێ‌و ناوچەی هەورامان تێپەر ناکا کەواتە زەردەشت لە کوردستان لە دایك بووەو هەر لەوێش ئایینەکەی سەری هەڵداوە .

+ ئاڤێستا : واتە بناغە، بنەما، بنەڕت ، ئەساس ، بەو کتێبو دەقە پیرۆزانە دەوترێت کە تایبەت‌و پەیوەستن بە فەلسەفەو ئایینی زەردەشتەوە ، لە سەردەمی خۆیدا ئەم کتێبە پیرۆزەی کورد ٢١ نەسەك (بەش) کتێب بووەو لە سەردەمی گوشتاسب شادا بە سەر



پێستی ١٢ هەزار (گا)وە بە ئاوی زێڕ نوسراوەتەوە ، جێگای داخە لە رۆژگاری ئەمرۆشماندا تەنها شەش بەش(نەسەك )ی لێماوەتەوە کە بریتین لە :

١– گاتا : ( گووتە، واتا، گاز، گاس) بە واتای بانگ کردن و هەروا رازو نیاز دێت و لەمێژینەترین سرودی کوردن لە جیهاندا

٢ – یەسنا : واتە ستایشو پاڕانەوە ، کە نوێژ(نماز)و رۆژو بەشێکن لێی

٣–یەشت : (یەشتەکان) درێژترین بەشی ئاڤستایەو هەر هەمان واتای (یەسنا) دەدات بەلاّم واتای یەسنە گشتگیرەو ئەوی یەشتەکان تایبەتیە .

٤– ویسپێرەد : واتە سەرجەم پیاو چاکەکان، (ویسپە ) واتە هەموو (رەد/رەتو)یش واتە مرۆڤە چاکەکان

٥– ڤەندیدات : (ڤی دەئو دات)، ڤی واتە دژ ، دەئو واتە دێو ، دات/داد واتە یاسا ، بەواتا یاسای دژی دێو(خراپەکار) ، ئەم بەشەش لە ئایینی زەر دەشتیدا هەموو بوارەکانی ژیانی مرۆڤ و کۆمەلگا لە خۆ دەگرێت.

٦– خوردە ئاڤێستا : واتە ئاڤێستای بچووك کە بریتیە لە گولبژێرێکی بەشەکانی تری ئاڤێیستا بەتایبەتی یەسنا کە تایبەتە بە هەندێ بۆنەو جەژنە گشتیەکانەوە .





+ فەلسەفەی زەردەشت : فەلسەفەی ئایینی زەردەشتی وابەستەی هیچ جۆرە جەبریو داسەپاندنیك نیەو مرۆڤ لەم ئایینەدا زەبونی( قەدەر) نییەو لە رێگای (بیرو ووتەو کاری) چاکەوە خاوەنی ئیرادەیکی تەواو سەر بەخۆیە و ئازادە لە ئەنجامدانی هەر کارێك چاك بێت یا خراپ. ئاڤێستا کاریگەری زۆری هەبووە لە سەر گەردوناسی ئەنیکسیماندەر و رەوشتناسی ئەفلاّتونو کۆمەلّناسی ئەرستۆو کسینفۆنو سترابۆن...ئەم گاریگەرییە لای ( نیتشەو گۆتە) گەیشتۆتە لوتکە ، ئەوەتا (نیتشە)ی گەورە فەیلەسوفو کەلّە شاعیری ئەلّمان دوای خوێندنەوەی (گاتا)کان، هێندە نوقمی دەریای قوولّی فکری زەردەشت بووە و ئەو فەلسەفە قولّەی ناسیوە کەبۆتە بیرمەندێکی زەردەشتی ئاسا، ئەمەش بەتەواوی لە کتێبی((ئاوای گوت زەردەشت))و لە دیوانە شیعرییەکەی (( ئێستا لە نێوان دوو هیچ ـ دا )) زۆر بە روونیو ئاشکرایی دەردەکەوێت. ! لە شیعرێکیشیدا نیتشە ئاوا وەسفی زەردەشت دەکاتو دەلّێت: (ئای لە هەژاری ئەو دەولّەمەندە )، هەرلە شوێنێکی ترداو لە شیعرێکی تریدا نیتشە بەم شێوەیە وەسفی زەردەشت دەکاتو دەلّێ:(زەردەشت تۆ وەكو خۆر زۆر مەزنی.. تەنیا تیشك دەبارێنی.. چاك تێتدەگەم..کەی پێت دەگەم)و لە شوێنێکی تردا دەلّێت : ((زەردەشت ، کەلّە دارای دەولّەمەند...ئەی هەژار ترینی هەژاران ...خۆت لە هەموان لێو رێژتری ...تۆ سوپاسی کەسێ دەکەی کە شتێکت لێ وەرگرێ... وای لێت زەردشت...لەو کەسە دەچی ئالّتونی هەلّوشیبێ... دیسانەوە زگت دەدڕن و......!!

+ پزیشکیو زانستی دەرمانداری: سەدەیەك پاش زەردەشت، (سەئیناپورە ئەهومە سەتوتە)ی پزیشکی زانا، بە خۆیو سەد قوتابیەکەیەوە درێژەیان بە رێگای (دەرمانگەری) دا. برِگەی (٩٧)ی فەروەدین یەشت لەم بارەوە دەلّێت : ستایشی گیانی پاکی ( سەئیناپورە ئەهومە سەتوتە ) دەکەین کە (١٠٠) قوتابی هەبووە و داهینەری چەندین کاری سەرسوڕهێنەری پزیشکی بووە ) .

(پلوتارخ)ی مێژوونووس، لە زمانی(تەمستۆکلۆس)ی سەرداری یۆنانییەوە کە (قوتابخانەی سەدە)ی ئەکباتانی بینیبوو دەگێڕێتەوە : (ئەندامەکانی ئەم قوتابخانەیە(١٠٠) کەس بوون. ئاستەم بوو کەسێك بتوانێ بچێتە ریزیانەوە . کەس نەیدەتوانی بگاتە ئاستی زانایی و توانای ئەوان . ئەوان فێری زانستگەلّێکی گرنگی وەك فەلسەفە و

ئەستێرەناسی و پزیشکی وجوگراف دەبوون . دواتر هەر قوتابیەکانی ئەم قەتابخانەیە بوون کە بوونە مامۆستای (فیساگۆرس)ی حەکیمی یۆنانی) . دەکرێ بڵێین (قوتابخانەی ئەکباتان)ی سەدەی شەشەمی پێش زایین، یادگاری قوتابخانە (١٠٠) کەسییەکەی (سەئینا پوورە) بوو کە ئەویش لە سەر چاوەی (قوتابخانەی مەزدیەسنا)وە هەڵقوڵابوو .

(گزەنفۆن) باسی زانکۆی پرشکۆی (پازگارد) دەکات لە بەرانبەر کۆشکی پاشایەتی(کوورش) دا لە (٥٨٨-٥٢٨.پ.ز).

(هیرۆدۆت)یش دەڵێت : زۆربەی پزیشکە میسرییەکان بەتایبەتی پزیشکە پسپۆڕەکانی چاو لە کۆشکی داریووش (٥٢١-٤٨٦ پ.ز)دا کاریان دەکرد و کاتێکیش زانکۆی(سیاس)ی میسر وێران کرا ، داریووش سەرلەنوێ بینای کردەوەو گەڵێ کتێبی نایابیشی پێشکەش کرد .

......

+<u>شەترەنج وتاوڵە</u> : شا گشتاسب (کەی-ویشتاسب)ی شای کەیانی کە ( حەزرەتی زەردەشت ) لە سێهەمینساڵی پاشایەتی ئەودا سەری هەڵدا، لە ژیان بێزارو بێئومێدو ماندوو ببوو، چونکە هیچ کارێکی بۆ نەمابۆوە بیکاتو گەیشتبوە هەر هەموو خواستو ئاواتەکانی ، زەردەشت بەمەبەستی رزگارکردنی شاویتاسب لەو دلساردیو نائومێدیە و زیندوکردنەوەی هیوای ژیان لە دڵیداو رێنوێنی کردنی کە ژیان تاوەکو هەیە هەر پڕە لە چالاکیو ململانێ و تێکۆشان، بەو مەبەستە شەترەنجی داهێناو یاسای یاریەکەی دارشت و پێشکەشی شا (ویشتاسب)ی کرد. (ئەدمۆنز بۆردۆزکلێی) لە بەرگی سێیەمی کتێبە شەش بەرگەکەیدا دەڵێت : زەردەشت یاری شەترەنجی داهێنا، ئەڵبەت نەك بۆ (یاریوگەمە) بەڵکو وەك بناغەیەك بۆ ناسینی گێتیو ئەو کێشمەکێشمو ململانێیەی مرۆڤ لەگەڵ دەورو بەریدا کە خۆی لە دژایەتی تاریکیو رناکی واتە خێرو شەڕدا دەبینێتەوە ولە دواجاریشدا سەرکەوتن بۆ بیری چاكو عەقڵی بەهێزە .

(تاولە)ش جگە لەوەی کە بۆ خۆی گەمەیەك(game )بوو ئەویش وەك شاترانگ لە سەرچاوەی (قوتابخانەی مەزد یەسنا)وە هەڵقوڵابوو و لە سەردەمی ساسانیەکان و لە داهێنانی (بـرزوو)ی کوری (بۆهتاك)ی گەورە دکتۆرو راوێژکاری (کەی خوسرەو) نەوشیروانی یەکەمی کوری قوباد بوو، ئەویش دانانی (مەتەڵێك) بوو کە کەس نەیتوانی هەڵی بێنیو دواجار





(برزوو) هەر خۆی راڤەو شیکاری بۆ کرد : یاریکە لە ٣٠ بەرد پێکهاتووە بەمانای رۆژەکانی مانگو ١٥ سپی ١٥ی رەش کە هێمایە بۆ رۆژو شەو، سوڕانەوەی جووتە زارەکانیش واتای سوڕانەوەی زەوییومانگە بە دەوری خۆردا ، ژمارە( یەك)یش لە شەشپاڵوی هەر زارێك واتای ئاهورایی تاكو تەنهاو ژمارە (دوو)یش ئاماژەیە بۆ ئەهریمەنو ئاهورامەزداو سێش واتە (بیرو ووتەو کرداری) چاك، ژمارە (چوار)یش بە واتای چوار توخمە سەرکی وپیرۆزەکانی ئایینی(میترایی ) کە ئادەمیزادو گەردوونی لێ دروستبووە( ئاووئاگرو هەواو خاك)، ژمارە(پێنج)یش گوزارشت کردنە لە پێنج روناکییە سەرەکییەکان ﴿خۆر، مانگ،ئەستێرە ،ئاگر ،روناکی ئاسمان(نوری خودایی)﴾ وە یان ئاماژەیە بە پێنج هەستەکەکەی مرۆڤ ( بینینوبیستنو تامو بۆنو هەست )، دوا ژمارەش واتە (شەش) باسکردنە لەئافراندنی کەون لەلایەن ئاهورامەزداوە لە شەش رۆژدا . لەکاتی یاری کردنیشدا هەر بەردێك کە هەڵدەگیرێت(دەخورێت) واتە هەموو تاکێك درەنگ یا زوو هەر دەمرێتو لە (ئۆین)ی داهاتوشدا کە بەردەکان دادەنرێنەوە، واتای زیندوبونەوەی مرۆڤەکانە لەرۆژی پەسڵاندا

+ <u>پێکەوە ژیانو مافی مرۆڤ</u> : بۆ دابینکردنی ژیانێکی ئاسودەو سەقامگیر بۆ هەموان بەبێ جیاوازی و دابەشکردنی ئەرکو بەرپرسیاریەتی بە پێی لێوەشاوەییو شایستەسالاری ، ئەمانە هەموی لە ئاڤێستادا گرنگیان پێدراوە ، لە ئاڤێستادا ئاماژە بەوە کراوە کە دەبێ ریز لە مرۆڤ بگیرێتو ئازادییەکانی بپارێزرێن بە مەرجێ نەبنە مایەی ئازارو سەر یەشە بۆ کەسانی دی، مرۆڤ سەربەستە چ بیرو رایەکی هەبێ و دەبێ شکۆ و سەروەری پارێزراو بێت ، سەربەست بێت لە جوڵانەوەو بیرو را دەربریینداو هەر کارو شوێنێك کە بۆ خۆی هەڵیدەبژێرێت .

+ <u>کشتوکاڵو ئاژەلداری</u> : لە زەردەشتیدا وەك سەرەکیترین بنەمای سیستەمی ئابوری سەری هەڵدا پاش هاندانی خەڵکی بۆ نیشتەجێبوونو گوندنشینیو واز هێنان لە ژیانی کۆچەری . لای زەردەشت ئەوەی گوندێك ئاوەدان بکاتەوەو کاری کشتوکاڵو باخداریو ئاژەلداری بکات ، ئەو کەسە دۆستی خۆشەویستو هەرە نزیکی ئاهورایە

+ <u>وێژەو ئەدەب</u> : کۆمەڵگەی سەردەمی زەردەشت لە بواری زمانو هونەرو ئەدەبدا گەشەکردنێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینیوە باشترینو زیندوترین نمونەشمان ئاماژە کردنە بە (گاتا)کان کە بەشیعرو

لەلایەن خودی زەردەشتەوە هۆنراونەتەوە .نابێ ئەوش لە یاد بکەین کە زمانی گاتاکان هەمان زمانی کوردیە (زۆرتر هەورامیو کرمانجی لە خۆ دەگرێ) کە ئەمیش مێژینەیی زمانی کوردیمان بۆ دەردەخات ــ ریتمو ئاوازەکانی هۆرە وسیاچەمانە و قەتار و لاوکوحەیرانی ئەمرۆشمان زایەڵەو گەواهی ئەو راستیەن -

+ مافی ئافرەت : لە فەلسەفەی ئاییني زەردەشتدا نەك نیوەی مرۆڤ بەڵکو مرۆڤێکە بە هەموو مافو ئازادیەکانیەوەو نابێو ناشکرێ بە چاوی زەعیفەو بەزەییەوە تەماشا بکرێ بەڵکو دەبێت وەك مرۆڤ ڕێز لە بەهرەو تواناکانی بگیرێتو لە هەڵبژاردنی شێوازی ژیانو کارو هەڵسوکەوت و دەربڕینی رای خۆیدا تەواو سەربەستو ئازاد بێت . بۆ نمونە زەردەشت کاتێ کە کەسێتی (جاماسپ)ی هەڵسەنگاندوەو بەدڵیەتیو حەز دەکات ببێتە زاوای ، بە (چیستا)ی کچە بچوکی دەڵێ: (کچم من جاماسبم بەلاوە زۆر پەسەندو باشە بۆ هاوسەریی تۆ چونکە مرۆڤێکی جوامێرو راستگۆ و شەرەفمەندە ، تۆش پاش بیر لێکردنەوە و هەڵسەنگاندنێکی ئاقڵانە ئەگەر بە دڵت بوو ، پەسەندت کرد رای خۆت دەربڕە) ئەمەش ئەوپەڕی ڕێز گرتنە لە ئازادی ئافرەت ، دیارە ئەو کچەش کە بە ویستو خواستی خۆی ژیرانە هاوسەری خۆی هەڵبژارد هەلبەتە ژیانیکی بەختیارو شیرینی دەبیت و سەر کەوتوش دەبێت لە ژیانی هاوسەرێدا .

+ نوێژو ڕۆژوو : ئاییني مەزدیەسنا یەکێکە لە کۆنترینومەزنترین ئاییني یەکتاپەرستیەکانی سەر گۆی زەمین کە لە کوردستانو لە نێو کوردا سەری هەڵداوە و بۆ یەکەمین جارو پێش ئاییني ئاسمانیەکانی تر جێبەجێکردنی ئەرکی نوێژ و ڕۆژوی ڕێکیخستووە - لە ئاییني زەردەشتی پێنج جار لە ڕۆژێکدا نوێژ دەکرێت دوای دەست نوێژ گرتن ، واتە پاش شۆردنی دەستو پێو دەمو چاو، نوێژەکانیش ئەمانەن ١- (هاونگا) ٤ رکاتەو لە سپیدەی بەیان پێش خۆر درکەوتن ئەنجام دەدرێت ٢- (راپیتۆنگا) ١٦ رکاتەو لەدوای خۆرهەڵاتنەوە تاوەکو نیورۆ ئەنجام دەدرێت ٣-(ئۆزەرینگا ) لە دوای نیوەرۆوە تاپێش خۆر ئاوابوون (ئەمیان لە وەرزی زستنادا ئەنجام نادرێت) ٤- (ئاوێسراتریمگا) ئێوارن دوای خۆر ئاوابوون ٥- (ئۆشهینڤا ) کاتێك کە تاریك دادێت تاسپێدەی بەیان . زەردەشتیەکان بە ئێستاشەوە بەر دەوام لە هەندێ بۆنەی





ئاییني تایبەتدا بە ڕۆژوو دەبن ..

لە پوختەی ئەم نوسینەماندا ئەومان بۆ دەردەکەوێ کە کورد لە مێژەو پێش گەلانی دیکەی ناوچەکە ژیانی شارستانی وکۆمەڵگەی مەدەنی دامەزراندوە، جیاوازی لە نێوان نێرومێدا نەکردوەو زەمینەی لەباری بۆ ژیانی ئاشتیخوازانەو بەختەوەرانەو گەشەکردنی کۆمەڵگە رەخساندوە، (کاتۆزی و ئەنجومەنی مۆغان و ژیلاو مەرێ ) سێ ڕێبازی هەرە پێشکەوتوو بەرچاوی سیستمی گەشەکردنی کۆمەڵگەی ئەو سەردەمەن . لە کۆتاییدا دەڵێین دەست بردن بۆ هەر بابەتێکی مێژوویی، ئاشناکردنەوەو هۆشیار کردنەوەی خۆمانە بە دیرۆکو رابردومان کە شوناسو ناسنامەو ماهیەتمان دەسەلمێنن و تاکە ریگاو بەردەبازی سەروەریشمانە . ئەوەشی وای کردوە کە کورد وەك دێرینترین دانیشوانی خەلکی کوردستان خەسلەتو رەسەنایتی خۆیان بەدرێژایی قۆناغەکانی مێژوو بپارێزنو لەدەستی نەدەنو بەرگەی ئەو هەموو نەهامەتیو نالەباریو ناهەمواریە بگرن کە هەوڵی سرینەوەو شێواندنی کەسایەتیو فەرهەنگو کلتورو جوگرافیاو مێژووەکەیان داوە ، ئەو رەوتو رێچکە ئاینیانە بووە کە لە کوردستاندا سەریان هەڵداوە وەکو(میترایی زەروانی زەردەشتی مەزدەکیو مانیو ئیزدیو یارسانو ...هتد).

لە کۆتاییدا دەمەوێت ئەوە بڵێم : ئێمەی کورد دەبێ سێ پرسیاری زۆر جدی لە خۆمان بکەین . کورد کێیەو؟! ئێستا چییەو لە کوێ ئەم پێشکەوتنەی جیهاندایەو؟ بۆ ئایندە بەرنامەی چییە چی لە هەگبەیدایە ؟! -

من ئەگەر شتێك لەبارەی خۆمەوە نەزانم، ناتوانم هەلوێستێك لەبارەی شتێکی دیکەوە نیشانبدەم

ب نوسینی ئەم بابەتە سودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە..

١-ئاڤێستا - جەلیل عەباسی
٢- افیستا- الکتاب المقدس للدیانە الزرادشتیە - د. خلیل عبدالرحمان
٣-هکذا تکلم زرادشت—فریدریك نیچە ترجمە فلیکس فارس
٤- (ئێستا لە نێوان دوو هیچ) شیعر فریدریك نیچە -گۆڕینی لە فارسیەوە جلیل عەباسی

# لێکۆڵینەوەیەک لە سەر ژیانی خانای قوبادی* و هەندێ زانیاری تازە

## بەشی دووەم

ئا: کاروان عوسمان خەیات (ڕێبین)

لە دێرێکی تردا خانا دەڵێت:

**گلەیی و شکات فرە وە ناپیاو**
**شەرع من و تۆ مەقسوود زەهاو**

لەم دێرەی تردا خانا گلەیی و شکات و گازندەیی زۆرە لەو ناپیاوانە، بەڵکو بەگوێرەی شەرعی من و تۆ... خانا بە گومانە و نازانێت نیازی پاشایی زەهاو چییە..!!؟

خانای قوبادی دوای ئەوەی بێ ئومێد دەبێت و نیشانەی پیری دەردەکەوێت، دەستی لە عەلی و وەلی دەبڕێت، ڕوو دەکاتە خزم و کەسوکار و ناسیاوەکانی و ئامۆژگارییان دەکات، بەوەی کە بەشادی و خۆشی نەچنە جێگەی نشینی و دەبێ غەمبار بن، کاتێك دەڕۆنە ئەو جێگەیە، ئەگەریش چوون، ئەوا پەڵەیەکی ڕەشی قەترانی بکەنە گەردنتان، تاکو پرسیاریان کرد لەو پەڵە هەورە قەترانییە و وتیان ئەوە چییە؟ بڵێن: ئەمە نیشانەی دڵتەنگییە بۆ خانای قوبادییە... بەڵام بەو مەرجەی بڵێن:

**ماجەرای پیریم، سکەی سپیدیم**
**مەعلووم بی جەلای خانەی ڕەشیدیم**
**باچە نۆ تووڵ نەمامان، ناوەران زامان**
**بەو ئەندووی گریان تەڕ بکەن دامان**





**نە چنان بە شاد، نەنیشن بێ غەم**
**نەمالان سورمەی سێوەنگی لە چەم**
**پەلاس قەتران بشان وەگەردەن**
**بەو شەرت بواچان کاکەش نەمەردەن**

خانا لە دێرێکی دیی دا دەڵێت:

**باچە بەو جاهیلان قەوم و قارداشم**
**ئەو چاپووك سوار لە مەیدان باشم**

وەکو دەبینین خانای لێرەدا دووبارە باسی ڕەشیدی و چالاکی خۆی دەکات، یا ڕەنگە نازناوی خۆی و بنەماڵەکەی بە (ڕەشیدی)ی ناوبردبێت، بەو جۆرەی کە ئێستاش نازناوی هەندێك لە بەگزادەکانی جوانڕۆ (ڕەشیدی)یە، ئەو کەسانەی وایان لە خانا کردووە، بە جاهیل و نەفام ناوزەد دەکات و ئێستاش هەر چابووك سوارە و لەو مەیدانەدا هەر باش و چاکە.

دیسانەوە خانا دەست دەکاتەوە بە ئامۆژگاری و وەسیەت کردن و دەڵێت:

**ئەمانەت فەرز بۆ، فەسڵ بەهاران**
**ئەر مەچن بە سەیر قەدیم هەواران**

دەبینین لە وەسییەت و ئامۆژگارییەکانی خانادا چی ڕوو دەدات، خانا کاتێك ئامۆژگاری و وەسییەت دەکات، دەڵێ: خزمینە ئەوانە جاهیل و نەفامن و ئەمانەی من دەیڵێم، بۆ ئێوەیە و فەرزە، لەکاتی فەسڵ و وەرزی بەهاراندا دەچن بۆ سەیری هەواران قسە و ئامۆژگارییەکانی منتان لە بیر بێت و بیری لێ بکەنەوە...

**هەر لە گەرمەسێر، تابان لەیلاخ بێ**
**هەر لە ڕووی کۆهسار، هەرتا بۆباغ بێ**
**هەر جە ڕووی خاکن، هەر جە تۆی غارە**
**فراوان بەکار دەسگام دیارە**
**چەند دەستکردی من مەندەن لە جێدا**
**یاران با بیان بگرەوان پێدا**

لەم چەند دێرەدا ئەگەر لە گەرمەسێرەوە تاکو کوێستان و هەر لە سەری شاخەکانەوە تاکو نزمترین جێگە، پڕبێت لە چۆم و دارستان و، لە هەر جێگەیەك ئەگەر لە دەرەوە بێت یان لە ناوەوەی زەوی بێت هەمووی لە ڕووی خاکێکن، ئەمانە هەمووی ئەشکەوتی فراوانن و دەستگا و کارگەکانم تێیاندا دیارن، بەڵام یاران، دۆستان، ئەمانەی وا منیان بەدیل گرتووە، هەموو ئەوانەیان پێ بدەن و با بیبەن، یان وەرن تەماشای ئەو جێگایانە بکەن کە دەسەڵاتی منی تێدا بووە... خانا بەردەوام دەبێت و دەڵێت: خزمینە چەندێ کەرامەتم کرد، ئەوا یاران ئێوە بە سەلامەت و...

**چەندی کەرامات عەجایب کەردم**
**یاران سەلامەت ئەوا من مەردم**

بەڕاستی لێکدانەوەی ئەو پارچە شیعرەی خانا کە لە بەندیخانەی باجەلانەکاندا نووسیویەتییەوە، پێویستی بە

لێکۆڵینەوەی زیاتر و قسەی زیاتر هەڵدەگرێت، بۆیە کۆتایی پێ دەهێنم و خوێندنەوەی تەواوی پارچە هۆنراوەکە و بیرکردنەوە لێی و ڕاوەستان لە سەری، زانیاری زۆرمان بۆ ڕوون دەکاتەوە، من لێرەدا دەستی لێ هەڵدەگرم و دەچمە سەر باسێکی دیی و ئەوەی ماوەتەوە بەخوێنەران و پسپۆڕانی ئەو بەشە دەسپێرم.

لایەنێکی دیی لە ژیانی خانا، ئەو بەرهەمانەیە لە کاتی ژیانی دا نووسویەتی و ئێستا مشت و مڕی زۆری لە سەرە، خانا چەندین شاکاری جوانی بۆ بەجێ هێشتووین و لە هەندێ لەو شاکارانەدا ساڵی نووسینەوەی بۆ دیاری کردووین، وەک لە شیرین و خوسرەوەکەی دا دەڵێ:

**تاریخ هیجرەت (ختم المرسلین)**
**موتیع دیوان شەرح شەرع دین**
**ڕۆی دووشەمە بی (ژی حجەالحرام)**
**هەزار و پەنجا یەکسەد سێ تەمام**

خانا لە ساڵی ١١٥٣ی کۆچی دا شیرین و خوسرەوەکەی تەواو کردووە، هەروەها لەیلێ و مەجنوونەکەی لە ساڵی ١١٥٤ی کۆچی دا تەواو کردووە، بەڵگەش بۆ وتەکەم ئەم چەند دێرەی خانا خۆیەتی:

**غەین و قاف و نوون، دال ئەبجەدی**
**حساب کەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی**
**هەزار و یەکسەد و پەنجاو چوارەن**
**ڕۆشنتەر جە سووی شۆڵەی وەهارەن**

دەبێ خانا لە کاتی نووسینەوەی لەیلێ و مەجنوونەکەی دا تەمەنی ٧٧ ساڵ بێ، ئەمەش جێگەی پرسیارە، ئایا خانا ئەوەندە ساڵ ژیاوە، یان بڵێین شاعیرێك لە تەمەنی ٧٧ ساڵی دا توانیوویەتی لەیلێ و مەجنوونێکی ١٦٤٩ بەیتی بنووسێتەوە.

بەڵام کاك حەکیمی مەلا ساڵح لە یوسف و زلێخاکەی خانا دا دەڵێت: خانا دوای شیرین و خوسرەوەکەی هەستاوە بە نووسینی داستانی شیرین و فەرهاد، ئەم شاکارە لە ٢٣٤٠ بەیت پێکهاتووە...

بەپێی سەرەتای شیرین و فەرهادەکە ئەم بەڵگەمان پێ دەبەخشێت:

**جەدمای کیتاب خوسرەو و شیرین**
**جەرووی تەواریخ ویەردەی وەرین**
**داستانی شیرین و فەرهاد**
**تاقوستان جامرێز بێستوون کەین یاد**

ئەبێ ئەوەش بڵێین: ئایا خانا لە ماوەی یەك ساڵدا دوو داستانی نووسیووەتەوە؟ ئەمەش جێی گومانە و دوو داستان کە هەردووکیان ٣٩٨٩ بەیت بێت، توانا و وزەیەکی یەکجار زۆری ئەوێ.

دیسان کاك حەکیم دەڵێت: داستانی شیرین و خوسرەو و شیرین و فەرهادەکەش بە ٣٠٤ بەیتەکەی لای منیشەوە هێشتا دەکاتە





٨١٧٠ بەیت و بەم پێیە ٣٥٠ بەیت لە هەردوو شاکارەکە دیار نییە.

بەڵام گومان دەکەم لەوەی خانا (شیرین و فەرهاد)ەکەی دوایی شیرین و خوسرەوەکەی نووسیبێتەوە، دەکرێ ئەو داستانەی نووسیبێت و سەر لەنوێ ڕێنووسی کردبێ و زیاد و کەمی تێدا کردبێ، یان پاش ئەوەندە ساڵ لەلایەن کەشکۆڵ نووسانەوە دەستکاری کرابێ، ئەمەش پرسیارێکە و بێ وەڵامە، بەڵام دوو شاکاری گەورە لە ماوەی یەك ساڵدا بنووسرێتەوە بۆ خۆی جێگای سەرسوڕمانە!

لە لەیل و مەجنوونەکەی خانادا هاتووە،[5] کە لە پاش خەسرەو شیرینەکەی دەستی بە نووسینی لەیل و مەجنوونەکەی کردووە:

**ئەر تەوفیق دەرۆ بینای بیهتەرین**
**جەدمای مەکتووب (خوسرەو و شیرین)**
**عەجەبتەر جە سڕ سیحری سامیری**
**واچۆم وەسف عەشق قەیس عامیری**

هەروەها خانا لە کاتێکدا نامەی شیعری لەگەڵ میرزا شەفیعی کولیایی دا گۆڕیوەتەوە، میرزا شەفیع بەپێی مێژووی وێژەی کوردی د. سدیق سەفی زادە لە ساڵی ١١٦٩ی کۆچی لە دایك بووە.

بەپێی ئەم ساڵە کە سەفی زادە بۆ ژیانی میرزا شەفیعی داناوە بەینی خانای قوبادی و میرزا شەفیع ٨٦ ساڵە. وەکو لە سەرەوە وتمان خانا لە ١١٥٤ی کۆچی دا لەیلێ و مەجنوونی نووسیوەتەوە و ئەوکات تەمەنی ٧٧ ساڵ بووە، بەپێی ئەم ساڵانە خانا لە تەمەندا بووە، کەواتە دەبێ خانا ١١٦٩ی کۆچی لە ژیاندا بووبێ و ئەمەش ئەو ساڵەی بۆرەکەیی کە خۆی بۆ کۆچی خانای لە قەڵەم داوە ڕەت دەکاتەوە، ئەو ساڵەش ١١٦٨ی کۆچییە. هەروەها دەبێ خانا شیعرێکی بۆ میرزا شەفیع نووسیبێ، میرزا شەفیعیش لە ١١٦٩ی کۆچی هاتبێتە دنیاوە،[6] ئەمەش ئەوە ڕەت دەکاتەوە یان میرزا شەفیع لە ١١٦٩ی کۆچی لە دایك نەبووە یان خانا لەو تەمەندا نەبووە، چونکە خانا لەو شیعرەی دا بۆ میرزا شەفیعی ناردووە باسی پیری خۆی دەکات و ئاماژە بەوە دەکات کە تەمەنی ٥٤ ساڵ بووە.

**پەی سەنەی ساڵم، پەی سەنەی ساڵم**
**دیام وە تاریخ پەی سەنەی ساڵم**
**پەنجا و چوار بیم هەرەس وە ماڵم**
**پیری وە بێ دەنگ بی وە زەواڵم**[7]

جگە لەمانەش باسی پیری دەکات و پیری زوو بووەتە میوانی و لە گەنجی کەوتووە، لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا خانا ئەو شیعرەی بۆ میرزا شەفیع نووسیوە لە تەمەنی ٥٤ ساڵی دا بووە؟ دەبێ خانا لە چی ساڵێکدا بوو ئەو پارچە شیعرەی

نووسیبێ؟ خانایەك زۆرێك لە نووسراوەکانی ئاماژە بە سالّی نووسین و یادگاری و شانازی و ڕووداوی جۆربەجۆر بکات، جێگەی بڕوا نییە بۆ خوێنەران کە شیعرێك نەبێ باسی سالێك نەکات کە ئەو شیعرەی تیادا نووسیبێ.

**قامەت ڕێك و ڕاست، وەسەر نەی ڕەوان**
**پیری چەفتی کەرد وەك چەفتی کەوان**
**پیر و کەفتەکار قامەت قەواخم**
**شەریك مەینەت ڕەفیق ئاخم**

لە شیکردنەوەی نامە شیعرییەکانی خانا بۆ میرزا شەفیعدا لە نێوەندی شیعرەکەدا ئەم چەند دێرەی سەرەوەش بەلّگەیەکی ترە بۆ قسەکانمان، ئەم دوو دێرە شیعرە گومان دەکەم دووبارەکردنەوەی سالّی تەمەنی خانای قوبادی بێت، بە بۆچوونێك کە خانا نەیویستووە بەهەمان شێوە دووبارەی بکاتەوە، بەم شێوە دووبارەی کردۆتەوە، هەم بۆ جوانکاری شیعرەکە و هەم دووبارە نەبووەنەوەی هەمان دێر، تاکو ببێتە هۆی لاوازبوونی شیعرەکە و هەم خانا و هەم شیعرەکەش ببێتە شوێنی ڕەخنە لێگرتن..

وای بۆ دەچم خانا ئاوای وتبێت: قامەتم ڕێکە، واتە: ١٠٠٠، ڕاست: واتە: ١٠٠، پیری چەفتی کرد وەکو چەفتی کەوان دەکاتە ژمارە (٥٠)، واتە وەکو ئەو دار و لاستیکەی کەوانەکە کاتێك ڕادەکێشرێت وەکو ژمارە پێنجی لێ دێت... کاتێکیش تیرەکە لە ناوەڕاستی دادەنێیت وەکو ژمارە چواری لێ دێت... دەکاتە ژمارە (٤)، یان هەندێ کەوان هەیە خۆی وەکو ژمارە (٤) وەهایە، ئەمە بۆچوونی منە.. لە نیوە دێری دواتریشدا دەلّێت قەواخ،

مەبەستی لە خڕی و شێوە گۆییە کە وەکو پێنج وەهایە.. ئەمەش بەلّگەیەکی دییە بۆ دلّنیایی کردنەوە و تەمەنی خانا کە لە تەمەنی ١١٥٤ و لە سەرەوەش سالّی خۆی بە پەنجاوچوار داناوە، کەواتە خانا لەو تەمەنەدا داستانێکی نووسیوەتەوە و ئەم شیعرەشی بۆ میرزا شەفیع ناردووە، هیوادارم بەهەلّەدا نەچووبم.

لە بۆچوونێکی تری دا، ئەگەر وشەی (قەواخم) بە (قەواغم) بنووسرێت و نووسرەوەی شیعرەکە بەهەلّە (قەواخم)ی نووسیبێ، ئەوا وشەی (قەواغم) بەپێی ڕیزبەندی پیتەکان دەکاتە سالّی (١١٥٢) بەم شێوەی لای خوارەوە:

ق ه و ا غ م

١٠٠ + ٥ + ٦ + ١ + ١٠٠٠ + ٤٠ = ١١٥٢

ئەگەر ئەم بۆچوونە ڕاست بێت، ئەوا دەبێ خانای قوبادی لە سالّی ١٠٩٨ی کۆچی لە دایکبووبێت، ئەوکاتە دێرە شیعرەکە ڕاست دەردەچێت کە دەلّێت: عومرم بووە بە





پەنجاوچوار سالّ... ئەگەرچی گۆڕینەوەی سالّی زاینی بەرامبەر بە کۆچی یەك دوو سالّ زیاد و کەمیان هەیە، دەبێ ئەوەش لە بەرچاو بگرین، لە سەر ئەو بۆچوونەم کە دەلّێم سالّی ١١٥٤ خانا نامە شیعرییەکەی بۆ میرزا شەفیع نووسیوە، دەبێ هەلّە بێت و خانا لە سالّی ١١٥٢ی کۆچی دا نامە شیعرییەکەی نووسیبێت...

ئەمەش ئەو شیعرەیە کە بۆ میرزا شەفیعی نووسیوە و باسی سالّی لە دایکبوونی خۆی کردووە و ئێمە پێویستمان پێیەتی. وەکو دەبینین خانا لە شیعری پەی سەنەی سالّمدا دەلّێت: ئێستا تەمەنم بووە بە پەنجاوچوار سالّ، تەمەنم هەرەسی هێناوە، واتە: بەرەو کۆتایی دەڕوات و نزیك بوومەتەوە لە مردن، پیریش بەبێ دەنگی هاتۆتە میوانم، خانایەك خۆی بلّێ عومرم پەنجاو چوارە و پیربووم، ئیتر ئەوانەی کە دەلّێن خانا لە سالّی ١٠٨٣ یان ١٠٨٥ لە دایکبووە، قسەیان بۆ ئەم بابەتە چییە، ئەگەر وا بزانن خانا لەو دەمەدا کە شیرین و خوسرەوەکەی وەرگێڕاوە یان نووسیویەتییەوە لە سالّی١١٥٣ و لەیل و مەجنوونەکەی لە سالّی ١١٥٤ کۆچییدا تەواو کردووە، تەمەنی دەکاتە ٧٠ سالّ یان کەمتر لەوە و هەندێ لە نووسەران و لێکۆلّەرانیش دەلّێن: لە سالّی ١١٧٨ یان ١١٧٩ی کۆچیی لە دونیا دەرچووە، ئەگەر وا دابنێین خانا لە سالّی ١٠٨٣ لە دایکبووە و لە سالّی ١١٧٨ی کۆچی لە دونیا دەرچووە، کەواتە: خانای قوبادی ٩٥ سالّ ژیاوە، کەچی هەتاکو سالّی نووسینی لەیل و مەجنوونەکەی بە ١١٥٤ دیاری کردووە و دوای ئەوە هیچ بەرهەمێکی ئەم شاعیرە دیار نییە، ئاخۆ لە فیکر و بیکری هیچ کەسێکدا هەیە و دەبێ خانایەك خاوەنی ئەو هەموو داهێنان و بەهرەیە بێت، ٤٠ سالّ هیچ بەرهەمێکی نەبێت و لە ماوەی دوو سالّدا دوو شاکاری گەورە بەرهەم بێنێت...

مامۆستا غەفار ئیبراهیمی سارۆیی لەم چەندانە دەستنووسێکی شیرین و فەرهادی پێ نیشاندام، ئەو شیرین و فەرهادە لەلایەن سەیید موحەممەد حوسەینی بەناوی (میرزا شەفیعی پاوەیی) لە ئێران لە چاپی داوە، کاك غەفار بەم چاپەی نەزانیبوو، پێی وابوو کە ئەمە شیرین و فەرهادەکەی خانای قوبادییە و دەیگوت ئەمە شیرین و فەرهادی خانایە، بەلاّم کاك حەکیمی مەلا سالّح لە یوسف و زولّەیخاکەی خانادا دەلّێت: شیرین و فەرهادەکەی خانا لە ٢٣٤٠ بەیت پێکهاتووە و خانا دوای خوسرەو و شیرینەکەی نووسیویەتی، هەر وەکو لە سەرەتاکەیدا بەم دوو بەیتە ئاماژەی پێ

دەكات:

**جەدمای كیتاب خوسرەو و شیرین**
**جە رووی تەواریخ ویەردەی وەرین**
**داستانی شیرین و فەرهاد**
**تاقوستان، جامرێز، بێستوون كەین یاد**

واتە: لە دوای خوسرەو و شیرین، لە رووی مێژووە كۆنەكان، چیرۆكی شیرین و فەرهاد و تاقوستانی ئاوێنە بەند و چیای بێستوون یاد بكەینەوە.

شایانی باسە خانا لە دێرەكانی كۆتایی ئەم بەرهەمەیدا دەڵێ:

**ئەشعاری كیتاب، بێ كەم و زییاد**
**خوسرەو و شیرین، شیرین و فەرهاد**
**هەشت هەزار چەنی پانسەد و بیسەن**
**ئەر تاریف نەبۆ، خەیلێ نەفیسەن**

بەڵام شیرین و فەرهادەكەی بەناو میرزا شەفیعی پاوەیی كە لە ڕاستی هی ئەو نییە، نزیك بە ٨٠٠ بەیتە و لە كۆتاییدا نووسراوە:

**تاریخ گوفتار بەندەی مەینەت بار**
**هەزار و یەكسەد، هەشتاد و چەهار**
**ئەر سەهووی تێش بۆ، خەتام نەگیران**
**حوجرەی زەین وێم، خەم كەردن وێران**
**یە (شەفیع) واتەن، دەروون پوور جە دەرد**
**شەوان مەكێشۆ، هەناسان سەرد**

لێرەدا ئاماژە بە ساڵی ١١٨٤ی كۆچی دەكات، پرسیار لێرەدایە، ئایا خانای قوبادی تاكو ئەو ساڵە لە ژیاندا بووە وەكو نووسەران و لێكۆڵەران دەڵێن تاكو سەرەتایی ١١٧٠ی كۆچی لە دونیادا بووە، واتە لە كۆتایی شەستەكاندا مردووە، ئەگەر ئەم شیرین و فەرهادە هی خانای قوبادی بێت، دەبێ خانای قوبادی نزیك بە ١٠٠ ساڵ ژیابێت...

ئاشكرایە خانا نامەی زۆری گۆڕیووەتەوە لەگەڵ میرزا شەفیع دا، بەڵگەش بۆ ئەم قسانەم ئەو شیعرەی خانایە كە بۆ میرزا شەفیعی كولیایی ناردووە و لە سەرەوە ئاماژەم پێكردووە، ئەگەرچی لە مێژووی نێو شیعرەكەدا هەندێ لایان وایە هەڵەیە، بەڵام لە دەستنووسەكەی لای مندا و لەلای كاك غەفاریش هەیە، هەمان شێوەیە، ئەوانەی لایان وایە خانا لە ساڵی ١٠٨٣ یان ١٠٨٥ لە دایكبووە، دەبێ خانای قوبادی ئەو نامە شیعرییەی بۆ میرزا شەفیعی ناردووە ساڵی ١١٣٧ یان ١١٣٩ی كۆچی ئەم نامە شیعرییەی بۆ میرزا شەفیع ناردبێت، و لەیل و مەجنوونەكەی لە تەمەنی ٧١ یان ٧٣ ساڵی دا نووسیبێتەوە، كەچی هیچكام لە نووسەران و لێكۆڵەران نەگەشتوون بەو ئەنجامەی خانا لە چی ساڵێكدا مردووە، بەڵام لە لەیل و مەجنوونەكەی خانادا هاتووە و دەڵێت:

**شاعیرێ شەریف، شەفیعی دەستوور**





**ئەر پەرسۆ تاریخ ئی نامەی مەستوور**
**غەین و قاف و نوون، دالی ئەبجەدی**
**حیساب كەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی**
**رووات عەرەب دانایانی دەور**
**ئەو تاریخ وانان، شەفیع تەرز و تەور**

بەپێی ئەم شیعرەی خانا كە باسی ساڵی نووسینی لەیل و مەجنوونەكەی كردووە و ئاراستەی میرزا شەفیعی كولیایی دەكات، ئاماژە بۆ ساڵێك دەكات، لەم ساڵەدا ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە خانا لە ساڵی ١١٥٤ی كۆچی ئەم كتێبەی نووسیوە.

د ن ق غ
١٠٠٠ + ١٠٠ + ٥٠ + ٤ = ١١٥٤ ك

ئەمەش گەرای ئەوەمان بۆ دادەنێت كە خانا لەو تەمەنەدا نامەی گۆڕیووەتەوە لەگەڵ میرزا شەفیع دا، كەواتە خانای قوبادی ١١٠٠ی كۆچی لە دایك بووە، ئەو ساڵانەی كە سەفی زادە بۆ میرزا شەفیعی كولیایی داناوە ڕەتی دەكاتەوە، سەلمێنەری قسەكانیشم ئەو شیعرەی خانا خۆیەتی.

ئەگەر تەمەنی خانا ٥٤ ساڵ بێت و لەیل و مەجنوونەكەی لە ساڵی ١١٥٤دا نووسیبێتەوە، ئەگەر ٥٤ ساڵی لێ دەربكەین، بەپێی ئەو دوو شیعرە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە كە خانای قوبادی لە ساڵی ١١٠٠ی كۆچی لە دایكبووە، لە كۆی ئەو پرسیارانە و بەپاڵپشتی ئەو دوو شیعرەی خانا خۆی، ئەم قسە لێرەدا دەكەم، ئەو دوو شیعرەش بە باشترین سەرچاوە دادەنێم بۆ ڕاستی ژیانی خانای قوبادی، بۆیە هەر ئەوەش دەكەم بە بەڵگە و ئەوانی دیی ڕەت دەكەمەوە.

خانای قوبادی لەو دوو شیعرەی دا كە یەكیان بۆ میرزا شەفیعی كولیایی ناردووە و ئەوی دییان لە لەیل و مەجنوونەكەدا ئاماژە بە ساڵی ١١٥٤ی كۆچی دەكات، لە سەرەتای داستانی لەیل و مەجنوونەكەشدا بەم شێوە دەست پێ كات و دەڵێ:

**شاعیرێ شەریف، شەفیعی دەستوور**
**ئەر پەرسۆ تاریخ ئی نامەی مەستوور**
**غەین و قاف و نوون، دالی ئەبجەدی**
**حیساب كەرۆ حەرف وێنەی عەسجەدی**

لەم شیعرەوە ئەو گومانەی لە سەر ژیانی خانا دروست بووە بەلاوە دەنێت و ڕاستی و دروستی دەدات بەدەستەوە. خانا لەو ساڵەدا (١١٥٤)ی كۆچی ئەو شیعرەی نووسیوە، هەر لەو شیعرەی تری دا كە دەڵێت:

**پەی سەنەی ساڵم، پەی سەنەی ساڵم**
**دیام وە تاریخ پەی سەنەی ساڵم**
**پەنجا و چوار بیم هەرەس وە ماڵم**
**پیری وە بێ دەنگ بی وە زەواڵم**

ئەوەمان بۆ ڕوون دەكاتەوە كە خانای قوبادی لە چ ساڵێك دا لە دایك بووە، لەم

شیعرەی خاناوە کە بۆ میرزا شەفیعی ناردووە، ئاماژە بە تەمەنی خۆی دەکات و ئەو تەمەنەی خاناش وەکو دیارە تەمەنی (٥٤) ساڵییە و پیری بەمیوانی بووە، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە خانا لە ساڵی ١١٠٠ی کۆچی لە دایك بووە، نەك ئەو ساڵانەی نووسەران بۆ ساڵی لە دایك بوونی خانا لە قەڵەمیان داوە.

لەم شیعرەی دا خانا بە تیرێ دوو نیشان دەپێکێ، یەکیان ساڵی ژیانی خۆیەتی کە تەمەنی بووەتە ٥٤ ساڵ و ئەوی تریان ١١٥٤ی کۆچییە، لەوانەیە هەندێ پرسیار بکرێ و هەندێکیش بڵێن: چۆن و چی و چی و ناوێ، بۆ ئەو پرسیارانە دەڵێم: خانا لە ١١٥٤ی کۆچی داستانی لەیل و مەجنوونەکەی نووسیوە و ئاماژەی بە میرزا شەفیع کردووە و لەم شیعرەشدا ئاماژە بە ٥٤ ساڵی خۆی دەکات، ئەمەش هیچ گومانێك ناهێڵێت و ئەو تەم تومانەی مێشکمان دەتەکێنێ و تەسکینی بە دڵمان دەدات.

هیچ کات لەگەڵ ئەوەدا نیم خانای قوبادی ە ساڵی ١٠٨٣ یان ١٠٨٥ لە دایك بووبێت، چونکە لە دوای ساڵی ١١٥٤ی کۆچییەوە هیچ بەرهەمێکی خانا لە بەردەستدا نییە، خانا خۆیشی دەڵێت: تەمەنم بووە بە پەنجا و چوار ساڵ و پیری بووە بەمیوانم...؟!

هەروەها مامۆستا محەمەد عەلی قەرەداغی لە دیوانی (ڕەنجووری) دا کە باسی ژیانی ڕەنجووری دەکات، دەڵێت:

**ئەو ساڵ کە ئەی فیکر ئاوەردم وە هەم**
**عومرم یاوا بی وە پەنجا، پەنج کەم**

واتە تەمەنی (٤٥) ساڵ بووە، کە ئەو میعراج نامەی نووسیوە، دوایی ساڵی نووسینی میعراج نامەکە دیاری دەکا و دەڵێ:

جە سەنەی هەزار دووسەد و نۆدا
ئەی میعراج نامە جە لای من ڕوودا

بەم پێیە ڕەنجووری لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچی دا هاتووەتە دنیا.[8]

دیسان لەم دیوانەدا شاعیر لە شیعرێکدا ناوی چەند شاعیرێکی فارس و کورد بەیان دەکات، لەم شیعرەدا باسی خانا بەم شێوە دەکات:

**شوعەرای کوردستان گۆیندان خاس**
**هەرچی مەشهوورەن پەرێت کەروو باس:**
**مەلا نەجەف نام، خانای قوبادی**
**یەك مەلا ساڵح جەرگەی موورادی**[9]

لەم ژیاننامەی مەلا عومەری زەنگەنە (ڕەنجووری)دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کە ڕەنجووری تەمەنی خۆی دەست نیشان دەکات بە ١١٦٤ی کۆچی، ئەمەش پەڕەیەکی دیمان بۆ ڕوون دەکاتەوە لە





باسی ژیانی خانا. ئەوەی ڕوون دەبێتەوە لە باسی ژیانی خانا دا ئەویش ئەوەیە ڕەنجووری لە ساڵی ١١٦٤ی کۆچی لە دایك بووە، ئەو شیعرەی بۆ یادکردنەوەی شاعیرانی فارس و کورد نووسیوە، هەر چەندە باسی ساڵ و ساڵی دیاری کراو بۆ شیعرەکە نەخراوەتە ڕوو، بەلام پەردە لە سەر ئەوە هەڵدەماڵێ کە خانا تاکو سەرەتای تەمەنی ئەو شیعرە لە دنیا دا بێ یان نەبووبێ، بەلام زانیاری مەلا عومەری ڕەنجووری لە سەر خانا ڕوون دەکاتەوە کە خانا ناوبانگی لە کوردستانی باشووردا هەبووە، هەر چەندە سنوورەکان دیاری کراو نەبووە لەو دەمەدا. بەلام گەرای ئەوە دادەنێت کە مەلا عومەری ڕەنجووری، هەر چەندە نازانرێ ئەو شیعرەی لە چ ساڵێکدا نووسیوە، خۆ ئەوە ئاشکرایە مەلا عومەر ناوبانگی خانای بیستووە و لە شیعرەکەی دا یادی کردووەتەوە، دیسان ئەگەر بڵێین: چەند ساڵێك بووبێ خانا مرد بێ، یان خاناش مابێ، گومان دەکرێ، چونکە دەقاودەق نازانرێ خانا لە چی ساڵێکدا وەفاتی کردووە، بەلام بەپێی ئەم بەڵگە و ئەو بەڵگانەی دی کە دەخرێنەڕوو، گەرای ئەوە دادەنێت کە خانا هەتاکو ١١٦٩ی کۆچی ژیابێ و مەلا عومەری ڕەنجووری لە تەمەنی لاوی دا ئەو شیعرەی نووسی بێت.

دەکرێ بڵێین: ڕەنجووری ئەو شیعرەی لە نزیکەی بیست تا سی ساڵی دا نووسی بێت، ئەمەش تەنها گریمانەیە و هیچی دی. چونکە بەینی لە دایك بوونی ڕەنجووری و وەفاتی خانا ئەوەندەی بەین نییە تاکو بڵێین خانا زوو لە بیرکراوە و شوێن قەڵەمی لەناو ئەدەبیاتی کوردی ئەو سەردەمەدا کوژرابێتەوە.

لە پارچە شیعرێکی دیی دا کە مەلا عومەری ڕەنجووری بۆ لاواندنەوەی میرزا محەمەد (وەلی دێوانە) دا نووسیویەتی، زانیاریی گەلێکی ترمان بۆ دەخاتە پێش چاو و دەڵێت:

**چرای (باجەلان) مولك (دەڕنە) بی**
**هام قیران ئەو جەی قەڕنە نەبی**
**ئاوازش بەرز بی نە گردین شاران**
**بوڵەند کەردە بێ نام نامداران**
**وە عەشرەت (گێژ) بی بەڵێ وەش تەرز بی**
**نام گشت عەشرەت جە فەیزش بەرز بی**
**(زەند) و (زەنگنە) و (جاف) و (پالانی)**
**گشت خاتر شاد بین بەو قەیس سانی**
**سەدای شوعەراییش جە عام مەنشوور بی**
**شیعرش شیرین تەرز (سەعدی) دەستوور بی**
**خاڵ خاسان زێد (بنکوورە) و (زەهاو)**
**نازداران موڵك ئەی ئاو تا ئەو ئاو**[10]

لەم پارچە شیعرەوە ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتە مولکی هۆزی باجەلان بنکوورە و

زەهاو و دەڕنە و هەردوو ئاوەکەش مەبەست لە ئاوی سیروان و ئاوی ئەڵوەندە، بەڵام بەو ناوهێنانەی خانا کە پێشتر باسمان لێوە کرد لە بارەی باوك و باپیر و هۆزەکەیەوە، پەردەیەکی گومانی لێرەدا دروست کردووە، هەرچەندە دەڵێن: خانا کوڕی قوباد بەیگی حاکمی دەڕنە بووە، بەڵام خانا ناوی قوباد قۆچاغی بە دوو شێوە هێناوە و پێشتر باسی لێوە کراوە، کە یەکیان دەکاتە باوکی و ئەوی دییان ناوی هۆزەکەیەتی، ئەمانە هەموویان پەنجەی گومانیان لە سەرە، پێویستە لێکۆڵینەوەی زیاتری لە سەر بکرێت. بەش بەحاڵی خۆم دەڵێم: خانا ناوی باوکی قوباد قوچاغ بووە و باپیرەشی ناوی ئەمیرخان بووە، لە هۆزی قوبادی جاف جوانڕۆیە، بەڵام دەبێ ئەو کاتە (دەڕنە) کە لە مولکەکانی باجەڵان بووە و بۆ ماوەیەك بە دەستی جافەکانی جوانڕۆوە بووە و دواتر باجەڵانەکان لە ژێر دەسەڵاتی ئەوانیان دەرکردبێت.

لێرەدا پرسیار گەلێکی دیی هەیە کە وەڵامدانەوەی زۆر گرانە و پێویستی بە زانیاری گەلێکی بەڵگەدار و باوەڕپێکراوە، ئەویش ئەوەیە، ئایا ئەو کاتە مولکی دەڕنە لە دەستی جافەکانی جوانڕۆ بووە، خانا لە ژیاندا بووە یان مردووە، یان هەر لەدایك نەبووە، بەڵام بەلای ئەوەدا دەچم کە بەدەستی خانای قوبادییەوە بێت و باجەڵانەکانیش بۆ وەرگرتنەوەی ئەو مولکە شەڕیان دژی جافەکان کردبێت بۆ وەرگرتنەوەی، یان خانای قوبادی گیراوە، ئایا بەهۆی ئەوەوە نەبووە خانا خاکی دەڕنەی بەدەستەوە بووە و باجەڵانەکان وەریانگرتۆتەوە و خاناش بەدیل گیرابێت.[11]

لە بارەی ئەوەوە دەڵێن: خانا بەهۆی ڕاڤەکردنی قورئانەوە بۆ کوردی، تووشی ڕاکردن و دەربەدەری بووە، گومان دەکەم، چونکە خانا لەو شیعرەی دا کە باسی پلە و پایەی میرایەتی و دەسەڵاتی دەکات لەناو هۆز و تیرەکانی جافی جوانڕۆدا گومان دەخاتە سەر ئەوەی خانا گیرابێ لەلای ئەردەڵانەکان و ڕای کردبێ بۆ لای بابانەکان، بەڵام من گومانی ئەوە دەکەم لەبری ئەوانەی دەڵێن: خانا لای وەردەڵانەکان هەڵهاتووە و خۆی داوەتە پەنای بابانەکان بە هۆی ڕاڤەکردنی قورئانەوە بووە، ئەی بۆ نەڵێین: خانا بە هۆی ڕاڤەکردنی قورئانەوە لای دەسەڵاتدارانی باجەڵان گیرابێ!؟ ئایا ئەمەش ڕێگەی تێ ناچێت کە خانا لەو شیعرەدا باسی دیلی خۆی دەکات لای پاشای زەهاو کە باجەڵانە؟!

هەروەها لایەنێکی دی بۆ خوێندەواری خانا ئەوەیە، خانایەك خاوەنی ئەوەندە شاکاری بەرز بێت، دەبێ خوێنەوارێکی زۆر باش و لێهاتوو نەبێ، ئەگەر زۆرێك لە زانستەکانی ئایینی ئیسلامی نەزانیبێ و شارەزایی کاری سیاسی ناوچەکە و دەور و پشتی شارەکەی خۆی نەبووبێ، جگە لەمانەش بەپێی هەندێ شیعری نێو ئەم دیوانە ئەوەشمان بۆ ڕوون دەبێتەوە خانا ناوی زۆرێك لە قارەمانانی دنیای زانیوە و لە شیعرێکی دا یادیانی کردووەتەوە لەگەڵ پێغەمبەران دا، چ ئەوانەی لە قورئاندا ناویان هاتووە و چ ئەوانەی ناویان نەهاتووە، لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا ناوی هەندێ لە هاوەڵانی پێغەمبەری هێناوە، بەتایبەتی ئەوانەی زۆر لە پێغەمبەرەوە نزیك بوون، خانا لە سەرووی هەموو ئەمانەوە دەبێ ئاگادار نەبووبێ لە ئامێرەکانی موسیقای کوردی ئەو دەمە، ئایا بە مێشکی مرۆڤێکدا دێت خانا بە نەخوێندەواری ئەوەندە شاکاری جوانی نووسی بێت؟! یان دەکرێ بڵێین: کوڕی میرێك یان میرێك نەخوێندەوارێکی وا بێت، زۆر شاکاری جوان وەرگێڕێتە سەر شێوەزاری گۆرانی و بە ڕۆحێکی کوردیانەوە دایڕێژێتەوە؟

لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا دەڵێم: خانا زانایەکی باش و لێهاتووی زانستەکانی ئایینی ئیسلام و پیاوێکی سیاسی زان و شارەزایی ئامێرەکانی موسیقی کوردی بووە، بۆیە توانیوویەتی ئەو هەموو شاکارە جوانانە وەرگێڕێ و بۆ نەوەکانی دوای خۆی بەجێی بهێڵێ. کە شاهیدی ئەم بۆ چوونەش شیعرەکانی خانایە بەتایبەت مەجلیس ئارایی لە مەنزومەکانیدا، کە باسی زۆربەی کەرەسەکانی مۆسیقا و کاربوردیان ئەکات.

بۆچوونی من دەربارەی شوێنی لە دایکبوونی، دەڵێم: لە ناوچەی جوانڕۆدا لە دایکبووە، چونکە ئەو ناوچەیە نزیکە لە شوێنی نیشتەجێ بوونی باجەڵانەکان و ناوکرۆکی جافەکانی جوانڕۆیە.

هەروەها سەبارەت بەساڵی مردنی خانا، زۆرێك لەوانە ساڵی کۆچیی خانایان بەم شێوە لە قەڵەداوە و لێرەدا ڕیزبەندیان دەکەم:

١- مامۆستا سەیید تایەری هاشمی و محەمەد عەلی سوڵتانی ساڵی کۆچی خانا بە (١١٩٢)ی کۆچی لە قەڵەم دەدەن.

٢- مامۆستا صدیق سەفی زادە و مەلا ساڵحی شێخی لە گولزاری کوردستان و نامیلکەی چاپی کۆن و بەگزادەکانی جوانڕۆ، ساڵی مردنی خانا بە (١١٦٨)ی کۆچی دەزانن.

٣- مامۆستا سەجادی، ساڵی مردنی خانا بە (١١٧٩)ی کۆچی بەرانبەر بە (١٧٥٩)ی

زایینی دەزانێت.

٤– مارف خەزنەدار، ساڵی وەفاتی خانا بە (١٧٧٨)ی زایینی بەرانبەر بە (١١٩٨)ی کۆچی لە قەڵەم دەدات.

٥– هەروەها کاک حەکیمی مەلا ساڵح، ساڵی مردنی خانا بە (١٧٣٠)ی زایینی بەرانبەر بە (١١٥٠)ی کۆچی لە قەڵەم دەدات.

ئەوەی ماوە بیڵێم خانا بەپێی ئەو شیعرەی بۆ میرزا شەفیعی کولیایی ناردووە و بەپێی ئەو لێکۆڵینەوەی لە سەر هەردوو ساڵی ژیانی خانا و میرزا شەفیع خستمەڕوو، دەکرێ بڵێین: خانا لە ساڵی ١١٦٩ی کۆچی لە ژیاندا بووە، هەتاکو دیتنەوەی بەڵگەی دی لە بارەی ژیانی خاناوە ئەوەندە دەنووسم و ئەوەی دی بۆ کاتێك بەجێ دەهێڵم کە بەڵگەی زیاتر و وردتر و بەسوودی دیم دەستکەوێت.

لە کۆتایی ئەم لێکۆڵینەوەی ژیانی خانای قوبادی دا دەڵێم، هیوادارم توانیبێتم پەرەیەکم لە ژیانی ئەم شاعیرە ڕوون کردبێتەوە و، هەندێك تەم و مژیم لەسەر لابردبێ و کاری دروست و چاکم بۆ خستبێتە ڕوو، ئەوەی ماوە بیڵێم: هەرچی توانا و بیر و هۆشی خۆم بووە بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە خستووەتە کار و ئەوەی لە دەستم هاتبێ درێغیم نەکردووە، بۆیە دەڵێم: لەوانەیە ئەم لێکۆڵینەوەی منیش هەندێ هەڵە و کەم و کووڕتی تێدا بێ، ئەگەر لێکۆڵینەوەکەم هەڵە و کەم و کورتی تێدا بوو، ئەوا داوای لێبووردن لە خانا و خوێنەرانی خانا و لێکۆڵەران و نووسەران دەکەم و چاوەڕوانی ڕێنوێنیشیانم.

پەراوێزەکان:

* ئەم بابەتەم هەنارد بۆ گۆڤاری (واتەی) دەزگای ئاراس تاکو بڵاو بکرێتەوە، ئەوانیش داویانە بە گۆڤاری ئاینده ئێستایە، بەداخەوە نە بڵاوکرایەوە، نەش زانرا چی بەسەر هاتووە...

بەداوای لێبووردنەوە هەندێ لەم بابەتەم لە گۆڤاری زریباندا بڵاو کردەوە، بەڵام لە یەك دوو شوێندا هەڵەی تێدا بوو، بۆیە بەپێویستم زانی ئەو هەڵانە چاك بکەمەوە و هەندێ دەستکاری بابەتەکەش بکەم.

١ زانایانی کورد: محەمەد ساڵح ئیبراهیمی (شەپۆل)– چاپخانەی سەقز(محەمەدی)– (لا– ١٠٤).

٢ یادی شاعیرانی کورد: هۆنراوەی حاجی شێخ حامد حیسامی– چاپی یەکەم، ١٣٨٢ی هەتاوی، چاپخانەی ڕۆستەم خای–تاران، لا–٧٥.

٣ لەلایەن کاك (غەفار ئیبراهیمی سارۆ) کۆپییەکی ئەو دەستنووسەم بەدەست گەیشت، بەڵام وێنەی ئەو لاپەڕەیەی کە ساڵەکەی پێوەیە لە بەردەستی مندا نەبووە، ئەوەش نابێتە پاساو بۆ وتەکانم، بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەو ساڵەی دانراوە لە سەر دەستنووسەکە، شتێکی ڕوونمان بۆ ڕوون ناکاتەوە لەوەی کە بە تەواوەتی نووسرابێت خانای قوبادی لە ساڵی ١٠٨٣ی کۆچی دا هاتووەتە





دنیاوە، تەنها لە سەر دەستنووسەکە ساڵێك بەدی دەکرێت، ئەو تەمەنە زۆرەش بۆ ئەو دەستنووسە، جێگەی بڕوا نییە بۆ لێکۆڵینەوەی زانستی.

٤ دەکرێ خانا لە سەرێکی دییەوە بگەڕێتەوە بۆ تیرەی عێل بەگی جافەکان، ئیدی لە دایکەوە بێت یان دایکی باوکی عێل بەگی بێت، هەروەها دەکرێ وشەی (ڕشیدی)ش بەسێ شێوە لێك بدرێتەوە:

یەکەمیان: خانا ناوی ڕەشید و میری جافەکان بێت.

دووەمیان: خانا خۆی بەکەسێکی ڕەشید: واتە گورج، شیك– بزانێت.

سێیەمیان: میرێکی ئازا و بەجەرگ... هەبێت بەناوی ڕەشید و میری جافەکان بێت– لە کۆندا یان لە سەردەمی خانا خۆی دا.

٥ لەیل و مەجنوونی خانای قوبادی: غەفار ئیبراهیمی "سارۆ"، چاپی یەکەم، چاپخانەی شڤان، سلێمانی– ٢٠١١، لاپەڕە ٣٣.

٦ دەکرێ ئەو کاتە میرزا شەفیع تازە لەدایك بووبێ و بۆ لە دایکبوونی شیعری نووسی بێت و خانا باسی پیری خۆی و ساڵی لە دایکبوونی خۆی و شتی وەهای کردبێ، ئایا ئەمانە ڕێی تێ دەچێت؟؟!

ئەوەش کاتێکدا و لە پارچەیەکی کەدا بۆ میرزا شەفیع دەڵێت:

خانا چوون تۆ پیر تۆ پیر چوون خانا      هەر دوو
خاك پای پیران دانا

٧ ئەم دێرە شیعرە لە بەرگی یەکەمی مێژووی وێژەی کوردی: سدیق بۆرەکەیی، لا– ٤٣٥ دا، بەم شێوە هاتووە:

یە سەد و شەستەن هەرەس وە ماڵم      پیری وە
بێ دەنگ بی وە زەواڵم

بەڵام بۆ خۆم بڕوام بەم تاکە نییە و نیشانەی (؟ و !) لە سەر ئەم دێرە دادەنێم و دەڵێم: ئەم تاکە دەستکاری کراوە.

٨ دیوانی ڕەنجووری: محەمەد عەلی قەرەداغی، چاپی یەکەم– چاپخانەی (أفاق عربیە) ١٩٨٣– (لاپەڕە–٦).

٩ هەمان سەرچاوەی پێشوو– (لاپەڕە– ٧٠).

١٠ هەمان سەرچاوەی پێشوو: (لا– ٢١٠)

١١ لەبارەی ئەم پرسیارانەوە پەیوەندیم بە مامۆستا ئیبراهیم باجەلانی خۆشەویستەوە کرد، لە سەر ئەو بڕوایەیە کە خانا لە عەشیرەتی باجەلانە و سووربوونیشی لە سەر ئەو بڕیارە پشت بەستنە بەوتەکانی سەیید تایەری هاشمی، لەبارەی مولکی دەرنەش دەڵێت: بەهیچ شێوەیەك لە ژێر دەسەڵاتی جافەکانی جوانڕۆدا نەبووە. بەڵام ئەو کات کە مولکی دەرنە لە ژێر دەسەڵاتی باجەلاندا بووە ساڵانی ناوەڕاستی هەزار و حەوت سەدەکان بووە نەك هەشت سەدەکان کە مامۆستا ئیبراهیم باجەلان بەو بەڵگانەدا دەڕوانێت، ئەوکاتەی باجەلانەکان کە زەهاویان ئاوەدان کردۆتەوە بەوتەی مامۆستا ئیبراهیم باجەلان، دەرنەیان لێ وەرگیراوەتەوە و زەهاویان ئاوەدان کردۆتەوە، بەڵام پێشتر مولکی دەرنە لە ژێر دەسەڵاتی باجەلانەکان وەرگیراوەتەوە و زەهاویان ئاوەدان کردۆتەوە، دەکرێ چەند جار ئەم کارە دووبارە بووبێتەوە؟!

بەش بەحاڵی خۆم لەو بڕوایەدام خانا لە سەر مولکی دەرنە گیرابێت لەلای باجەلانەکان، ئەمەش بەپێی ئەو بەڵگە شیعرییەی مەلا عومەری ڕەنجووری کە پێشتر خراوەتە ڕوو، ئەم پرسیارانە دەبێ زۆر بەوردی وەڵام بدرێنەوە و بەڵگەی باوەڕ پێکراو و بێ گومان و بێ پەردەی ئەم تووماوی بخرێنە ڕوو باسی لێوە بکرێت.



**سوارە کافرۆشی**

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی

# کار لە کار ترازا

ڕۆمانی کار لە کار ترازا بەرهەمی نووسەری فەرەنسی (جان پۆل سارتەر)ە، ١٩٠٥–١٩٨٠، جان پۆل سارتەر دامەزرێنەری ڕێبازی بونگەرایی (وجوودیی) تەنها ڕۆماننووس نەبووە، ئەو فەیلەسوف و شانۆنۆس و ڕۆمان نووس و وتار نووسێکی بەناوبانگ بوو، هەروەها لێکۆڵەری بواری نووسینیش بووە، زۆرێك بەرهەمی ئەدەبی و فەلسەفی هەیە، زۆرێك وتار و لێکۆڵینەوەی نووسیوە، ئەم ڕۆمانەی لە سەرەوە ناومان بردووە یەکێکە لە ڕۆمانەکانی سارتەر کە من پێم وایە هیچی لە ڕۆمانی هێڵنج کەمتر نییە کە زۆرێك لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نووسراوە.

هەر وەکو وتمان سارتەر تەنها ڕۆماننووس نەبووە بەڵکو شانۆگەریشی نووسیوە، شانۆنامەکانیشی پێکهاتووە لە:

– دەستە پیسەکان
– مێشەکان
– سۆزانییە بەرێزەکە
– دەرگا داخراوەکان.....

سارتەری بە ناوبانگ بە ڕۆمانی هێڵنج





نووسەری ڕۆمانی (کار لەکار ترازا)یە و زۆرێك لێکۆڵینەوەی نوسیوە لەوانە پەرتوکێکە لەسەر نووسەری فەرەنسی _ جەزائیری (ئەلبێر کامۆ) کە هاوڕێ و هاوپیشەی بووە.

گەر بێت و باسێك لە ڕۆمانی کار لەکار ترازا بکەین ئەوا لە زۆر ڕووەوە شیکردنەوەی بۆ دەکرێت، ڕۆمانێکە پڕ لە تەکنیك و فەنتازیا، دراماتیکێکە لەناو ڕۆماندا، دەتوانین بڵێین شێوازێکی درامی بەسەریدا زاڵە.. لە ڕووی چیرۆکیشەوە بەشێکی زۆری خەیاڵ بەسەریدا زاڵە، شێوازی گێرانەوەکەی دابەش کراوە بەسەر دیمەنەکاندا، واتە هەر دیمەنێك لە ڕۆمانەکە ناوێکی تایبەتی بۆ دانراوە، لەگەڵ ئەوەشدا ڕووداوەکان بەشێوەیەکی پتەو بەیەکەوە بەستراونەتەوە لابردنی هەر یەکێکیان لەنگیەك لەوەی دوای خۆی دروست دەکات.

هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی چیرۆکەکەوە سارتەر دوو وێنەی جیاوازمان نیشان دەدات، کەوا لە خوێنەر دەکات کەڵکەڵەی ئەوە بکەوێتە سەرییەوە کە هیچ شتێك ئەم دوو وێنەیە بەیەکەوە نابەستێتەوە، بەڵام سارتەر زیرەکانە دوو وێنەی جیاواز لە یەکتری گرێ دەدات.

لە وێنەی یەکەمدا ژووری پیلانگێرانمان پێ ئاشنا دەکات کە چوار پیلانگێر لە خۆ ئامادەکردندان بۆ بەرپا کردنی شۆڕش.

ئەوەی لێرەدا زۆر سەرنجی ڕاکێشام هەڵەیەکە جا نازانم هەڵەی وەرگێرانە یان چی؟ چونکە بڕوا ناکەم نووسەری ڕۆمانێکی ئاوا پڕ تەکنیك هەڵەی لەم جۆرەی بەسەردا بڕوات، ئەو هەڵەیەش بەکارهێنانی وشەی (پیلانگێڕ)ە، کە نەدەبوو بەم شێوەیە ناوبرێن چونکە گەر ئەوان پیلانگێڕ بن ناکرێت وڵات ئازاد بکەن، پلانگێڕ واتە دەستەیەکی تیرۆریستی، دەبوو لە جێگای ئەم وشەیە شۆڕشگێران بەکاربهێنرابا، هەر وەك لە ڕۆمانەکەش بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەگەر هاتباو ئەمانە پیلانگێڕبن نەدەبوو دامەزرێنەری (یەکێتی ئازادیخوازان) بن، من لای خۆمەوە ئەمە بە هەڵەی وەرگێران دەزانم نەك هەڵەی نووسەر، چونکە ئەگەر نووسەر بتوانێت تەکنیکی لەمجۆرە دابمەزرێنێ دڵنیام لەوەی هەڵەی زمانەوانی ناکات.

لە وێنەی دووەمدا ماڵی ئاندەر شارلیمان نیشان دەدات کە ئیڤ شارلی خێزانی نەخۆشە و لەسەر جێگا کەوتووە، مێردەکەی خەریکە دەرمانی بۆ دەخاتە نێو پەرداخێك ئاوەوە.

خوێنەر دەخاتە وەسوەسەی ئەوەی ئایا

ئەوە دەرمانە یاخود ژەهر خوردی دەکات، چونکە ئاندەر لەگەڵ ئەوەی نەرمونیانە لەگەڵ ئیڤ کەچی سەرنجی خوشکەکەی ئیڤ دەدات بە شێوەیەك ئەم تێرامانەی پڕە لە خۆشەویستی، لەهەمان کاتدا ئەوەمان بیرنەچێت کە خوشکەکەی ئیڤ حەڤدە ساڵانە.

هەروەکو وتمان لە ڕووی تەکنیکەوە ئەم ڕۆمانە هەر وێنەیەك جیا کراوەتەوە و ناونیشانێکی سەربەخۆی بۆ دانراوە.

ڕووداوەکان زیاتر لەوەدا یەکدەگرێتەوە کە لوسینی تەمەن هەژدە ساڵ پیەری سەرۆکی یەکێتی ئازادیخوازان و ڕێبەری شۆڕش دەکوژێ و لە هەمان کاتدا ئیڤ شارلی پەرداخە ئاوەکە دەخواتەوەو دەکەوێ، ئیتر لێرەدا تەکنیکێك دێتە ناو ڕۆمانەکەوە کە دەتوانین ناوی بنێین تەکنیکی بونگەرایی کە نیشاندانی هەلسوکەوتی مرۆڤی مردووە لەسەر زەوی و ئەو ژیانەی ئێمەی تێدا دەژین و لە هەمان کات مردووەکان لە دەوروبەرمانن، گوێیان لێمانەو دەمانبینن، بەڵام ئێمە پێچەوانەی ئەوان نایانبینین و گوێمان لێیان نابێ، هەر وەك لە وێنەکانی ڕۆمانەکەدا دەبینین ئیڤ لە ئاوێنەکەدا تەماشای خۆی دەکات کەچی بونی نییە، کاتێك بانگ لەکارەکەرەکەی دەکات بێ وەڵامە و کەچی زۆر نزیکیشە لێی، پیەریش بە هەمان شێوە کاتێك پرسیاری شەقامی لاگنزی لە پیرەمێردەکە دەکات وەڵامی ناداتەوە و بە ڕۆژنامەکەی دەستی خەریکە، پیەر سەری سووردەمێنێت.

لەکاتێکدا ڕۆحی ئەم دوو بونەوەرە دەگەنە شەقامی لاگنزی و ناونووسدەکرێن لە ڕیزی مردوان بە ئاسانی دەتوانن مردوو زیندووەکان ببینن، لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانن مردووی چەند سەدەیەك پێش خۆیان ببینن.

لێرەوە ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە لە ژیانی مردووەکانیشدا یاسایەك هەیە کە پێوەی پابەند بن، چونکە نانونووس دەکرێن، هەروەك وتمان ئەوان بەتەواوی دەتوانن ئاگاداری ژیانی زیندو مردووەکان بن، کەواتە دەتوانن ئاگاداری هەموو ڕووداوەکان بن بەبێ ئەوەی ببینرێن و بێ ئەوەی ئەمانیش بتوانن یارمەتی کەسێك بدەن، هەروەك لەو دیمەنەدا دەبینین کە زیندووەکان لە دەوری سێرکێك کۆبوونەتەوە کابرایەك پارە لە منداڵێك دەدزێ و ئەمانیش ناتوانن هیچ بکەن لەگەڵ ئەوەی ئیڤ زۆر هاوار دەکات تا ئاگاداری بکاتەوە بەڵام بێسوودە.

لەکۆتاییدا پیەر دەگاتە ئامانجەکەی و دەچێتە کۆشکی پاشایی و لەوێ ئاگاداری





هەموو شتێك دەبێ و بەو تەڵەیەش دەزانێ کە بۆ هاورێکانی دانراوە، بەمەش هاوڕێ زیندووەکانی لە مەترسیدان.

لە هەمان کاتدا ئیڤ دەچێتەوە بۆ ماڵ ئیتر لەمەوە بۆی دەردەکەوێ کە ئاندەر خوشکە حەڤدە ساڵانەکەی لە خشتە بردووە و خیانەت لە ئیڤ دەکات.

ئیڤ و شارلی ئێستا دوو کەسایەتی مردووی ناو ڕۆمانێکن بۆیە هیچ یەك لەمان ناتوانێ هیچ کارێك ئەنجام بدات.

سارتەر زۆر زیرەکانە ژیانی ئەم دوو مردووە پێکەوە گرێدەدات بە شێوەیەك هەر دووکیان لە باخچەی شار بەیەك دەگەیەنێ، هەردووکیان لەسەر کورسییەك دادەنیشن دوو ئاشقی زیندووش لە بەرانبەریان ئیتر بینی ئەم دوو دڵدارە وادەکات پیەر و ئیڤ ئاشقی یەکتر ببن. نزیك بوونەوە و گۆرینەوەی ژوانی ئاشقانەی نێوان دوو زیندووەکە وا دەکات ئەمانیش زیاتر لەیەك نزیك ببنەوە، ئەم ڕووداوە دەگاتە حاڵەتێك کە ئیڤ داوا لە پیەر دەکات بەیەکەوە سەما بکەن.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەوەیە مردووەکانیش یاسای تایبەت بە خۆیان هەیە، چونکە لەکاتی سەما کردنی ئیڤ و پیەر کارگێری بەشی مردووان دەیەوێ ماددەی سەدو چل لە یاسای مردووان جێبەجێ بکات کە ئەم ماددەیە بۆ حاڵەتی لەناکاوە، ئەم بەندە پێکهاتووە لەوەی کە مردووان دەتوانن بگەڕێنەوە بۆ سەر زەوی زیندوو ببنەوە.

ئایا سارتەر لەم ڕێگایەوە دەیەوێ چیمان پێ ڕابگەیەنێت؟ کە مرۆڤ ژیانی لە دەستی خۆیدایە؟ یان دەیەوێ خواوەند وەك مرۆڤێك نیشان بدات هەر وەك ئەو ئافرەتەی کە بڕیاری گەرانەوەیان بۆ دەردەکات؟

بە پێی ماددەی سەدوچل لە یاسای مردووان کە تایبەتە بە دوو دڵدار بڕیار دەدرێ کە ئیڤ و پیەر بگەڕێنەوە بۆ ژیان بەڵام بەمەرجێ لە ژیاندا بۆ یەکتر بن و بۆ ئەمەش مەشقێکی بیست و چوار کاتژمێریان بۆ دادەنرێ تا بزانرێت پێکەوە خۆشبەختن یان نا.. ئەگەر هاتوو سەرکەوتوو نەبوون لەو ماوەیەدا ئەوا دەبێ بگەڕێنەوە بۆ ژیانی مردووان.

تەکنیکی بونگەرایی لەم شێوەیە زۆر نوێیە کە فانتازیا بەسەریدا زاڵە و کەچی مرۆڤ لەیەك کاتدا دەسەڵاتی هەیە بەسەر مردن و زیندوو کردنەوەی خود.


پاش ئەوەی ئەم دوو ڕۆحە دەچنەوە ناو جەستەکانیان زۆرێك لە ڕووداوەکان گۆرانکارییان بەسەردا دێت، ئیڤ زۆر شت بۆ لوستی خوشکی ئاشکرا دەکات، بەڵام

لوست بڕوای پێ ناکات.
کاتێکیش پیەر بڕیاری ڕاوەستانی شۆڕش دەدات بە خاین ناوی دەبەن و لە یەکێتی ئازادیخوازانیش وەدەری دەنێن.
تەنها کارێکی باش کە ئیڤ و پیەر پێکەوە دەتوانن ئەنجامی بدەن ڕزگارکردنی ئەو منداڵەیە کە لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ سەر زەوی باوکی منداڵەکە داوای لێکردبوون ڕزگاری بکەن، ئیڤ و پیەریش ماری لە دەست دایکی ماری و هاوڕێ پیاوەکەی ڕزگار دەکەن.
لەکۆتاییدا پیەر بڕیار دەدات بگەڕێتەوە لای هاوڕێکانی بۆ ئەوەی ڕێگای بەرپاکردنی شۆڕشیان لێ بگرێت چونکە دەیزانی دەکەونە نێو بۆسەوە و قەتڵ و عام دەکرێن، کاتێك پیەر لای هاوڕێکانی دەبێ هێرش دەکرێتە سەریان ئیتر ڕووداوەکان بەشێوەیەکی تر دەکەونەوە، پیەر پێش ئەو کاتەی کە بۆی دانرابوو کە کاتژمێر دە و سی خولەك بوو دەبوو لای ئیڤ بێت، دەکوژرێت بە دەستی لوسینی هەژدەساڵانەوە ئەمە لەکاتێکدایە کە پیەر بە تەلەفون قسە لەگەڵ ئیڤدا دەکات کاتێك ئیڤ دەزانێ پیەر کوژراوە دەکەوێتە سەر زەوی و ئاندەر شارلی هاوسەری کە سکرتێری سەرۆکی سەربازانی کۆشکی پادشایەتییە لە کاتژمێر دە و سی خولەك ئیڤی خێزانی دەکوژێ بەمەش ئەو دوو گیانەی کە لە ژیانی مردووان گەڕابوونەوە سەرکەوتوو نەبوون و گەڕانەوە بۆ ژیانی مردووان لەگەڵ ئەمەشدا سارتەر تەکنیکی زیندوو بوونەوەی مرۆ کۆتایی پێناهێنێ بەوەی ئەو دوو دڵدارەی کە دێن پرسیاری ماددەی سەد و چلی مردووان لە ئیڤ و پیەر دەکەن و دەیانەوێ بگەڕێنەوە سەر زەوی.
ئەگەر بێت و ڕۆمانەکە لە ڕووی دراممییەوە سەیر بکرێت ئەوا درامایەکە پڕە لە فەنتازیا و ستاتیکا و خەیاڵ و وێنەی جوان کە سەرنجی خوێنەر و بینەر ڕادەکێشێ، پڕە لە ڕووداوی درامی و بەرزی و نزمی لە ڕووداوەکان، تەنانەت هەندێ گرێی درامی جوانیشی تێدا بەکارهێنراوە، ڕووداوەکان بە شێوەیەکی هەرەمی بەر دەبنەوە و پاشان دەگەنە لوتکە و چارەسەریش دەکرێن. چنین کارییەکی پتەو لە نێو بەستنەوەی ڕووداوەکاندا کراوە.
کەسایەتییەکان بەشێوەیەکی درامی داڕێژراون ئەوەتا هەر لە چیرۆکەکەوە بۆمان دەردەکەوێ پیەر لە تەمەنی سی و پێنج یان کەمترە، ئیڤ هەروەها، لوسین حەڤدە ساڵ.....، کەسایەتییەکان بەشێوەیەکن دەتوانین لە واقیعدا بە دوایاندا بگەڕێین و بیاندۆزینەوە، ئەگەر خوێنەر بیەوێ





ڕووداوەکانی ئەم ڕۆمانە بە چاوەکانی ببینێ دەتوانێ بۆ ساتێك چاوەکانی لێك نێ و هەموو وێنەکان وەك ئەوەی لە بەردەمتدا ڕوویدەن دەیانبینی چونکە بەشێوەیەك ڕوونن هیچ وێنەیەك لە بیرنەکراوە لە کاتی هۆنینەوەی ڕۆمانە، سارتەر هیچ لەنگییەکی لە ڕووداوەکاندا نەهێشتوە کە تەرازووی چاوی بینەر بروخێنێ، هەر بۆیەش بینەر دتوانێ هەندێك جار خۆی لە ناواخنی کەسایەتییەکاندا بدۆزێتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە ڕۆمانەکە خاڵی نییە لە بینەر.
ئەگەر هاتوو باسێك لە ڕووە تەکنیکییەکەی ڕۆمانەکەش بکەین، ئەوا خاڵی نییە لە تەکنیکی نوێ، بۆ نمونە:
- جیاکردنەوەی دیمەنەکان.
- دانانی ناونیشان بۆ هەر دیمەنێك.
- نیشاندانی ڕۆح.
- گەڕانەوەی ڕۆح بۆ جەستە.
- هەڵسوکەوتی مرۆڤی مردوو لەسەر زەوی.
- بینینی ڕووداوەکان و وێنەکان لە چاوی مردووان.
- شاردنەوەی ڕوو یان (هەیکەلی بەشەریەت) کە زیندووەکان هەستی پێ نەکەن.
- زیندوو کردنەوەی مرۆڤ و گەڕانەوی بۆ سەر زەوی.
هەموو ئەمانە کۆمەڵێك تەکنیك و داهێنانن کە زۆرجار لە ڕۆمانی دیکەدا بەرچاومان ناکەوێت، دەتوانین هەندێك لەمانە ناوبنێین تەکنیکی بونگەرایی کە نووسەرێکی ڕیالیزمی بەکاریناهێنێ لە نووسینەکانیدا، ئەگەرچی لەگەڵ ئەوەشدا ئەم تەکنیکە شێوەیەکی فەنتازیی بە ڕۆمانەکە بەخشیوە کەچی خوێنەر بە ئاسانی دەتوانێ لە زەینی خۆی بەرجەستەی بکات بەبێ ئەوەی لەنگییەکی لا دروست ببێ.
لە ڕووی زمانەوانیشەوە ناتوانرێت بڕیاری حەتمی لەسەر بدرێت چونکە لە بنەڕەتدا ڕۆمانەکە بە فەرەنسی نووسراوە، وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی فارسی و وەرگێڕانە کوردییەکەش لە نوسخە فارسییەکەوە وەرگیراوە، بێگومان کاتێك نووسینێکی ئەدەبی وەردەگێردرێت هەندێك لە تام و چێژە ئەدەبیەکەی کەم دەبێتەوە، لەنگیەك لە زمانەکەیدا دروست نەبێ ئەمە نەك هەر بۆ زمانی کوردی بەڵکو بۆ هەموو زمانەکان هەروایە.
کەچی لەگەڵ ئەوەشدا خوێندنەوەی ڕۆمانەکە بە ڕووداوەکان ئاشنات دەکات و وێنەیەکت لا جێدەهێڵێت.
بەهەرحاڵ ڕۆمانی (کار لە کار ترازا) ڕۆمانێکی نایابی نووسەری فەرەنسی (جان پۆل سارتەر)ە.



**خالد کاوێس قادر**

# حیکایەتەکانی عەزیز نەسین
# لە کتێبی(ئەو هەتیوەی نابێت بەپیاو)

بۆ ئەوەی زێتر چێژ لەفەرهەنگ وکلتووره جودا جوداکانی دەوروبەرمان وەربگرین ، بۆ ئەوەی لەو دونیا داخراوەی خۆمان دەربچین و وەك بوونەوەرێکی خاوەن دونیابینی و ڕوانینە جیاوازەکان بوونی خۆمان بسەلمێنین و لەخولگەیەکدا بەدەوری خۆمان نەخولێینەوە ، پێویستە گرنگی بەبواری وەرگێڕانی ئەدەبی وزانستی ولایەنەکانی نەتەوەکانی تر بدەین و لەو دونیابینی و فەزایەوە لە واقیع و زانست و تەکنەلۆجیا و شارستانیەتی گەلانی تر بگەین و ئەو پەیامەی وەرگێڕان وەك کرانەوە بەڕووی نەتەوەکانی تر دەمانبات، چیدی پشت گوێ نەخە ین و تەنانەت هەوڵ و کۆششی بچووکی ئەوکەسانەش کەبەوجۆرە ئەرکانە هەڵدەستن بەرز بنرخێنین ، بەوپێیەی لەڕێگای هۆشمەندی و وشیاری و زمانزانی خۆیانەوە ، بەوپەڕی لەخۆبوردەیی و دەستپاکییەوە، بەرهەمێك یا چەند





بەرهەمێکی ناوازەی کۆمەڵگایەکی جودا لەکۆمەڵگاکەی خۆمان دەخەنەبەردەستمان و کەناڵێکی پڕ مەعریفەییمان بۆ ئامادە دەکەن .


دەست بردن بۆ هەرکارێکی وەرگێران ، بەرای من لەهەر بوارێکدا بێت خۆی لەخۆیدا بە جێگەیاندنی ئەرکێکی پیرۆزو پڕ بوێری و چاونەترسییە ، هەڵگرتنی بارێکی قورسە کە حکومەت و دەسەڵات کەرەنگە نەتوانێ لە ئەستۆی بگرێت و کەچی تاکە کەسێ یان چەند کەس و گروپێ ، بێ گوێدانە هیچ وەرسی و ماندوبوونێك ، ئەو پەیامە پیرۆزە دەگەیەنن بەوەچەکانی ئێستاو ئایندەمان..

کتێبی (ئەو هەتیوەی نابێت بەپیاو) چەند کورتە چیرۆکێکی (عەزیز نەسین)ی تەنز نووسی تورکییە ، کە یەکێتی نووسەرانی کورد لقی کەرکوك بەتیراژی (٥٠٠) دانە بەچاپی گەیاندوە ولەلایەن برای نووسەرو رووناکبیر(عەبدولستار جەباری)کراوەتە کوردی.

خەسڵەتێکی تایبەت کە لە نووسینەکانی عەزیز نەسیندا بەرچاو بکەوێت چ لەبواری چیرۆك یان لەبواری شیعرەکانیدا، بەزمانێکی سادەو شەفاف و بێ گرێ و گۆڵ دەنووسێت ، زمانی ئەو تەنز ئامێزانەیە ، ئەو رۆدەچێتە ناو کێشە وگرفتە کۆمەڵایەتییەکانەوە .... مامەڵەکردنی ئەو لەگەڵ گرفت و کێشمە کێشەکانی ناو کۆمەڵگا .. ڕوانگەیەکی تایبەت بەخودی خۆی هەیە .. ئەو وەك پزیشکێك ڕۆدەچێتە ناو برینەکان .. لەدوورەوە تەماشای دیاردەو نەهامەتی و کێشەکانی ناو کۆمەڵگاکەی ناکات .. ئەودەڵێت گرفتەکە ، یان کارەساتەکە لێرەدایە باچارەسەری بکەین .

(عەبدولستارجەباری) ماوەیەکە دەستی داوەتە وەرگێڕانی چیرۆکەکانی (نەسین) و دەیەوێت لەڕێگای ئەو چیرۆکنووسەوە ، دەردە کۆمەڵایەتیەکانی لەمەڕخۆمان ئاشنابین و لەجەوهەری گرفتەکان نزیك بینەوەو لەدۆخێکی نائاساییەوە پەلکێشمان دەکات بۆ دۆخێکی ئاسایی و ئارام ..بەبەجێهێشتنی بۆشاییەکی ترسناك کە ژیان خۆی تێدا نمایش بکات .

چیرۆکی (ئەو هەتیوەی نابێت بەپیاو! !) کەچیرۆکی دەستپێکی کتێبەکەیە، باس لەگەندەڵی واسیتەو واسیتەکاری دەکات، گەنجێك لەبەر ئەوەی خاڵۆی پێی وتوە کەنابێت بەپیاو، دەیەوێت بۆ خاڵۆی بسەلمێنی کەکورێکی هۆشمەندو وریایەو دەتوانێ بەرزترین بروانامەی زانکۆکانی جیهان بەدەست بێنێ ، بەڵام کاتێ








رووبەرووی خالۆی دەبێتەوە، خالۆی لیستی سەروەت وسامانی خۆی بۆ دەخوێنێتەوە، لەکاتێکدا خالۆی قۆناغی سەرەتاییشی تەواو نەکردووە، بەڵکو پشتی بەدرۆو دەلەسەو خۆفشکردنەوەو واستەبازی بەستووە، کارتێکی واسیتە دەئاخنێتە چنگی خوشکەزاکەیەوەو هاوشێوەی خۆی پێی دەگەیەنێ .

(١٧)چیرۆکەکەی تریش بەهەمان ریتم ونەفەس ودونیابینییەوە، گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەخەنە روو.

زمانی نووسین لای وەرگێڕ ، زمانێکە شەفاف و دەسەڵاتی بەسەردا هەیەو دەزانێت لەکوێ کۆمیدیاو لەکوێ تراژیدیا بخولقێنێ ، ئەمە خاڵێکی گرنگە کەلە نووسینەکانی برای وەرگێڕ دەبینرێن .

پەنابردنی وەرگێڕ بۆ ئەو جۆرە زمانە ، بەرای من لەو ژینگەیەی تێیدا دەژێت سەرچاوەی گرتووە .. لەئاستێکی بەرزدا دەتوانێ ئەوەی نەسین دەری دەبڕێت ..ئەو لەقالبی وەرگێڕانیدا بەرجەستەی بکات و رستەو دیالۆگەکان لەپەرەگرافێکی پڕ تەکنیکداو لەئاستێکی بەرز بەخوێنەرانی بگەیەنێ و ئەمەش دەسەڵاتی ئەومان پێدەڵێت لەو بوارەدا .

هیوای سەرکەوتن بۆ برای وەرگێر (عەبدولستار جەباری ) دەخوازم و ئومێدەوارم لەئایندەدا بابەتێ جوانترو ناوازەترمان پێشکەش بکات و کتێبخانەی کوردیمان دەوڵەمەندتر بکات.



# ئیرۆتیزیم لە شیعری فروغی فەرۆخزاددا

ن: د.بیذەن باران
***و: رزگار جەباری***

ئـــەدەبیات یەکێکـــە لـــە پێـــشەنگەکانی مـــۆدێرنیزم، کــە روخـــساری جۆراوجـــۆری هەیە. یەکێك لەو روخسارانە شیعرە، کە لە ڕۆژهەلأتی ناویندا بۆ تێپـەڕبوونی کولتـوور بـۆ نێـو چـەرخی مۆدێرنــە زۆر بــە ورووژم بووە. نەریتە ئەدەبییەکانی پـێش مۆدێرن بـەرەورووی شـیعری هـەڵگری مـۆدێرنیزم دەبنــەوە، کــە سانـسۆر دەبێتــە ساتوری جیاکـــەرەوە.ئـــەوەش ئاشـــکرایە، لـــەو شـــوێنەدا کـــە ئـــەم بەرکـــەوت و بەرووبوونەوەیە تیژ بووبێت، گۆڕانکـاری خێراتــر بــووە.ملــهوڕی و زۆرداری تــەنها ڕۆشنبیرانی خودان ئیلتیـزام کـۆت ناکـات، بەڵکو دەبێتە بەربەستی بـەردەم تیـشکی بیروباوەڕە پێشکەوتووەکانیش.

شـــیعری ئیرۆتیـــك لـــە ئـــەدەبیاتی فارسـیدا، نـەریتێکی هـەزار ساڵەی هەیـە. بەڵام ئیرۆتیزمـی ژنانـە، نـویٚ و جـددی بـە فروغ دەستی پێکرد. ڕێبـوارانێکی فراوانـی هەیـە، بـە تایبـەتی لـە هەنـدەران و لـەپاڵ کولتــووری پۆســت مــۆدێرنیزمی ڕۆژاوادا. قۆناغبەنــدی شــیعری فــروغ، بەشــێك لــە شیعرەکانی کۆمەڵـە شیعری (تولـد دیگـر: لەدایکبوونەوەیەکی دیکە) دەگرێتەوە، کـە لە نێو شیعری ئیرۆتیکی ژنانـەی فارسـیدا خــودان پییێگــەی تایبەتــە.ئــەو لــە سـیٚ کۆمەڵــە شــیعریی بەراییــدا، بــە تایبــەتی (عــصیان: یــاخیبوون)، پــاش گفتوگــۆ گەردوونییـە پـڕ گوناهـە خەیامییـەکان لـە فۆڕمی مەسنەویدا، لە فەردانییەتی ژنانەی خـۆی وردبوویـەوە. هــەر زوو لــە قۆنــاغی ئیرۆتیکـــــەوە گەیـــــشتە شـــــیعرگەلی کۆمەلایەتی، ریالیست، پێشبینانەی وەکـو (أیــەهای زمینــی_ئایەتــە زەوینییــەکان_، دلم برای باغچه می سوزد_دڵم بۆ باخچەکە دەسووتێت_، ایمان بیاوریم به اغاز فـصل سـرد_بـاوەڕ بێـنین بـە سـەرەتای وەرزی سارد).

دەتوانین ئیرۆتیزمی شیعری فروغ لە بگـۆ، زمـان، مـۆد یـان تەکنیکـە ئەدەبییەکانـدا شیکار بکـەین. لـەم توێژینەوەیـەدا ئامـاژە بـــە برێـــك پێناســـە، کورتـــە مێـــژوو و نموونەگەلێکی شیعری شاعیرانی پلە یەك و شیعری فروغ دەکەین. فروغ لـە قۆنـاغێکی تایبــەتی ژیــانی شــاعیرێتیدا، ڕەهەنــدی ئیرۆتیزمـی ژنانـەی لـە شـیعرەکانیدا تـاقی کردووەتەوە. بەڵام ویژدانی بێدار، تێڕوانـی تیـــژ لـــە جیاکردنـــەوەی غـــەریزە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها بەشـداریکردنی لــە توێژینــەوەکانی قوتابیــانی زانکــۆیی پێــشکەوتوو لــە ئــەڵمانیا و ئیتاڵیــادا، ڕەهەنـدی شـیعری خـودان ئیلتیزامـی لـە کــارە ئەدەبییــەکانی فروغــدا زاڵ کــرد. هەندێجار گاڵتەجاڕی و فۆلکلۆری تارانیشی کـــرد بـــە تـــام و چەشـــەی شـــیعرە کۆمەڵایەتییــەکانی. بــۆ نموونــە. بەهــەر هۆیەك بێت، پێشبینی هەستیانە و دیتنانە (Clairvoyance)ی ئــەو لــە هــاتنی شۆڕشدا جیاواز بوو لەگەڵ سوڵتانپوور کـە لــەرووی ئایـدیۆلۆژیی بیروباوەڕییــەوە لــە شـــیعرەکانیدا بانگەشـــەی ســـەرکەوتنی شۆڕشی دەکرد.

*پێناسەکان:

دەتوانین وەسفی شێوازی جەزبە و نزیکـی دوو تــاك لــە یــەکترەوە لــە ڕووانگــەی زەمەنی و ئاکارییەوە بۆ سیٚ جـۆر دابـەش بکەین. ئەگەر ئەم دوو تاکە لێـك دوور بـن، گوزارشتی دوورِدۆنگی نێوان فیکـر و پێـست ئەوا دەبێتـە لیریك.ئەگـەر لەگـەڵ یـەکتردا بـن، ئــەوا وەسـفەکەیان دەبێتـە ئیرۆتیـك. ئەگەر لە چرکەساتی جووتبووندا بـن، ئــەوا گوزارشتەکەیان دەبێتـە پۆڕنـۆمی. کەواتـە

وێنای جوانیی جنسی لە دووریدا لیریك، لە نزیکی خەڵوەتیانەدا ئیرۆتیك و لە رووتی، شرۆڤەی ئەندامەکانی لەش و کرداری دانانی تۆوی مرۆیی پۆرنۆمییە.

شیعری ئیرۆتیك گوزارشتی نێوان دوو لایەن، نێوان دوو قۆناغی لیریك و پۆرنۆگرافیکە. شیعری لیریك وەسفی جەزبەیە لە مەودای دووری نێوان دوو لایەن. ئەم شیعرانەی دادێ نموونەگەلێکی ئەمجۆرەن، لە غەزەلەکانی حافز وەکو:

زلف أشفته و خندان لب و مست
پيرهن چاك، غزل خوان صراحی در دست

واتە: (زوڵفی پەرێشان و لێو بەخەندە و مەست...کراس هەڵکردوو، غەزەلخوێن و پیاڵە بەدەست). هەروەها شەوانەکانی شاملۆ وەکو:

دوستش می دارم
چرا که می شناسمش
به دوستی و یگانگی

واتە: (خۆشم دەوێ...چونکە دەیناسم...بە خۆشویستن و یەکبوون).

شیعری ئیرۆتیك وێنای نزیکیی دوو لایەنە هاوکات لەگەڵ هەڵسوکەوتی سەرجێیدا، برێك لە چوارینەکانی خەیام وەکو :

می باید و معشوق و به کام أسودن

واتە: (مەی پێویستە و یار و بە ئارەزوو سرەوتن). هەروەها برێك لە شیعرەکانی فروغ لەم جۆرە شیعرەن:

در سکوت معبد هوس
خفته‌ام کنار پیکر تو بیقرار

واتە: (لەنێو بێدەنگی پەرستگای هەوەسدا...لە تەنیشت جەستەی تۆوە، بەبێ ئارامی خەوتووم). شیعری پۆرنۆ خستنەرووی ناو و کردارەکانی پەیوەست بە جووتبوونە، برێك لە دێڕە شیعرییەکانی سەعدی، مەولانا، ئیرەج میرزا لەم ریزەدان.

پێگەی بابەت لە وەسفدا بۆ شاعیر، کاریگەرە. بۆ نموونە: سەعدی لە سەر لایەنی جەزابی دەربارییانە، شیعری لیریك دەنووسێت، بەڵام لەسەر لایەنی جنسی، ئاسایی شیعری ئیرۆتیك یان پرنۆگرافیك دەهۆنێتەوە.ئەوە ئاشکرایە کە شیعری ئیرۆتیك و پۆرنۆ بە هۆی رەچاوکردنی نەریتەکانی کۆمەڵگا و دوورەپەرێزی و پارێزکاری پێنووس کە سەربە قۆناغی گەشەکردنی کۆمەڵایەتییە، خودان دەوڵەمەندییەکی زیاترن لە بەکارهێنانی خوازە، جێگرەوە، هێما و ئاماژەکان، بۆ رێ بزرکردنی جیاکارییەکانی کۆمەڵگا.

بۆ نموونە: لە گوڵستانی سەعدیدا، دەروازەی پێنجەم، لەبارەی ئەوین و لاوێتیەوە، حیکایەت و شیعرگەلێك هەن، کە هەشت سەد ساڵە لە ئێران لە زیادبووندا





بووە، بەڵام بەرێز فروغی لە چاپی کولیاتی سەعدیدا بە هۆی سانسۆری دەوڵەتییەوە بە ناوی دوورەپەرێزی گشتیی سەدەی بیستەم، لە تاران لای بردن. ئەمڕۆ لە ئینتەرنێتدا ئەم دێرە ساتوربەرکەوتووانە پێشکەشی هەموو جیهان دەکرێت. دەفتەری پێنجەمی مەولاناش هەڵبەست و پەخشانێکی ئەودیویی لیریکی تێدایە. هەڵبەتە ریسالەی دلگوشای عوبێدی زاکانی گێڕانەوەیەکی فراوانی تێدایە کە شرۆڤەی حوجرە، قوتابخانە و جوانیناسییە لە بەسرە، کوفە و بەغدادا.

لە جومگەیەکی شیعریدا، رەگەزی بگۆ و رەگەزی بابەت چوار دۆخ دروست دەکەن. ئەم چوار دۆخە لێکدانییەی نێوان رەگەزی بگۆ و بابەت لە شیعری ئیرۆتیکدا بەمجۆرەن:

١. بگۆ نێر_ بابەت نێر، نموونە لە حافزەوە:

من با کمر تو در میان کردم دست.

واتە: (من بە کەمەر و داوێنی تۆ، دەستم خستە نێوانەوە). حافز لە رواڵەت و ئاکاردا وەسفی مەعشوق دەکات:

فریاد که از شش جهتم راه ببستند
أن خال و خگ و زلف و رخ و عارچ و قامت

واتە: (هاوار کە لە شەش لاوە رێگایان گرتووم...ئەو خاڵ و هێڵ و زوڵف و رووخسار و باڵایە)

یان: ماجرای من و معشوق مرا پایان نیست
أنچه أغاز ندارد نبذيرد انجام

واتە: (سەرگورشتەی من و یار کۆتایی نییە...ئەو شتەی سەرەتای نییە کۆتایی وەرناگرێت). وێڕای باڵادەستی ئەدیبان بەسەر زمانی عەرەبیدا، (ە)ی مێ لە وشەی مەعشوقە کەوتووە، نێرینەکەی واتە (مەعشوق) بەکار دەبرێت. بەڵام لە وشەی (چعیفە) ماوەتەوە. ئەم گومان دروستکردنە بە ئەنقەستە بەهۆی نەبوونی راناوە رەگەزییەکان لە زمانی فارسیدا بووەتە هۆی ئەوەی برێك ناوە مێینە عەرەبییەکان بە شێوەی نێر یان بەشێوەی گشتی بەکار بهێنرێن.

٢. بگۆ نێر_ بابەت مێ، نموونە لە نیزامییەوە:

میانش درەی ژرف بود
سم اهويی مانده بر برف بود.

واتە: (لە داوێنیدا دۆڵێکی قووڵ بوو...سمی مامزێك لەسەر بەفر مابوویەوە).

٣. بگۆ مێ _بابەت مێ، یان شاعیری ژن لە ئاماژەکردن بە خۆیدەڵێت:

دیدم که پوست تنم از انبساگ عشق ترك می خورد. فروغ فرخزاد،(تولدديگر).

واتە: (بینیم کە پێستی لەشم لە شادومانی ئەویندا قلێشی تێدەکەوێت)

٤. بگۆ مێ_ بابەت نێر، نموونەی مەولەوی، بگۆ کچێکە لەگەڵ باوکی دەدوێت:

*أتش و پنبه است، بی شک مرد و زن.*

*واتە: (ئاگر و پەموون بێ گومان پیاو و ژن).*

*نموونە لە فروغەوە:*

*شانەهای تو*

*همچون صخرەهای سخت و پر غرور*

*موج گیسوان من در این نشیب*

*سینه می کشد چو ابشار نور. (عصیان)*

واتە: (شانی تۆ...وەکو گاشەبەردە پتەو و پڕسەرکەشەکانەیە...شەپۆلی زوڵفەکانی من لەم نشێوەدا...بەسەر سینە دەکشێ وەکو تاڤگەی تیشك).

سەعدی و حافز نموونەگەلێکی بالای دوو جۆری یەکەمن. فروغی فروخزاد نموونەی چوارەمە. سافۆ، شاعیری یۆنانی سەدەی حەوتەمی بەرلە زایین نموونەی جۆری سێیەمە. لیریك لە وشەی (Lyre) چەنگ، هارپ، قیسارە، ئامێری ژێداری بچووکەوە داتاشراوە، واتە ئەو شیعرەی لەگەڵ ژەنینی چەنگ\لیر خوێندراوەتەوە. لەم نموونە شیعرییەی دادێ، سافۆ ناوی ژنێکی جنسی دەبات کە وەکو موسەکان (Muses) نەمری، پەیوەندییەکی بە خواوەندە ئاسمانیەکانی ماناوە نییە.موس رەگی وشەی موسیقا، بە واتای خواوەندی سروشی ئاوازی خۆش دێت.لیدیاش ئاسیای بچووك، نیمچە دوورگەی تورکیای ئەمڕۆیە، لەرۆژهەلاتی یۆنان، بەرهەمەکانی سافۆ لە یاداشتە ئەدەبییەکاندا لە شێوەی پارچە و چەنددێڕی ماونەتەوە. چەند دێڕێك لە شیعری تکای سافۆ:

بگەڕێوە بەرەو لای من، گۆنگیلا، ئەمشەو

تۆ، ئەی گوڵی من، لەگەڵ چەنگە لیدیاییەکەی خۆم...

دووبارە بگەڕێوە بەرەو لای من:

لێرە لە نێوان هەموو ژنەکاندا دەخوازم تۆ ببینم.

* کورتە مێژوو:

لە مێژوودا، شیعری ئێرۆتیك بە زۆری لە تێڕوانینی نێرەوە بووە. سافۆ، لەدایکبووی دوورگەی لیزبۆس لە یۆنانی سەدەی حەوتەمی بەرلە زایین شیعری ئێرۆتیکی ژنانەی بە وێنەگەلێکی پتەو، زمانێکی سادە، مۆسیقییەکی پەیڤدار، بە یەکێك لە زاراوەکانی یۆنان هۆنیوەتەوە. تا ئەو شوێنەی کە ئەفلاتوون لەبارەی ئەم شاعیرەوە دەڵێت: ((بڕێك دەڵێن خواوەندەکانی مۆسیقا نۆن، حەیف بیرکورتن! سافۆ خەڵکی لیزبۆس دەیەمیانە)). لە فەرهەنگی رۆژاوای مۆدێرندا جازبەی نێوان دوو ژن بە لیزبینیزم ناوزەد دەکرێت. کە داتاشراوی لیزبۆسە.

لە شیعری هەزارەی فارسیدا، شیعری ئێرۆتیك تایبەت بە پیاوان بووە. هەروەها لە شاعیرانی ژندا دەتوانین دێڕ، تەرکیب، ئاماژەگەلی کەمڕەنگ بە هەستی ژنانەوە بدۆزینەوە، بەلام بەزۆری ئەم بەرهەمانە لە روانگەی رەگەزەوە نێرەموکن. لە شیعری لیریك و ئێرۆتیکدا، ئاسایی بگۆ _من_، کەسی یەکەمی تاکە، کە شیعرەکە تایبەتیتر دەکات، بگۆی کەسی سێیەمی تاك شیعرەکە ناتایبەتیتر دەکات. پەروین نموونەیەکی شکۆداری جۆری شیعری ناتایبەتی و فێرکارییە، بۆ نموونە:

روزی سیر طعنه به پیاز زد

که تو مسکین چقدر بدبویی!

واتە: (رۆژێك سیر تانەی لە پیاز دەدا...کە تۆ ئەی داماو چەندە بۆن ناخۆشی!).

لە مێژوودا دەتوانین ناوی ئەم شاعیرە ژنانە بهێنین: رابیعە لە سەدەی چوارەمی کۆچی، مەهەستی لە سەدەی پێنجەمی کۆچی، جیهان مولك خاتوون هاوچەرخی حافز لە سەدەی شەشەمی کۆچی، پادشا خاتوون، فەرمانڕەوای کرمان لە سەدەی حەوتەمی کۆچی، بیجە مونەجمە هاوچەرخی جامی، جەمیلە ئەسفەهانی لە سەدەی نۆیەمی کۆچی، کچی هیلالی ئستەرئابادی لە سەدەی دەیەمی کۆچی، رەشحە کچی هاتفی ئەسفەهانی، عفەت نسابە لە شیراز، گەوهەر قاجار نەوە و شاه بیگم کچی فەتحعەلی شا لە سەدەی دوانزەیەمی کۆچی، طاهرە قورەتولعەین کە لە ولامی ناسرەدین شادا دەنووسێت:

تو و ملك و جاه سکندری     من و رسم و راه قلندری

اگر ان نکوست تو در خوری     وگر این بداست مرا سزا

واتە: ( تۆ و سامان و پایەی ئەسکەندەری...من و نەریت و شێوازی قەلەندەری...ئەگەر ئەوەیان چاکە ئەوا تۆ شایستەی...و ئەگەر ئەمەیان خراپە من شیاوی سزام). ولامەکەی بوو بەهۆی شەهیدبوونی.

لە شۆڕشی مەشروتەدا شاعیرانی ژن بەم شێوەی خوارەوەن: فەخرولئەعزەم ئەرغون_دایکی سیمینی بەهبەهانی، بەدری تونەدەری، فەسڵبەهاری قاجار، مەهتاج رەخشان، ژاڵە قائم مەقامی کە بەرلە نیما شیعری تێکشاو واتە ئەدەبیاتی ناهاوکێشی دارشت. دوای مەشروتیە دەبێت ناوی حەمیدە سپەهری_داپیرەی سوهرابی سپەهری و پەروین ئیعتسامی ببەین.

لە ئیرۆتیزمی مۆدێرندا بگۆی ژن خەریکی وەسفی کەڵکەڵەی خود و بابەتی بەزۆری پیاوە، بەڵام هەندێجاریش ژن. لە چەرخی مۆدێرندا پێگەیشتنی شیعری ئیرۆتیکی ژنانەی جۆری چوارەم، بگۆ مێ و بابەت نێر، بە فروغ لە دەیەی چلی هەتاویدا دەستی پێکرد. ئەو بە هێما و تاپۆشکێنی، ئیقرار بە تاوان، پۆزشخوازانە لە شیعری نێر، تێڕوانینی بگۆی ژنانەی لە بەرهەمە بەراییەکانیدا خستەروو. لەبەر مەترسییەکانی کات_شوێنی، شیعرە ئیرۆتیکییەکانی فروغ لە شێوەی هێمایی، کریپتیك و هاوکات لەگەڵ پچڕان لە وێنەدان، لە کەشێکی لاڵیدا وێنایان دەکەن.

نوێکارییەکەی فروغ تەکاندەر بوو. پایەکانی تۆوی گەورەکانی شیعری فارسی بەلەرز هێنا، بوو بە بوومەلەرزەیەك بۆ هەرەسهێنانی کۆشکی باوکسالاری و تێڕوانینی نێر لە شیعری فارسیدا. لە پاش فروغ یان هاوکات، سیمینش لە چوارچێوەی نەریتیدا دەمی لە چێژی ژنانە دەدا. ئەم دووانە لە بڵاوکراوەکانی دەیەی چلدا بۆیەکەمجار پرسی تێڕوانین و ئارەزووەکانی لایەنی بێدەنگی هەزارانساڵەی چێژی جەستەیی و رەگەزییان لە ئێراندا خستەروو.

فروغ لەگەڵ ئەم نوێکارییەدا خواستی لایەنی بەرامبەر لە شیعری سەرجێیدا، شیعری جەستەیی \ جەستەخوازی لە تێڕوانینی بگۆی ژن لە کۆمەڵگادا جێ کردەوە.کۆشکی شیعری ئیرۆتیکی هەزار ساڵەی فارسی بوومەلەرزەی تێکەوت. بۆ یەکەمجار لە کۆڕەکانی تۆوی گەورەکاندا، نێرینەیی شیعری فارسی پەلکێشی قەیران و گۆڕەپان کرا. پیاوە شاعیرانی موعتادی ئەو چەرخە هەووان کەوتنە گومان و ترسەوە. لە ژێر لێفەی کۆڕەکانی بەنگ، مەشروب و سەرجێییەکانی پیاوی شیعرەوە، لایەنی بەرامبەر راپەڕیوە، راست بووەتەوە، نمایشی بازوو دەکات، هەناسەی هەڵکێشاوە، خەباتخوازانە، بێدەنگیی ژنانەی هەزار ساڵەی لە شیعری نێری فالاسیدا شکاندووە. لەوە بەدواوە ژن نەك تەنها بە هاوارکردنەوە بەڵکو بە قیتبوونەوەوە لە کۆمەڵگادا، داوای بەشی خۆی لە چێژی سەرجێیدا کرد.

رەگەزخوازی لە شیعردا دەتوانین لە سێ بەشدا شی بکەینەوە:

١.بگۆ

٢.زمان

٣تەکنیکە ئەدەبییەکانی ئیرۆتیك

دەتوانین زنجیرەی ئیرۆتیکیش قۆناغبەندی بکەین:





١.جەزبەی دوو لایەن لە مەوداوە بە ئاراستەگیری سەرجێیدا، فروغ دەڵێت:

از تو تنهاییم خاموشی گرفت

پیکرم بوی هماغوشی گرفت.

واتە: (لە تۆوە تەنیاییم کوژایەوە...جەستەم بۆنی هاوئامێزی گرت).

حافز یان شاعیرێکی دیکە دەڵێت:

نیمی از رخ بنمود و خمی از ابرویی

وسگ ماه، تماشای هلالی کردیم.

واتە: (نیوەی روخساری نواند و کەوانەیەك لە ئەبرۆ...لە ناوەراستی مانگدا تەماشای هیلالمان کرد).

٢.پێشوازی\ موغازەلەی پەیڤی و پێستی، دیسانەوە فروغ:

ای لبانم بوسەگاه بوسەات

خیره چشمانم براه بوسەات

واتە: (ئەی لێوەکانم شوێنگەی ماچت...چاوەکانم ئەبڵەقی رێگای ماچت).

٣.بەیەکگەیشتن بە نموونەیەکی دیکەی فروغ:

ای تشنج های لذت در تنم

ای خطوط پیکرت پیراهنم

واتە: (ئەی گرژبونەکانی چێژ لە جەستەمدا...ئەی هێڵەکانی جەستەت کراسی من).

٤.ئارامی و چاودێری بە نموونەیەك لە فروغەوە:

ای نگاهت لای لایی سحربار

گهوارەی کودکان بیقرار

واتە: (ئەی نیگات لای لایەی جادوویی...لانکەی منداڵانی بێ ئارام).رەنگە مەبەست لە منداڵانی بێ ئارام سینە بێت.

بگۆ، لە هەرەمدا دەبینرێت نەك دیمەن، وەسفی دیمەنی شیعری دوو تەوەری هەیە:

١.تێڕوانینی بگۆ نەك بابەتەکانی نێو دیمەن،

٢.مەوداکانی نێوان بابەتەکان لە یەکترەوە،

تەوەری یەکەم وەسفی رووکەشانەی بەشەکانی دیمەنەکە دیاری دەکات. تەوەری دووەم هەڵسوکەوتی توخمەکانی ناوەوەی دیمەنەکە سەبارەت بە یەکتر چاودێری دەکات.

شیعری ئیرۆتیك دوو تێڕوانینی بۆ بگۆی پیاو و ژن لە پێناسەی بابەتی ژندا هەیە.

١.بگۆی پیاو، وەسفی ژن دەکات. لە برێك لە جومگەکانی فیردەوسی، نیزامی، ئیرەج میرزا تێڕوانینی یەکەم خراوەتەروو. بۆ نموونە وەسفی فیردەوسی لە ئاوێزانبوونی زاڵ و روودابە، تەهمینە و رۆستەم هاوکاتە بە خوازە و هێماگەری:

ز دیدنش رودابە می نارمید بە

دزدیده در وی همی بنگرید

بدان شاخ و بال و بدان فر و برز که

خارا چو خار امدی زو به گرز

*همی بود بوس وکنار و نبید*

*مگر شیر کوگور را نشگرید؟*

واتە: (لە بینینی رووداب نەدەسرەوت...بە دزییەوە تەماشای دەکرد...بەو چڵ و باڵ و بەو فەڕ و جوانی و شکۆوە...کە بەردی پتەو ورد دەبوو بە گورزی ئەو...ماچ بوو و داری سیدرە و شەرابی خورما...)نبید= شەرابی خورما، (شگرید=؟) ئەم تێڕوانینە نەریتێکی هەزار ساڵەیە.

٢.بگۆی ژن لە شەهوەت، ئارەزوو، هەستی پێستی خۆی دەدوێت. ئەم تێڕوانینەی دووەم بۆ یەکەمجار فروغ بە جددی و بە تازەوە خستییەروو.

کەواتە بەزۆری لە شیعری کلاسیك و نوێدا بگۆ نێر بووە، تەنها لە شیعری مۆدێرندایە کە پێوەرە فەردییەکان لە کۆمەڵگادا بەرز دەکرێنەوە. ژنان لە رێگای خوێندنی زانکۆیی بۆ رایی کردنی کۆمەڵگا ئامادە دەبن. بە تێڕوانین بەم گەشەکردنە کۆمەڵایەتییەی تاك، شیعریش ئەم فەردانییە بلورێن و بەرجەستە دەکات. گوزارشتی شاعیرانە ژێرخانی فیکری فەردی تایبەت وەردەگرێت، بە پێڕەوی لە شێوازێکی ئەدەبی کە لە مێژوو و نەریتەوە بە شاعیر ماوەتەوە. لە شیعری ئێرۆتیکی کلاسیکیدا، بگۆی پیاو دەپەرژێتە سەر وەسفی تاسەی خۆی و بابەتی بە گشتی ژن_بەڵام هەندێجاریش تازەلاوی نێر_.

بڕێك لە غەزەلەکانی حافز نموونەی باڵای هەر دوو بابەتەکەن. بە وتەی دوکتۆر سیروس شمیسا، ئەوینبازی لە ئەدەبیاتی فارسیدا،سەبارەت بە بڕێك لە دێڕە شیعرییەکانی سەعدی و مەولانا نموونەی ئێرۆتیکی ناهیسرۆن. شیعری پەروین لە روانگەی رەگەزییەوە بەزۆری نێر یان نێرەموکە. لە شیعری نوێدا فروغ نموونەی بەرزی جۆری هیسرۆ و چەند شاعیرێکی مێ لە هەندەران، نموونەی جۆری بەرامبەرن. دەبێت ئەوەیشی بخەینە سەر کە تێڕوانینی ژنانە لە شیعری فارسیدا بۆیەکەمجار فروغ برەوی پێدا.

لە شیعری ئاتۆبیۆگرافیکدا\ شرۆڤەی حاڵی خودە. شیعری جەستەخوازی فروغ لە جۆری دووەمە، بڕێك لە بەرهەمەکانی هەندەران لە شیعری لیریك یان ئێرۆتیکدا لە جۆری دووەمن. بۆچی ئەم جیاوازییە هەیە؟ یەکێك لە سیماکانی بگۆی کەسی یەکەمی تاك، نزیکیی تێڕوانینێتی بۆ دیمەنی گێڕانەوە، چونکە "من" بگۆ لە نێو دیمەندا





ئامادەیە. نزیکیی دوو لایەن لەیەکترەوە بە بگۆی کەسی یەکەم و دیالۆگی دوو کەس بە ئاوازێکی فەرماندەرانە، زنجیرەی شیعرییەکە بە دراماتیك دەکات.

فروغ کەسایەتییەکی رۆمانتیکی ئایدیالیستی هیبوو. ئەو لە کۆمەڵگای پێش مۆدێرنی باوکسالاری دوورەپەرێزخوازدا، گوناهکار بە بزوێنەری ترسەوە لە تاران دەژیا. بە شێوەیەکی بنەڕەتی یەکێك لە مەرگەساتەکانی زۆرداری، پەروەردەی کۆمەڵێ تاکی ئایدیالیستە لە کۆمەڵگادا. لە کۆمەڵگای ئازادی رۆژاوادا، تاك لە منداڵی و تازە لاوێتییەوە پێگەی واقیعی خۆی لە نێوان هەمووان و هاوجۆرەکاندا بەدەست دێنێت، کەسایەتییەکی واقیع بین بەدەست دێنێت. بۆیە شاعیری ئێرانی لە رۆژاوادا، بە پێی یاسای دەفرە بەستراوەکانی پاسکال کە شلەکانی پەستان لە دەفر دەگوازێتەوە، دەکەونە ژێر کاریگەری ژینگە و یاساکانی رۆژاوا. کۆمەڵە رەهەندێکی کەسایەتییان پراگماتیك دەبێت. ئەوان لە کۆمەڵگای سکولاری مۆدێرندا لە نێو کولتووری روون و پۆست مۆدێرندا بە ئازادی رەهای تاك لە رۆژاوا دەژیت. بۆیە جیاوازی ئێرۆتیزمی فروغ لە تارانی دەیەی سی لەگەڵ شاعیرانی هەندەران لە رۆژاوای سەدەی بیست ویەکەمدا جیاوازی ژینگەی کات_شوێنییانە کە لە شیعردا دووبارە بەرهەم دێتەوە.

*زمان:

ئایا شیعری ئێرۆتیکی بگۆی ژن زمانێکی جیاوازی لەگەڵ بگۆی پیاودا هەیە؟ ئایا ئێرۆتیزم راڕەوی پێگەیشتنی هەیە؟ جۆری سەدەکانی ناوین لە جۆرە مۆدێرنەکەی جیا دەکرێتەوە؟ ئایا شیعری لیریك، ئێرۆتیك، پۆڕنۆگرافیك بە پێی سێ قۆناغی لاوێتی، کامڵی و پیریی شاعیرە؟ پەیوەندی نێوان شیعر لەگەڵ پێگەی لایەنی بەرامبەر لە گوزارشتی شیعریدا چۆنە؟ ئەوە ئاشکرایە کە ناوی بڕێك لە ئەندامانی جەستەی پیاو لەگەڵ ژندا جیاوازن. لە شیعری شرۆڤەی_حاڵی خوددا بگۆ بەناوهێنانی ئەندامەکانی جەستەی خۆی، رەگەزی خۆی ئاشکرا دەکات. بۆ نموونە قەنافیزی مووی سەری پیاو و زوڵفی مووی سەری ژن. ناوی بەشەکانی پۆشاك وەکو داوێن، عەبا، لەچك، کەمەربەند رەگەزی بگۆ ئاشکرا دەکات، هەڵبەتە لە چەرخی مۆدێرندا ئەم جیاوازیانە لە کەمیدان.

فیکر_زمانەوانییەکانی سەردەمی منداڵی لەگەڵ سۆزە دایکانییەکان لە یادگەی تاکدا ئاوێزان دەبن. لە چرکەساتی جووتبووندا تاك تێکەڵ بە رابردوو و منداڵی خۆی دەبێتەوە و دەکەوێتە ئاخ و

ئۆف. وشەگەلی بەربەری لە گەرووی دەردەپەڕێت، زمانی منداڵیی سادە لە گوزارشتکردندا دەردەکەوێت. فروغ لە شیعری_(دیوارهای مرز: دیوارەکانی سنوور) لە (تولد دیگر)، چرکەساتی جووتبوون بە وێنەی دەنگیی ریتمییانەی دەشتەکی دەگوازێتەوە:

تام تام گبل سیاهان

در هوهوی قبیلەی اندامهای من

واتە: (تەپ تەپی تەپڵی رەشان...لە نێو هۆهۆی هۆزی ئەندامەکانی من).

زمانی ئەدەبی لە سەدەی بیستەمدا هەوڵی دا لە زمانی گفتوگۆی رۆژانە نزیك بێتەوە. ئەدەبیاتی مۆدێرنی فارسی لەسەر بنەمای ئەم بنچینەی نزیکایەتی گوزارشتکردن لە زمانی گفتوگۆوە، تارانییە. خودی ئەم لاخوازییەی روون گوزارشتکردنە بە زمانی گفتوگۆی رۆژانە لە ئەدەبیاتی مۆدێرنی فارسیدا، هەڵگری رەوتی ژێرینەی تیلنیشانی نزیکایەتی گوزارشتی ئاخاوتەیی لە هزر_زمانەوانییەوە ، لە مێشکی نووسەردا. ئەم نزیکایەتییە لە بەکارهێنانی گفتۆگۆی رۆژانەوە، نووسەری لە نەریتە ئەدەبییەکان دوور کردووەتەوە، گوزارشت بەرەو کەسایەتی فەردی نووسەر دەهاژوێت. بۆیە فرەشێوازی فەردی لە نیوەی سەدەی بیستەم و سەرەتاکانی سەدەی بیست ویەکەمدا پەرە دەستێنێت. شێوازی نووسینی ئال ئەحمەد و چوبەك جیاوازی زۆری لەگەڵ هیدایەت و جەمال زادەدا هەیە. لە کاتێکدا شێوازی نووسینی هیدایەت و جەمال زادە جیاوازی زۆری لەگەڵ نووسەرانی پێش شۆڕشی مەشروتەدا هەیە.

لە هزر_زمانەوانیدا رستەسازی بە پەیڕەوی لە سۆز، بایەخی زانیاریی و بەرتەسکی کات دەخرێتەروو، نەك لەسەر بنەمای رێسا دەستوورییەکانی سەرف. لە هەڵبژاردن و چنینی وشەکانیشدا رەهەندی تیلنیشانی (Connotation)ی وشەکە دەخرێتە سەر رەهەندی شەفافی\ کتێبی (Denotation)یەکەی. خەزێنەی زمانەوانیی یادگەی نووسەر بەرهەمی ئەزموونی کەسێتی و راستەوخۆی خودی نووسەرە. بۆیە هزر_زمانەوانی بە توندی فەردییە، بەلام گوزارشتی ئاخاوتەیی کۆمەلایەتی پەیڕەوی لە دەستوور دەکات. ئەم هەڵبژاردنەش کاریگەری هەیە بەسەر بێ بەشبوونی وشەکانی هاوسا لە دەربڕیندا. کەوتە رەهەندی فەردی زاراوە و پێکهاتنی ئاخاوتەیی لە گوزارشتی گفتوگۆی رۆژانەدا، زیاتر لە رەچاوکردنی رێسا دەستوورییەکانی ئەدەبیاتی نەریتی





کلاسیکە.

هەڵبەتە لە رۆژنامەگەرییدا ئەم جیاوازییە کەسێتییانەی نێوان نووسەران دەڕەوێتەوە. بە پێچەوانەوە لە سیناریۆی شانۆیی و فیلمدا جەخت لەسەر ئەم جیاوازییانەی شێوەزار دەکرێتەوە. خاڵی گرینگتر هەڵڕشتنی سۆزە لەنێو پەیڤی نزیك بە هزر، کە راستگۆیی شاعیر دەگەیەنێتە شوێنگەی دەرکەوتن. هەندێجار لەبری فرمانێکی باو، بە پێکهاتنێکی تازەی فرمانەکان، واتای دێڕە شیعرێك دەبێت بە ئیرۆتیك.

تەکنیکە ئەدەبییەکان:

تەکنیکە ئەدەبییەکانی شیعری ئیرۆتیك چی هاوبەشییەك یان جیاکارییەکی لەگەڵ جۆرەکانی دیکەی شیعردا هەیە؟ شاعیرانی گەورەی وەکو رودەکی، فیردەوسی، نیزامی هزرە ئیرۆتیکییەکانی (پیاو_چەق، مەیل_نێرینەکان)ی خۆیان چۆن دەربڕیوە؟ شیعری ئیرۆتیکی بلاوکراوەی دەیەی چل لەگەڵ گوشاری سانسۆری دەوڵەتی و کۆمەلایەتی، شیعرێکە لەگەڵ چینەکانی "جێنشینی و هاونشینی" سوسیرییە. ئەم دوو چینە پەیوەندییان بە بیرکردنەوەوە هەیە، لەبەرامبەر سەرف و نەحوی دەستووریدا بە نەریتی ئەدەبی دیاری دەکرێن. ئەم دوو تەوەرە زمانەوانی سوسیرییە، لێکچوون و هاوسێیەتی/ هەم لە هەڵبژاردنی وشەکان لە ئەفراندنی ئەدەبیدا هەم لە توێژینەوە و رەخنەی ئەدەبیدا بەکاردەهێنرێن. لە بەرهەمهێنانی سۆفتی ئەدەبیاتدا لە رێگای ئامێرە دیجیتاڵەکان و پەخشی ئینتەرنێتی دەیەی هەشتاکانەوە، برگەیەکی ئەدەبی دەکرێت زۆر نزیك بێت لە هزری نووسەرەوە. بەڵگەیەکی سەرەکی، نەبوونی سانسۆر و نەمانی تۆوی ئەشرافییەتی ئەدەبی چاودێرانی نەریتەکانە، کە میدیاکانی سەدەی بیستەم میراتی ئەوان بوو. ئینتەرنێت بە خێرایی نووسین\ نووسینەوەی هزر، نەبوونی سانسۆر، پەخشی زیندوو لە جیهاندا گۆڕانکارییەکی مەزنی لە دەبیاتدا بەدی هێناوە.

تەکنیکە ئەدەبییەکان لە شیعری کلاسیکدا بە عەروز و لە مۆدێرندا نیمایی فارسی نووسراوەنەتەوە. لە کاتێکدا کە شیعری پۆست مۆدێرن هاوشان بە ئامێرە دیجیتاڵەکان هێشتا شی نەکراونەتەوە، تەکنیکەکانی دیاری نەکراون. یەکێك لە کێشەکانی ئەدەبیاتی پۆست مۆدێرن قەبارە گەورەکەی ئەم ئەدەبیاتەیە، ئەمڕۆ لە زمانی فارسیدا دوانزە هەزار شاعیری خاوەن کتێب و هەفتا هەزار شاعیری ئینتەرنێتی هەیە. یەکێکی دیکە لە کێشەکان دیاری کردنی بەردەرکی

شیعرییەتە کە چلۆن نووسینی کەسێك لە ئینتەرنێتدا بۆ شیعر و ناشیعر دابەش بکرێت. من بە شیکاری شاعیرانی پۆست مۆدێرنی ئینتەرنێتی بە بەراوورد لەگەڵ شاعیرانی کلاسیك و نیمایی بڕێك لە تەکنیکەکانی پۆست مۆدێرنم هەڵکۆڵیوە. هەنگاوی دواتر دۆزینەوەی تەکنیکە ئەدەبییەکانی شیعری ئیرۆتیکە.

بۆ نموونە، جومگەیەك لە شیعری (جفت)ی فروغ، کتێبی (تولد دیگر)، بڕگە بڕگە و شی دەکرێتەوە:

*نفسها...نفسها...نفسها*

*و صدای أب*

*لە فرومی ریزد قطره قطره قطره از شیر*

*بعد دو نطقه ی سرخ*

*از دو سیگار روشن.*

واتە:

هەناسەکان...هەناسەکان...هەناسەکان... و دەنگی ئاو...کە دەڕژێت دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپی شیر...پاشان دوو خاڵی سوور...لە دوو سیگاری داگیرساو). لەم جومگەیەدا بە ڕەچاوکردنی پارێزکاری گشتی، تەکنیکەکانی تەعلیق...هەر دوو سیمبوڵی شیر و دڵۆپەکانی ئاو، پچڕانی زەمەنی بەکار دەهێنێت.لەم جومگەیەدا پچڕانی شیعر لە سڕینەوە، لەگەڵ پشوودا لە شێوازی وێنەی دیمەنی شیعری واتە دوو کەس لەسەر جێی جووتبووندا، ئەنجام دەدرێت. تەواو چەشنی ئەو جیاکەرەوەیەی کە دێڕە نایابەکان بە ماجیکی ڕەش هێڵیان بەسەردا دەکێشیٚ تاکو نەخوێندرێنەوە، فروغ ئەم دێڕانە کە لە زەینی خۆی و خوێنەردان، پووچەڵ کردووەتەوە لە درێژەدان بە وێنەی دیمەنی (قصر: )ی دەرچوو، بۆ زنجیرەی\ دیمەنی دواتر باز دەدات. بازدان لە ڕووداوەکانی نێو سەرجیٚ لەگەڵ چەند خولەکێك کارەبابڕان، تاریکی (Blackout) بۆ چەند چرکە ساتێکی دواتر، واتە کێشانی سیگار.ئەم تەکنیکە لە فیلمدا تەواو چەشنی ئەمەیە. هەر دوو هاوسەر ئاوێزانبوو دەگەنە بەر دەرگای نووستن، لە دیمەنی دواتردا، ئەوان لەسەر قەنەفە لە حاڵەتی سیگار کێشان نیشان دەدرێن. تەکنیکێکی دیکەی فروغ بە بەکارهێنانی مەودای نێوان دوو وشە، خوێندنەوە هێواش دەکاتەوە، تاکو بە پەلە سەرجێیەکە بگەیەنێت.تەکنیکە ئەدەبییەکانی دیکە کە لە شیعری ئیرۆتیکدا بە کار دەهێنرێن، پەیوەندی بە ئاسۆی خود_جیاوازی و داهێنانەی شاعیرەوە هەیە. بە گشتی دەتوانین تەکنیکە ئەدەبییەکان بە گوێرەی پرۆسە






زمانەوانییەکان سیٚ جۆر دابنێین:

١.ئەو واتایانەی سیمبوڵ، بەکەسکردن (Personification)، لێکچوواندن، خوازە، خوازەی گەیەنەر دەگرێتەوە.

٢.تەکنیکە دیتنەکییەکانی وەکو پەرتەوازە کردنی وشەکان بەسەر ماتریکس، دوو ڕەهەندی پەڕی کاغەز یان وێنەکاری، ئەندازەی گەورەیی، ڕەنگ، تەئکیدی پێنووس لە دەقدا.

٣.تەکنیکە ئاوازییەکان چەشنی دەنگەکان، هیجاکان، ڕەگەزدۆزی دەنگی سەروا، ڕەدیفی هاودەنگی پیتەکانی یەکەمی وشە (Alliteration)، بە پێچەوانەی سەروای قەفایی، لە دێڕی شیعریدا.



ناساندنی فەلسەفەی بۆرژوارزی

# ئارنۆڵد گوهڵن و فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجیەکەی

**له فارسییەوە: سیما چۆمانی**

ئارنۆڵد گوهڵن فەیسلەسوف و کۆمەڵناسی ئەڵمانی، داهێنەری تیۆری ئەنترۆپۆلۆجی (مرۆڤناسی) فەلسەفیە. ناوبراو پێی وایە کە مرۆڤ لە بواری ژینگەناسیدا، بوونەورێکی ناتەواوە کە لە لایەنی کلتوور و رێکخستنی کۆمەڵایەتیدا، کەمو کورپییەکانی خۆی و هاوڵاتیانی پڕ دەکاتەوە. یەکێك لە هۆیەکانی ناتەواوی مرۆڤ، هەموو قۆناغی سەردەمی منداڵی خۆی و لاوازی مەیلی سروشتی بۆ گونجاندنیەتی لەگەڵ ژینگەی دەروبەر و سروشتەکەی. تیۆری رێکخستنەوەی مرۆڤ لە کتێبی "لە ناوچوونی خودایەکان"ی نیچە وەرگرتووە. ئەو پێی وابوو کە نابێت هەست نەکردن بە پەرسیارێتی بە یەکێك لە ئازادیەکانی مرۆڤ بژمێردرێت.

مرۆڤ جگە لە رێکخستن، هەوڵی داهێنان و پیشەسازیشی داوە، تاوەکو بتوانێت کەموکورپییە ئاژەڵیەکانی خۆی پڕ بکاتەوە. پێداویستییەکی دیکەی مرۆڤ، هەوڵی خۆ دروست کردن و پەروەردە کردنی خۆی و هاونیشتمانییەکانی دەدات. هەروەها یەکێك لە هەوڵەکانی دیکەی مرۆڤ، دروست بینی بۆ ئاییندە و داڕشتنی بەرنامەیەك بۆ کاروباری خێزانەیەکەیەتی. ئەو پێی وایە کە مرۆڤ بونەوەرێکی کلتوورییە و بە بەراورد کردن لەگەڵ ئاژەڵدا خاوەنی داهێنان و زمانە، بەڵام گرنگترین بەرهەمی کلتووری مرۆڤ ، رێکخستنەوەی کۆمەڵایەتی خۆیەتی. لەوانە رێکخراوە کۆمەڵایەتیە گرنگەکانی مرۆڤ، خێزان و رێکخستنی مافەکانە، چونکە رێکخستنی رێگایەك بۆ توانا بەخشین بە درێژەپێدانی ژیان دەبێت.

بە رای ئارنۆڵد ئەنترۆپۆلۆجی دەبێت پایەی زانستی و کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتی بێت و ئەخلاق گەریانی بە چینێکی پاوانخواز و مشەخۆر و و هەوەس خواز دەزانی کە تەنیا بەرهەمەکانیان، بێ بەرهەمییە.

فەلسەفەی گۆڵهن، لەسەر بنەمای ئەوەیە کە مرۆڤ دەبێت پێگەیەکی تایبەتی بە خۆی هەبێت. ئەو پێی وایە کە ئەنترۆپۆلۆجیە فەلسەفیەکەی ئەزموونییە. بە پێچەوانەی ئاژەڵ، مرۆڤ بۆ ئاییندە دەژیت نەك بۆ ئێستا. بە بڕوای هابس، مرۆڤ تینووی تینوێتی ئاییندەیە. سەبارەت بە پەیوەندی مرۆڤ بە سروشتەوە، پیلیۆنوسی یۆنانی پێی وایە کە سروشت زڕدایك یان زڕ باوکێکی دڵڕەقە. گوهڵن دەڵێت کە: تەنیا دەتواندرێت لە رێگای رێکخراوە کۆمەڵاتیەکانەوە، لە جیهان بینی یان ئەخلاقی ئایینی لە سەر بنەمای زانستی و دیار تێگەیشت. ئارنۆڵد هەوڵی ئەوەی دەدا کە ئەنترۆپۆلۆجیەکەی ببێت بنەمایەك بۆ تیۆرێکی کلتووری. دواتر ئەنترۆپۆلۆجی فلسەفیەکەی ئەو بوو بە ئەنترۆپۆلۆجیەکی تیۆری کلتووری. مرۆڤناسی فەلسەفی بوو بنەمایەك بۆ لێکۆڵینەوەکانی کارتۆریکی کۆمەڵناسان. فەیسلەسوفە مێژووناسەکان پێیان وایە کە لە ئەنترۆپۆلۆجی فەلسەفی رۆژئاواش هەر ئەو پرسیارانە دێنە گۆڕێ کە پێشتر لە دێرپراگماتیزمی ئەمریکایی هەوڵی ئەوەیان دەدا کە وەڵامی بۆ بدۆزنەوە. نیچە مامۆستای گوهڵن، پێی وابوو کە مرۆڤ بوونەوەرێکە کە هێشتا پێناسە و

دەستنیشانی ڕەگەزەکەی بۆ نەکراوە، چونکە ئەو مرۆڤە هێشتا لەنێوان فریشتە و ئیبلیسدا لە دۆخی گۆڕان، تەواو بووندایە.

مانای سەرەکی فەلسەفەی گوهلن، کردارێك بوو کە دوالیزمی جەستە — ڕۆحی بە لاوە نا و پێی وایە کە نەوەستانی جووڵەی بەشی فەلسەفی ئەنترۆپۆلۆجی لە نێوان زانستەکان نابێت لە سنوورەکانی زانستی ژینگەناسی و دەروونناسی دا تێپەڕێت. ئەو بەوە بەختەوەر دەبوو کە ڕۆژێك فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجیەکەی وەکو فەلسەفەیەکی سیاسی سەیری بکرێت. هەروەها ناوبراو بڕوای بە تیۆری ناسینی گەوهەری مرۆڤیش هەبوو و پێی وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکە بە سروشتێکی کلتووری کە غەریزە ئاژەڵی و سروشتییەکانی لاواز بوونە. ڕۆسۆ بەرلە ئەویش گوتویەتی کە مرۆڤ لە ڕێگای سەربەخۆیی و خۆ نەبەستنەوەکانی، بە مرۆڤایەتی دەگات. لەسەرەتادا مرۆڤ بۆ مرۆڤ بوونی پێویستی بە موڵکایەتی و زمان هەبوو.

هەر چەندە بەر لە گوهلن چەندین فەیلەسوفی مرۆڤناسی وەکو ماکس، شیلەر، هێلمۆت، پلێنسر بوون، بەلام گوهلن خۆی میراتگەرێکی نەبوو و لەم سەردەمەدا پێشبینی مەرگی فەلسەفەکەی دەکەن. گرنگترین کارە کۆمەڵایەتی و فەلسەفیەکانی، ڕێکخستنەوەی تاك و کۆمەڵە. لە شوێنێکی دیکەدا ئەو پێی وایە کە مرۆڤ بوونەوەرێکی بیرمەند نییە، بەڵکو ئەوەکو شێوازێکی تایبەتی سروستە. دواتر بوارەکانی فەلسەفەی مرۆڤناسی یارمەتی دا بۆ فەلسەفەیەکی دیار و زانستی و بە سود وەرگرتن لە زانستەکانی هاوشێوەی بیۆلۆژی و کۆمەڵناسی و ئەنترۆپۆلۆجی بە فەلسەفەی ئەزموونی ناوبرد. بە بڕوای گوهلن ئایین و زانستە تازەکان نەیانتوانی خاڵی پشتیوانی و یەکسان بۆ مرۆڤەکان بن، ئەو پێشنیاری ئەوە دەکات کە دەبێت کلتوور وەکو کۆسپێك بۆ بەرەنگار بوونەوەی سەرکێشیەکانی جنسی و غەزیرە سروشتیەکان دابنرێت. دوای شەڕی جیهانی دووەم تیۆری ڕێکخستنەوە مرۆڤایەتیەکانی گوهلن، وەکو پایەی فەلسەفەی ڕێکخراوەکانی دەوڵەتی داندرا و بە جیا کردنەوەی ئەنگیزە لە ئامانج ، ڕێگای لە بە مادە کردن غەریزە گرت. بە بڕوای گوهلن بابەتێکی دیکەی گرنگی مرۆڤ، کۆمەڵایەتی بوونیەکەیەتی. گوهلن لە سەبکی نووسیندا لە لایەنی تیژبینی و سود وەرگرتن لە گێڕانەوەی وتە شیاوەکان و ڕەوان نووسین، لە وتارەکاندا نووسیندا پسپۆڕ بوو. هەر چەندە بیرو بۆچوونەکانی زۆربەی جار بە





پێی داب و نەریتەکان بوون، ئەدرنۆ ستایشی تیژ بینییەکەی کردووە.

ئارنۆلد گوهلن لە ساڵی ١٩٠٤ لە ڕۆژهەلاتی ئەڵمانیا لە دایك بووە و لە ساڵی ١٩٠٦ لە ڕۆژئاوای ئەڵمانیا کۆچی دوایی کردووە و لە زانکۆدا سەرقاڵی خوێندنی فەلسەفە، مێژوو، هونەر و ئەدەبیاتی ئەڵمانی بووە. باوکی گوهلن بلاو کەرەوە بووە. گوهلن لە ماوەی ١٣ ساڵی دەسەلاتی حکومەتی ناسیۆنالی سۆسیالیزمی ئەندامی حیزبی نازی ئەڵمانی بوو، هەر چەندە تیۆری نەژاد پەرستانەی فاشیزمی بلاو نەدەکردەوە. دوای شیلەر و پپلێنسر سێیەمین بیرمەندی فەلسەفەی مرۆڤناسی واتا ئەنترۆپۆلۆجی لە ئەڵمانیادا بوو. جۆش و خرۆشە ئەگزیستیالیزمە سەرەتاییەکەی دوای کۆتایی دکتۆرایەکەی واتا " ڕۆح و هزری راستەقینەوە و ناراستەقینە" کاڵ بوویەوە. هەر چەندە ئارنۆڵد سەرەتا لە ژێر کاریگەری ئایدیالیزمی هیگل و فیشتەدا بوو، بەلام لە ساڵی ١٩٣٩ بوو بە نوێنەری فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی. لە دوای شەڕی جیهانی دووەم لە فەلسەفە دوور کەوتەوە و بە دوای بەشی کۆمەڵناسی کەوت. گوهلن یەکێك لە ڕۆشنبیرانی سەردەمی فاشیزم بوو کە دوای تێکشانی ئەڵمانیا بە رووی لە پەروەردەی و شوشتنەوەی مێشکی کرد تاوەکو بتوانێت درێژە بە کارەکەی لە زانکۆدا بدات. لە دەیەی ٧٠ سەدەی رابردوو داهێنەری تیۆری دوا مێژوویی بوو. بیۆگۆافیاکەی هەڵە و ئەزموونە تایبەتەکانی نەوەیەك لە سەردەمی دەسەلاتی فاشیزم دەردەخات، بەلام بە پێچەوانەی هایدیگەر و کارل شمیت، بەرهەمەکانی دوای جەنگی ڕەنسانێکی نوێیان نەدۆزیەوە.

گوهلن ئاماژە بەوە دەکات کە مرۆڤ دەبێت بە هاوکاری ڕێکخستن و دیسپلینەوە دەست بە خۆ دروست کردن بکات و بە لاسایی کردنەوە لە حکومەتی پرۆسیا دەیگوت بۆ ئەوەی حوکم بەسەر ئەوانی دیکەدا بکەیت سەرەتا دەبێت بەسەر خۆتدا زاڵ بیت. ئەو هەر وەکو کلتووری باوی سەردەمەکەی خوازیاری رزگاری خەسڵەتەکانی پیاوان لە بەرامبەر تایبەتمەندییە ئەبەدییەکانی ژنانە بوو. تیۆرییەکانی بەڕێوەبردنی لای ئەو هەوڵێکی سەرەکی بۆ تیۆری کۆمەڵایەتی و کۆمەڵناسی بوو. لێکترازانی ڕێکخستنەکانی دوای فاشیزم بوون بە هۆی ڕەشبینی و پروپاگەندەی کۆتایی مێژووی تیۆری دوا مێژوویی ئەو. هەرچەندە کۆتاییە مێژووییەکەی قۆناغ و راگەیاندراوی ڕۆژی قیامەت نەبوو. ئەمڕۆ پرسیاری ئەوە دەکرێت کە ئایا فەلسەفەی

مرۆڤناسی ، داهاتوویەکی هەیە و بەر لە لەدایك بوونی دووچاری جوانە مەرگ دەبێت. لەم قۆناغەدا ئەرك و پێداویستی و سنوورەکانی کرداری مرۆڤیەکانی بە سودی زانستەکانی نمونەی پەروەردە و فێر کردن و ئەخلاق و سیاسەت و.... بووە.

گوهلن لە فەلسەفەی ئەگزیستنسیالیزم و ئایدیالیزم بە فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی گەیشت. دیاریکراوەکانی سەبارەت بە شێوازەکانی ئەزموونی هۆیەکی دژە ئەتۆپی بۆ ئەو بوو . ئەمڕۆ ئەو بە یەکێك لە بیرە نەریت خوازەکانی رۆژئاوا لە فەلسەفە و کۆمەڵناسیدا دەژمێرن. ئەو لە بەرهەمەکانیدا لە سنوورەکانی زانستی هاوشێوەی فەلسەفە و کۆمەڵناسی و تیۆری نیگارکیشی مۆدێرن تێپەڕی. بەشێك بە پەشت بەستن بە وتەی نیچە کە مرۆڤ لە دۆخی گۆڕاندا دەزانێت، درێژەدان بە بەشی فەلسەفەی کۆمەڵناسیا ن بە ئەرکی خۆیان دەزانن.

لە بەرهەمەکانی: سروشتی مرۆڤ و بارودۆخی لە دونیادا، مرۆڤی سەرەتایی و کلتووری نوێ، رۆح و تێفکرین لە سەردەمی پیشەسازیدا، وێنە و دیمەنەکانی سەردەم، لێکۆڵینەوە ئەنترۆپۆلۆجییەکان، ئەخلاق و سوپەر ئەخلاق، لێکۆڵینەوە سەبارەت بە کۆمەڵناسی و مرۆڤناسین. کۆمەڵە بەرهەمەکانی ١٠ بەرگەکەی لە ساڵی ١٩٧٨ بڵاو کرایەوە. کتێبی " ئەخلاق و سوپەر ئەخلاق" یەکەی پشك و یارمەتیەکی گرنگە بە تیۆری فەلسەفەی مرۆڤناسی.، بەلآم شاکارەکەی ئەو کتێبێکە بە ناوی " مرۆڤ" کە لە ساڵی ١٩٤٠ بلاو کرایەوە. ئەم کتێبە لەو قۆناغەدا بە یەکێك لە خاڵە پەیوەندیدارەکانی تێفکرین لە فەلسەفە دەژمێرن و بە تێپەڕین لە سێ قوتابخانەی شناختی بوون و دیاردە ناسی ، ئەزموون گەرایی فەلسەفی دادەنێن. گوهلن لە ساڵی ١٩٣٥ واتای فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی لە ماکس و شیلەر وەرگرتبوو.ئەو خاوەنی تیۆری کلتووری تایبەت بە خۆیەتی. بۆ چەندین ساڵ بابەتە ئەنتی میتافیزیکیەکەی هۆیەکە بوو بۆ رەخنەی ئەو فەیلەسوفانی کە دژی ئەو بوون. کتێبی " مرۆڤ"ی گوهلنیان بە یەکێك لە کتێبەکانی سەدەیان لە زانستی کلتووریدا ناو نا. گوهلن لەم کتێبەدا دەنووسێت کە پرسیارەکانی هەر هۆگرییەك ئەوەیە کە مرۆڤ چۆن خاوەنی کەسایەتیەکی تایبەت بە خۆیەتی. فەلسەفەی مرۆڤ ناسی لە قۆناغی ئەودا جێگەی گرنگی پێدانی بوارە زانستیەکانی دیکەی نمونەی پەروەردە و فێر کردن،





زانستی سروشتی، دەروونناسیو زانستی کۆمەلآیەتی بوو.دواتر ئەم بەشە لە زانستەکانی دیکە کۆمەلآیەتی و مرۆڤایەتی جێگەی خۆی کردەوە. گوهلن بە بەرهەمەکانی لە بەرامبەر فەلسەفە مێژووییەکەی مارکس و هیگل و دوو قوتابخانەکەی نیۆکانتیزم و ئەگزیستنسیالیزم، خوازیاری ئەو تیرۆیانە بوو. لەو کاتەوە داروین، هەوڵیدا فەلسەفەی ئەنترۆپۆلۆجی مرۆڤ بە پێی شناختی زانستە سروشتیەکەی پێناسە بکات.

سەرچاوە: ماڵپەڕی "اندیشه و معرفت"

هۆشەنگ ئیبتهاج (سایە)

# دیارترین غەزەلنووسی هاوچەرخی فارسی

**لە فارسیەوە: عوسمانی شێخ محێدین**

**ئەی عیشق ئەم بەهانەیە هەموو لە**
**تۆوەیە**
**من خامۆشم، ئەم گۆرانیە لە تۆوەیە**
**ئەو بانگە بەرزەی بەیانیان و**
**ئەم لورە لوری شەوانەیە**
**لە تۆوەیە ..**
**من کە بە خەمی خۆم نازانم ..**
**ئەم گریانە، بێ بەهانەیەش**
**لە تۆویەوە ..**

لە دایك بوون وقۆناغی منالّی وگەنجێتی:

ئەمیر هۆشەنگ ئیبتهاج سەمیعی گەیلانی ناسراو بە ((ە . الف . سایە)) لەشەشی مانگی ئەسفەند(کانونی یەکەم)، ساڵی ١٣٠٦ هەتاوی بەرامبەر ساڵی ١٩٢٩ زایینی، لە شاری رەشت لە دایك بوو. ئەو نۆبەرەی فاتیمە رەفعەت ومیرزا ئاغاخانی ئیبتهاج بوو، لە نێوچوار منداڵدا، تەنیا کوڕی خانەوادەکەی بوو، باوکی ئاغا خانی ئیبتهاج، یەکێك بوو لە پیاوە ناسراوەکانی رەشت وماوەیەکیش بەڕێوبەری





نەخۆشخانەی "پور سینا"ی ئەو شارە بووە.

هۆشەنگی ئیبتهاج دەستپێکی خوێندن وبەردەوامی خوێندنی سەرەتایی و بەشێکی خوێندنی لە ئامادەییەکانی (عنصری، قائانی، لوقمان، وشاهپور) بووە، دواتر پۆلی پێنجەمی لە ئامادەیی (تمدن)ی تاران بەرێکرد. لە ساڵی١٣١٨ لە تەك مۆسیقا وهۆنینەوەی شیعردا ئاشنایيەتی پەیداکرد. لە گەنجێتیدا ئەویندار‌ی کچێکی ئەرمەنی بە ناوی(گالیا)وە بوو، کە ئەویش لەرەشت نیشتەجێ بوو، ئەم عیشقەی لە قۆناغی گەنجێتی بووە مایەی هۆنینەوەی شیعرە عاشقانەکانی کە لەو رۆژگارەدا هۆنیبوویەوە. دواتر کە ئێران نغرۆی خوێنڕشتن وجەنگ وئالۆزی بوو، لە گەڵ ئەو دۆخەشدا، شیعری ئاماژەداری بە پەیوەندییە عاشقانەکەی لەگەڵ (گالیا) دەچڕی.

**هاوسەرگیری:**

لەساڵی ١٣٣٧ لە گەڵ خانم ئالّما مایکیالّ هاوسەرگیری کرد، ئەم هاوسەرگیریەش چوار منالّ بە ناوەکانی (یەلّدا ١٣٣٨ ، کەیوان١٣٣٩، ئاسیا١٣٤٠، کاوە١٣٤١) لێکەوتەوە.


وە ئێستە لە ولاتی ئەلمانیا دەژی.

**چالاکیە کۆمەلآیەتیەکانی:**

ئیبتهاج ماوەیەك وەك بەڕێوبەری گشتی کۆمپانیای حکومی چیمەنتۆی تاران سەرقالّی کار بوو، لە ساڵی ١٣٥٠ تا وەکو١٣٥٦ لە رادیۆی ئیزگەی ئێران سەرپەرشتیاری بەرنامەی (گولّەکان) بووە، دوای کەنارگیری (داود پیر نیا) بەرنامەی هەفتانەی مۆسیقای هەمەڕەنگیشی لە ئەستۆ گرت. کۆمەلێك لە غەزلەکانی لە لایەن گۆرانی بێژانەوە کراون بە گۆرانی وپێشکەشکراون. لە ساڵی ١٣٧٤بۆ شیعر خوێندنەوە ووتار پێشکەشکردن دەربارەی دیوانی حافز، سەفەری ئەمریکای کرد، لە شارەکانی( برکلی، لۆس ئەنجلۆس، دالاس، نیویۆرك، فیلادلفیا، سانتیاگۆ، سیاتلّ ) چالاکیەکانی خۆی ئەنجامدا.

**شیعر و رێچکەی تایبەتی ئیبتهاج:**

ئیبتهاج لە دەستپێکیدا، هەروەکو شەهریار، چەندێ کۆشا تاوەکو بەرێچکەی نیما بڕوات، بەلاّم روانگەی نوێگەرایی وکۆمەلآیەتی شیعری نیما، بە تایبەت پاش هۆنینەوەی "قەقنووس" لە گەڵ سروشتی ئەو کە لە بنەڕەتەوە غەزەلبێژی بوو، لێکنزیکی نەبوو. پاشان لە سەر هەمان رێچکەی خۆی کە غەزەل چڕین بوو مایەوە. کۆمەلێك لە هەواداران وهۆگرانی



شـیعرەکانی، لـە غەزەلبێژیـدا، لـە دوای حـافزەوە ئـەو بـە باشـترین غـەزەلنووس دادەنێن.

"سـایە" لـە غەزەڵنووسـین یـا شـیعری ئەویندارییدا لە حافزەوە لە رووی زمانەوە زۆر نزیکـە. غەزەلـە عاشـقانەکانی ئـەو هاوکـات لـە گـەڵ ناوەڕۆکگـەلێکی راز وپەنهانگـەرا لـە دووتـوێی غەزەلـەکانی، ئەفراندی بە باشترین غەزەلیاتی هاوچەرخ.

سایە لە ساڵی ١٣٢٥ کۆمەڵە شیعری (ئاوازە یەکەمـەکان) کـە تـەواوی شـیعرەکانی دوو تـوێی ئـەم کۆمەڵەیـە بـە شـێوەیەکی کلاسـیکی بڵاوکردۆتـەوە. لـەم قۆناغـەدا هێشتا بە (نیما یوشیج) شاعیری گـەورەی





نوێگەرای شـیعری فارسـی ئاشـنایەتی پەیدا نەکردبوو.

(سەراب) هەوەڵین کۆمەڵـە شـیعری بـوو، کـە بـە شـێوازێکی تـازە بـەڵام بـە هـەمان قـاڵبی چـوارینە لـە گـەڵ ناوەڕۆکێـك لـە چەشـنی غەزەڵ ـ و بە دەربڕینێکی پڕ هەست وسـۆزی خـودی ، کـە هـەڵگری سـۆزگەلێکی واقیعـی وسروشتین.

کۆمەڵەی (مەشقی قەترانی/ یا مەشقی رەش) لـە گـەڵ ئەوەشـدا دوای سـەراب بڵاوبـووە. شیعرەکانی سـاڵانی ٢٥ تـاوەکو ٢٩ لـە خـۆ دەگرێ، لەم کۆمەڵە شیعرەدا، سایە ژماریەك لە غەزەڵەکانی خۆی چاپکرد وتوانـای خـۆی لـە هۆنینـەوەی غـەزەل یـاخود شـیعری ئەویندارییـدا نیـشاندا . شـەهریار لـە پـێش وتارێکیـدا لـەبارەی ئـەو غەزەلانـەوە دەنووسـێ: سـایە لـە کۆمەڵـەکانی بەرهەمـەکانی دواتریـدا ، شـیعری عاشـقانەی رەهاکرد، بە چەشنێك لەگەڵ خەڵکی بـوو بـە هاودەم و هاوڕێ.

کۆمەڵە شـیعری (شـبگیر ـ کـازیوە) بەرسـڤی ئـەم ئەندێـشە تازەیـەی ئـەوە، کـە لـەم میانەیـەدا، کۆمـەڵێ شـیعری کۆمەڵایـەتی بـەهادار وبەرچـاوی هێنایـە کایـە... هەردووکۆمەڵـەی (کـازیوە وزەمـین) ئـەو راستییە دەسەلمێنن. کۆمەڵە شیعری( چـەند بەرگێك لە یەڵدا) رێگەی رۆشن وتازەی سـایە نیـشان دەدا، کـە لەشـعیری هاوچـەرخدا شوێنی خۆی کردەوە.

بە بڕوای ئیبتهاج شـیعر ئەمڕۆکـە ناچـارە، دەربڕ ونمایشی دۆخی زمان و هەستەکانی شـاعیر بێـت، کـە لەهەمبـەر دیـاردە کۆمەڵایەتیـەکانی ئـەودا، کاریگـەری بـە سەردا جێدەهێڵێت، بەیانکردن ودەربڕینی ئەم هەست واژانە جێی دڕدۆنگـی و گومـان نـین، خـۆ ئەگـەر لـە قـاڵبی شـیعرە گوزەراوەکانـدا مـومکین بـووبێ، لانیکـەم ئێـستا لەگـەڵ هـەمان تێکـڕژان ولێکـدانی هێماوواژە کۆن وبەکار هاتووەکاندا گونجاو نیە.

لە شیعرەکانی سایە دووئاڕاسـتەی تـەواو جیـاواز بـەدی دەکرێـت، نیـوەی هۆنراوەکـانی، غـەزەلیاتێکن کـە لێـوان لێـوەوە لـە هەسـت و سـۆزێکی تـەواو شاعیرانە، نیوەکـەی دی کۆمـەڵێ شـیعرە، کـە بـەپێی فەرهـەنگ و راڤـەی ئـەمڕۆ لەقاڵبی تـازە مـەوزون( کێـشی عـورزی لـە بـارن، وەلـێ بـێ قافیـە وسـەروا هۆنراونەتەوە. لەڕاستیدا کارەکـانی سـایە کە دەربڕ وگوزارشتی ئیحساسات و هەست سـۆزی دەروونـی ئـەون، وابەسـتەیە بـە هـەڵفڕێنی ئەندێـشەی شـاعیرانەیی ئـەوە لەغـەزەل و دووبەیتەکانیـدا. ئـەو زیـاتر دەپـەیڤێ (لـەفۆڕمێکی تـازەی شـیعری

ئـەمرۆ قـسە دەكـات) وەك بـەوەی خـۆی بنوێنیّ).

سایە سەرای غەزەلیاتی حافزە

دكتۆر غلامحسین یوسفی باوەڕی وایە :( لەغـەزەلیاتی هاوچـەرخی فارسـیدا، شـیعرەكانی هۆشـەنگ ئیبتیهـاج (سـایە) لـەریزی كـارە هـەرە باشـەكان و پرخوێنـەرەكان دایـە، ناوەڕۆكگـەلێكی سـەرنجڕاكێش و دڵـرفێن ولێكـچواندن و خواسـتنی وێنـەی خـەیالآوی تـازە و رازاوەن، زمانێكی ڕەوان و لەبار –ئاوێتـە و هاوئاهـەنگ لەگـەڵ غەزەلیاتـدا، ئـەم خەسڵەتانە لـە تایبەتمەندیـەكانی شـیعری ئەون، هەروەها ڕنگدانەوەی فـۆڕمی ناسـك وسەرنجڕاكێـشی كۆمەلآیـەتی نێـو شـیعرەكانی ئـەو، شـێوازە دڵڕفێنەكـەی (حافز ) بیر دینێتەوە.

**كارەكانی:**

ئاوازە یەكەمەكان ١٣٢٥ (١٩٤٨ ن).

سەراب ١٣٣٠ (١٩٥٣ن).

مەشقی قـەترانی ـ كـانونی یەكـەم ١٣٣٢ (١٩٥٥ن).

كازیوە ـ ئایاری ١٣٣٢ (١٩٥٥ز ).

زەمین ــ تشرینی یەكەم ١٣٣٤ (١٩٥٧ ن .

چەند بەرگێك لە یەڵدا ـ ئـای ١٣٤٤ (١٩٦٧ ن).

یادنامـە (وەرگێڕانـی شـیعری تومانیـان شاعیری ئەرمەنی ) تـەموزی ١٣٤٨(١٩٧١ن) .

تاسـپێدەی شـەوی یەڵـدا ـ تـەموزی ١٣٦٠(١٩٨٣ن)

یادگـاری خـوێنی قـۆچ ـ تـشرینی دووەمـی ١٣٦٠ (١٩٨٣ن).

حـافز بەهـەوڵی سـایە ( دیـوانی حـافز بـە پیداچـونەوەی ئیبتهـاج) چـاپی یەكـەم ١٣٧٢(١٩٩٥ ن).

تاسیان (شیعرەكانی ئیبتهـاج لـە قـاڵبێكی نویّ) تەموزی ١٣٨٥ (٢٠٠٦ن).

***********

**كچی خۆرەتاو**

**لە ودیو پەردەی رازی شەوگارەوە**
**كچی خۆرەتاو**
**بە ئەسپایی**
**دامێنی سپێدەیەكی سەماكەری زێڕین**
**دەهۆنێتەوە**
**لە ژێر لێوەوەئاوازی نیگای**
**سیاهی خۆی ئەچرێ ...**
**مەلی مەرگباریش**
**روخساری رازاوەی.. بەرەبەیانی كەسێكە**
**كانی خۆرەتاو.. ژاكاو وغەمگینە ...**
**خوێنی ساردی ئەم تیغە شوومە**
**لە ناخی شەودا غار ئەدا**
**ئاوازی ژێرلێوی پەردەی**





**رازی شەوی ئەم كچە خۆرتاوییە**
**هێشتە هەر**
**دامێنی زێڕێنی سپێدەی سەماكەر ..**
**بە ئەسپایی دەهۆنێتەوە..**

*****

سەرچاوە:

١ـ www.shereno.com

٢ـ http://adabmaaser.mihanblog.com/post/23

٣ ـ http://www.dayaan.com



سادق هیدایەت

# داش ئاکۆڵ

و: ڕەسووڵ سوڵتانی

هەموو خەڵکی شیراز دەیانزانی داش ئاکۆڵ و کاکە ڕۆستەم سێبەری یەکتریان بەتیر دەئەنگاوت. ڕۆژێکیان داش ئاکۆڵ لە سەر سەکۆی قاوەخانەکەی دۆمیل چوار مەشقی لێی دانیشتبوو، هەر لەو جێیەی هەمیشە لێی دادەنیشت. قەفەزی سەقرێك کە قوماشێکی سووری بەسەردا درابوو، لە تەنیشت خۆی دانابوو و بەسەری پەنجەی سەهۆڵەکەی لە نێو قاپە ئاوەکەدا دەسووڕاندوە. لە پڕ کاکە ڕۆستەم وەژوور کەوت، چاوێکی پڕ لەتەشەری لێ کرد و هەروا کە دەستی لەبەر پشتوێندەکەیدا بوو، چوو و لەسەر سەکۆی ڕووبەڕوویەوە دانیشت. ئەوجار ڕووی کردە شاگرد قاوەچییەکە و گوتی:

"کو کو کو ڕ ڕە، د د دا چایەك بێنە بزانم."

داش ئاکۆڵ نیگایەکی وا ماناداری لە شاگرد قاوە چییەکە کرد کە ئەو دووقرانییەکەی کەوت و فەرمانەکەی کاکەی خستە پشت گوێ. ئیستیکانەکانی لە جامە برنجەییەکە دەردێنا و لە سەتڵە ئاوەکەی هەڵدەکێشان. ئەوجار یەك بە یەك و زۆر لەسەرخۆ وشکی





دەکردنەوە. کە خاولییەکەی پێدا دێنان کرەکرێ لێ دێنان.

کاکە ڕۆستەم لەو بەهەندنەگرتنەی دەهری بوو و دیسان هەرای کرد:

" چ چ چما کەڕی؟ ل لەگەڵ تۆمە."

شاگرد قاوەچییەکە بە بزەیەکی دڕدۆنگانەوە سەیرێکی داش ئاکۆلی کردەوە و کاکە ڕۆستەم لە نێوان ددانەکانییەوە گوتی:

"ق قو قوونیان خاوێنە ئەوانەی هـ هـ هە هەڕ و گیف لێ دەدەن. چ چ جا ئەگە پیاون ئەمشەو دێن و خۆیان ت تە تاقی دەکەنەوە."

داش ئاکۆڵ وەك چۆن سەهۆڵەکەی لە قا پەکەدا دەخولاندەوە و لە بن چاوانەوە ئاگای لە دەوروبەری بوو، چاوقایمانە زەردەخەنەیەکی وای کرد کە ریزە ددانە س پی و تۆکمەکەی لە بن سمێڵە خەنەلێدراوەکەیەوە بریسکانەوە و گوتی:

"کوڕە خۆ ئەو بێ غیرەتە بەخۆی دەنازێ. پەلە مەکە دەردەکەوێ ڕۆستەم پاڵەوان و ئەفەنی فسۆس کێیە و کورد واتەنی قوونی ڕەش و س پی دەردەکەوێ."

هەر هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. نەك بڵێی بە زمانە پسکەکەی کاکە ڕۆستەم پێ کەنیبێن، چونکە هەموان دەیانزانی ئەو زمانی دەگرێ، بەڵام داش ئاکۆڵ لە شارەکەیاندا وەك گای قەشە ناسرا بوو و پاڵەوان و ملهوڕ* نەمابوو تێهەڵدانێکی لەدەستی نەخواردبێ. هەموو شەوێ کاتێ لە ماڵەکەی مەلا ئیسحاق جوولەکە بوتڵە ئارەقێکی ئاگرینی هەڵدەقوڕاند و لەو سەری گەڕەکی سەردزەك رادەوەستا، کاکە ڕۆستەم سەهلە، با پیرەشی هاتبایە، سەری لەبەر دادەنواند. خۆ کاکە ڕۆستەم بۆخۆشی دەیزانی پیاوی ئەو مەیدانە و خەنیمی داش ئاکۆڵ نییە، چونکە دوو جاری وێ کەوتبوو و سێ چوار جارێکیش ئەژنۆی لەسەر سینگی دادابوو. داماوە! چەند شەوێك لەوە پێش کاك ڕۆستەم کە زانیبووی کەس دیار نییە، کردبوویە سمکۆڵان و تە پوتۆزی دەکرد. داش ئاکۆڵ وەك ئەجەلی لەنەکاو گەیشتبوویە و دابوویە بەر تەوس و پلاران و پێی گوتبوو:

"ها کاکە، پیاوت لە ماڵێ نییە. وا دیارە یەك دوو مژت پتر کێشاوە. چاکی خۆش کردووی. دەزانی چییە؟ ئەو بێ غیرەتییە، ئەو منداڵبازاڕییانە وەلا بنێ. خۆت لێ کردووینە لات و ملهوڕ، شەرم ناتگرێ؟ ئەوەش جۆرە سواڵ و درۆزیەکە گرتووتە بەر. هەموو شەوێ ڕێ بە خەڵك دەگرێ؟ سوێندم بە پوریای وەلی، بێت و جارێکی دی بەدمەستی بکەی، چاوت دەردێنم. هەر بەو قەمەیە دوولەتت دەکەم.

ئیتر کاکە ڕۆستەم کلکی لە گەلۆزی نا و ڕۆیشت. بەڵام قینێکی لە داش ئاکۆڵ

هەڵگرتبوو و چاوەڕێی هەل و دەرفەتێك بوو تۆڵەی لێ بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە هەموو خەڵکی شیراز داش ئاکۆڵیان خۆش دەویست. چونکە ئەو لەگەڵ ئەوەدا کە سەری گەڕەکی سەردزەکی دەگرت و پاوانی دەکرد، هی چ کاریکیشی بە ژن و منداڵ نەبوو، بەڵکو بە پێچەوانەوە بە نەرم و نیانییەوە لەگەڵ خەڵك دەجووڵایەوە و ئەگەر لێقەوماوێك گاڵتەی بە ژنێك کردبایە یان کەڵەگایی لە یەکێك کردبا، ئیتر مەحاڵ بوو لە دەست داش ئاکۆڵ رزگار بێ. زۆر جار دەتدی داش ئاکۆڵ دەستی خەڵکی دەگرت و شتی دەدانێ و ئەگەر مەیلیشی لێ بوایە کۆڵەکەیانی تا ماڵەوە بۆ هەڵدەگرتن.

بەڵام چاوی بەرایی نەدەدا ببینێ یەکێك لەخۆی لەسەرترە، ئەویش کێ، کاکە رۆستەم کە هەموو رۆژێ سێ مسقاڵی تریاك دەکێشا و هەزار فرت و فێڵ و گزەی دەکرد. کاکە رۆستەم لەبەر ئەو سووکایەتییەی لە قاوەخانە پێی کرابوو، نێو چاوانی دەتگوت قوزەڵقورتە. سمێڵی دەجوی و چەقۆت لێدابایە خوێنی لێ نەدەهات. دوای چەند خولەکێك، کە قاقاکان دامرکانەوە، هەمووان هێور بوونەوە جگە لە شاگرد قاوە چییەکە کە بە کراسێکی یەخە قوت و کڵاوی سەری و پانتۆڵەکەی بەرییەوە سوور سوور هەڵگەڕابوو و دەستی لەسەر دڵی دانابوو و لەبەر پێکەنینان خۆی گرمۆڵە دەکرد و زۆربەی خەڵکەکەش بە پێکەنینەکەی ئەو پێدەکەنین. کاك رۆستەم ئیمانی نەما و دەستی برد و قەندانە بلوورەکەی هەڵگرت و لە شاگردەکەی گرت. بەڵام قەندانەکە وەسەماوەرەکە کەوت و سەماوەرەکە لەسەر سەکۆکەوە سەرنخوون بوو و چەند کوو پێکی شکاند. ئیتر کاکە رۆستەم بە سوورهەڵگەڕاوی و نێو چاوانی گرژەوە لە قاوەخانەکە وەدەرکەوت.

قاوەچییەکە بە شڵەژاوییەوە سەماوەرەکەی پشکنی و گوتی:

"رۆستەم هەیبوو و نەیبوو گوررێکی بوو و ئێمەش ئەو کۆنە سەماوەرە."

بە لەبزێکی خەفەتبارەوە ئەو قسەیەی کرد.

بەڵام چونکە پلارێکی لە رۆستەم گرتبوو، پێکەنینەکە توندتر بوو. قاوەچی لە داخان پەلاماری شاگردەکەی دا. بەڵام داش ئاکۆڵ بە پێکەنینەوە دەستی هەڵێنا. توورەکە دراوێکی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆی هاویشت.

قاوەچی توورەکەکەی هەڵگرت. سەنگ و سووکی کرد و زەردەیەکی هاتێ.

لەو جەنگەیەدا پیاوێك بە پەستەکێکی مەخمەری و پانتۆڵێکی فش و فۆڵ و کڵاوێکی لبادییەوە بە شڵەژاوی خۆی بە قاوەخانەکەدا کرد. سەیرێکی دەوروبەری کرد. لە داش ئاکۆڵ چووە پێش و سڵاوی کرد و گوتی:

"حاجی سەمەد ئەمری خودای بەجێ هێنا."





"خوا لێی خۆش بێ."

" چما تۆ نازانی وەسییەتی کردووە؟"

"دەی خۆ من میراتخۆری نیم. بچۆ بەوانە بڵێ میراتیان پێ دەبڕێ."

"ئاخر ئەتۆی کردووەتە وەکیل و دەمڕاستی خۆی..."

داش ئاکۆڵ بەو قسەیە وەك برێشکەی سەر سێڵ هەڵبەزییەوە، دیسان لە تۆقی سەرییەوە تا بەری پێی سەیرێکی کرد و دەستێکی بە نێو چاوانیدا هێنا و کڵاوە هێلکەییەکەی بەرەو دواوە چوو و نێو چاوانە دوو رەنگەکەی وەدەرکەوت کە نیوەی تاو بردبووی و قاوەیی ببوو و نیوەکەی تری کە کەوتبووە بن کڵاوەکەیەوە س پی مابۆوە.

ئیتر سەرێکی راوەشاند و سەبیلە دەسك شاخەکەی دەرهێنا. لەسەرخۆ پڕی کرد لە تووتن و بە پەنجەی سە پێ کوژەی دەورەکەی کۆ کردەوە و دایگیرساند و گوتی:

"خودا لە حاجی خۆش بێ، ئەوە هات و رابرد بەڵام کارێکی باشی نەکرد. تووشی گێچەڵی کردین. دەی باشە تۆ برۆ. ئەمن بە دووتدا دێم."

ئەوەی وەژوور کەوتبوو بەردەستی حاجی سەمەد بوو و بە پەلە وەدەرکەوت.

داش ئاکۆڵ نێو چاوانی تێك نا. وەستایانە مژی لە سەبیلەکەی دەدا، کە لە پڕ هەورێکی تار هەوای پێکەنین و شادییەکانی قاوەخانەکەی دا پۆشی. دوای ئەوەی داش ئاکۆڵ خۆڵەمێشی سەبیلەکەی بەتاڵ کردەوە، هەستا و قەفەزی سەقرەکەی بە شاگردی قاوەچییەکە ئەس پارد و لە قاوەخانەکە وەدەرکەوت.

کە داش ئاکۆل گەیشتە نێو حەوشەی ماڵەکەی حاجی سەمەد، قورئان خوێندنەکە تەواو ببوو و تەنیا چەند قورئانخوێن و سی پارەهەڵگرێك لە سەر سەرقەڵەمانەکەی کێشە و مقۆمقۆیان بوو. دوای ئەوەی چەند ساتێك لە دەم حەوزەکە ماتڵ بوو، بردیانە ژوورێکی گەورە و پەنجەرە و دەلاقەکانی بەسەر حەوشەدا کرابوونەوە. خاتوون هاتە پشت پەردەکەو دوای سڵاو و بەخێرهێنانێکی سادە، داش ئاکۆل لەسەر دۆشەگەکە دانیشت و گوتی:"

"خاتوون بۆخۆتان سڵامەت بن. خودا منداڵت پێ بێڵێ و زگت نەسووتێ."

خاتوون بە دەنگێکی نووساو گوتی:

"هەر ئەو شەوەی حاجی حاڵی تێك چوو، چوون و مامۆستا (مەلا)یان هێنایە ژوور سەری و حاجی بە حزووری هەموو برادەران جەنابتی کردە وەکیل و دەمڕاستی خۆی. دیارە تۆ لەوە پێش حاجیت دەناسی."

"ئێمە پێنج ساڵێك لەوە پێش لە سەفەرێکی کازروونێدا یەکترمان ناسی."

"خوالێخۆشبوو حاجی هەمیشە دەیگوت ئەگەر پیاوێك لەم دنیایەدا هەبێ فلانەکەسە."

"خاتوون، ئەمن ئازادیی خۆمم لە هەموو شتێك خۆشتر دەوێ، بەڵام ئێستا كە وەباڵ و بەر پرسیارەتیی مردووەكم كەوتووەتە ئەستۆی، سوێند بە تیرێژی ئەو خۆرە، ئەگەر نەمرم بۆ هەموو ئەو كەلەم بەسەرانەی دەسەلمێنم."

ئەوجار كە ئاوڕی دایەوە، لە كەلێنی پەردەكەی دیكەوە كچۆڵەیەكی سوورهەڵگەڕاوی چاوڕەشی دڵڕفێنی دیت. خولەكێكی نەكێشا كە چاویان تێك هەڵەنگوت، بەڵام دیار بوو كە چە شەرمی كرد. پەردەكەی دادایەوە و كشایە دواوە.

ئاخۆ ئەو كچە جوان بوو؟

لەوانەشە. بەڵام بلێی و نەڵێی چاوە دڵڕفێنەكانی كاری خۆیان كرد و دڵی داش ئاكۆڵیان سەروبن كرد. ئەویش سەری داخست و سوور هەڵگەڕا.

ئەو كچۆڵەیە، مەرجان، كچی حاجی سەمەد بوو كە هاتبوو بزانێ داش ئاكۆڵ، پیاوە بەناوبانگەكەی شارەكەیان و سەر پەرشتەكەیان كێیە؟

داش ئاكۆڵ لە سبەینێوە خەریكی كاروباری ماڵی حاجی بوو. لەگەڵ وردەواڵەچییەكی شارەزا و دوو دەمڕاستی گەڕەك و میرزایەكی خوێندەوار، هەموو شتێكی بە وردی نووسییەوە. هەرچی زیادیی بوو خستییە هەمارەكەوە و دەرگای لەسەر گاڵەدا و ئەوەی بۆ فرۆشتنێ دەبوو فرۆشتنی و دای قەباڵەی ملك و ماڵەكەی بۆ بخوێننەوە. قەرز و قۆڵەی دایەوە و هەموو شتێكی پاك لە پاك كرد. ئەوانەی هەموو بە دوو شەو و رۆژان را پەڕاند. شەوی سێهەم داش ئاكۆڵ ماندوو و شەكەت لە نزیك بازاڕەكەی سەید حاجی غەریبەوە بەرەو لای ماڵەكەیان دە چوو. لە رێگایە تووشی ئیمام قولی چەلەنگەر بوو و گوتی:

"ئەوە دوو شەوە هەتا ئێستا كاكە رۆستەم چاوەڕێی تۆیە. دوێ شەوێ دەیگوت بە خوای ئەو كابرایە تەڕ هاتە سەر قەرارەكەی، پێم وایە هەر لەبیریشی نەماوە."

داش ئاكۆڵ دەستێكی بە سمێڵیدا هێنا و گوتی:

"هەر گوێشی مەدەیە."

داش ئاكۆڵ جوان لەبیری بوو كە سێ رۆژ لەوە پێش لە قاوەخانەی دۆ میل، كاكە رۆستەم هەڕەشەی لێ كرد، بەڵام چونكە خەنیمەكەی خۆی دەناسی و دەیزانی كاكە رۆستەم لەگەڵ ئیمام قولی كلكیان تێك ئاڵاندووە كە بیشكێننەوە. زۆری گوێ نەدایە قسەكەی ئەو و ملی رێیەی گرت و رۆیشت. بە دەم رێگاوە هەموو هۆش و گۆشی لای مەرجان بوو. چەندی دەیەویست روخساری لەبەر چاوی خۆی لابەرێ، زیاتر دەهاتە پێش چاوی.

داش ئاكۆڵ پیاوێكی تەمەن سی و پێنج ساڵەی چوارشانە بەڵام تا بلێی ناحەز بوو.





هەر كەسێكی یەكەم جار چاوی پێی دەكەوت، دەسڵەمییەوە. بەڵام ئەگەر جارێكی لەگەڵ دانیشتبایەن یان ئەو هەقایەت و بەسەرهاتانەی سەردەمی ژیانی ئەویان بیستبایە كە لەسەر زار و زمانان بوون، تەواو شێت و شەیدای دەبوون. ئەگەر چاو پۆشییان لەو برینە راست و چەپانە كردبایە كەو لەسەر دەموچاوی بوون، داش ئاكۆڵ قەڵافەتێكی نەجیم و دڵگری هەبوو. چاوی مەڕی و برۆی رەش و پڕ و دەمو چاو پان و لووت باریك و سمێڵ و ردێنێكی رەش. بەڵام ئەو برینانە لێیان تێك دابوو. سەر كوڵمە و نێو چاوانی جێ برینی قەدار بوو و زۆر خرا پ یەكی گرتبۆوە و گۆشتی سوور لە گنجەكانی دەمو چاویدا بریقەیان دەهات و لە هەمووش خرا پتر یەكێك لە برینەكان لا چاوی چەپەی داقڵیشاندبوو.

بابی ئەو یەكێك بوو لە ملكدارە گەورەكانی فارس. كاتێ مرد هەموو سامانەكەی بە كوڕە تاقانەكەی برا. بەڵام داش ئاكۆڵ دەست بڵاو بوو. ماڵی دنیا و پەینی پێ وەك یەك بوو. بە جوامێری و ئازادی و دەست و دڵا ئاوایی دەژیا. لە ژیانیدا دڵی بە هی چ شتێكەوە نەبوو و هەر چی هەیبوو بەسەر خەڵكی هەژارو دەستكورت و نەداریدا دەبەخشییەوە. یان ئارەقە توندەكەی پێدا دەكرد و لە سەر چوارڕێیانەكان دەینەڕاند یان لە كۆڕی بەزم و خۆشییەكاندا لەگەڵ یەك دوو كەس كە ببوونە ملۆزم و مشەخۆری، تەخشان و پەخشانی دەكرد.

لەوە زیاتر هی چ عەیبێكی نەبوو. بەڵام شتێكی كە زۆر سەیر بوو، ئەوە بوو تا ئێستا باس و بۆنی عەشقی بەسەردا نەهاتبوو و لە دڵی نەگەڕابوو. چەند جارێكیش كە دۆست و برادە چووبوونە بن پیلییەوە و كۆڕی خۆمانەیان بۆ پێك هێنابوو، ئەو هەر خۆی لێ بواردبوو. بەڵام ئەو رۆژەی كە بوو بە وەكیل و دەمڕاستی حاجی سەمەد و چاوی بە مەرجان كەوت، ژیانی ئەمدیوئەودیو بوو. لە لایەكەوە لە هەمبەر مردووەكەدا خۆی بە بەر پرسیار دەزانی و لە لایەكی دیكەشەوە دڵی چووبووە سەر مەرجان. بەڵام ئەو بەر پرسیارەتییە یەكسەر رێكی گوشیبوو ـ ئەو كەسەی دەستی بە ماڵی خۆیەوە نابوو و هەر چی هەیبوو كردبوویە قوربانی سەربەهەوایی و لۆتیگەرییەكەی خۆی، هەموو رۆژێ لە كەڕەی بەیانییەوە كە هەڵدەستا بیری لەوە دەكردەوە چۆن ملك و سامانەكەی حاجی زیاتر بكاتەوە. چن و منداڵەكانی ئەوی بردە خانووەكی بچووكتر و ماڵەكەی خۆیانی بە كرێ دا. مامۆستایەكی بۆ منداڵەكان هێنایە سەر ماڵێ و سەروەت و سامانەكەی حاجیی خستە گەڕ و هەر لە بەیانییەوە تا شەوێ راكەڕاكی بوو و بە ملك و ماڵەكەی حاجی رادەگەیشت.

ئیتر لەوەودوا داش ئاكۆڵ وازی لە شەوگەڕی

و پـاوانکردنی چـوارڕێیان هێنـا. ئـیتر زۆر لەگـەڵ برادەرەکـانی گـەرموگوڕ نـەما و لـە جـۆش و خرۆشـەکەی جـاران کـەوت. بـەڵام هـەموو ئـەو لات و ملهوڕانـەی خۆیـان بـە خەنیمی دەزانی، بە دەسـت لـە پـشت دانـی ئەو مەلایانەی دەستیان بە ماڵەکـەی حـاجی رانەگەیشتبوو، هەلیان بۆ هەڵکـەوتبوو و بـە لۆمـە و لەقەمـەوە باسـیان دەکـرد و ببـووە بنێـشتەخۆشکەی سـەر زار و زمانـان. بـە قاوەخانەکـەی بـەر چـنار بـاس باسـی داش ئاکۆل بوو و دەیانگوت:

"داش ئاکۆل؟ کـوڕە گـووی خـوارد، حـەدی چییە؟ چاك لێکەوت. ئێستە لە ماڵی حـاجی کلکە سـووتە و ملۆمۆیـەتی. دیـارە شـتێکی تێدایــە. ئێــستا کــە دەگاتــە گــەڕەکی سەردزەك، کلکی لە گـەلۆزی دەنـێ و تێـدە پەڕێ:

کاکە ڕۆستەم بەو گرێیەی هەر لە دڵیدا بـوو، بە لاڵە پەتەییەکەی دەیگوت:

بە پیری دە چێتە بەر هەویری. کابرا ئاشقی کـچۆڵەکەی حـاجی سـەمەد بـووە. داشـقە و تووری کۆ کردەوە. کڵاوی لەسـەری خـەڵکی نا. هێندێ قسەی بـێ بنـەمای بـڵاو کـردەوە بە دەمگۆیەکی بێ بنەما خۆی کردە وەکیلی حاجی و دەستی بەسـەر ملّك و ماڵەکـەی دا گرت. کوڕە ئاشی نەزان خوا دەیگێڕێ.

ئـیتر داش ئـاکۆل رێـزی جـارانی لای کـەس نەمابوو و کەس گووی بە کڵاوی نەدە پێوا و دە چووە هـەر جێیـەك، خەڵکەکـە دەکەوتنـە سـرت و خـورت و گاڵتـە و قەشمـەرییان پـێ دەکرد. داش ئاکۆل لێـرە و لـەوێ گـوێی لـەو قسانە دەبوو بەڵام هەر وەسەر خۆی نەدێنا و گوێشی نەدەدایە. چونکە ئەشقی مەرجا وا لە رەگ و دەماری گەڕابوو، هی چ ئاگای لەخۆی نەمابوو.

شەوانە لـە تـاوان ئـارەقی دەخـواردەوە و بـۆ ئەوەی خۆی بخـافڵێنێ، تووتییـەکی کڕیبـوو. لەبـەر دەم قەفەزەکـەی دادەنیـشت و کـوڵی دڵـی بـۆ هەڵدەڕشـت. خـۆ داش ئـاکۆل داوای مەرجانی کردبـا، دایکـی مـەرجان دەسـبەجێ پێشکەشی دەکرد. بەڵام ئەو نەیدەویـست بـە ژن و منداڵەوە ببەسترێتەوە. دەیویست ئـازاد و سەربەسـت بـێ. وەك چـۆن راهـاتبوو. بـە تایبەتی لای خۆی پێی وابوو سپڵەییە ئەگـەر ئەو کچە بخوازێت کە پێی ئەس پێردرابوو. لە هەموو ئەوانە خرا پتر کە لە ئاوێنـەدا سـەیری دەمـو چـاوی خـۆی دەکـرد، شـووخاڵ و جـێ برینە قەمەکان و گۆشە داقڵیشاوەکەی چـاوی خـۆی دەدی، بـە ئـاخ و حەژمەتێکـەوە بـەرز بەرز دەیگوت:

"ئەی بەشکم خۆشی نەوێم. بەشکم مێردێکـی جوان و قۆز بۆخـۆی بدۆزێتـەوە... نـا، ئـەوە پیاوەتـی نییە... ئەو تەمەنی چواردە سـاڵە و ئەمن چل ساڵم... بەڵام چ بکەم؟ ئەو ئەشـقە دەمکوژێ... مەرجان... تـۆ منـت کوشـت... بــە کــێ بڵــێم؟ مــەرجان... ئەشــقی تــۆ



گزنگ ٩٥ چیرۆک ئایار ٢٠١٢

کوشتمی...

فرمیسك لە چاوەکانیدا قەتیس مـابوون و پێـك لەسەر پێك ئـارەقی پێـدا دەکـرد. ئـیتر چـۆنی دانیشتبوو هەر ئاوا بە ژانە سەرەوە خەوی لـێ دەکەوت.

بەڵام کە نیوەشەوێ، ئەو کاتەی شـاری شـیراز بـە کۆڵانـە پـڕ پـێ چ و گـەوەکانی و بـە بـاغ و باغاتی دلگر و شـەرابی ئەرخەوانییـەوە خـەوی لێ دەکەوت، ئەو کاتەی ئەسـتێرەکان هـێمن و پـڕ نهـێنی بـە ئاسمـانی وەك قـیرەوە چـاویان دادەگـرت، ئـەو کاتـەی مـەرجان بـە کوڵمـەی گەشی وەك گوڵەوە لە جێوبانەکەیدا بە هـێمنی هەناسەی دەدا و بە هاموشـۆی رۆژانەیـەوە بـە بـەر چاویدا رادەبـرد، ئـەو کاتـە بـوو کـە داش ئاکۆلی راستەقینە، داش ئاکۆلی سرووشتی بـە هەموو هەست و نەست و حەز و ئارەزوویـەوە، بەبێ پێ چ و پەنا و راشکاوانە لـەو توێژکاڵـەی دابونەریتەکانی کۆمەڵگا تێوەی پێ چابوو، لەو بـیر و فکرانــەی لــە منداڵییــەوە لــە گــوێی خوێنرابــوو، دەهاتــە دەرێ و بــە ئــازادی و سەربەســتییەوە مــەرجانی تونــد لــە ئــامێز دەگـرت. تـر پـەی لەسـەرخۆی دڵـی و لێـوە ئاگرینەکانی و جەستە نەرمونۆڵەکـەی هەست پێ دەکرد و سەری کوڵمانی ماچ دەکرد. بەڵام کە لە خەوێ رادە پەڕی، لە بن لێوانەوە لەگەڵ خـۆی دەکەوتـە ورتـە ورت و بـە رۆژیـش هـەتا ئێوارە بـۆ ئـەوەی فکـر و خـەیاڵی ئـەو ئەشـقە لەخۆیـدا بکـوژێ، هــەر راکــە راکــی بــوو و سەراسوێی کارەکانی حاجیی دەکرد.

حـەوت سـاڵان ئـاوا تـێ پـەڕی. داش ئـاکۆل چـیی لـە دەسـتی هـات لـە پێنـاوی ژن و منداڵەکەی حاجیدا کردی. ئەگـەر منـداڵێکی حاجی نەخۆش دەکەوت، شـەو و رۆژێ وەك دایکێکی دڵسۆز لە ژوور سەری دادەنیشت و شەونخوونیی پێـوە دەکێشا. تـەواو خـووی پێـوە گرتبـوون. بـەڵام هۆگرییەکـەی بـە مەرجانەوە شتێکی دیکە بوو و لەوانەیە هەر ئەو ئەشقەی مەرجانیش بووبێ کە ئەوی ئاوا کـەوی و دەسـتەمۆ کردبـوو. لـەو ماوەیـەدا ئیتر منداڵی حاجی سـەمەد هـەموویان وایـان لێ هات بەڕەی خۆیان لە قوڕێ دەرکێشن.

بــەڵام ئــەوەی نــەدەبوو بــبێ، قــەوما و رووداوێکــی گــرنگ رووی دا. مــەرجان خوازبێنیی هات. ئەویش چ خوازبێنیکـەرێك. کـە لـە داش ئـاکۆل هـەم پیرتـر و هـەم ناحـەزتریش بـوو. داش ئـاکۆل هـیچ نێـو چاوانی تێك نەنا. بە پێ چەوانەوە بەو پەڕی لەسەرخۆییەوە قۆڵی هەڵماڵی بۆ دابینکردنی جیـاز و شـەوی مارەکردنەکـەیانی کـردە جێژنێکی تایبەت. ژن و منداڵەکـەی حـاجیی بردەوە ماڵەکەی خۆیان و ژوورە گـەورە پـڕ دەرووەکـەی بـۆ میوانـداری لـە میوانـەکان دەسنیشان کرد. چیی سـەرگەورەو بازرگـان و پیاوماقووڵی شیراز بوون، داوەت کرابوون. سەعات پێنجی دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە، کـاتێ میوانـەکان دەورانـدەوری ژوورەکـە لەسـەر

مافوور و لاکێشی گرانبایی دانیشتبوون و سینیی شیرینی و میوەیان لە پێش ریز کرابوو، داش ئاکۆل وەك جاری جاران بە سەر و سەکتی پاڵەوانانە و بە مووی قرژ و دانەهێنراو و کراسێکی خەتی و قەدارەی قەد و پشتوێنی گرێ چن و پانتۆڵی دەبیتی ڕەش و کڵاوێکی تاسوورەی کۆبەگیراوی نوێوە وەژوور کەوت. سێ کەس پێکەوە بە دەفتەر و رەحلەوە بەدوایدا وەژوور کەوتن. میوان هەموو لە سەرتا پای ورد بوونەوە. داش ئاکۆل بە لۆق هاویشتنێ لە مەلا چووە پێشێ و راوەستا و گوتی:

"مامۆستا، خوالێخۆشبوو مام حاجی وەسیەتێکی کرد و حەوت ساڵی رەبەق منی تووشی گێ چەڵێ کرد. کوڕە هەرە بچکۆڵەکەی ئەو دەم کە پێنج ساڵ بوو ئێستا ئەوە دوازدە ساڵانە. ئەوەش حیساب و کتابی ماڵ و سامانەکەی حاجی.(ئاماژەی بەو سێ کەسە کرد کە بە شوێنییەوە بوون). هەتا ئەمڕۆ چیی خەرج و موخاریجیان بووە بە خەرجی ئەمشەویشەوە، لە گیرفانی خۆم داومە. ئێستاش برامان برایی و کیسەمان جیایی. هەرکەسە و لە ماڵی خۆی.

کە گەیشتە ئێرە، کوڵی گریانی هەستا. ئەوجار بەبێ ئەوەی شتێکی دیکەی لێ زیاد بکا یان چاوەڕوانی وەڵامێك بێ، سەری داخست و بە چاوی فرمێسکاوییەوە وەدەر کەوت. لە کۆڵانێ هەناسەیەکی پڕ بە سییەکانی هەڵمشت. هەستی کرد ئازاد بووە و باری بەر پرسیارەتییەکەی لەسەر شانی لا چووە. بەڵام دڵی شکاو و بریندار بوو. شەقاوی توندی داویشت و بێ ئاگا دەڕۆیشت. بە دەم ڕێگاوە، ماڵەکەی مەلا ئیسحاق جوولەکەی ئارەق فرۆشی ناسییەوە. بێ سێ و دوو، لە پلیکانە شێدارە کەر پووچەکانییەوە چووە ئەو حەوشە کۆن و دووکەڵاوییەی کە دەوراندەورەکەی ژووری بچووك بچووکی پیس بوو کە پەنجەرەی کون کونی وەك شانە زەرگەتەیان تێکرابوو و ئاوی نێو حەوزەکەی، قەوزەی گرتبوو. بۆنی شێ و هەڕنەهووتی ژێرزەمینە کۆنەکان وڵاتی داگرتبوو. مەلا ئیسحاقی کز و بنێس، بە کڵاوێکی لبادیی چڵکن و ردێنێکی بزنانە و چاوی تێرنەخۆرەیەوە هاتە پێشێ. زەردەیەکی درۆینی کرد.

داش ئاکۆل بە دڵ پڕییەوە گوتی:

"تۆ ئەو سمێڵانەت، قا پێ ئارەقم لە هەرە باشەکەی بدەیە با لێوێك تەڕ کەینەوە."

مەلا ئیسحاق سەرێکی بۆ لەقاند و لە پلیکانی ژێر زەمینەکە چووە خوارێ و دوای چەند خولەکێك بە بوتڵێکەوە هاتەوە سەرێ. داش ئاکۆل بوتڵەکەی لێ وەرگرت. ملی بوتڵەکەی لە درزی دیوارەکە گیر کرد، سەرەکەی دەر پەڕی. سەری پێوەنا و تا نیوەی هەڵقوڕاند. چاوی پڕ بوون لە فرمێسك. پێشی





پژمینەکەی گرت و بە پشتی دەستی دەمو لچی سڕییەوە. کوڕە زەردەڵە پیسەکەی مەلا ئیسحاق بە ورگی زل و زاری دا چۆڕاو و کە پۆی چڵمن و پیسەوە هاتبوو و سەیری داش ئاکۆلی دەکرد. داش ئاکۆل سەری پەنجەی لەو خوێدانە دا کە لەسەر ڕەفەی حەوشەکە دانرابوو و لە زاری نا.

مەلا ئیسحاق هاتە پێشێ و دەستی لەسەر شانی داش ئاکۆل راکێشا و بە سەری زمان گوتی:

"مەزەی پاڵەوان خاکە."

ئەوجار دەستی بردە بن شمەکەکانی و گوتی:

"ئەوە چییە لەبەرت کردووە؟ کوڕە ئەو کراسە دەمێکە لە مۆد کەوتووە. هەر کات نەتویست خۆم بە گران لێتی دەکڕمەوە."

داش ئاکۆل زەردەیەکی ژاکاوی هاتە سەر لێو. دراوێکی لە گیرفانی دەرهێنا و دایە دەستی و وەدەر کەوت. تەنگی نوێژی شێوان بوو. گیانی گەرم گەرم و خەیاڵی ئاڵۆز بوو و سەری دێشا. بارانەکەی دوانیوەڕۆ کوو چە و کۆڵانەکانی تەڕ کردبۆوە و بۆنی خاك و خۆڵ و بەهار نارج هەوای تەنیبۆوە. دەمو چاوی مەرجان و سەرکوڵمە سوورەکانی، چاوە رەش و مژۆڵی درێژ و ئەو پەر چەمەی کەوتبووە سەر نێو چاوانی، لێڵ و ئاڵۆز لە پێش چاوی داش ئاکۆل بوو. ژیانی رابردووی خۆی بیر هاتەوە. یادگارییەکانی پێشووی یەك بە یەك هاتنەوە پێش چاوی. جار جارێ نێو چاوانی تێك دەنا، بەڵام ئەوەی لێی سوور بوو، ئەوە بوو لە ماڵەکەی خۆی دەترسا. بیری کردەوە کە دەبێ ئەمشەو دیسان ئارەق بخواتەوە و کوڵی دڵی بۆ تووتیەکە هەڵڕێژێ. ژیانی لێ ببووە چەرمە چۆلەکە و شتێکی پووچ و بێ مانا. لەو کاتەدا شیعرێکی هاتەوە بیر و بە بێ وازی لە بن لێوانەوە گوتییەوە:

ئێرەییم دێ بە گەمە و بەزمی شەوی
بەندییەکان
کە مەزە و شەو چەرەیان قوڵف و خەمی
زنجیرە

گۆرانییەکی دیکەی وەبیر هاتەوە و تۆزێك بەرزتر گوتییەوە:

بڵێن ئەی ئاقڵان دڵ شێت بووە بۆی بێنە
زنجیرێ
کە شێت چارەی نییە زنجیر نەبێ، نامێنێ
تەگبیرێ

ئەو شیعرەی زۆر بە سۆز و بێهیواییەوە چڕی، بەڵام دەتگوت وازی نەما. یان خەیاڵی لە جێیەکی تر بوو. بێدەنگ بوو.

شەو بەسەردا هاتبوو کە داش ئاکۆل گەیشتە گەڕەکەی سەردزەك. ئێرە هەر ئەو مەیدانە بوو کە جاری جاران هەرکات کەیفی دێنا، ئێرەی پاوان دەکرد و کەسیش قوونی ئەوەی نەبوو لێی بێتە پێشێ. هەر لە خۆوە چوو و لەسەر سەکۆ بەردینەی بەردەرگای ماڵێك دانیشت. سەبیلەکەی دەرهێنا و دایگیرساند. لەسەرخۆ دەیکێشا. وا هاتە

بەر چاو کە ئێرە لە چاو جاران کاول بووە و خەڵکەکەشی لەبەر چاوی ئەو گۆڕاون. هەر وەك خۆی چۆن تێك سمڕابوو و گۆڕدرابوو، چاوی رەشکەو پێشکەیان دەکرد و سەری ژانی دەکرد. لە پڕ تارماییەك لە تاریکاییەکەدا دەرکەوت کە لە دوورەوە بەرەو ئەو دەهات و هەر لێی نزیك بۆوە گوتی:

" پە پە پە پاڵەوان بە بە بە شەوی تە تاریك دیارە پاڵەوانە یان نا."

"ز ز زۆر لە مێژە لەو دەوروبەرانە دیار نی. ئە ئە ئەمشەو لە ماڵی حاجی شیرینی دەخورێ. چ چ چ چما دە دەریان کرد د دو ی...."

داش ئاكۆل قسەکەی پێ بڕی:

"خوا باشی ناسیوی بۆیە نیوەی زمانی پێ دای. ئەو نیوەیەشت من ئەمشەو لێتی دەستێنم."

دەستی برد و قەمەی لێ هەڵکێشا. کاکە رۆستەمیش وەك رۆستەمێ لە حەمامدا، قەمەی هەڵکێشا. داش ئاكۆل قەمەکەی لە عەرزی چەقاند و دەستی لەکەلەکەی نا و گوتی:

"جا پاڵەوانێکم دەوێ ئەو قەمەیە لە عەرزی دەرکێشێ."

کاکە رۆستەم لە نەکاو ئامبازی بوو. بەڵام داش ئاكۆل وا لە مە چەکی دەستی دا، قەمەکەی لە دەستی پەڕی. خەڵك لە نەرەنەریان کۆ بوونەوە بۆ سەیرکردن. بەڵام کەس نەیدەوێرا بێتە پێشێ و نێوبژیوانییان بکا.

داش ئاكۆل بە پێکەنینەوە گوتی:

"بچۆ، بچۆ هەڵیگرەوە. بەڵام بەو مەرجەی ئەمجارەیان قایمتر بیگری. چونکە ئەمشەو دەمەوێ یەکلایی بکەینەوە."

کاکە رۆستەم بە مست پەلاماری دا و یەکتریان گرت و نیوسەعاتێك یەکتریان گەوزاند و ئارەقەی شین و مۆریان دەرکرد. بەڵام هیچیان سەرنەکەوتن. لەو کێشمەکێشمەدا سەری داش ئاكۆل وەبەردە چنەکە کەوت. چیی نەمابوو لەخۆ ب چێ. کاکە رۆستەم ئەگەر چی بۆ کوشتنێ لێی دەدا، بەڵام تینی لەبەردا نەمابوو. کە چی رێك لەو کاتەدا چاوی بە قەمەکەی داش ئاكۆل کەوت کە دەستی دەیگەیشتێ. بە هەموو هێز و توانایەوە لە عەرزەکەی دەرکێشا و لە خاڵیگەی داش ئاكۆلی کوتا. وای لێدا دەستی هەردووکیان لەکار کەوتن.

سەیرکەرەکان شاڵاویان بردنێ و داش ئاكۆلیان بەزۆری هەستاندە سەر پێیان. چۆڕاوگەی خوێن لە کەلەکەیەوە دەڕژایە سەر عەرزی. دەستی لەسەر برینەکەی دانا. چەند هەنگاوێك خۆی کێشایە دەم دیوارەکە. دیسان کەوت و ئیتر هەڵیانگرت و بردیانەوە ماڵەکەی.

بەیانی کە هەواڵی بریندار بوونەکەی داش ئاكۆل گەیتشە ماڵی حاجی سەمەد، وەلی خان، کوڕە گەورەکەی حاجی هاتە سەردانی. کە گەیشتە ژوور سەری داش ئاكۆل دیتی رەنگی بەڕووەوە نەماوە و لە جێوبانەکەیدا کەوتووە و کەف و خوێنی لە زاری هاتووەتە دەرێ و چاوەکانی لێڵ بوون. بە حاستەم هەناسەی دەکێشا. داش ئاكۆل دەتگوت لە بێهۆشییەکەیدا ئەوی ناسیوەتەوە، بە دەنگێکی نووساو و لەرزۆکەوە گوتی:

"لەم دنیایە... هەر ئەم تووتییەم... هەبوو... تۆ سەری خۆت... گیان تووتییەکە.... بدەن ... بە...."

دیسان بێدەنگ بۆوە. وەلی خان دەسرۆکە هەوریشمییەکەی دەرهێنا و فرمێسکی چاوەکانیی سڕییەوە. داش ئاكۆل لەهۆش خۆی چوو و پاش سەعاتێك گیانی دەر چوو.


هەموو خەڵکی شیرازێ بۆی گریان.

وەلی خان قەفەزی تووتییەکەی هەڵگرت و بردییەوە ماڵێ.

دوانیوەڕۆی ئەو رۆژە بوو. مەرجان قەفەزی تووتییەکەی لە پێش خۆی دانابوو و چاوی بڕیبووە رەنگی پەڕ و باڵ و دەندووکە چەماوەکەی و چاوە خڕ و بێ حاڵەتەکانی تووتییەکە. لە پڕێکا تووتی بە لەبزێکی پاڵەوانانە و زیقنەوە گوتی:

"مەرجان... مەرجان... تۆ منت کوشت... بە کێ بڵێم... مەرجان... ئەشقی تۆ... منی کوشت.

فرمێسك لە چاوەکانی مەرجان لووزەوی بەست



مەکسیم گۆرکی

# دایک و رۆڵە

و: ئازاد نەجم

دەکرێ سەبارەت بەدایکان تا هەتایە چیرۆکی بێکۆتایی بگێڕینەوە.

چەند هەفتەیەك بوو هێزەکانی دوژمن شاریان گەمارۆ دابوو، غەرقی نێو ئاسن و پۆڵا بوون.شەوانە ئاگریان دەکردەوە.دەتگوت ئاگرەکە، لەنێو ئەو تاریکیەدا بەچاوانی سوری بێشومارەوە لەشورای شارەکە دەڕوانی.بڵێسەی حەزکردن بە تاوان و بەدکاری لەو چاوە سورانەدا دەخوێندرانەوە.پریشکی شادیان لێ هەڵدەستا و ئەو نیگا پڕ لەسوکایەتیە، لەشارێکی گەمارۆدراودا، بیرکردنەوەی تاریکیی لەگەڵ خۆیدا دەهێنا.

خەڵکی شارەکە، لەسەر شوراکانەوە





دەیانبینی چۆن دوژمن وردە وردە ئەڵقەی گەمارۆکە چڕتر و بەهێزتر دەکات.سێبەرەکانیان بەتەنیشت ئاگرەکانیانەوە نەدەبینران، حیلەی ئەسپە سندم کراوەکانیان، دەبیسترا.چرکە چرکی شمشێر و قاقای پێکەنینیان دەگەیشتە بەرگوێیان.دەنگی شادمانیی چڕینی گۆرانیی کەسانێك کە باوەڕ و متمانەی تەواویان بەسەرکەوتن هەبو — دەبیسترا.

دەبێ شتێك هەبێ لە دەنگی پێکەنین و شادی دوژمن ناخۆشتر و هەژێنەر تر بێت؟

دوژمنەکان، هەرچی ئەو ڕوبار و سەرچاوە ئاویانەی کەدەهاتنە نێو شارەوە، پڕیان کردبون لەتەرمی کوژراوان.

تەواوی رەزە مێوەکانی دەوروبەری شارەکەیان سوتاند و کێڵگەکانیان وێران کردن و باخچەکانیان لەبنەوە بڕینەوە.

شار، لەهەمو لایەکەوە کراوە و بێ پاریزگاریی بوو، زۆربەی ڕۆژەکان تۆپ و (شمخاڵ*)، چەشنی باران بەسەر شاردا دەباری.دەستەی سەربازە برسیەکان، کەبەهۆی شەڕەوە برستیان لێبڕابوو، بەڕوخسارێکی شەکەت و ماندوەوە، بەنێو کۆڵانە باریکەکانی شاردا دەگەڕان.دەنگی ناڵە ناڵی برینداران و وڕێنە و نزا و پاڕانەوەی ژنان و گریانی منداڵان، لەپەنجەرەکانەوە دەبیسترا.هەمویان بەسرتە و بەترسەوە قسەیان دەکرد و لەکاتی گفتوگۆدا قسەکانیان بەیەکتر دەبڕی و بەوردی گوێیان دەگرت ، ئایا دوژمن دەستی بەپەلاماردان کردوە؟

بەتایبەتی لەشەوی یەکەمەوە، ژیان لەنێو شاردا، تادەهات تاڵتر دەبو.

ئەوکاتانەی کە سایە و تارماییەکان، لە ناوەڕاستی دۆڵەکانی کێوە دورەکەوە دەهاتنە دەرێ و ئۆردوی دوژمنیان زیاتر و پتەوتر دەکرد و بەرەو شورا نیمچە ڕوخاوەکانی شار دەهاتنە پێش، نیوە مانگ، بەئاسمانەوە، چەشنی قەڵغانێك کە لەمەیدانی شەڕدا کەوتبێ و بەزەبری شمشێرێك دولەت بوبێ، بەسەر ئاسمانی لوتکەی تیژی چیاکانەوە دەبینرا.لەو بێدەنگی و تاریکیەدا، دەنگی شیوەن و ناڵە باشتر دەبیسترا.

خەڵکانێك کە بەهۆی ڕەنج و برسێتیەوە برستیان لەبەردا نەمابوو و چاوەڕوانی هیچ جۆرە کۆمەك و یارمەتیەکیان نەدەکرد، ڕۆژ بە ڕۆژ نائومێدتر دەبون و بەترسەوە دەیانڕوانیە گەروی تاریك و ڕەشی دۆڵەکان و لوتکەی تیژ و سەختی چیاکان و ئۆردوی پڕ لەهاتوهاواری سوپای دوژمن.

هەمو ئەمانە، دیمەنی مەرگیان لەبەرامبەر چاوی ئەواندا وێنا دەکرد. هیچ ئەستێرەیەکی ئومێد لەئاسمانی ئەواندا



نەدەدرەوشایەوە.
دەترسان چرا لەنێو ماڵەکانیاندا داگیرسێنن. تاریکیەکی تۆقێنەر، فەرمانڕەوایی بەسەر شەقام و کۆڵانەکانی شاردا دەکرد.
لەوتاریکیەدا، ژنێك، بێدەنگ، کەسەرتاپای خۆی لەباڵاپۆشێکی ڕەشەوە پێچابو، چەشنی ماسیەك بەنێو قوڵایی دەریاچەیەکدا مەلە بکات، بەنێو کۆڵانەکانی شاردا تێدەپەڕی.
خەڵکی شار کاتێ ئەویان دەبینی، لەیەکتریان دەپرسی: ئەوە؟
:خۆیەتی!
پاشان لەنێو کۆڵانەکاندا ون دەبون.بەبێدەنگی و بەسەرداخستنەوە بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین.فەرماندەکانی دەستە ئێشکچیەکان و پاسەوانەکانیش، بەڕقەوە وریایان دەکردەوە: خاتو ماریانا، چیە! دیسان هاتیەوە نێو کۆڵانان؟ وریای خۆتبە! لەوانەیە بتکوژن! دواتر کەسیش تاوانبارەکەی پێ نادۆزرێتەوە..
ژنە، قەدی ڕاست دەکردەوە، ئارام





ڕادەوەستا، هەتا دەستەی ئێشکچیەکان بەتەنیشتیدا تێدەپەڕین. جەسارەتیان نەدەکرد، یان حەزیان نەدەکرد دەست لەئاستیدا بەرز بکەنەوە.
پیاوە چەکدارەکان، خۆیان لێ دور دەگرت و چەشنی کەسێکی مردوو، حەزیان نەدەکرد لێی نزیك بنەوە.
ئەویش لەو تاریکیەدا دەمایەوە و دیسان جارێکی تر، تەنیا و ئارام، دەکەوتەوە ڕێ.
تاریك و لاڵ، چەشنی تابلۆی بەدبەختی و نەهامەتیەکانی شار، لەکۆڵانێکەوە دەچوە کۆڵانێکی تر.لەهەر چواردەوریدا دەنگی شیوەن و ناڵە و نزا و پاڕانەوە و گفتوگۆی خەمناکی سەربازانێك کە بەتەواوی نائومێد ببون، چاودێریان دەکرد و دەچوە هەرشوێنێك بەشوێنیەوە بون.
ئەو ژنە کەهەم دایك بو هەم هاوڵاتیەکی ئەو وڵاتە، خەفەتی لە ڕۆڵەکەی و وڵاتەکەی دەخوارد، ڕۆڵەیەکی جوان و بزێو، بەڵام بێبەزەیانە لەڕیزی سوپایەکدا بو کەئابلۆقەی شاریان دابو و دەیانەویست وێرانی بکەن.
تا ماوەیەك لەوەپێش، دایکە بەشانازیەوە لە کوڕەکەی دەڕوانی، بە دیاریەکی بەنرخی دەزانی بۆ وڵاتەکەی، بەهێزی چاکەی دەزانی بۆ کۆمەکی هاوشاریەکانی. ئەو شارە هێلانەیەك بو، کە هەم خۆی تێیدا چاوی کردبۆوە، هەم ڕۆڵەکەشی تێدا پەروەردە کردبو. سەدان هەودای ون، دڵی ئەو دایکەیان بە بەردە کۆنەکانەوە ، کە باپیرانی خانویان پێ دروست کردبو و بناغەی شاریان لەسەر دامەزراندبو و بەو زەویەوەی کە ئێسك و پروسکی باپیران و هاوخوێنەکانیان، بەئەفسانە و ئامانج و ئومێدەوە، تێیدا نوستبون، دەبەستەوە.
ئێستاش ئەو دڵە، نزیکترین و خۆشەویسترین کەسەکانی خۆی لەدەست چوبو و وەژان هاتبو.ئەو دڵە، چەشنی تەرازویەك بو ، کاتێ لەنێویدا سۆزی خۆی بۆ ڕۆڵەکەی و ئەو شارەی کەتێیدا ژیاوە، هەڵدەسەنگاند، نەیدەزانی تێبگا لەوەی ئاخۆ تای تەرازوەکە بەکام لایاندا لاسەنگە؟
بەم شێوەیە شەوانە بەکۆڵانەکانی شاردا دەگەڕا و کاتێ توشی چەند کەسێك دەبو کە نەیانناسیبا، دەترسان و ئەو تارماییە ڕەشەیان بە دێوەزمەی مەرگێك دەزانی، کە ئیدی لەهەموان نزیك ببۆوە.ئەگەر هاتباو ناسیباشیان بەخێرایی لەو دایکە خائینە دور دەکەوتنەوە.
شەوێکیان، لەنزیك شورای شارەکە، لەسوچێکی تەریك و تاریکی شاردا، دایکە لەگەڵ ژنێکی تر بەرەوڕو بۆوە.ئەو ژنە،

بێ جولە، وەك ئەوەی بەشێك بێت لەزەویەکە، لەبەرامبەر تەرمێکدا چۆکی دادابو، نیگای خەمناکی بڕیبوە ئەستێرەکان و دەپاڕایەوە.

پاسەوانەکان، لەسەر شورای شارەوە، بەچرپە چرپ، سەرگەرمی قسەکردن بون لەنێو خۆیاندا.دەنگی چەکەکانیان بەدیوارەکە دەکەوت، دەهاتە بەرگوێ.

دایکە خائینەکە پرسی: مێردتە؟

:نا.

:براتە؟

:کوڕمە.مێردەکەم سێزدە ڕۆژ لەمەوبەر و ئەمڕۆش ئەم کوڕەم کوژرا.

پاشان دایکی کوژراوەکە هەستاو بەڕازی بونەوە، گوتی: عەزرای پیرۆز بۆخۆی هەمو شتێك دەزانێ و دەبینێ، زۆر سوپاسی دەکەم.

:لەبەرچی؟

ژنەش وەڵامی دایەوە: ئەو لەشەڕی بەرگریکردن لەنیشتیماندا کوژراوە.دەتوانم بەوپەڕی ئاسودەییەوە بڵێم: ئەو، ترسی لەدڵی مندا دروست دەکرد، زۆر گوێی بەشتەکان نەدەدا، زۆرحەزی لەژیانی شاد و بێ کێشە بو، دەترسام ئەویش وەك کوڕەکەی (ماریاننا)، خیانەت لەشارەکەمان بکا و ببێتە دوژمنی خەڵك و خودا، نەفرەت لەو و لەو منداڵدانەش کە ئەوی هێنایە بون و پەروەردەی کرد...!

ماریاننا، ڕوخساری خۆی داپۆشی و دورکەوتەوە.

ڕۆژی دواتر، چوە لای بەرگریکارانی شورای شار و گوتی: بەهۆی ئەوەی کە کوڕەکەم چۆتە نێو باوەشی دوژمن و لەدژی ئێوە شەڕدەکا، یان بمکوژن، یان ڕێگام بدەنێ منیش بچمە لای ئەو...

ئەوان وەڵامیان دایەوە: تۆ مرۆڤی و دەبێ نیشتیمانەکەی خۆت خۆشبوێ، کوڕەکەشت وەك چۆن دوژمنی هەریەك لەئێمەیە، دوژمنی تۆشە.

:من دایکم! من ئەوم خۆشدەوێ و لەڕوی پەروەردە کردنیەوە، خۆم بەکەمتەرخەم دەزانم.

دواتر ئێشکچیەکان لەنێو خۆیاندا کەوتنە پرس و ڕاوێژ، سەرەنجام گەیشتنە ئەنجامێك و گوتیان: شەرەفمان ڕێگەی ئەوەمان ناداتێ بەهۆی خیانەتی کوڕەکەتەوە تۆ بکوژین.ئێمە لەوە دڵنیاین کە تۆ نەبویتە هاندەر و ڕێنشاندەری ئەو بۆ کردەوەیەکی لەوچەشنە و تەنانەت ئاگادریشین کە خەم وخەفەتێکی زۆری





پێوە دەخۆی.شار ئەگەر تۆشی تێدا نەبیت، درێژە بە بەرگری کردنی خۆی دەدات. کوڕەکەت هەرگیز بیر لەتۆ ناکاتەوە، لەوانەیە ئەو ئەهریمەنە تۆی هەر لەبیرچوبێتەوە! ئەگەر تۆ لەو باوەڕەدای کەشایستەی سزایت! ئەوا ئەو سزایە بەسە. پێمانوایە سزایەکی لەم چەشنە تەنانەت لەسزای مەرگیش قورسترە!

دایکە گوتی: بەڵێ، ئەمە قورسترین سزایە!

پاشان دەرگاکەیان بۆکردەوە و ژنەش لەشار چوەدەرێ.

ئێشکچیەکان، ماوەیەکی زۆر لەسەر شوراکەوە ڕوانیانە دایکەکە، کەچۆن بەسەر زەوی نیشتیمانەکەیدا، کەبەخوێنی ڕۆڵەکانی تێراو ببو، دەچوە پێش.بەشێوەیەك هەنگاوی دەنان، قاچەکانی بە زەحمەت لەزەوی جودا دەبونەوە و هەڵی دێنان.چۆن لەبەردەم تەرمی بەرگریکارانی شاردا، دادەچەمایەوە. چۆن بەرقەوە، بەنوکی قاچی، شەقی لە چەکە شکاوەکان هەڵدەدا.

دایکان، ڕقێکی زۆریان لەچەك و و هێرش پەلامار و کوشتوکوشتار دەبێتەوە، تەنیا چەکێکیان بەلاوە پەسندە کە بۆ بەرگری کردن لەژیان، بەکاربێت.

دەتگوت، لەژێر لیباسەکانیەوە گۆزەیەکی پڕ لەئاوی شاردۆتەوە و دەترسێ بڕژێت، تا زیاتر دور دەکەوتەوە، بچوکتر دەبۆوە. ئەوانەی کە لەسەر دیوارەکەوە سەیریان دەکرد، پێیان وابو لەگەڵ تارمایی ئەودا خەم و نائومێدی، یەخەی بەرداون و لەکۆڵیان بۆتەوە و دورکەوتۆتەوە.دیتیان لەنیوەی ڕێگادا ڕاوەستا، کڵاو و باڵاپۆشەکەی لەخۆی کردەوە و تا ماوەیەکی زۆر لەشار ڕاما.

بەڵام لەوێش، لەشکری دوژمن، ئەویان دیتبو کە بەتاقی تەنیا لەو چۆڵەوانیەدا ڕاوەستاوە، بۆیە چەند تارماییەکی ڕەشی وەك خۆی، بەهێواشی و بەوریاییەوە لێی نزیك بونەوە و تێیانخوڕی: تۆ کێی؟ دەچیە کوێ؟

ژنە گوتی: سەرکردەکەتان کوڕی منە.

دوای ئەم قسەیە، هیچ کام لەسەربازەکان، شك و گومانیان لەڕاستی قسەکانی نەکرد.شان بەشانی وی، کەوتنەڕێ، بەدەم ڕێگاوە کەوتنە پیاهەڵدان و ستایش کردنی لێهاتویی و ئازایەتی کوڕەکەی.

دایکەش بەغرور و لەخۆڕازیبونەوە، سەری بەرز کرد و گوێی بۆ قسەکانیان شل کرد و سەرسوڕمانی پێوە بەدی نەدەکرا.

دەبو کوڕی وی بەو شێوەیە با!!!

سەرەنجام، لەبەرامبەر کەسێکدا ڕاوەستا کە مانگێک بەر لەدایك بون ئەوی نەدەناسی، لەبەرامبەر بونەوەرێکدا ڕاوەستا، کە هەرگیز هەستی نەدەکرد پارچەیەکی جیا بێت لەجگەری.

ئەو لەبەرامبەریدا، خۆی لەنێو مەخمەل و ئاوریشماندا ون کردبو، چەك و کەرەستە جەنگیەکانیشی لەبەردی گرانبەها دروستکرابون، هەمو شتێك، وەك ئەوەبو کەدەبوایا ببێ.دایکە، لەخەونیدا ئەوی بەو دەوڵەمەندی و ناوداریەوە دیتبو.

دەستەکانی دایکی ماچ کرد و گوتی: دایە! تۆ هاتیتە لای من! دڵنیام هەستت بە کۆتایی بڕیارەکەم کردوە! سبەی ، نیازی ئەوەم هەیە دەست بەسەر ئەم شارە نەفرەت لێکراوەدا بگرم!

دایکی بەبیری هێنایەوە: ئەو شارەی تێیدا لەدایك بویت؟

لاوەکە کە سەرمەست و شەیدای وەدەستهێنانی ناو و ناوبانگی زیاتر بو، بە تین و تاوێکی جەسورانەی گەنجانەوە، گوتی: من لەدونیادا بۆ دونیا هاتومەتە بون، بۆئەوەی تێکی هەڵشێوینم، من تەنیا لەبەر خاتری تۆ دەستم لەم شارە دەپاراست و بەزەیم پێدا دەهاتەوە، ئەم شارە چەشنی دڕکێك چەقیوەتە قاچمەوە و بۆتە بەربەست لەبەردەم ئەوەی بەزویی بگەمە ناوبانگ و سەرفرازی.بەڵام ئێستا، لەسبەی زوتر نیە دار و پەردوی ئەم هێلانە سەرکەشە بەسەر یەکدا دەڕوخێنم.

دایکە گوتی: ئەو هێلانەیەی کە تەنانەت بەردەکانیشی ئاشنای سەردەمی منداڵیتن؟

:مادام مرۆڤ نەتوانێ بەردەکان وەقسە بهێنێ، کەواتە لاڵن.وازم لێبێنە با کێو و چیاکان سەبارەت بەمن دەم هەڵبێننەوە و لەبارەی منەوە بدوێن، من ئەوەم دەوێ!.

دایکە پرسی: ئەی خەڵکەکە؟

:ئەها! بەڵێ، من ئەوانم لەبیرە.دایە! ئەوان بۆمن پێویستن، چونکە کەسانی قارەمان و دلێر، لەیادەوەری ئەواندا بە نەمری دەمێننەوە!

دایکە گوتی: قارەمان ئەو کەسەیە بەپێچەوانەی مەرگەوە، ژیان بنیات دەنێ. قارەمان ئەو کەسەیە بەسەر مەرگدا زاڵ دەبێ...

ئەویش وەڵامی دایەوە: نا! وێرانکەرەکانیش بە ئەندازەی بنیاتنەرەکان ناو و ناوبانگیان هەیە، بڕوانە تا ئێستا ئێمە نازانین کە شاری ڕۆما (ڕۆمێرلۆس) دروستی کردوە یان کەسێکی تر! بەڵام ناوی (ئالاریخ ) و تەواوی قارەمانەکانی تر کە ئەوشارەیان کاول کرد، هەمویان بەڕونی





زانراون...

دایکە، جارێکی تر وەبیری هێنایەوە: هەمان ئەو شارەی کە نەمرە و هەمان ئەو دلێرانەی کە شوێنەواریشیان دیار نیە؟

بەم شێوەیە، تا بەربەیان، لەگەڵ دایکیدا قسەی کرد.دایکە بەدەگمەن قسە شێتانەکانی پێ دەبڕی و سەری بەرز و بەعیزەتی، تا دەهات زیاتر شۆڕ دەبو.

دایك بنیات دەنێ و گیانی خۆی دەبەخشێ، دایك پاسەوانە و ئێشك دەگرێ ، گفتوگۆی نەشیاو و ناپەسند، لەبەرامبەر دایکدا، دەچێتە خانەی دژایەتی کردنەوە.

بەڵام گەنجەکە درکی بەمە نەدەکرد.

دایك هەمیشە دژی مەرگە، دایك هەمیشە ڕقی لەو دەستانە دەبێتەوە کە مەرگ دەچێنن و پەلامار دەبەنە سەرماڵی خەڵك.دایك لەوجۆرە کردەوانە هەراسانە.بەڵام کوڕەکەی، ئەم شتانەی نەدەبیست و نەدەبینی، تیشك و گڕی سارد وسڕی ناو و ناوبانگ، چاوەکانی کوێر کردبو.

هەروەها تێنەدەگەیشت لەوەی کاتێ دایکێك ژیانێك دێنێتە بون و دەیپارێزێ ، بۆی هەیە پیلانی بۆ دارێژێ و مەترسی بۆ دروست بکا. دڕندەیەکی بەهێز و بێبەزەیی و بێباك بو...

دایکەکە بەخەفەتباریەوەدانیشتبو، لەپەردەی کراوەی خێوەتەکەی سەرکردەوە، شارێکی دەبینی کەتیایدا بۆ یەکەم جار جوڵەی شیرن و چێژبەخشی کۆرپەڵەی لەزگیدا هەستپێکرد و ئازار و ئەشکەنجەی لەدایکبونی ئەم ڕۆڵەیەی چێشت، کە ئێستا دەیویست بێبەزەییانە ئاگری تێبەردا و بیسوتێنێ.

تیشکی سوری خۆرەتاو، بەسەر بورج و شورای شارەوە تروسکەی دەدا.شوشەی پەنجەرەکان بریسکەیەکی شومیان هەبو، دەتگوت تەواوی دانیشتوانی شار بریندارن و ژەکی سوری ژیان، لەسەدان برینی شارەوە هەڵدەچۆڕێ.کات تێدەپەڕی و شاریش وردە وردە، تاریك دادەهات.دەتگوت تەرمێکی بەجێماوە، ئەستێرەکان بەسەریەوە دەرکەوتون و چەشنی چەند مۆمێك بەدیاریەوە دەدرەوشێنەوە.

نیگای دایکە، تا نێو ئەو خانوە تاریکانە بڕی دەکرد کەخەڵکەکەی دەترسان لەوەی چرای تێدا داگیرسێنن، نەبادا سەرنجی دوژمن ڕاکێشێ.نیگاکانی تا ئەوسەری شەقامە تاریکەکان بڕی دەکرد کەبۆنی لاشەکان هەوای شاریان ژەهراوی کردبو، دەنگی نارەزایی کپی خەڵکانێك کە چاوەڕوانی مەرگیان دەکرد، دەبیسترا.

ئەو، هەمو کەسێك و هەمو شتێکی دەبینی.

تەواوی ئەو شتانەی کە بەلای ئەوەوە ئاشنا و ناسیاو بون، لێی نزیکتر ببونەوە.دەتگوت لەبەرامبەریدان و بێدەنگ چاوەڕوانی بڕیاری ئەون. دایکە وایدەزانی کە دایکی تەواوی خەڵك و دایکی شارەکەی خۆشیەتی.

لەقوللەی کێوە ڕەشەکانەوە، چەند پەڵە هەورێك، لەشێوەی چەند ئەسپێکی باڵدار بەرەوە زەوی دەهاتنە خوار و بەرەو شارە ناچارکراو بە نەهامەتیەکە، دەفڕین.کوڕەکەشی دەیگوت: ئەگەر شەو بەئەندازەی پێویست تاریك بێت، لەوانەیە هەر ئەمشەو بەسەر شاردا بدەم ، کاتێ خۆر لەچاوی مرۆڤ دەدات، بینینی تروسکەی چەك بۆ چاو ناخۆشە و مرۆڤ ناتوانێ بەباشی شمشێرەکەی بەکاربێنێ.لەهەل و مەرجێکی لەوشێوەیەشدا مرۆڤ ناتوانێ بەباشی ئامانجەکەی بپێکێ.بەدەم ئەم قسانەوە بەوردی سەیری شمشێرەکەی دەکرد.

دایکە گوتی: وەرە ئێرە، سەرت بخەرە سەر سینگم و پشو بدە و بیهێنەرەوە بیرت کە بەمنداڵی چەندە بزێو و زیتەڵە بویت و خەڵکی چەندیان خۆش دەویستی ! لاوەکە بەقسەی دایکی کرد و سەری نایە سەر ڕانی دایکی و ڕاکشا و چاوەکانی لێك نان و گوتی: من تەنیا تۆ و ناوبانگم خۆش دەوێ، تۆشم لەبەر ئەوە خۆشدەوێ کە کەسێکی وەکو منت هێناوەتە ژیانەوە.

دایکی بەسەریدا نوشتایەوە و گوتی: ئەدی ژنان؟

:ژن زۆرن! مرۆڤ زۆر بەخێرایی، وەك شتێکی شیرن، زوو لێیان تێر و بێزار دەبێ.

دایکە، بۆ دوایین جار لێی پرسی: حەزت لەوە نیە بیتە باوك و ڕۆڵەی خۆت لەباوەش بگری؟

:لەبەرچی؟ بۆ ئەوەی بیان کوژن؟ کەسێکی وەك خۆم بیانکوژێ وگرفتاری خەم و نائاسودەییم بکات؟ ئیدی بەدەم خەم و خەفەتەوە پیر ببم و هێز و توانام لەبەر بڕێ و نەتوانم تۆڵەشیان بستێنمەوە!

دایکە، ئاهێکی هەڵکێشا و گوتی: تۆ وەك بروسکە جوانی! بەڵام هیچ سودێکت نیە.

کوڕە، زەردەیەکی کرد و وەڵامی دایەوە: بەڵێ! بەوێنەی بروسکە...

دواتر چەشنی کۆرپەیەکی ساوا، لەباوەشی دایکیدا خەوی لێکەوت.

دایکە بالاپۆشێکی ڕەشی، بەسەر کوڕەکەیدادا و لەنێویدا بزری کرد. خەنجەرە تیژەکەی هەڵێنا و تاهێزی تێدابو چەقاندیە سینگی ڕۆڵەکەی.کوڕە – بێ ئەوەی جوڵەیەك بکات – یەکسەر گیانی






سپارد. ئاخر دایك باش دەزانێ کە دڵی کوڕەکەی لەکوێدا لێدەدا و ترپە ترپیەتی.دواتر لاشەی بێ گیانی کوڕەکەی هاویشتە بەرپێی پاسەوانە حەپەساوەکانی و پاشان ڕوی کردە شارەکە و گوتی: من وەك مرۆڤێك، ئەوەی لەتوانامدا بو بۆ نیشتیمانەکەم کردم، بەڵام وەك دایکێك لەگەڵ کورەکەمدا دەمێنمەوە! ئیدی لەو تەمەنەدا نیم جارێکی تر دڵم بەوە خۆشبێت بتوانم کوڕێکی تر بێنمە دونیاوە، مانەوەشم لەژیاندا سودی بۆ هیچ کەسێك نابێت.

دوای ئەم قسانە، هەمان ئەو خەنجەرەی کە هێشتا بەخوێنی کوڕەکەی– واتا خوێنی خۆی – سور و گەرم بو، چەقاندە سەر دڵی خۆی.

کاتێك دڵ ئازاری هەبێت، دەکرێ زۆر بەئاسانی بکرێتە ئامانج.

سەرچاوە / داستانهای برگزیده ماکسیم گورکی /
ترجمه افسر سدارت – رزا ازرخشی/ نشر جامی.



# باپیرەم چۆن دەوڵەمەند بوو

ئیلسرا زانتیف
و/ عەبدوڵڵا مەحمود زەنگنە

زۆر پیاوێکی ڕۆح سووك بوو.... مەبەستم باپیرەمە.. بەڵام لە هەندێ ئیش و کاریدا ژیریی پێویستیی بە هاوکاری و سەرپەرشتی هەبوو تا وەك خەڵکی گەشە بکات و پەرەبسێنێت. تا ئەمڕۆیش ئەو پرسیارە لە خۆم دەکەم کە نەنکم چۆن توانیویەتی وەك بەخێوکەری خێزان پشتی پێ ببەستێت!

هەموومان لەیەك خانوودا دەژیاین..چەند کەسێکی لاواز و داماو... گەورەکان هیچ هەوڵێکیان نەدەدا بۆ ئەوەی فێری خواردنمان بکەن و ژەمەکانمان لا شیرین بکەن... من خۆم ئەوەی هەبوایە لەگەڵ دایکمدا دەمخوارد و دواتر خۆم دەگەیاندە لای نەنکم لە نهۆمی سەرەوە و لەوێش ژەمێکی ترم دەخوارد و دەچوومە لای پوورە(بێرتا) کە زۆر لێمانەوە دوور نەبوو و لەوێیش چی هەبوایە بەشداریی ئەوم دەکرد.

لە تەمەنی پانزە ساڵیدا و کە لای بازرگانێك کەوتمە ئیشکردن، ئەوسا تامی سێوی گەیوم چەشت، چونکە لە





گوندەکەی ئێمە سێو دەبوو خەون بەوەوە ببینێت کە پێبگات... ئێمە هەر بە مزری دەمانخوارد و لە تاو ترشیی زمانمان دەردەهێنا، بەڵام ئەو سێوانە خۆشترین تام و چێژبوون لە ژیانمدا.

لە منداڵیمدا تەنها جارێك پڕ بە سکی خۆم تێرم خوارد و مڕ بووم، ئەویش کاتێك کە پوورم لەبیری چوو دەرگای چێشتخانەکەی دابخات و منیش خۆم کرد بە ژوورا و بیست و دوو لەت کێکی" دونت"م دەرهێنا و خواردم. خێزان لەو کارەم نەبوران و ساڵانێك دوای ئەو ڕووداوەیش کە پێکەوە کۆ دەبووینەوە و منیان دەدیت هاواریان دەکرد: وریای کێکەکان بن!

لە کڵاورۆژنەی ئەو باردۆخە خراپەوە کە نە دۆست و نە دوژمن پێیان خۆش بوو، مرۆڤ دەتوانێت ڕۆژێکی خۆش و جوان بێنێتە پێش چاوی کە تیایدا بەخت بۆ باپیرەم پێکەنی و ئەو شەمەندەفەرەی ئەوی تێدا بوو دەعمی کرد!

ئەگەر ئەو ڕووداوە لە تۆ رووی بدایە و رزگارت بوایە دەگەیشتیتە دەروازەی دەوڵەمەندبوون، چونکە کۆمپانیای هێڵی ئاسن بەوپەڕ دڵفراوانی قەرەبووی دەکردیتەوە. هەموو سەرنشینانی شەمەندەفەرەکەیش دەیانزانی دەبێ چی بکەن، بۆیە هەموویان وەك دێوێکی سەربڕدراو خۆیان لە زەویدا دەتلانەوە تا فریگوزاران بە هانایانەوە بێن، تەنیا باپیرەم نەبێت! ئەو لە هەموومان ئیشتیهای خواردنی باشتر بوو ... هەرگیز لە ژیانیدا لە ژەمێك خوردن دوانەکەوتووە، ئیتر بۆچی ئێستا خۆی دوا بخات!

نەخێر.. هەرگیز بەهۆی ڕووداوێکی هیچی شەمەندەفەرەوە وا ناکەم قوربان! بۆیە باپیرەم لقە دارێك دەبڕێت و دەیکاتە گۆچانی دەستی و سووك و باریك بە سێ سەعات دەگاتەوە ماڵەوە. لەو میانەیەدا هەواڵی ڕووداوەکە گەیشتە گوندەکەمان و ئەوەی ترس و دڵەڕاوکێی رەواندینەوە ئەو برووسکەیە بوو کە تیادا تەئکید کرابوو :" ڕووداوەکە هیچ زیانێکی گیانی نەبووە".

هەرگیز ناتوانم ئەو سیمای پڕ لە شڵەژان و سەرسوڕمانەی نەنکم وێنا بکەم کاتێك بینیی پیاوەکەی لارەلار و تەپوتۆزاوی و تا ڕادەیەکیش شەکەت و ماندوو خۆی بە ژووردا کرد، هەرچەند هێشتا بە بەرائەت و خۆشنوودییەوە پێدەکەنی، چونکە لەکاتی خواردنی شێواندا گەیشتە جێ!

بەر لە هەر شتێك سیمای خۆشحاڵیم لە ڕوخساری نەنکمدا بینی بەوەی مێردەکەی بە ساغ و سەلامەتی گەڕاوەتەوە، بەڵام خۆشییەکەی هاوکات هەستی تووڕەیی تێکەڵاو بوو و دواتر ئەو هەستە زیاتر

بەسەریدا زاڵبوو... چونکە ئەو بەستەزمانە دڵنیابوو لەوەی باپیرەم تاکە دەرفەتی دەوڵەمەند بوونی لەدەست خۆی دا. بۆیە نەنکم لەماوەی چەند چرکەیەکدا گۆڕا بە ڕەشابەیەکی تووڕە. باپیرەم بەرلەوەی بزانێت چی بووە بە پانتۆڵ داکەنراوی خۆی لە نوێنەکەیدا بینیەوە و پاڕانەوەکانی پوولێکی نەهێنان چونکە ژنەکەی لە تووڕەییدا کەوتبووە کەف چەڕان. ڕووداوەکان خێرا بە دوای یەکدا دەهاتن، داپیرە سەرپۆشێکی تەڕی دا بەسەری باپیرەمدا و دایکیشم بە هەڵەداوان چوو بۆ هێنانی تاکە دەرمان لە ماڵەکەدا، ڕۆنی گەرچەك.

باپیرە لە ترساندا هاواری لێهەڵسا و دەیوست لە نێو کۆڵە نوێنەکەدا خۆی وەشارێت. بەڵام دایکم خێرا لووتی گرت و ڕۆنی گەرچەکەکەی ئاخنیە دەمی و منیش بەزەییم پێدا دەهاتەوە... ئای پیاوی بەستەزمان، ئەو پێویست بوو شێوەکەی بخوات، بەڵام ئەو بێت یان کەسێکی تر چییان پێدەکرێت گەر ژن و کچەکەی شتێکی تریان لێ بوێت!

هەر ئەوەندەی ئەو کارەیان کرد، بە پەلە مناڵێکیان نارد بە شوێن پزیشکدا. کە پشکنینی بۆ کردو لەوەدا بوو پیرۆزبایی لێبکات بەوەی بە سەلامەتی نەجاتی بووە و تەندروستیی زۆر باشە.. یەکسەر دایکم لە مەیدانی شەڕدا سەنگەری خۆی گرت! یەکەم کاری پێوانی باڵای بوو کە چوار پێ و دە ئینج دەرچوو. زۆر بە جدییش ڕوونی کردەوە گوایە باپیرەم لە ئەنجامی ڕووداوەکەدا زەبرێکی گرانی بەرکەوتووە و مێشکی لەقاندووە — ئەمە ئەگەر باپیرە مێشکی هەبێت — دەنا جەنابی پزیشك چۆن ڕاڤەی ئەوە دەکات کە باپیرەم بەنرخترین دەرفەت لە دەست خۆی دەدات بۆ دەوڵەمەند بوون... دواتر چۆن گوێ بەوە نادات و لای ئەو هەژاری و دەوڵەمەندی وەك یەك دەبێ؟!

پزیشکەکە بە وردی ڕوانیە دایکم... کە نیشانەی سووربوونی لە چاوەکانیدا بینی، ئیتر — بە حوکمی ناسینی— تێگەیشت ئەوەی نابێ ببێت دەبێ هەر ببێت، بۆیە ناچار خۆی رادەستی فەرمانی ئەو کرد و بەرلەوەی بڕوات دیاریکردنی نەخۆشییەکەی باپیرەمی وەك دیکم بڕیاری لێدا قبوڵ کرد.

ئیتر دوای ئەوە کاتی چاوەڕوانی دەستی پێکرد. دایکم و داپیرەم هەوڵی زۆریان دا بۆ هێشتنەوەی باپیرەم لە نوێنەکەیدا. ئەوەیشیان بە جوانی تێگەیاند کە دەبێ لە کاتی هاتنی بەرپرسی هێڵی ئاسنیندا چی بڵێت.. ئەو داماوەیش ناچار بوو بە هێمنی هەر بە بەڵێ سەریان بۆ بلەقێنێت و





وەعدیش بدات کە بۆ ئەو مەبەستە هاوکارییان بکات.

بەڵام ئاخۆ هەوڵم داوە ڕۆژێك لە ڕۆژان ماسیەك ناچار بکەم لەنوێندا بمێنێتەوە؟ باپیرەم زۆرجار هەوڵی خۆدزینەوەی دەدا و بەرتیلی دا بە منالێك تا پانتۆڵەکەی بۆ هێنا و لە نوێنەکەی هاتە دەرەوە... هەر وایکرد لە دەرەوە گوێی لە قاڵەی ئەو خەڵکە بوو کە چاوەڕوانیی هاتنیان دەکرا، ئەمیش لە پەنجەرەکەوە سەرێکی بردە دەر و بەرپرسانی لێکۆڵنەوەی لە ڕووداوی شەمەندەفەرەکە بینی کە هەموو خەڵکی ئاواییان لە پشتەوە بوو چاوەڕێی ئەوە بوون مەسەلەکە بە چی دەگات. لە ماڵەوە بە پەلە جل و بەرگی تەواویان کردە بەر باپیرەم بە پێڵاوەکانیشیەوە.. دواتر تا چەناگەی لە کۆڵێك بەتانی و لێفەیانەوە پێچا... کە لێکۆڵەرەکان هاتنە ژوورەوە پەردەی پەنجەرەکان دادرابوونەوە و ژوورە تاریکەکە بۆنی ڕۆن گەرچەکی لێدەهات.

سەرەتا وا دەردەکەوت کە باپیرەم هەموو ڕێنماییەکانی لەبیر چووبێتەوە، چونکە زۆر بە گەرمی بەخێرهاتنی لێکردن و بۆ ڕێکیی ڕواڵەتیشیان پیرۆزبایی لێکردن، دواتر زۆر بە خۆشی کەوتە قسەکردن لە بارەی کەش و هەواو کشتوکاڵەوە. کە پزیشکی تایبەتی هێڵی ئاسنین دوای زەحمەتێکی زۆر دەرفەتی بۆ ڕەخسا پرسیار لە شوێنی بەرکەوتن و برینەکەی بکات، دایکم بە ترسەوە ئیشارەتی بە سەری دا. باپیرەم بە زەردەخەنەیەکەوە وتی:

— باشە!

دواتر وتی:

— پێموایە کارێکم بەسەردا نەهاتووە بە سەد هەزار جنێ چارەسەر بکرێت!

دایکم دەستبەجێ بوورایەوە و کەوتە سەر زەوی.. نەنکم بە هاوار و هەڵا چووە دەرەوە. بەرپرسانی قەرەبوو کردنەوە دایانە قاقای پێکەنین. دوای ئەوەی دامرکانەوە و دایکیشم وەهۆ شخۆی هاتەوە، پێنج هەزار جنێیان دایە باپیرەم و بووە دەوڵەمەندترین کەسی ئاوایی. بەڵام تا ئەو ڕۆژەی لە دنیای زیندووانیش دەرچوو، نەیزانی بۆچی ئەو بڕە پارەیەیان داوەتێ.

سەرچاوە: کتێبی/من روائع القصص العالمية/ الجزء الثاني

مکتبه العبيكان

وەرگێڕ بۆ عەرەبی/ حصه ابراهيم العمار.

چاپی ٢٠٠٨



ئەدیب نادر

# زەمبەقە ئاوییەکان

قەلەڕەشەکان سەرئاسا خۆشحاڵ دیاربوون و ئانازییان بە ئێوارەوە دەکرد، ئاسۆیش تەنافێکی بۆری بێکۆتایی بوو قاغە قاغە تاقانەکانی هەڵدەخست. دنیایان پڕ کردبوو لە قیڕەقیڕ، وەکو ئەوەی پاساو بۆ ئاوێتەبوونی ڕەنگە کێوییەکان بهێننەوە و بۆ ئەوانەی بسەلمێنن، کە کەلاش و تەرمی ڕۆژیان بەناشتن سپارد بوو، بەلەز هەنگاویان هەڵدەناو چنگ لەسەرشان بەرەومال دەبوونەوە، وەکو کڵێسەیەك بەزرنگانەوەی زەنگی یادە گەمارۆ داروەکان دڵارا دەبیت و سەدایەکی ڕمۆك قەوارەت تەی دەکات. ئەو زایەڵەیە هەست بە بوونی خۆپێکردنت پێ ڕەوا دەبینێت، دەستێکی تەواو زینهار بەدەموچاو و سیمای شەکەتی خۆتدا ڕایەڵ دەکەیت و چرچ و لۆچییە ناوەکان لە هەستتدا بەرجەستە دەبن، ئەو لۆچییانەی هەردوو ڕووباری گریان و خەم بۆیان جێهێشتوویت و هەر بەردەمیش هی دیکەت بۆ بەجێ بێڵن. دەنگی دانسقە و چەتوونی قەلەڕەشە پەرتەکان ئامێتەی بەسەرچوونی ئەو تەمەنە کێشمەکێشاوی و تژی لە ئازار و ژان و بێوەرییە بووەوە.

شەو سەرجەم دەرگا کلۆمدراوەکانی ناواخنت ئاوەڵا دەکەیتەوە، هەر دەڵێی جاری جارانە ! کاتێك ئارامت بەبەرمەمکانەوە بوو. هەرکە زەنگی گلێسەی بیرەوەرییە بە تێپەڕیووداچووەکان دێنە زایەڵە، شیری ناوەخت دەزێتە مەمکە بۆرهەڵگەڕاوە وشك و برینگە لەمێژوەخت زار نەدیوەکانت و مێروولەیەکی لاساری تێدا بەرپا دەکات. هەست بە ختووکەیەکی ئەفسووناوی دانەکانت ئاڵ دەکاتەوە و ڕادەپەڕیت، ئازاری کردوویتی بە پەیکەرێکی تۆز و گەرد لێ نیشتووی دەرەوەی زەمەن. وێنەی موگناتیسێکی زلهێز جەمسەرە نادیارەکانی زەمەن دەشێوێنی و بەوە لە خێرایی و بزووتنەوەی دەخات، وکو زەمەنی سەردەمی بەلاو کارەساتەکان سەنگین و قورس هەڵدەگەڕێیت. مووچڕکەیەکی کتوپڕ ئەو حاڵوبارەت لەلادا زەق و بەرجەستە دەکات. هەندێ کەڕەت ئەو شیرە سەیرە لە ەبەندییا فیچقە بەرەو دەرێ دەبەستێت و بازرەقە بە پێشەوەی کراسە شینە فشۆڵ و دەبڵە ئاودامانەکەتدا دەبەستێتە خوارەوە. مووچڕکە وەکو ڕۆژانی پەژارە و مەرگ درێژدەبێتەوە، لە شارۆچکەی ئاڵۆزی گیانتا پیاسە و هەندێك جاریش تەراتێن دەکات. دووچاری هەڵلەرزینێکی بێسەروشوێن دەبێت، چاو دەنووقێنی، لێوەکانت سنووری خەمەکان جێدەهێڵن و شۆڕدەبنەوە، ئەو ساتەوەختانە لەلاتدا زیندوو دەبنەوە، کە لەپاڵ باوکیدا هەڵدەئاژایت، هەتا ونیش بوو قەتاوقەت لەنێو جێ و بالینگدا پشتی تێنەکردیت. ئەم پێکەوە بوون، هەر بە چاوترووکانێکی بەرلە خەوتن دەچوو، کە گەشتت بە بەدیاری ڕابردوودا دەکرد، ژیانی کلۆڵی خۆتت دەبینی، جیاوازیت لە نهۆدا بەدی نەدەکرد، پەییت بەتەنها شتێك دەبرد، ئەویش ئەوەبوو، کە ڕابردوو هەر بەردەوامە. سەرنوێشت ئەوەندەی پێوە پابەند نەکردیت هەتا لەسایەیدا بحەسێیتەوە. تەنها چەند ساڵێك، دەتگۆ پەلەیەتی و دەیەوێ زوو لە جەستەی خۆی ڕەهابێت، وەکو بڵێی گەڵا تاك و تەرا ماوەکانی ئاخر و ئۆخری خەزانێکی بە گیانەڵا کەوتووە و تەنیا چەشنی قەدێك بۆ زستانێکی بێبڕاوە و تووش جێت دەهێڵێت. هەرچەندە پێشتر چاوت بەچارە و دیمانەی نەکەوتبوو، ئەو چارەیەی دەقاودەق دەتگوت لە کەرەستەی خاوی ماندوێتی داناشراوە، بەڵام دوای ئەو چەند ساڵە کەمە جوامێری و هێمنییەکەی کردیتی بە لانەی خۆشەویستی مەلێکی بەوەفا کە هەمیشە بە شەوارەی دەکەوتیت و دەگەڕایتەوە بۆ لای و باوەشت، پیلە تەڕ و بڕەکانت دەبوونە

ڕۆخی چەمێکی شەیدای خەوی نێو بۆتەی دەریا. هەتاکو ئەمڕۆیش چنگوپەلت لەو درەختە کەڵەگەت و تۆکمەیەی ئابڕوو و حورمەتی خۆت بەرنەداوە، تەنانەت دوای نەمانی ئەو، وادەزانیت حەوایەکیت و تازە یەزدان گەمەکانی دەستنیشان کردووە و دوای یەکەمین خەتا و پەردەوازەبوونتان ئادەم ونبووە و چاوەڕوانی دەرکەوتنی دەکەیت. بەدیار بەرماوەکەیەوە، بەدیار ئەو زارۆڵەیەوە زۆرت کێشا، ئینجا هیچ مایەوە نەیچێژی؟ هەموو نیگای چاوە ڕژد و باشقاڵە پیس و چەپەڵەکان چەشنی گەڵای پاییزە دەڕژانە ژێر پێیەکانت. ئەو توفڵە ساوایە، کە بە حیسابی ئێستاکەت، بیست و شەش ساڵە، پێش پێنج ساڵ و نیو هەڵەتەیان کرد! هەروات دانا،چونکە بەبێ بیرکردنەوە لە تۆ و بێوەژنێتییەکەت، ئەمەندە ئاوەزیان بە ڕێگا و هەڵوێستەکانی باوکی قانگ دا هەتا وای لێهات بە بێ ئەوەی ئاماژە بۆ ڕۆیشتنی بکات وەك ئەستێرەیەك داچۆڕاو کەس سەر و سۆراخی نازانێت، زۆر گوێبیستی خەڵك بوویت و هاوڕێکانیشی بەدەم شایلۆغانەوە دەیاندایە بەر گوێچکەت و دەیانگوت:"زەوی قووتی داوە". تۆیش تێگەیشتنت پشتگوێ دەخست، یاخود هەر بەیەکجاریی نەتدەویست باوەڕ بەوە بهێنی و دان بەو یەکسانییەی نەمانیاندا بنێیت.

ئەو ڕۆژە چەند ڕۆژێکی نەهامەتبار و دژوار بوو، نەتدەزانی چارەنووسی کامتان دەستنیشان کرابوو. هەموو جارێك کە دەچوویت، لەو گوندە لاپاڵی و بنارییەدا، ئەو دامێنەی کە بە قوڕ و چڵپاوێکی پەیت و لینج بەجادە قیرتاوەکەوە بەسترابووەوە، بەدیت دەکرد، دەتزانی ئەو وێنەی پەڕەسێلکەیەکە و ساتەکانیش وەرزی بێئۆقرەی زیندەگی ئەون، خاترجەم بوویت لەوەی کە ئەوپەڕەکەی شەوێك دوادەکەوێت، سبەینێ بە پەلەپڕووزێی ئەسپی دەریایەکی چەمووش خۆی بە کەنارە ئارامەکەت دەگەیەنێت، باوەشت پێدا دەکاتو شەلاڵیی ئارەقە و بۆنی دڕن و ڕاکردوویی هەناسەکانی ئابلۆوقەت دەدەن و تاقگە ڕیشە نەرمەکەی بەسەر شانتا دەنگەڕێزە دەکات. تەنها کولەکەی ڕۆحی خۆی مابوو لە زەمبیلەکەدا حەشارت نەدابوو، کە سەرنجی لێدەئالاند و دەیدیت. حەپەساو و ئەبڵەق دەبوو. خەمی بێناسنامەی چاوە بەقووڵداچووەکانیت حینجە دەکرد، دەتزانی چیت لێ سراخ دەکات، تۆیش بۆ ئەوەی لە بازنەی نادڵنیابوون وەدەری بنێیت و لە غالەیە و دڕدۆنگیی بەدووری بخەیتەوە





دەتگۆ:"بەخوا ڕۆڵە خۆم بۆم نەدەهات، چی لەو قوڕ و لیتەیە دەری دەچوواندم، ماڵی ئاوا بێت کوڕێکی ڕیشنەی خەفەتبارم لێ پەیدا بوو، دایکی کوێر بێت خۆ منداڵکارەیش بوو، کەچی هەشت نۆ دەراخی بەلاکەمەریدا شۆڕکردبووەوە و تفەنگەکەیشی بەخۆیدا هەڵزناندبوو، ئەوسا بارەکەی لێسەندم و بۆم سەریخست، ئەونەبایە هەتا ناودێ، ئەو ڕێگا دوور و هەورازە چیم بکردایە!". ئەودەمە لەوە تێنەدە فکریت کە ڕۆڵەی تۆش هەر منداڵکارە و نەوجەوان بوو، کە شاریشی بەجێهێشت، هێشتاکێ مووی ڕدێنی پەڵە پەڵە بوو، بە تەواوەتی پڕ نەببووەوە. ئەگەر وایش نەبوایە تۆ هەر بەو چاوەوە تێدەڕوانی، هەنووکەیش هەروات دەبینی، هەر ئەو منداڵەی جارانە کە خۆی بە پشتی تەلدڕواویی پەیتوونە جووت ئەسپییەکانەوە هەڵدەپەسێرێت و لەتاو یاری و گەمەی کۆڵان و گەڕەك، ماڵ لە بیروهۆشیدا دەڕەوێتەوە و بە تاریك داهاتن و تەکینەوەی زاڕوزیچ دەکەوێتەوە بەرجەستە بوون و دەگەڕێتەوە. پاش شێوکردن، دەخزێیتە دووتوێی شەڕەنوێنی بێڕەنگ و ڕوو و هەتا دەرکەوتنێکی دیکەی هەتاو لە دنیای خەونەکانیدا پەلەقاژێیەتی، هەر خەریکی جنێوو وڕێنە و ئاژاوە و یاری کردن و هەڵچوونە وەکو کەڤی لالێوە ژێردان کەوتووەکانی یەکێك کە بوورانەوە سەرومڕ دەیجەڕێنێ. هەروەکو تۆ درکت پێ دەکرد، هیچ جوداوازییەکی ئەوتۆ لەمیان ئەوسا و ئێستایدا بەدی ناکرێت. ئەوکاتە پیس و گەند و قڕێژاوی، حاڵی حازریش هەر بەهەمان جۆر و شێوە، چڵك و قەرتماغەی کڕێش و پیسی باری سەرشانی سەنگین دەکەن، ڕدێن هەتا ڕۆحی چاوەکانی کشاوە ملیوانی کراسە خاکییەکەی بەدەمی ئاودا بێگووشیت ڕەش دایدەگێڕێت، ئەمەیش سەرباری کڕەکڕی خۆخواردنەکەیەتی. هەر لە منالییەوە ڕاهاتبوو. شەوانی مانەوەت لەوێدا، ئاگاداربوویت کە لەتاو گەشت و گوزاری ئەسپێ و کێچ بە دەگمەن نەبێت خەوی دەستەبەروکەوی نەدەکرد. بەڵام دڵیشت بەرایی نەدەدا لەو هەلبژاردنەی خۆیدا ڕاو تەگبیرێك گوزارە بکەیت، لەناخەوە داخداری ئەو زیندەگییە پڕ مەترسییەی بوویت. شەوێك، دووان، لەگەڵیدا دەمایتەوە و کە بەجێت دەهێشت، تێی ئاویی لە نامەیەکی نوشتە ئاساوە وەردەدا و پێی ڕادەگەیاندی، دووبارە و سێبارەی دەکردەوە، کە بۆ چ شوێنێکی بەریت و بیدەیتە دەست کێوە، ئیتر بەکۆمەڵێ درێژەپێدان و چەردەیەك نیگای تکاچۆڕ کۆتایی بەڕێگاکە دەهێنا و

دەیگەیاندیتە سەرجادە قیرتاوەکەی خوار ئاوایی، لەوێ بەدیدەیەکی تەڕ و نماوییەوە هەویای ئەوەت دەخواست ڕۆژێك دوایی بەو نامە و نامەکاری و مەودا تراژیدییە بێت و دڕ بەو دوورایی و سەختیانەیش بدات.

ئەو ئێوارە درەنگ وەختەی تازە سەرقاڵی داڵدە گرتنبوو، کە لە جێبە لاندروڤەرە سواخدراوەکەوە هاتیتە خوارێ، لەناکاو هەستت بەوەکرد کە گوشارێکی بێڕادە دڵی خستیتە بارێکی ناتەباوە، یەکەمجار نەبوو ئەو بارەت بەسەر بێت، قورقوڕاگەت کەوتە خرۆشێکی سەیر و تەنگتربووەوە، تەنانەت هەستت دەکرد هاتووەتەوە یەك و پێکەوە نووساوە، دانیشتیت، لە دوورەوە، دار زەیتوونەکان خورپەیەکی سەیریان خستە دڵتەوە، وەکو جاران نەدەهاتنەوە بەربینایيت، دیدەکانت ڕەملّیان دەکرد، شتەکان پەرت و شاش و گڕییەکیان دەنواند. نێو نیگایەکت بە ئاسماندا هەڵشاخان و لەبەر خۆوە گوتت:"یاخوا قەت دایك نەبوومایە" وەکو چاو بە کارەساتی ژیانی خۆتدا بگێڕیتەوە، کە دەستەو ئەژنۆ و دەستە و پشت سەرکەوتیت، لەو بارەگایەی جاران دەموچاو و سیمای شووناسەکانت وەدی نەکرد، لە یەکێکیان هاتیتە بەرەوە و وتت:"ئەرێ ڕۆڵە ئەوانەی کە پێش ئێوە لێرەبوون بەرەو کوێ چوون؟" ئەویش بە وشکی و کینە بارییەکەوە – هەڵبەتا ئەگەر پیرە دایکێك نەبوویتایە، دەبوایە چاوەدوویی چی لێبکەیت – تەنها بەدەرپەڕاندنی تاقە وشەی "پاشەکشێ" هێمای بۆ کردیت و بەو پەیڤە ناحەزە ڕوون بووەوە کە مەبەستی چیبوو. هێدم بردیتییەوە، سەیرێکی دیوارە کەستەکییەکانت کرد و لێیان وردبوویتەوە، هەروەکو جاران پۆرترێتی سەرکەچەڵێکی ڕدێن گیسکی و قژ درێژێکی ڕیش گەوەن هەڵواسرابوون، گلێنەی چاوەکانت گرتە قۆناخی تفەنگەکان و لەژێر لێوەوە منگەمنگێکت دایە بەر گوێی خۆت:"خۆ ئارامیش بەبۆیەی سوور ئەستێرەیەکی بچکۆلانەی لەسەر قۆناخی چەکەکەیدا نەخشاندبوو.."، هەرچەندە گوێی لە ئاخاوتنەکەیشت بوو، کەچی لەئاستیدا گوێی خۆی بە کەڕیی سیخناخ کرد و وەکو ئەوانی دیکە چاوە پڕ ئەرژەنگ و بێ دیقەتەکانی خستەوە سەر لاپەڕەی هەمیشە کراوەی ئەو کتێبانەی کەلێنەکانی میلنیان بەرینتر دەکردەوە. ئەو شەوە ئەنگوستەچاو و بێچوونە دەتگۆ بۆتە سەرگوزەشتەیەکی بێدوایی و بە بەژن و باڵاتدا بڕاوە. خۆت بە دیلێکی زەبوون و





بوودەڵەی ساتە هەنووکەیی و بگرە هەمیشەییەکانیش دەهاتە بەرچاو و هەرگیز ئەوەندە ساتەکان سست و کەمتەرخەم نەبوونە، هەر بیرت لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ ئەو کتێب لە کۆڵە لەڕولاواز و بەیارایە ڕوو لە چ هەورازێك بێت، یاخود دابێتییە چ کەندێك؟ پاش گەڕانەوەت ئیدی هەموو سەروسۆراخێکی وەك دەنگدانەوەیەك ڕەوییەوە. بەربەستێك لەناو بیرتدا قووت بووەوە و ڕێگای نەدەدای باوەڕ بەوە بهێنی کە سەر توێژ یانێخۆ نۆبەرە و سەرەنجامی تەمەنی ئەو ساڵانەت بەو سانایيە پێوار بێت و لەدەست بچێت. ئەوا پێنج ساڵ و نیوە، ئومێدت چەشنی زەمبەقە ئاوییەکان شەوی جارێك شکۆفە دەکاتو بۆن و بەرامە بەڕووباری ڕانەوەستاوی دڵت دەبەخشێت.

ڕۆحیشت هەروەکو ئەو زەمبەقانە بەڕۆژ دەرگای کرانەوە لەخۆی دادەکات و بە شەویش ئاوەڵادەبێتەوە، تەنها ئێواران لە ژیان نزیك دەکەویتەوە، ئەگینا بە ڕۆژ لەنێو کڕەکییەکی بێڕادەدا نقووم بوویتە.

هەندێ جار بە تەواوەتی هەست بە بوونی سەرزەمینی خۆت ناکەیت، ئەم دونیایەی دەوروبەرت وەکو هەموو ئێوارەکان بەرەشاییەکی جوان تاریك و پۆشتەتر دەبێت. سووکنایيەك سەراپەردەی ناواخنت دەتەنێ، ئیتر بۆراقی جگەرگۆشەیی هەڵتدەگرێ، ئەوە ئەوە پلیکانەکانە، دەیگریتە بەر و دەچیتە سەربان، سیغارێك، دوو سیغار، میعراجت دەستی پێکردووە، سیغار دوای سیغار دادەگیرسێنی و بەبای دەدەیت. کراسە شینە زۆر تۆخە ئاودامانەکەت ئێستا دەڵێی سەرەندە، سکڵەکان تەتەڵە دەکات، بۆ ئەوەی لەسەر گۆشتە پیرەلۆکەکەی گیانتدا کەم بەداگیرساویی بمێنێتەوە. دەڵێیت ئەو چێڵەیت کە بۆ وەرچەرخاندنی ناعوور دەیسووڕێننەوە و لەو چاوبەستراوییەدا هیچیش بەدی ناکات، بەڵام بێلێبڕد دەسووڕێیتەوە، وێنەی میلی کاتژمێرێك دەسووڕێیتەوەو هێشتایش سۆراخێك دەستگیری چاوە کتوکزەکانت نابێت. هەر کەسێکیش بەو دەرورو زێوارەدا ڕابووڕێت و گوزەر بکات لێت دەبێتە مەفرەزە و مایەی خەونێکی هێمن و دەپرسیت:"ئەرێ توخوا ئارامتان لەگەڵدا نەهاتووە؟"، ئەویش ئەگەر ناوبانگی نەبیستبێ ئەوا سڵەمینەوەیەکی ڕمۆك دەسڵەمێتەوە، ئەگەر ناوبانگیشی بیستبێ ئەوا بە کسپەیەکی بەدەر لە شایلۆغانییەوە دەڵێت:"ئەو سبەی شەو دێتەوە نێو شار...".

کانوونی دووەمی ١٩٨٩ – دیمەشق




کاروان محەمەد فەتاح

# مردنێک بە دەم پێکەنینەوە

لە ژێر سەمای سێبەری دارتووەکەی ماڵی خۆمان دانیشتووم و چیرۆکێکی ئەو نووسەرە دەخوێنمەوە کە هەمیشە بە سەرخۆشی دەینووسی، چیرۆکەکە باس لە خوشك و برایەکی تەنیا دەکات، کە لە گوندێك هاوشێوەی ئەم گوندەی ئێمە بەهۆی ئەوەی کە ماڵەکەیان نزیکی دەریایە، ئاوی دەریاکە دەچێتە ژێر خانووەکەیان و بە سەریاندا دەڕووخێت، تا ئەو شەوەی کە مردن، هەر لە ماڵەوە بوون و سەردانی کەسیان نەدەکرد و کەسیش بۆ لایان نەدەهات، بۆیە پاش چەند ڕۆژێك خەڵکەکە پێیان دەزانن و لە ژێر دار و پەردووی خانووەکە دەریان دێنن، مردنێکی جوان و بێدەنگە... ها؟ بەڵێ، جوانترین مردن ئەوەیە کەس پێت نەزانێت کە مردوویت. تەماشایەکی خوارەوەی خۆم دەکەم بێشەلأنە چڕەکەی لای چەپی ماڵەکەمان دەبینم کە چەمێك سینگی شەق کردووە و دار و درەختی بێشەلأنەکە خۆیان بە سەر چەمەکەدا نووشتاندووەتەوە و نایەڵن تیشکی خۆری ئەو ڕۆژەی کۆتایی بەهاری بگاتێ و بریقەی لێببێنێ، سەرم هەڵدەبڕم و دایکم لە ژوورەکە دەبینم بە سەرپۆشێکەوە کە چەند تاڵە قژێکی سپی بە لاڕوومەتەکانیدا هاتوونەتە خوارێ، بە دیار ئەو وێنەیەوە ڕاوەستاوە و ئەشك ئەڕێژێ کە براکەم بە بلووزێکی ڕەشەوە بەرخێکی لە باوەشدایە و بزەیەکی شیرین و لاسارانە بۆ کامێراکە دەکات، دیار بوو کە فۆتۆگرافەرەکەی زۆر ماندوو کردووە تا وێنەیەکی گرتووە، ئەو دیمەنە ڕۆژی لافاوە کتوپڕەکەی بیرهێنامەوە، ئەو لافاوەی لەگەڵ خۆیدا ئاگری تووڕەیی هێنابوو، ئەو لافاوەی ژیانی ماڵی ئێمەی بۆ خۆی برد، دایکم لەو ڕۆژەوە لە هەموو هەورێك دەترسێت، هەرکات هەور دەبینێت، مردنی بیر دەکەوێتەوە، ئەو ڕۆژەی کە من و سالاری برام وەکو هەموو ڕۆژەکانی دی لە ژێر ئاسمانی شیندا بەرخەکانمان بۆ ئەو بێشەلأنە برد، کە ئێستا زیاتر لە هەر شت بۆنی مردنی لێدێت، یان لانی کەم ئەمە بۆ ئێمە وایە، بەهۆی ئەوەی کە زۆر منداڵ بووین، دایکم نەیدەهێشت زۆر دوور بکەوینەوە لە ماڵ، نەك لە بەرچاوی ون بین و شتێکمان بە سەر بێت، بەرخەکانمان لەو نزیکانە لەوەڕاند و خۆمان بۆ قەراخی چەمەکە ڕۆشتین کە شڵپ و هوڕی ئاوەکە دەنگێکی نەرم و خۆشی هەبوو وەك دەنگی گیتاری دەستی گیتار ژەنێك لە کەناری دەریا ، شوێنێکمان بۆ خلیسکێنە دروست کردبوو لەو شوێنەدا مەتارەیەکمان دەخستە ژێرمانەوە و لە سەرەوە بۆ خوارەوە خۆمان دەخشان، لە ژوور سەرمانەوە خۆر ڕەنگی زەردێکی جوان بوو، ئاسمان هێندە شین و ساف بوو، تەنها چەند پەڵە هەورێکی پاکی تێدابوو، لە پڕ هەورێکی تۆخی ڕەش ئاسمانی گوندەکەی داپۆشی و گوێمان بەو چەخماخەیە کاس بوو، کە دەنگی وەکو لێکخشانی دوو بەردی تیژ وابوو.. بارانێکی تووند باری.. شێوەی بارانەکە وەکو تاڵی مافووری تەواو نەکراوی بەردەستی ژنە مافوورچنەکان بوو، ئاوی چەمەکە زیادی کرد و بە خێراییەکی سەیر دەڕۆیشت و هاژەیەکی ترسناکی هەبوو، نەمدەتوانی گوێ لەو دەنگە بگرم، ئەو دەنگە هێندەی لە مردنەوە نزیك بوو، هێندە لە ژیانەوە نزیك نەبوو، دایکم لە سەربانەکەوە بانگی لێکردین و وتی:

—کوڕەکانم، بەرخەکان بێننەوە، دڵم ئەم



بارانە باش ناخوێنێتەوە و شتێکی بەدواوەیە.

ڕاستی کرد، ئەو شتەی بە دواوە بوو، کە بە هۆیەوە شەپووری کۆتایی ژیان لە ماڵی ئێمە لێدرا، ئێستاش هەرچەندە دەکۆشم بزانم دایکم چۆن زانی ئەو بارانە شتێکی بە دواوەیە؟ بەڵام ناتوانم ئەم مەتەڵە پڕ لە نهێنییە هەڵبێنم، تۆ بڵێی هەموو دایکەکان پێش مردنی ڕۆڵەکانیان گوێیان لە بووقی مەرگیان بێت؟ نازانم، ڕەنگە وابێ، لەوانەشە هەر تەنیا ئەمە بۆ دایکم ڕاست بێ، ویستم بە قسەی بکەم و





برۆمەوە بۆ ماڵ، چونکە زۆر ترسنۆك بووم، ترسم لە هەر شت زیاتر لە وشەی ترس خۆی بوو، بەڵام (سالار)ی برام لەوە لاسارتر بوو بە قسەی دایکم بکات، ئەو بەردەوام حەزی بە کاری ڕیسک دەکرد و لە هیچ شتێك سڵی نەدەکردەوە، هەر کارێکی بکردایە بیری لێنەدەکردەوە، من وانەبووم، زۆر بیرم لەو شتە دەکردەوە کە دەمویست ئەنجامی بدەم، مرۆڤەکان زۆربەی ئەو شتانەی بیری لێدەکەنەوە لێی دەترسن. ویستم بە دایە بیترسێنم، بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ماڵەوە، وەلێ ئەو منداڵێکی سەرەڕۆ و چاونەترس بوو گوێی لێم نەگرت، من سەرم لەو ئازایەتی و بوێرییەی سوورما بوو، نا..نا... ئەو ئازا نەبوو، ئەوە ترسنۆکی من بوو وا هەستم دەکرد ئەو ئازایە. ئەو تەنانەت شەوێکی هاوین لە ژێر تریفەی مانگدا لە کاتی گەڕانەوەدا بۆ ماڵ سەگە دڕەکەی ماڵی هاوسێکەمان شالاوی بۆ هێنابوو ویستبووی قەپالێکی لێ بگرێ، ئەمیش هیچ نەپەشۆکابوو بەردێکی گەورەی پڕ بە مشتی هەڵگرتبوو و بە قەپۆزی کێشابوو، سەگیش بە قرووسکە قرووسک ڕایکردبوو.

سالار دەستی منی گرت و نزیك بووینەوە لە ئاوی چەمەکە کە تا ئەو کاتە بارانەکە بەردەوام بوو، من لەو هاژەیە ترسام، بۆیە نەمتوانی نزیک ببمەوە، بەڵام سالار دەستی بچووکی خستە نێو ئاوەکە.. لە پڕ قاچی خلیسکا و لەگەڵ ئەو لافاوە تووڕەدا ڕۆشت، سەرەتا وایزانی لافاوەکە گاڵتەی لەگەڵدا دەکات، کەچی ئەو لافاوە مەرگهێنە لەوە دڵڕەقتر ڕەفتاری لەگەڵدا کرد و بردی، سالار هاواریکرد و بە هەناسە سوارییەوە پێی گوتم:

– فریام کەوە خەریکە دەخنکێم؟

بە دەم پێکەنینەوە ئەمەی وت، وامزانی بۆ خۆشی وادەڵێت، چونکە ئەو پێشتر شتی وای بە گاڵتەوە پێ وتبووم، کەچی ئەوە ئەو ئاوە لەگەڵ خۆیدا لوولی دەدات و لێمی دوور دەخاتەوە، هەستم بە ترسێکی قووڵ کرد، بەڵام نەمتوانی هیچی بۆ بکەم، تەنیا ئەوەندە نەبێت کە شانبەشانی ئاوەکە بە لێواریدا ڕۆشتم بەو هیوایەی هەر کات شەپۆلەکە کەم بووەوە منیش سالار بگرمەوە، بارانەکە نەما و لافاوەکە کەم بووەوە، سالارم لە کەنارەکە بینییەوە هەر پێدەکەنی، خۆم لێی تووڕە کرد و پێم وت:

– ئێستا کەی کاتی ئەو گاڵتەیە لەگەڵما بیکەی؟ ها؟

وەڵامی نەدامەوە، سەرم نایە سەر

سینگی هەستم بە هەناسەی نەکرد، چی؟ خۆ ئەوە مردووە، واقووڕماو بە دیارییەوە دانیشتم و نەمدەزانی چی بکەم، هەستی ترس هەموو گیانمی وەکو بەتانییەك داپۆشیبووم، سەرم بەرز کردەوە خۆرم بینی وەکو پشکۆی تاوەسووتی ناو تەنووری لێهاتبوو زانیم کە کاتی ئێوارەیە، دایکم کە بەرخەکانی دیبوو هەر خۆیان چووبوونەوە ماڵ، ئەو پاڵتۆیەی باوکمی کە بە بزمارێکەوە لە هەیوانەکە هەڵواسرابوو کردبووە بەری ، دایکم بڕیاریدابوو کە هیچ کات ئەو پاڵتۆیە لە بەرچاوی لا نەدات و نەیفەوتێنێت، بۆ ئەوەی بەردەوام وا هەست بکات کە باوکم لە ماڵەکەدا لەگەڵماندا دەژی، لەدوورەوە بە ڕاکردن بۆ لای ئێمە هات و هاواری کرد:

— کوڕەکانم، کاتی گاڵتەکردن نەماوە، ئێوارەیە و وەرنەوە بۆ ماڵ، سالار، کوڕم ئەوە بۆ کەوتووی لە بەردەستی براکەتدا؟

پەشۆکا بووم و نەمدەزانی چی بە دایکم بڵێم، پێی بڵێم مردووە؟ یان لە ترسا بڵێم هیچ نییە دایە گیان خەوتووە؟

ئێستا بیست و چوار ساڵ بە سەر ئەو ڕووداوەدا تێدەپەڕێت و منیش تەمەنم سی ساڵە و لاجانگەکانم هەندێ مووی سپییان گرتووە ، دایکیشم لە ڕۆژی لافاوەکەوە پرچی وەکو بەفری زستانی لووتکەی شاخەکە سپی بووە و چاوەکانی وەکو تیشکی ئەو چرایەی لێهاتووە کە شەوان خەڵکی گوندەکان دوای خەوتن لە سەر تاقێك دایدەنێن و کزکز دەسووتێت، بە فرمێسکی چاوەکانیشی دوو جۆگە ئاوی وشك لە سەر ڕوومەتە چرچ و لۆچەکانی دروست بوون، لەو ماوە دوور و درێژەدا هەر چەندە هەوڵم دا ئەو بۆشاییە بۆ دایکم پڕبکەمەوە، کە سالاری برام بۆی دروستی کردبوو، بەڵام نەمتوانی، دایکم بەردەوام دەیگووت:

—هیچ مرۆڤێك ناتوانێت بۆشاییەکت بۆپڕبکاتەوە کە مرۆڤێکی تر لە ناوتا درووستی کردووە، مەگەر ئەو کەسە خۆی بێتەوە و پڕی کاتەوە.

منیش بەردەوام گوێم لێدەگرت و ئەو بە دەم هەنسکی قووڵ و پێکەنینێکی تاڵەوە دەیگووت:

—ناخۆشترین شتی ژیان ئەوەیە کە ناچارین بژین. بە دەستی خۆم بووایە هەر ڕۆژی ئەو لافاوە شوومە کۆتاییم بە ژیانم دەهێنا.





شەوان تا درەنگانێك بە تاسەوە لە بەر تیشکی زەردی ئەو چرایەی سەر تاقی ژوورەکەمان حیکایەتی مردنە ناوەخت و ترسناکەکانم دەخوێندەوە، کە بۆنی خوێن و مردنیان لێدەهات، زۆرجار لە نێو دێڕەکاندا، مردنم بە چاوی خۆم بینیوە چۆن دەگەڕێت بە دوای کەس و پاڵەوانی نێو چیرۆکەکان، دەمویست بەراوردیان بکەم لەگەڵ مەرگی سالاری برامدا، بەڵام نازانم سالار مردووە یان نا، چونکە ئەو پێکەنیوە کە خستوومانەتە نێو ئەو گۆڕەی کە دایکم لە حەوشەکەی خۆماندا بۆی هەڵکەندبوو، دەبێت ئێستا لە نێو گۆڕەکەدا هەناسە نەدات؟!!

دایکم بە ماکسییەکی ڕەشی چرچی وەکو دەم و چاوی خۆی هەڵدەستێت چراکە کز دەکات و دێتەوە سەر جێگاکەی و دەڵێت:

—کوڕم درەنگە بخەوە.

دایکم چراکەی وا داناوە تەنیا تیشکەکە لە وێنەکەی سالار بدات، بۆ ئەوەی تا خەو دەیباتەوە لەو نیگا مناڵانەی بڕوانێت، منیش پاڵدەکەوم و دەستەکانم دەخەمە ژێر سەرمەوە و دەڕوانمە پەنجەرەکە، هەست دەکەم تاماری تەنکی کەسێك لەودیو پەنجەرەکە بانگم دەکات، زیاتر لێی ورد دەبمەوە ئەوە سالارە کە پێدەکەنێت و دەیەوێت بچم بۆ لای، منیش هەڵدەستم.. دایکم لە خەودا دەڵێت:

— کوڕەکانم، بەرخەکان بێننەوە، دڵم ئەم بارانە باش ناخوێنێتەوە و شتێکی بەدواوەیە.

بە دەنگی دایکم ڕادەپەڕم... سالاریش ون دەبێت و پەنجەرەکە جێ دەهێڵێت...

تامار: تارمایی، شەبەح

تاوەسووت: شتێك کە زۆر سوور دەبێت

شەبیوور: بووق، نەفخی سوور کە لێدانی مانای کۆتایی ژیانە



شێعری لە فروغی فەرۆخزاد

# پەنجەرە

لە فارسیەوە: بابەک سەحرانەوەرد

وەرگێڕانی ئە م شێعرە بە خاتوو نەزەند بەگیخانی

پەنجەرەیەک بۆ بینین
پەنجەرەیەک بۆ بیستن
پەنجەرەیەک کە وەکووئەڵقەی بیرێ
بە جەرگەی ئەرز دەگا لە ئاخری خۆیدا
و بەلای پانتایی ئەم مێرەبانییە پەیتا پەیتای شین دەکرێتەوە
پەنجەرەیەک کە دەسەچکۆڵەکانی تەنیایی
لە بەخشینی شەوانەی عەتری ئەستێرە دەسوازەکان
دارماڵ دەکا
و لە وێوە دەکرێ
خۆرەتاو میوان کرێ بە دووره وڵاتی گوڵە شەمانییەکان





پەنجەرەیەک بۆ من بەسە.
********
من لە وڵاتی بە بلانەکان دێم
لە ژێر سێبەرە دارەکانی قاغەزی
لە باخی کتێبێکی وێنەدار
من لە وەرزەکانی وشکی ئە زموونەکانی بێ بەری هەڤاڵی و ئەوین دێم
لە کۆڵانە خۆڵاوییەکانی بێ تاوانی
لە ساڵانی گەشکەی پیتە ڕەنگ فرپووەکانی ئەلفوبێ
لە پشتی مێزەکانی قوتابخانەی سیلاوی
ئا لەو ساتە کە منداڵان توانییان
قسەی بەرد لەسەر تەختە بنووسن
و ڕیشۆڵە هوولەکان لە دارەکە قنسال پەڕین.
*******
من لەنێو بنە گیاکانی گوشتخۆر دێم
و ئێستاکەش مێشکی من
دارماڵە لە قیژ و هەرای پەپوولەیەک کە ئەویان
بە سنجاخێ لە پەڕاوێکدا چوار مێخە کردبوو.
کاتێ کە بیرِ و بڕوای من لە گوریسی خاوی دادیەری هەڵواسرا بوو
و لە تەواوی شار
دڵی ڕووناکییەکانی منیان لەت و پەت دەکرد
ئەو کاتە کە چاوە منالانەکەی ئەوینی منیان
بە دەسماڵی ڕەشی یاسا دەبەست
و لە شیشنگە[1] پەشێوی ئاواتەکانی من
فیچقەی خوێن بوو کە بۆ دەرەوە دەپژا
ئەو کاتە کە ژیانی من ئیتر
شتێک نەبوو، هیچ شتێک بەر لە تک تکی کاتژمێرەکەی دیوا ر
زانیم، پێویستە، پێویستە، پێویستە



که خۆشم بوویت شێت ئاسا.

********

پەنجەرەیەک بۆ من بەسە
پەنجەرەیەک بۆ ئێستای شارەزایی و نیگا و بێدەنگی
ئێستاکە نەمامی گوێز
ئەو نە زۆر هەڵچووە کە دەتوانێ بۆ گەڵا گەنجەکانی خۆی
دیوار مانا بکاتەوە.
لە ئاوێنە پرسیارکە
ناوی ڕزگار کەرەکەت
ئاخۆ ئەرز لە ژێر پێی تۆدا دەلەرزێ
تەنیاتر لە تۆ نییە؟
پێغەمبەران، ئایینی کاولی یان
لەگەڵ خۆیان بەسەدەی ئێمە هێناوە
ئەم تەقینەوانەی لە پەستا پەستا،
و هەورە ژاراوییەکان،
ئاخۆ زایەڵەی ئایاتی پیرۆزن؟
ئەی هەڤاڵ، برادەر، ئەی هاوخوێن
کاتێ بە مانگ گەیشتی
مێژووی کۆکوژی گوڵەکان بنووسە.
هەموو دەمێ خەونەکان
لە بەرزایی سافیلکەیی خۆیان پەرتاوتە بوون و مردن .
شەوەرێکی چوار پەڕ بۆن دەکەم
کە شین بووە لە سەر قەبری چەمکێکی کۆن
ئاخۆ ئەو ژنە کە لە جامە مە رگی چاوەڕوانی و داوێن پاکی خۆی ناشتراوە،
لاوەتی من بوو؟
ئاخۆ دیسان سەردەکەوم لە پیلکانەکانی مڵ و مۆی خۆم
تا بە خوای باش کە لە سەربان پیاسە دەکا سڵاو بکەم؟





********

هەست دەکەم کات تێپەڕیوە
هەست دەکەم مێز بەینێکی درۆیینە لە نێوان
قژەکانی من و
دەستەکانی ئەم نامۆ پەژارەیە.
قسەیەکم لەگەڵ بکە
ئاخۆ ئەو کەسەی کە دڵۆڤانی جەستەیەکی زیندووی بەتۆ دەبخشێ
بێجگە لە فامی هەستی زیندووبونی خۆی، چیی لە تۆ دەوێ؟
قسەیەکم لەگەڵ بکە
من هانا دەبەم بۆ پەنجەرە
ئە من لەگەڵ هەتاو پەیوە ندیم هەیە .

تێبینی:
١–شیشنگ: لای سەرووی لاچانگ – گێجەنە
سه رچاوه:
دیوان کامل اشعار، فروغ فرخزاد، نشر البرز





ئەحمەد مەتەر

# لەبەر دەرگای شیعر

و: هێمن عومەر خۆشناو-شەقلاوە



کاتێ لەبەر دەرگای شیعر وەستام
پاسەوانەکان خەونەکانیان پشکنیم
ئەمریان کرد سەرم کۆت کەم
هەستەکانی ماومە پانیان کەمەوە.
پاشان داوایان لێکردم شیعرێک بۆ خەڵک
بنووسم
نەعلەکانم لەپێ کردەوەو گوتم:
پاسەوانەکان! ترسناکترینم داکەند
ئەم نەعلە پان دەکاتەوەو ئەم سەرەش
پان دەکرێتەوە





2

**بیرەوەری**

وەبیرم دێ جارێکیان
زارم زمانی پێوەبوو
هەبوو نەبوو...
سکاڵای لە دەست قاتی بوونی
دادگەری و ئازادی کرد
سووک و ریسوایی خۆی راگەیاند
بەڵام کاتێ شکاتی کرد
سوڵتان نەشتەرگەرییەکی رەسمی
بەهەلەداوان لەبۆ کرد
پاشی ئەوەی بە بەڵگە ساغ بوویەوە
کە زمانی من لە ناو زارم
ریخۆڵە کوێرەو کرمێکی زیادەیە





شنۆ ئەحمەد غەفور


# خۆڵ

کەلێم دەپرسن خۆڵ چیە؟؟
بێدەنگ دەبم
تاپایز دێت ودەڵێت :
ڕووتبوونەوەی منە !
تا "مەعەری"*دێت و دەڵێت :
هەڵوەشانی جەستەی باوکمە !
تا........
ئەی یار...
شاردنەوەی چڵە ڕێحانێک لە ماڵی خۆڵدا
ئاسان نییە!
وەک شاردنەوەی ڕووناکییە لە پەروانە !
وەک ئاوابوونی ڕەنگە لە بەهاردا !
وەک دووبارە لە سێدارەدانی (حەللاج)ە
لەوەتەی کات پێی گرتووە

دەلەرزم لە هەژاری ئەو مشتە خۆڵانەی لە
کەلاوەکاندا کەوتوون
دەلەرزم لە ئارەزووی ئەو سێوەی لە
ئێوارانێکدا
بە یەک جاری بەر دەبێتەوە !!!
خودایە ....
خۆمن دەمزانی کە خۆڵ دەبارێ
نیشتمان تەڕئەبێ،
ڕەش ،سەوز ئەبێت ،
تارمایەکان نامۆ دەبن،
بەڵام عیشقی ژیانە باڵم پێناگرێتەوە!!!
وەرە...ئەی خۆڵ...
لە مندا بۆ تەنیایی بگەڕێ
لەمندا بۆ عیشق و








لە مندا بۆ بێدەنگ بوونی باران بگەڕێ!!
من کە هاتم ...
ژیان بەشێک بوو لە عیشق
عیشق بەشێک بوو لە ئیمان ،لە خودا
بەڵام ئەمڕۆ...
ئەوین بۆ خۆڵە ...خۆڵ
ئەی خۆڵ.....
پێش ئەوەی جوانیت لە بار بچێ
ڕەنگت لە ژیان تۆختربوو
بۆنت لە گوڵی پاش باران خۆشتربوو
کەچی ئێستا..
لەو منداڵانە دەترسێ ،کە لە دایک نەبوون
!!!
وەرە...
لێرەیە ئەو ڕۆحانەی چرۆ ناکەن
لێرەیە ئەو چاوانەی فریای کردنەوە ناکەون
لێرەیە ئەو قاچانەی بێ پێڵاو کەوتوون
وەرە....
تایارێکانی ژیانت فێربکەم
خۆ دواجار هەموومان دەبین بە خۆڵ.

*مەعەری :شاعیرێکی بە ناوبانگی عەرەبە
زستانی ۲۰۱۲



ستار ئەحمەد عەبدولڕەحمان

# ئاشتبوونەوە


بڕیارمدا حەوایەکی تر بخەمەوە
ئادەم دوای قسەی نەکەویٚ
پێویستمان بەگەڵای مێو نەبێت
عەورەتمان داپۆشین
برسیمان بوو
داڵدە بۆگوڵە گەنم نەبەین
نان کەرتمان نەکا
نەرمەبا هەڵمان نەگرێت
لەنێوانی ئاسمان و زەویدا
لەخۆڵ و ئاو نەگەڕێین
چیتر نەپرسین
پاش مردن بۆکویٚ دەچین
گیان چۆن دەچێتە جەستەمانەوە
ناهێڵم قابیل
خوێنی هابیل بخواتەوە
ستەم دەروونمان پڕکاتەوە

دەبمە گوڵێک
جوانیەکان لەگوێم بکەن
شیعر بتوانێت
لەنێوما بهزرێت
دەگەمە دواپەڕەی ستایش
لەگەڵ خۆمدا ئاشتدەبمەوە
بەنێوهەوری سپییا دەفڕم
لەسەر زمانی
ئاگرێکی ژێر عەردا دەنیشمەوە
باران دەکەمە هێزی کێشکردنی زەمین
سەبەتەیەک گلێنە
لەسەر گۆڕەکەم دەچێنم
بۆئەوەی دەرفەتەکان نیگام
لەخوێنی سێوێکا بمژن
جۆلانەی منداڵان لەباران چێدەکەم
دایک دەخەمە بەستەی ئەفراندنەوە





ڕۆحێک لەبێشکەی ژیانا دەنوێنم
قژکاڵێک لەبەفر هەڵدەچنم
ژنێکی زۆر دەخەمە رستەوە
هەموو شتەکان هەڵاوێر دەکەم
تەنیا بەپیرۆزی پیرۆزەکان
دەڵێم راستگۆیی لەشرۆڤەدا
نوور دەزانێت چۆن لەدایکدەبێت
رانامێنم لەوەی
تاریکی چۆن لەسنگی شەوگاردا دەنویٚ
مانگ بۆ بەسنگی ئاسماندا خۆی
هەڵدەواسیٚ
شێت بۆ لەزمانی پارە ناگا
ناپرسم بۆئەوەی بزانم
کیٚ یەکەمجار لاپەڕەی قورئانی کردەوە
بەژن بۆدڵ ناگوشیٚ
هەنگ لەکوێڕای دڕک و گوڵدا دەژێت
چۆن گەڵای دەم رووبار
داری خۆی ناناسێت
کۆرپەلە لەسکی دایکیا ناتاسێت
چۆن چۆنی ئەستێرە
دیدەی بەخۆڵ کوێر نابیٚ
ئاسمان چ رۆژێک
بەسەر زەمیندا دەتەپیٚ





توانا حەمەنوری

# ملیارەها دڵۆپە خەڵکی سەرزەمین

وەکو دەریاوانێک
لەناوەڕاستی زەریادا
ئاوی خواردنی لێبرابێت
لەنێو ئەم زەریاخەڵکەدا..
کەسێکم لێبڕاوە...
ملیارەها دڵۆپە خەڵکی زەمین
ناتوانن هێندەی
دڵۆپە سڵاوێکی ئەو کەسە
تونێتیم بشکێنن
.....
تۆ بڵێی جارێکی تر
خەندەیەک لە باخچەی
پاییزی مندا شین بێت
کە لەنێو دارستانێکی سوتاودا
دەستم بۆ ئاگر دەبردو
خەڵۆزمدەکردە خوانی خۆم
خەمێکی خۆت‌و خەمێکی من
لەیەکتربڕی پرسەیەکدا یەکیان گرت
لەتێک پێکەنینت لێ سەندم‌و
لەتێک پێکەنینت پێ بەخشیم
.....
ئەو ڕۆژانە ناگەڕێنەوە
نیگاکانت بە وەشەکانی من
بەهیوا دەبون






لە باخچەیەکی پڕ شادی بەجێتهێشتم
گوڵی خەندەت لێ مات کردم
لە زەریایەکی سوێردا
ڕێگەی گلەییەکی شرینیشت لێگرتم..
.......
یەکەم تاڵی ریشەکەم
بەدەستی تۆوە سپی بوو
هێندە نابات
وەکو گڕی سوتانی دارستانێک
درەخت بەدرەخت
هەموو لەشم دەسوتێ
جگەرەکەم دەمکێشێت‌و
پێکەکەم دەمخواتەوە
نە جگەرەکەم تەسکینی دڵی دێت‌و
نە شەرابەکەشم مەست دەبێت
.......
پێڵوی چاوەکانم
لەگەڵ تاریکی شەودا
لەجەنگدان...
نایانەوێت دابخرێن
خۆشیان نازانن چاوەڕێی چین
دەستەکانم ئارەزوی کۆت و بەندەکانن
خۆزگە دەخوازن بۆ پرسیارێک
نوزەم لێبرا هێندە پرسیار بکەم
چاوەکانم وەکو پشکۆی ئاگر
هێدی هێدی دەکوژێنەوە و
بەدوای چۆڕێک روناکی دەگەڕێن
............
تاریکی شەو دەستی لەمل کردوم
خۆمی بۆ خەمبار دەکەم
لەبری بەزەیی
بزەم بۆ دەکات
شەوەکانم بەشەو ناچێت
ئارامی و کپییەکەی
لەهاژەهاژ دەچێت
ژورەکەم..هێندەی لانەیەکی ماوەتەوە
جێگەمی تێدا نابێتەوە
ئەوانەی دەتوانن دڵم بخوێننەوە
تەنها قەڵەم و کاغەزەکەمە
قەڵەمەکەم خۆی لارکردوەتەوە و
سەیرم دەکات
کاغەزەکەشم لەسەر پشت کەوتوە و
چاوی بڕیوەتە چاوم
دڵم مۆسیقایەکی دەوێت
دەنگی لە رەنگی تۆ بچێت
ئیقاعی بزەی سەر لێوتم بۆ لێبدات
سازێک تروکەی چاوتم بۆ بدەندەنێ
کەمانێک نیگای چاوت بۆ بژەنێت
گەر دەمزانی
چەند هەورە غەمی ترم رەوانە دەکەی
بەچەشنی پفیلکەیەک
فوم لەدڵم دەکرد
تاکو هەموو غەمەکانت
بگرێتەوە



گۆران ڕەئوف

# هاوڕێم زیندانەکان وێڵیان کردووم!

## پێشکەشە بە هاوڕێی ئەزیزم کاک (پەیمان کەرەمی)



لەوێ هەر چرکەیەک، هەر ساتێک
بیرکردنەوەیەکم لەبەین دەچێ،
ئێرە بەهەموو جوانییەکانییەوە
ناتوانێت لاپەڕیەکم بۆ ڕۆشنکاتەوە،

ئێرە ناخۆشە، ئێرە هەوابڕە،
ئەوێ ناوی زیندانە، ئەوێ خەیاڵکوژە.

هاوڕێم تێبگە تێ!!
ئەی خەیاڵە ساواکانمت بیردێ؟؟
دەزانی ئێستا ڕیشیان سپی سپی بووە و





دەستەکانیان دەلەرزێ.

ئێرە نیشتیمان نییە، ئێرە زیندانە،
ئەوێ زیندانە، ئەوێ نیشتیمانە.

هاوڕێم دێتەبیرت ڕۆژێک پرسیت:
ئەرێ بۆ بەنیشتیمان دەڵێی زیندان؟؟
من بیرم دەکردوە و
نەمدەزانی بۆ وەک زیندان دەیبینم،
بیرمدەکردەوە و
نەمدەتوانی وەک جەللادی خەیاڵەکان وێنای نەکەم،
بەڵام بەم ڕۆحە بریندارەمەوە
بەم هەناسە غەریبانەمەوە
لەسیمای ئێوارە غەریبەکانی نیشتیمان گەیشتم.

ئەوێ نیشتیمانە و خەیاڵکوژە،
ئێرە زیندانە و هەوابڕە!.



٢٧-٧-٢٠١١
یۆنان،
کەمپی کۆمۆتین ڤێنا

# شینێک بۆ هەڵەبجەم...

*غەمبار جەباری*

من عومەری خاوەرێکم جەستەم شەکەت سەرم تۆزی هەورامانی گرتۆتە خۆ..

لێوم پەڵاش گەروم وشک و هەناویشم بووبە گڵکۆ..

هۆهۆ کورگەل فریاکەون یارمەتیم بەن..!

ئەو مناڵە لەسەر شانم بهێننە خوار..

ئاودامانم لە پەژارەو ئاوەزیشم لەکار کەوتووله خاکی خۆم بووم بەرێبوار..

هەڵەبجەکەم تەمتومانەو، لەپێ کەوتووم چاوەکانم هیچ نابینن..

کچ گەل برۆن ڕانک و چۆغەو ئەوکڵاشەی خۆم چنی بووم بۆمی بێنن..

ئاخر دەچم بۆ گوێزتەکان پیرە پیاوانی هەڵەبجەم چاوەڕوانی دەستی منن..

بەڵام چی بکەم لەم بەهارە زنهارێکی کەڵپەداری بێ بەزەیی بووبە میوانی ناوادەی هەورامانم ..

نەیهێشت بچمە باخی گوێز ڕانکو چۆغەو کڵاشیشی لێ ستاندم..

ئاخۆ دەبێ خوا بیبورێ ئەو نامەردە هەڵەبجەکەمی کرد بەخۆڵ..

بووک و زاواو سەکۆی ژووانی عاشقان و منداڵانی پێنەگرتوو و دایکانی دەست بەهەویر شوان و خاک و مزگەوتمی پێ گرتمە کۆڵ..

دە تکایە توخوا وەرن مشتێک ئاوی پێدەشتەکەی باڵامبۆکەم بۆ بهێنن وا کۆرپەکەم لە توونیا مرد..

با پێش مەرگی لێوی تەڕکەم بۆ وتنی ووشەیەک و گۆشی بکەم بە ناوی (کورد)..





تکا دەکەم ئەی( وێنەگرا) بە گەنجانی پاشە مەرگەی کوردستانم ڕاگەیەنە

بۆ کۆرپەکەم خۆم کردووە بە سەیوانێ ..

نەوەک دوژمن دڵی خۆشبێ و بە چۆک دادانی بزانێ..

نەک بۆ کیمیاو خەردەلی ئەوروپی نەک بۆ تانک و زرێپۆش و هێلی کۆبتەری ڕوسی

هەرگیز چۆکمان نانەوێنین وەک ڕابردوو من لە ئێستاو وڵاتیشم لەبۆ بەعسی..

وێنە بگرە تا بزانن گۆشکراوی هەستی پاکیی کوردستانین ..

تا بزانن بێ دڵسۆز و دەروون گەرم و تورە لەگشت دادگاکان و مافی مرۆڤی جیهانین..

گەر لە زمانی من دەگەی وێنە بگرە وێنە بگرە.

... هەڵەبجەکەم من دەزانم دەستە خوشکی بالیسان و

گۆپتەپەکەی زێ زیوین و دەیان شوێنی نیشتیمانی..

من دەزانم پاشەبەرەی ئەنفالیت و هاودەرد لەگەڵ گشت بستێکی

خاکی خۆت و هەموو چرکەو بەهارێکی کوردستانی..

ئەی هەڵەبجە...

هۆ خاوەنی سوتماکترین خاکی جیهان

ئەی هەڵەبجە..

هێرۆشیماکەی کوردستان..

ئەی هەڵەبجە..

هۆ پێناسی (پێنج) هەزار گوڵی نیشتیمان

زامدارترین لاشەی زەوی

ئەی هەڵەبجە ونبووەکەم..

بێ پەرستار و ناونیشان.



# ریالیستی لە هونەری شێوەکاری ژاپۆنی دا

و / عەباس مەجید

ئەندرۆ هێرۆشیجی لە ساڵی ١٧٩٧ـ ١٨٥٨ هاتۆتە دنیاوە، وئێس لۆری ١٨٨٧ـ ١٩٧٦ لە دوو جیهانی جیاوازو وزەی داهێنان ، شێوازی هەریەکەیان بە هەزاران میل لەوی تریان دوورە، هێرۆشیجی توانستی ناوبانگی جیهانی بە دەست بێنێت، لێ لۆری ناوبانگی لە چوارچێوەی ڕەگە ئینگلیزییەکەیدا مایەوە، کە گاریگەری بەرچاوی هەبوو بە پلەیەکی بەرز لە سەری، هەردوو هونەرمەند هەڵگری کۆمەڵێك خەسڵەتی کەم وێنە بوون و میراتێکی دەوڵەمەند و ئەوپەڕی جوانیان لە دوای خۆیان بەجێهێشت، جارێکیان لۆری کووتی:(( گەر خەڵکی ناوم لێ دەنێن وێنەکێشی ڕۆژی شەممە، بەڕاستی وێنەکێشی شەممەم ، وێنەی هەموو ڕۆژەکانی هەفتە دەکێشم))، ئەم دەربڕینە زۆرێك ئاشکرا دەکات دەربارەی ڕەگ و ڕیشەکەی، چونکە هۆگر بوو بە دەروون، متمانەوبو درۆخستنەوە، ئەمە بەشێکە لە زمانی هاوبەش کە خۆ لادەدا لە لایەکەوە لە لاوازی و لە لایەکی ترەوە لە سەلماندن،





لۆری لە هونەری شێوەکاری لە ئەکادیمیای مانشستەر بۆ هونەرە جوانەکان، و لە کۆلیجی سالفۆردی تەکنیکی پاشایەتی خوێندی و شارەزایی فراوانی لە سەر وێناکردنی فەڕەنسی شان بە شانی تێزەکانی فۆردمادۆکس و رۆزێتی کاریگەری گەورەیان هەبوو لە سەر بیرکردنەوەکانی، رۆڵێکی هێجگار گەورەوبەرچاوی گێڕا لە ژیانی هونەریدا، سەرەڕای سەرچاوە جیاوازەکان کە کاریگەریان هەبوو لە سەر کارەکانی،لێ لۆری بایەخێکی ئەوتۆی نەدا بە بەدواچوون بە قوتابخانە کلاسیکیەکانلە وێنەکێشاندا، یان وێنەکێشان لە چوارچێوەی کۆت و بەندێکی دیاریکراودا، بۆیە شێوازێکی تایبەتی بە خۆی داهێنا، شێوازێکی بێ وێنە لەو جۆرە، وئەو بابەتانەی کە بەکاری دەهێنا ، لە کارە دیارەکانی وێنەی ئینگلتەرای راستەقینەمان بە بیردێنێتەوە.

هێرۆشینجین لە ژاپۆن لە دایکبووە،سەرەڕای ئەو جیاوازیە قوڵییەی نێوان کارە هونەریەکانی و کارەکانی لۆری، لێ هەردوو هونەرمەند بەشداریان لە بابەتگەلێکی نزیکداکرد، چونکە لە کەش و هەواو ژینگەیەك لە دایکبوونە تایبەتمەندیەکی ڕاستەقینەیان پێ ببەخشێ، ئەم دوو هونەرمەندە نزیك دەبوونەوە لە وێناکردنی دیمەنێك لە دۆش دامان ، سەرەڕای ئەوەی هەردووکیان ڕوویان لە بابەتگەلی جیاواز دەکرد، بەندە لە گووتاری پێشوودا باسی ئەوەم کرد کە هێرۆشیجی بە یەکێك لە دەست ڕەنگینترین هونەرمەندەکان هەژمار دەکرێت، کە ژاپۆنی خەڵات کرد بە کارە ناوازەکانی، کاری کردۆتە سەر ژمارەیەك لە بەناوبانگترین هونەرمەندەکانی ژاپۆن، هێرۆشیجی میراتێکی نەمری لە دوای خۆی بەجێهێشت و وێنایەکی لە مێشکی نەوەیەك لە هونەرمەندان و کەسایەتییە باڵادەستەکان لە ئاستە جیاوازەکاندا دروست کرد، بە جۆرێك کە زەحمەتە لە بیر بکرێت، لە سۆنگەی ڕوانینەوە کارەکانی شێوەیەك لە خامۆشی و دڵنیایی سروشتی لە خۆ گرتووە.

هێرۆشیجی توانی راستییە فرە ڕەهەندەکان دابمەزرێنێ، ڕەنگە وا دیار بێت لە کاتوورەکانی تردا دژ بە یەك و نەگونجاوە، نەشیاو دەبێ لە گەڵ نموونەکانی بیرکردنەوەی رۆژئاوایی یان رۆژهەڵاتی وەکو یەك، کەڵکەڵەی سێکسی ئاشکراو رۆحی پارێزگاری لە چوارچێوەی خودی ناوەکیدا یەکدەگرنەوە و پشت دەبەستێ بە چەند ستایلێکی بیرکردنەوە،

ئەستەمە تێگەیشتنی لە لایەن راوبۆچوونێکی تر جگە لە ژاپۆنی، بۆیە دەبینین هێرۆشیجی و هونەرمەندێکی تری ژاپۆن هێمنی و دڵنیایی وێنا دەکەن لە میانەی دیمەنە سروشتیە سەرنجراکێشەکاندا کە وا لە بینەر دەکات هەست بە رەهەندە جیاوەزەکانی ئەو هێمنیە قووڵە بکات، هەروەکو هەست بە مەودای ئاشکرایی دیمەنە سێکسییەکان دەکات، پەشێوی پێوە دیارە و ناڕوونی نیگاکان لە چوارچێوەی ستایلێکی بیرکردنەوە لای هەندێك لە هونەرمەندە بەناوبانگەکانی رۆژئاوا، تابلۆکانی لۆری دەکرێ ژمارەیەك خەڵك لە دەرەوەی ژینگەی توێژەی کرێکار بەرەو پەشێوی ببات و ئەوانەی درك بە هێزو توانای راستەقینەی دیمەنە سروشتییەکانی جیهانی پیشەسازی ناکەن، هەروەکو هونەری هێرۆشیجی خاوەنی فرە رەهەندەکان لۆری پێشدەکەوێ بەرەو ئامانجەکانی لە رێی گرتنەبەری شێوازێکی جیاواز بە دەوڵەمەندیەکی تایبەت گەرچی پێویستی بە رەهەندە جیاوازەکان هەیە، لە کاتێکدا هەوادارانی هونەرەکان و کۆکەرەوانی تابلۆ تایبەتمەندە جیاوازەکانی هێرۆلۆری ، جەماوەری بە گشتی زۆرجار تووشی شۆك و




سەرسوورمان دێن بە هۆی ئەو شێوازە جۆراو جۆرە مەزنەی لە ئەنجامی ئەزموونێکی بێ وێنەیە، لە بارەی یەکێکیانەوە بەم شێوەیە باسدەدات:ـ ( رۆژێکیان لە بێندڵ بێری شەمەندەفەرەکە تێپەڕی کردم و خێرا دیمەنێك سەرنجی رشکێشام ، ئەمە پشتگوێ خست بۆ ماوەی حەوت ساڵچ، لەو کاتی وێستگەکەم بە جێدەهێشت لووتکەی بەرداشەکەم بینی سووری دەخوارد و پاشینەیەکی گەورەی زنجیرەیەك پەنجەرە کە بە رەنگی زەرد دەدرەوشێتەوە و لە پشتییەوە ئاسمانی






نیوەرۆی غەمبارە، رۆژانە دەرۆیشتمە سەر ئەو دیمەنە بە بێ ئەوەی بیبینم).

ئەگەر بێت و ئەم دەستەواژەیە بەراورد بکەین لە گەڵ گرنگی کات و ئاسمان و سروشت ورەنگ لای هونەرمەندەکە، بۆمان روون دەبێتەوە ئەم بابەتانە بێبەری دەمێنێتەوەلای، یان نەبینراو گەر پەیوەست نەبێت بە کۆمەڵێك سۆزو هەڵچوونبێتە سەرچاوەی، لەم بەر ئەم هۆکارە وا دیار نییە بابەتەکانی هێرۆشیجی و شێوازی کلاسیکی بێ وێنە بن کاتێ بەراورد بکرێن لە گەڵ بابەتەکانی لۆری دا، ئەو تەوژمە شۆزدارییەی کە کارەکانی هونەرمەند سروشی بۆ دەکات سەربەخۆیی پێ دەبەخشێت،ئەمهیچ کارێکی هێرۆشیجی رەتناکاتەوە لە بەرئەوەی هۆکارە کاتوورییەکان و ژینگە هاوتەریب نابێت لە گەڵ بێ وێنەیی شێوازەکە کە دەگۆڕێت لە هونەرمەندێکەوە بۆ یەکێکی تر، سەرەڕای ئەوەی لۆری بانگەشەی ئەوەی دەکرد کە ئەو ( مرۆڤێکی ساکارم پشت بە ئامرازی ساکار دەبەستم بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانم لە هونەردا).

لێ رووبەری ئاگایی ئەو لە بابەتەکەی و لە سروشت فراوانتر بوو لەوەی هەر هونەرمەندێکی تر لە قوتابخانەی ژاپۆنی دا، هێرۆشیجی و لۆری وێناکردنێکی قوڵیان بە جێهێشت لی هەموو خەڵکی و ئیدی ئەو پێوەرە نەما کە ئایە کامیان زیاتر دەوڵەمەندە، بەڵکو هەڵسەنگاندنی سەرەکی ئەوەیە هەردووکیان دەکەونە ژێر هەموو جۆرە لێکدانەوەیەك لە لایەن رەخنەگرانەو هەوادارانی هونەرەکانەوە.

### شاعیر قەشە یوسف سەعید:

# هەوای کەرکوک پڕاو پڕە لە شیعر



**دیمانە: ئازاد ئەحمەد-بەریتانیا**

**و: لەعەرەبییەوە: بورهان ئەحمەد**





وەك ئاتەش پەرستێك
ئاگری بۆ پەرستگا هەڵگرتبێ
غارمدا
برسی وەکو دووکەڵکێشێکی کۆن
بەهەور گەلێکی نوێ
هەناسەم دەداو هەڵیدەمژی

قەسیدەیەکی قەشە یوسف سەعید
"وامزانی لە بیرتانکردووم"

لەیانزەی ئەیلولی ساڵی ٢٠١٠ کاتێك لەگەڵ هاورێیانم ئەدیب نادروو فایق سەعید سەردانی شاعیر قەشە یوسف سەعیدمان لەماڵەکەی خۆی لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید کرد ئەمەی پێوتین. ئەلئەب بەجلێکی کاهینانەی شۆڕوو ریشێکی سپی درێژوو نیگایەکی گەشاوەو زەردەخەنە هەمیشەییەکەیەوە پێشوازی لێکردین و وتی: " کەواتە ئێوە کەرکوکین، ئەو شارەی بە رۆشنایی و ئاگر پێدەکەنی"، ئەمەش دەربڕینێکی بەناوبانگە قەشە یوسف سەعید لەهەموو بۆنەکاندا دەریدەبڕێ. ئەو تازە نەشتەرگەری لەزراویدا بۆ کرابوو، ماندوویەتی و بێتاقەتی بەروویەوە دیار بوو. وتی: "جوانترین ساڵەکانی خۆم لەکەرکوك بەسەرم بردوون. لەوێدا بۆن و بەرامەی شیعرم دەکرد، لەشەوانی هاویندا دەمخوێندەوەو لە ژێر تیشکی ئاگرە ئەزەلییەکەی بابا گوڕگوڕدا دەمخوێندەوەو پیاسەم دەکرد، لە کەرکوکدا هەوا پڕە لە قەسیدە"

بۆ ماوەی چل ساڵ زیاترە قەشە یوسف سەعید لە ناوچەیەکی دڵگیروو جوان بە ناوی سودرتالیا سودەرتالیا لەکەنارەکانی ستۆکهۆڵمی پایتەختی سویدی دەژی. زۆربەی دانشتوانی ئەو شوێنە بریتین لە ڕەوەندەکانی عێراق و سوریا، بەتایبەتیش لە مەسیحییەکانن. باوکمان ( قەشە یوسف سەعید/ مام قەشە/ ئەبونا) پێی وتین : "لە ساڵی ١٩٧٠ کاتێك بۆ ئێرە گواستمانەوە ئەم ناوچەیە تەنیا حەوت خانووی لێبوو، ئێستاکەش شارێکی ئاوەدانە .

لەو کاتەوەی وەك کاهینێك خانەنشین کرا، ئیتر خۆی بۆ نووسین تەرخان کرد. رۆژانە دەینووسی، دوورە پەرێزوو تارادەیەك گۆشەگیر دەژیا، بێئاگا بوو لەو نوسینانەی دەربارەی ئەو و ئەدیبیانی گروپی کەرکوك دەنووسرا، بەتەواوی لەهەواڵ و سۆراخیان دابڕابوو، هیچی لەبارەی ئەوانەی لەم دوواییەدا مەرگ ونی کردبوون (تەرجەمەی حەرفییە) نەدەزانی، وەك ئەنوەر غەسانی و قەحتان هورمزی کەلەساڵی ٢٠٠٩ کۆچی دووایيان کردبوو، تەنانەت بەمردنی جەلیل قەیسی لە ساڵی




٢٠٠٦ نەدەزانی، ئاگای لەمەرگی سەرگۆن پۆلسیش نەبوو لە ساڵی ٢٠٠٧، دەشێ بەمردنی ئەوانی زانیبێ، وەلێ لاوازی و سستی یادوەرییەکانی وای لێکردبێ ئەوانی لەیاد چووبێتەوە. "ئەستەمە ڕۆژگارەکانی خۆم لە کەرکوک لە بیر بچێتەوە" ئەو وتی، بەڵام ناچار بووین کۆچ بکەین، مەسیح دەڵێ : مەملەکەتەکەی من لەم جیهانەدا نییە، ئەوە شاعیری ڕاستەقینەیە نامۆ دەبێ، کۆچ دەکاو لە شوێنێکی دیاریکراودا ناگیرسێتەوە، شاعیر کۆچبەرێکی هەمیشەییە، ئەو بەدوای (شارێکی یۆتۆبیایی) دا دەگەڕێ. کاتێک لەکەرکوک بووم وتارێکم لەسەر گەشە کردنی گۆرانی کوردی نووسی و لە گۆڤاری "التراپ الشعبی"دا بڵاوم کردەوە. کەواتە ئەلئەب زمانی کوردیش دەزانی. نەسیف (نسەیی‌ف) ناسری شاعیر هەواڵی ئەوەی پێدام بەوەی سەلاح فایق کاسێتێکی لای خۆی پاراستووە کە قەشە تیایدا بەکوردی گۆرانی دەڵێ .

قەشە یوسف سەعید لە ساڵی ١٩٥٤ هاتۆتە کەرکوک، لەکەنیسەیەکی سریان ئەرتەدۆکسی، کە دەکەوتە نزیک گۆڕەپانی کرێکاران لەسەر ڕێگای وێستگەی





شەمەندەفەر وەک سەرپەرشتیاری کەنیسەکە لەوێدا مایەوە، هەتاکو ساڵی ١٩٦٣ هەر لەوێدا ژیا. لەکەرکوک لەگەڵ چەند لاوێکدا، کە لە سەرەتای تەمەنی لاوێتیدا بوون یەکتریان ناسی و ئاشنایەتی پەیدا کرد، ئەو لاوانە دیدی کلاسیکییانەی ئەویان لەمەڕ شیعر بۆ دیدێکی تر گۆڕی، بەرەو تێڕامانێکی واقیعیانە بۆ ژیان گۆڕییان. ئەو لاوانە بریتی بوون لە جەلیل قەیسی، فازڵ عەزاوی، سەرگۆن پۆڵس، جان دەمۆ، موئەیەد ڕاوی، ئەنوەر غەسانی، یوسف حەیدەری، قەحتان هورمزی، سلاح فایق، زوهدی داودی، محێدین زەنگەنە. کەپاشتر ئەمانە بەگروپی کەرکوک ناسران. بەگێڕانەوەی ڕۆژگارەکانی خۆی لە کەرکوک قەشە دەڵێ" جان دەمۆ دەهات بۆ کەنیسەو کتێبی لێوەردەگرتم بەبێ ئەوەی بۆمیان بگەڕێنێتەوە، بەڵکو لەلای خۆی گلی دەدانەوەو دوواتر دەیفرۆشتن. هەروەها لەنووسینگەی ئۆفیستی پرسگەی ئەمریکی کتێبی ئنگلیزی دەدزی و دەیفرۆشتن" پاشان بۆ چەند چرکەیەک ڕۆ چووە نێو بیرکردنەوەکانی و بە سوعبەتەوە پرسی : "پێم بڵێ هەتاکو ئیستاش کەرکوکی نوێ (نیوو کەرکوک، یان عەرەفە) ماوەتەوە ماوە؟ پێموت : "ماوەتەوە ماوە بەڵام تەنیا وەک پەیکەرە ئێسکێک" .

پاشان بەسەرهاتێکی خۆی بۆ گێڕاینەوە، کە لەسەردەمی پاشایەتیدا لەسەر بڵاوکردنەوەی قەسیدەیەکی بەناوونیشانی (عەرەبانچییە شۆرشگێڕەکە) لەرۆژنامەی (البلاد)کە خاوەنی ئیمتیازی روفائیل بەتی بوو، چۆن لەلایەن پیاوانی ئاسایشەوە تەنگەتاو و ئەزیەت درابوو. باروو دۆخێکی ناڵەباروو خراپ بوونە پاڵنەرێک بۆ ئەوەی ئەو لە ساڵی ١٩٦٣ بۆ لوبنان کۆچ بکات. ئەو دەڵێت : "لەبەیروت بۆنی ئازادیم هەڵمژی". فازل عەزاوی لە کتێبەکەیدا (روحی زیندوو _نەوەی شەستەکان لە عیراق، لاپەڕە ٢٩٨) ئاماژە بەو ڕووداوە دەکات و دەڵێ : قەشە یوسف سەعیدیش وەک هەموان تەنانەت ئەو بەبێ ئەوەی سەر بەهیچ لایەنێک بێت، وەلێ وەک ئێمە لە ناو بشێوییە سیسیە کانی عیراقدا ژیا. هەر بۆیە لە ساڵی ١٩٥٦ لە لایەن فەرمانگەی ئاسایشی کەرکوکەوە بانگ دەکرێت و لێپێچینەوەی لەگەڵدا دەکرێت و فایلی بۆ دەکرێتەوەو پەنجە مۆری وەردەگیرێ. چونکە پێشتر قەسیدەیەکی بڵاوکردبووەوە کە بووبوە مایەی سەرنجی پۆلیسی ئاسایش، کەوای بۆچووبون ئەوە قەسیدەیەکی کۆمۆنیزمی شۆرشگێرییە. ئەوە ڕووداوێک بوو تا ڕادەیەک لەو ڕووداوە دەچوو کە لە ڕۆمانی "دوواهەمین فریشتەدا" گێڕاومەتەوە. کەتیایدا هاتووە

رۆژێکیان پۆلیسی ئاسایش مەلا زەینەلعابدین قادری بەتوهمەتی شیوعی بوونیەوە بۆپۆلیسخانە بانگ کردووە، چونکە ئەو هێرشی کردۆتە سەر ئینگلیز کەحەمید نایلۆنیان لە کارەکەی لە کۆمپانیای نەوت وەدەر ناوە. ئەم گاڵتەجارییە لە ساڵی ١٩٦٣ دا بووەتە مێردزمەی سەر سنگی و وای لەقەشە شاعیر یوسف سەعید کردووە عیراق بەجێبهێڵێ و روو لە لوبنان بکات، لەوێشدا حەوت ساڵ مایەوە بەر لەوەی وەك رەوەندێك لە سوید دا بگیرسێتەوە .

قەشە یەکێك لە قەسیدە دێرینەکانی خۆی بۆ خوێندنینەوە، وەڵێ بەر لە خوێندنەوەی وتی : من شیعرەکانی خۆم لەبەر ناکەم، بەڵام ئەم شیعرە تاقە شیعرێکە کە لە یادوەریمدا ماوەتەوە .

لە کەناری رووبارەکاندا

سێبەرەکەم گرمۆڵە دەبێت

مردنی هێدی هێدیشم نهێنی مادەکانی

مۆمیاکردن و وشکی مۆمیاکان

لەبازدانێکدا ناناسیێ

دەڵێت

جیهان لە لێوار قورقوڕاگەمدایە

ئەم قوڕگەم ؟ نیشانەو خاڵی پێوەیە

ئاه. . ئەی تاریکایی شەوەکان

ئەی نارنجۆکی فڕێدراو لە ژورێکی لمیدا

.....لەبەر ئێوە بوو ئای چەند بە مەنارەی خودێتی خود–دا هەڵزنام.

قەشە یوسف نزیکەی نیو سەدە یە عیراقی بەجێهێشتووە، بەدرێژایی ئەم ماوەیەش تەنیا جارێك گەڕاوەتەوە. ئەوەش لەناوەراستی هەشتاکانی سەدەی رابردوو بوو بەمەبەستی بەشداریکردن لەڤیستڤاڵی شیعری مەربەد، کە لە هەمانکاتدا سەرگۆن پۆڵس و سەلاح فایق بەشدارییان تیادا کرد. مام قەشە/ ئەبوونا دەڵێ : پەیوەندیم بە جەلیل قەیسییەوە کردوو لێم پرسی شاعیران لە کەرکوکدا ماونەتەوە ؟ وتی، نە ، هەموویان بەجێیانهێشت و رۆیشتن ! بەڵێ، هەموومان بووین بە باڵندە. هەموومان کۆچمان کرد، پاشان دەربارەی خەم و ناسۆرییەکانی خۆی لە چوارچێوەی چالاکییەکانی ڤیستیڤاڵی مەربەد قسەو باسی کرد : "ئێمەیان بۆ بەرەکانی جەنگ برد، ئێمەی شاعیران جل و بەرگی سەربازییان پێ لەبەرکردین، ئیدی پاش ئەوە بڕیاری خۆمدا، کە جارێکی تر هەتاکو صەدام مابێت نەگەڕێمەوە بۆ عیراق .

لەچاوپێکەوتنێکی سەلاح فایق لەناوەراستی هەشتاکاندا لەگەڵیدا، کە لە گۆڤاری (الدستور) بڵاو بووەتەوە، لەو دیمانەیەدا قەشە یوسف سەعید دەڵێت : "تەنیا خەونێکم هەیە، ئەویش ئەوەیە هەموومان






پێکەوە کۆببینەوەو هەموو ساڵێك، گروپەکە هەموومان سەردانی (کەرکوك) بکەین و لەحەوشەی ئەو کەنیسەیە یان ماڵی یەکێکمان دانیشین". بەڵام لە ئێستادا، پاش کۆچکردنی زۆرێك لە گروپی کەرکوك. ئەم خەونە بووە مەحاڵ .

بەر لە چەند ساڵێك بەرێز نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەمەبەستی سەردانی هەرێم داوەتنامەیەکی ئاراستە کرد، وەڵێ قەشە یوسف سەعید ئەو کاتە بۆی نەکراوە بە پیری داوەتنامەکەوە بچی، چونکە ئەو کاتە تەندروستی باش نەبووە، بەڵام لە ئێستادا وەك خۆی وتی پاش ئەوەی تەندروستی باش بووە ئامادەیە ئەو سەردانە بکات ئەگەر جارێکی تر داوای لێبکرێتەوە. وەڵێ مەرگ ئەو هەلەی پێ نەبەخشی تاکو بۆ جرێکی تر بگەرێتەوە بۆ نیشتمان، تاکو سەرئەنجام لە رۆژی سێشەمەی ٢/٧ /٢٠١٢ کۆچی دوایی کرد .

گفتوگۆ لەگەڵ هارۆکی مۆراکامی:

# ئێمەی ژاپۆنی لە روویەکەوە خۆمان ونکردبوو



**سازدانی: لۆرا میلەر**

**بۆ فارسی: فرشید عەتایی**

**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**





– بیرۆکەی نووسینی رۆمانی (کاتژمێری باڵندەی قورمیشی) لە کوێ هات بە زەینتدا؟

* کاتێك دەستم بە نووسین کرد بیرۆکەکە لە زەینمدا زۆر بچووك بوو، تەنها وێنەیەك بوو و لە راستیدا ئەسڵەن بیرۆکە نەبوو. کابرایەکی سێ ساڵە خەریکە لە چێشتخانەدا مەعکەرۆنی دروست دەکات و تەلەفۆن زەنگ لێدەدات. بەم سادەییە. بەڵام هەستێك بە منی دەوت کە لەوێ رووداوێك لە حاڵی قەومان دایە.

– ئایا تۆ خۆیشت سەرت لە رووداوی رۆمانەکە دەسوورمێت، بە جۆرێك کە وەك بڵێی خەریکی چیرۆکی کەسێکی تر دەخوێنییەوە یا ئەمەی کە خۆت دەزانی رۆمان دوای قۆناغێکی دیاریکراو چۆن بەردەوامی پەیدا دەکات؟

* نا، هەرگیز وا نییە. من لەزەت لە نووسین وەردەگرم. کاتێك دەگەمە بەشێکی تایبەت لە رۆمانەکە، نازانم قەرارە چ رووداوێك بقەومێ. ئەمەیش بۆ من وەك حاڵەتی منداڵێکە کە لە کاتی خوێندنەوەی رۆمانەکەدا بێت. زۆر هەیەجاناوییە کە نەزانی رووداوی دواتر لە رۆماندا چی دەبێت. من کاتێك خەریکم رۆمان دەنووسم حاڵەتێکی وام هەیە. سەرنجراکێشە.

– تۆ لەم رۆمانەدا باسی بابەتگەلێك دەکەیت کە بۆت تازەیە. کەسایەتییەك لە رۆمانەکەدا هەیە باسی ئەزموونی راستەقینەی ترسناك دەکات لە جەنگی دووەمی جیهاندا. بۆچی بڕیارتدا لە بارەی ئەم بابەتەوە کنەوکۆڵینەوە بکەیت؟

* هەوڵمدا لە بارەی جەنگەوە بنووسم بەڵام ئاسان نەبوو بۆم. هەر نووسەرێك بۆ خۆی تەکنیکێکی هەیە، واتا (توانا) یا (ناتوانایی) ئەو لە وەسفکردنی شتێکی وەك جەنگ یا مێژوودا. من لە بارەی وەها بابەتگەلێکەوە باش ناتوانم بنووسم، بەڵام هەوڵی خۆم دەدەم، چونکە هەستەکەم نووسین لە بارەی وەها بابەتگەلێکەوە پێویستە. من چەکمەجەگەلێکم هەیە لە زەینمدا، یەك دنیا چەمکەجە. لە ناو ئەم چەکمەجە یا چاوانەدا سەدان مادەی خامم هەیە. یادەوەری و وێنەی جیمەبەستم لە ناو ئەم چاوانەدا هەڵدەگرم. جەنگ بۆ من چەکمەجەیەکی گەورەیە، چاوێکی زۆر گەورە. هەمیشە هەستم دەکرد کە دواجار رۆژێك ئەم چەکمەجە یا چاوە دەکەمەوە، شتێکی لێدەردەهێنم و لە بارەیەوە دەنووسم. نازانم بۆ. رەنگە بەهۆی ئەمەوە بێت کە ئەمە چیرۆکی باوکمە. باوکم سەر بە نەوەیەکە کە لە جەنگی ساڵانی (١٩٤٠) بەشداری کردووە. کە منداڵ بووم باوکم

چیرۆکگەلێکی بۆ دەگێڕامەوە، هەڵبەتە ژمارەی ئەم چیرۆکانە زۆر نەبوون، بەڵام بۆ من زۆر پڕ مانا بوون. دەمویست بزانم دواتر چییان بەسەر هات، مەبەستم نەوەکەی باوکمە. وەك جۆرێکە میراتە، یادەوەرییەکەی دەڵێم. بەڵام شتانێك کە لەم ڕۆمانەدا نووسیومە، دروستکراوی خۆمە، هەر هەمووی لە هەوەڵەوە تا ئاخری خەیاڵی خۆمە.

– ئایا بۆ نووسینی ئەم ڕۆمانە بەدواداچوونت زۆر کرد؟

* هەڵبەتە بەدواداچوونم کردن بەڵام زۆرنا. کاتی نووسینی ئەم ڕۆمانە من لە پرینستن بووم، لەوێ کتێبخانەیەکی گەورە هەیە. من ئەو ڕۆژانە بۆ ئەنجامدانی هەر کارێك بە هێندەی پێویست کاتی ئازادم هەبوو. هەربۆیە هەموو ڕۆژێك دەچوومە کتێبخانەکەو کتێبم دەخوێندەوەو زیاتریش کتێبی مێژوویی. لەو کتێبخانەیەدا کتێبی باش هەیە لە بارەی ڕووداوەکانی سەر سنووری مەغۆلستان و منچوری. زۆرینەی زانیارییەك کە لەوێ دەستم کەوت بۆ من تازە بوو. من لە خوێندنەوەی ئەو هەموو گەمژەیی و بێڕەحمی و خوێنڕێژییە دەساکام. دوای ئەوەی نووسینی ڕۆمانەکەم تەواو کرد چووم بۆ مەغۆلستان، باشە ئەمەیش کارێکی سەیرە، چونکە زۆرینەی نووسەران بەر لە نووسینی کتێب بۆ بەدواداچوون دەچن بۆ جێگایەك، بەڵام من بە پێچەوانەوە کارم کرد. خەیاڵ گرنگترین دارایی منە، هەربۆیە بەر لە نووسینی ڕۆمانەکە نەچووم بۆ ئەوێ تا خەیاڵەکەم لە بار نەچێت.

– ئەم ڕۆمانەت لە گوێن ڕۆمانەکانی پێشتر (ژاپۆنی تر) دێتە بەرچاو. لە دیدی خوێنەرانی خۆرئاواییەوە کەسایەتی هەندێك لە زۆرینەی ڕۆمانەکانی تۆ خۆرئاوایی دێنە بەرچاو.

* بە ڕاستی؟

– بەڵێ. ڕەنگە بە هۆی ئەوەوە بێت کە ڕۆمانەکانی تۆ زۆر ئارەزووی فەرهەنگی خۆرئاوایی بکەن. مرۆڤ گاڤێك ڕۆمانەکانی تۆ دەخوێنێتەوە هەستناکات ڕووداوەکانی لە ژاپۆن دەقەومێن، بەڵام هەڵبەتە ئەمە هەستی خوێنەرێکی خۆرئاواییە. بە باوەڕی تەواوەوە ئەم ڕۆمانە لەسەر ژاپۆن چڕکراوەتەوە. بۆچی بڕیاری ئەنجامدانی ئەم کارەت دا.

* باشە دەلیلەکەی ئەوەیە کە من ئەو حەلە لە ئەمریکا دەژیام! من لە ساڵی (١٩٩١تا ١٩٩٥) لە ئەمریکا دەژیام و هەر لەو حەلەشدا بوو کە خەریکی نووسینی ئەم ڕۆمانە بووم. بەم هۆیەشەوە بوو نیگایەکی





تایبەتم بۆ وڵاتەکەم و خەڵکەکەی هەبوو. من کاتێك لە ژاپۆن ڕۆمانم دەنووسی، دەمویست هەڵبێم. کاتێکیش لە وڵاتی خۆم چوومە دەر، لە خۆمدەپرسی: ناسنامەی من چییە؟ من وەك نووسەرێك چ ناسنامەیەکم هەیە؟ بە زمانی ژاپۆنی ڕۆمان دەنووسم و ئەمەیش واتا من نووسەرێکی ژاپۆنیم، بەڵام ناسنامەم چییە؟ گاڤێك لە ئەمریکا بووم، هەمیشە بیرم لەم بابەتە دەکردەوە.

بە بۆچوونم ئەمە یەکێك لەو دەلیلانە بوو کە من ڕۆمانێکم لە بارەی (جەنگ)ە وە نووسی. ئێمەی ژاپۆنی لە ڕوویەکەوە خۆمان ونکردبوو. ئێمە دوای جەنگ توند کارمان کرد. خەریکبوو دەوڵەمەند دەبووین. گەیشتینە قۆناغێکی تایبەت. بەڵام دوای گەیشتن بەو قۆناغە لە خۆمان پرسی: خەریکە بۆ کوێ دەچین؟ چیدەکەین؟ ئەمەیش واتا هەستی زیان. هەڵبەت دەبێت ئەمەیش بڵێم کە من بە دوای دۆزینەوەی دەلیلێکیشەوەم بۆ نووسین. ڕوونکردنەوەی ئاسان نییە، زۆر بۆم گرفتە.

– کاتێك لە ژاپۆن دوور بوویت، ژاپۆنت چۆن دەهاتە بەرچاو؟

* (دوای بێدەنگییەکی تووڵانی) وتنی زۆر دژوارە.

– دەتەوێ بە زمانی ژاپۆنی قسە بکەیت؟

* (بە زمانی ژاپۆنی) تەنانەت بە ژاپۆنیش ڕوونکردنەوەی زۆر سەختە.

– ئایا دەتەوێ بڵێی کە کاتێك لە دوورەوەو لە وڵاتێکی ترەوە سەیری وڵاتی خۆت دەکەیت، مانای ژاپۆنی بوون و ئەمەی کە ژاپۆنی بوون واتای چی، بۆت تۆختر دەبێت و زیاتر زەینت بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات، ئەمەی کە مرۆڤ گاڤێك لە ژاپۆنەو لە ژاپۆن دەژی بیر لە وەها پرسێك ناکاتەوە، بەڵام دواتر کاتێك کتوپڕ خۆی لە وڵاتێکی بێگانە دەدۆزێتەوە، ژاپۆنی بوون بۆی مانایەکی تر پەیدا دەکات.

* بەڵێ، ئەمە بەشێکە لە پرسەکە، بەڵام... بە ڕاستی پرسەکە ئەوەندە گەورەیە کە قسە کردن لە بارەیەوە و بەیانکردنی بۆ من دژوارە. دەکرێت بچینە سەر بابەتێکی تر؟

– بێگومان پاڵەوانی چیرۆکەکانی تۆ لەگەڵ تایبەتمەندییە سەختکۆشەکان وێکنایەنەوە، ئەم سەختکۆشییە لەسەر بنەمای وتەی خۆت دوای جەنگ زۆر توند بوو. لە ڕوانگەی تۆوە خاڵی سەرنجکێش لە بارەی کەسێتییەکانی وەك (تورو) لە ڕۆمانی (کاتژمێری باڵندەی قورمیشی) کە بێکارەو زۆر لە ماڵەوە دەمێنێتەوە،

چییە؟

* من لەو کاتەوەی خوێندنم تەواو کرد لەسەر پێی خۆم وەستام و تەواو سەربەخۆ بووم. پەیوەست نەبووم بە هیچ کۆمپانیا و رێکخراوێکیشەوە. ژیان بەم شێوەیە لە ژاپۆن ئاسانە. لێرە لەو رووەوەی کە سەر بە کام کۆمپانیا یا رێکخراوی حوکمت لە بارەوە دەدەن و ئەمەیش بۆ ژاپۆنییەکان زۆر بایەخی هەیە. لەم روانگەیەوە من لە هەموو ماوەکەدا نامۆیەك بووم. تا رادەیەك سەخت بوو، بەڵام من ئەم شێوەیەی ژیانم خۆشدەوێت. ئەم رۆژانە لاوەکان بە دوای وەها ژیانێکەوەن. ئەوان لە هیچ کۆمپانیایەك دڵنیا نین. دە ساڵ لەمەوبەر (میسۆبۆشی) یا کۆمپانیاکانی تر زۆر مەحکەم و پتەو و لە لەرزەنەهاتوو بوون، بەڵام ئێستا ئیتر بەمجۆرە نین. بەتایبەت لە ئێستادا. گەنجانی ئەمڕۆکە لە هیچ شتێك ئەرخایەن نین. دەیانەوێ ئازاد بن، ئەوان کۆمەڵگەی ئێستاکەو هەڵسووڕێنەرەکانیان قبوڵ نییە. هەربۆیە ئەم گەنجانەیش گەر زانکۆ تەواو بکەن و بۆ کارکردن نەبنە ئەندامی هیچ کۆمپانیایەك، ناچارن نامۆ بوون هەڵبژێرن. ئەم خەڵکانە ئم رۆژانە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا خەریکە دەگۆڕێن بۆ گروپێکی گەورە. دەتوانم زۆرباش درك بە هەستەکانیان بکەم. ئەوانە لە دەیەی بیست یا سی تەمەنیاندان و من لەگەڵ ئەوان مەودایەکی تەمەنی زۆرم هەیە، بەڵام پێگەیەکم لە تۆڕی ئینتەرنێت هەیە و پێکەوە نامە گۆڕینەوە دەکەین. ئەوان ئیمەیلی زۆرم بۆ دەنێرن و باشی کتێبەکانم دەڵێن. زۆر سەیرە، جیاوازی نێوان نەوەی من و نەوەی ئەوان زۆر زۆرە، بەڵام زۆر ئاسایی درکی یەکتر دەکەین. ئەمەی کە دەتوانین زۆر ئاسایی پەیوەندی لەگەڵ یەکتری چێبکەین بۆ من زۆر سەرنجڕاکێشە. من هەستەکەم کۆمەڵگەکەمان لە حاڵی گۆڕاندایە. ئێمە خەریکین لە بارەی پاڵەوانی کتێبەکانمەوە قسە دەکەین. خوێنەرانی من لەگەڵ ئەم پاڵەوانانەدا هاودڵی یا هاودەردی دەکەن. باوەڕی من ئەمەیە. چیرۆکەکانی من جۆرە هەستێکی ئازادی یا بەرەڵایی بۆ خوێنەرانم دروست دەکات.

– پاڵەوانەکانی تۆ تاڕادیەك وەك نووسەران دەژین چونکە کارێکی سەربەخۆیان هەیە. ئایا نووسەر بوون لە ژاپۆن سەختە؟

* سەخت نییە. من رێزپەڕم. تەنانەت نووسەرانیش لە ژاپۆن بۆ خۆیان یەکێتییەکیان چێکردووە، بەڵام من ئەندامی نیم. ئەمەیش یەکێك لە بەڵگەکانی هەڵاتنی بەردەوامی من لە ژاپۆنە. ئەمەیش مافی خۆمە. من دەتوانم بۆ هەرکوێ بمەوێ بڕۆم. لە ژاپۆن نووسەران کۆمەڵگەیەکی ئەدەبیان





بەرێخستووە، ئەڵقەیەکی ئەدەبی، یەکێتییەك. بە گومانی من نەوەد لە سەدی نووسەرانی ژاپۆن لە تۆکیۆ دەژین. باشە، ئاساییە کە کۆمەڵگەیەك پێکبهێنن. بە دوای ئەم دۆزەدا عورفگەلێك دروستبووە و بە گومانی من ئەمەیش پێکەنیناوییە. ئەگەر مرۆڤ نووسەر بێت ئازادە هەر کارێك بکات، بۆ هەر جێیەك بڕوات، ئەمەیش لە روانگەی منەوە گرنگترین پرسە. باشە ئاسایی زرۆینەی ئەوانە کەیفیان بە من نایەت. من حەزم لە نوخبەگەرایی نییە. گاڤێکیش لە ژاپۆن دەڕۆم کەس دڵی بۆم تەنگ نابێت

– ئایا ئەوان ئارێشەیان لەگەڵ نووسینەکانی تۆ هەیە؟

* من عاشقی فەرهەنگی گشت پەسەندم. بەم دەلیلەیش بوو کە وتم حەزم لە نوخبەگەرایی نییە. من حەزم لە فیلمە ترسناکەکانە، ستیڤن کینگ، ریمۆند چندلەر، چیرۆکە پۆلیسییەکان. هەڵبەتە لە بارەی بابەتگەلێکەوە نانووسم. پرسی جێگە مەبەستی من ئەمەیە لە پێکهاتەی وەها شتانێك کەڵك وەربگرم نەك ناوەرۆکیان. حەزدەکەم ناوەرۆکی جێگە مەبەستم لە وەها پێکهاتەیەکدا دابنێم. ئەمە شێوازی منە. ستایلی منە. هەربۆیە هەر دوو ئەمجۆرە نووسەرانە کەیفیان بە من نایەت، نووسەرانی رۆمانی نوێش کەیفیان بە من نایەت. من بە جۆرێك لەو نێوانەدا قەرارم گرتووەو خەریکم کارێکی تازە پێشکەش دەکەم. بەم دەلیلەیش نەمدەتوانی تا ساڵانێك جێگای خۆم بدۆزمەوە. بەڵام ئێستا هەست دەکەم کە خەریکە گۆڕانکاری سەرسووڕهێن روو دەدات. خەریکە قەڵەمڕەوەکەی من فراوانتر دەبێت. لەم پازدە ساڵەدا خوێنەری وەفادارم هەبووە. ئەوانە کتێبەکانی من دەکڕن و هەواداری منن. نووسەران و رەخنەگران هەواداری من نین. من کاتێك قەڵەمڕەوەکەم فراوانتر دەبێت وەك نووسەرێکی ژاپۆنی هەستی بەرپرسیارێتیش زیاتر و زیاتر دەبێت. ئەمە شتێکە کە ئێستا خەریکە بۆ من روودەدات و بەم بەڵگەیەشە کە دوو ساڵ لەمەوپێش گەڕامەوە ژاپۆن. ساڵی بەرێ رۆمانێکم نووسی لە بارەی هێرش بە غازی سارین بۆ میترۆی تۆکیۆ لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩٥)دا. من لەگەڵ شەست و سێ کەس لە قوربانیان کە لەو رۆژەدا لە شەمەندەفەرەکەدا بوون قسەم کرد. من ئەم کارەم کرد چونکە دەمویست لەگەڵ خەڵکی ئاسایی ژاپۆندا قسە بکەم. رۆژێك بوو پشوو نەبوو، رۆژی دوو شەممە بەیانییەکەی کاتژمێر هەشت و نیو یا

کەمتر. خەریکبوون وەك رۆژانی پێشوو بەرەو تۆکیۆ دەچوون. میترۆکە مووبڕبوو، دەزانی کە کاتژمێرێکی قەرەباڵغەو مرۆڤ ناتوانێ بجووڵێ، مرۆڤ بەمجۆرەی لێدێت، (شانەکانی بەرەو یەك وێکدێنێتەوە). ئەوانە مرۆڤی زۆر سەخت هەوڵدەرن، ئەم ژاپۆنییە ئاساییانە، بێ هیچ بەڵگەك بە گازی ژاراوی هێرشیان کرایە سەر. مەسخەرە بوو. تەنیا بە شوێن ئەمەوە بووم تێبگەم چییان بەسەر هاتووەو ئەمەی کە خەڵکەکان کێن. هەربۆیە لەگەڵ یەکیەکی ئەوانە گفتوگۆم کرد. ساڵێکی پێچوو، بەڵام کاتێك لە رەوتی گفتوگۆکاندا تێگەیشتم ئەو خەڵکانە کێن کاری تێکردم. من رقم لەو خەڵکانەی کۆمپانیاکە بوو، لەو مووچە وەرگر و بازرگانانە. بەڵام دوای ئەنجامدانی ئەو گفتوگۆیە دڵم بۆیان سووتا. راستییەکەی من نازانم بۆچی ئەوان بە توندی کار دەکەن. هەندێك لەوان کاتژمێری پێنج و نیوی سپێدە لە خەو هەڵدەستن تا بڕۆن بۆ ناوەندی شاری تۆکیو. بە میترۆ زیاتر لە دوو کاتژمێری پێدەچێ، هەموویان بەمجۆرە تێکترنجاون(خۆی گرمۆڵە دەکات) تەنانەت ناتوانی کتێبێك بخوێنییەوە. بەڵام سی یا چل ساڵ دەبێت ئەم کارە دەکەن. ئەمەیش بۆ من حەپەسێنەرە. کاتژمێر دەی شەو دەگەڕێنەوە ماڵێ و لەو کاتەیشدا منداڵەکانیان نووستوون، ئەوان تەنها یەکشەممان دەتوانن منداڵەکانیان ببینن. ئەمەیش ترسناکە، بەڵام گلەیی ناکەن. لێم پرسین بۆچی لەمەڕ ئەم بارودۆخەوە گلەیی ناکەن، وەڵامیان دایەوە، بێکەڵکە. ئەم کارێکە کە هەموو خەڵکی دەیکەن، هەربۆیە دەلیلێك بۆ گلەیی بوونی نییە.

– ئایا ئەوان حەسوودی بە ژیانی تۆ دەبەن؟

* نا، حەسوودی نابەن. ئەوانە خوویان بەم جۆرە ژیانەوە گرتووە. ساڵانێکە بەمجۆرە دەژین. رێگەیەکی تریان نییە. هەڵبەتە لە نێوان خەڵکانی گروپ و خەڵکانی ئاسایی وێکچوونێك هەیە. کاتێك گفتوگۆکانم دەپشکنی. وتی دژوارە. بە دەربڕینێکی تر، من عاشقی ئەو خەڵکەم. گوێم بۆ حیکایەتی منداڵییان رادەدێرا. دەمپرسی لە منداڵیدا چ جۆرە مرۆڤێك بوویت؟ لە قۆناغی دواناوەندی چۆن؟ کاتێکیش هاوسەرگیریت کرد چۆن مرۆڤێك بوویت؟ لەگەڵ چ جۆرە کچێك هاوسەرگیریت کرد؟ ژیانیان پڕە لە چیرۆك. هەر یەکێك لەم خەڵکانە بۆ خۆیان چیرۆکگەلی سەرنجراکێشیان هەیە و ئەمەیش بۆ من زۆر هەیەجان بزوێن بوو. ئێستا کاتێك سواری میترۆ دەبم و وەها خەڵکانێك دەبینم، هەڵبەتە نایانناسم، وەلێ ئێستا لەگەڵیان زۆر ئاسوودەترم. دەتوانم بزانم کە ئەم خەڵکانە بۆ خۆیان چیرۆکیان هەیە. ئەو گفتوگۆیانە





بۆ من سوودمەند بوون. پێموایە خەریکم دەگۆڕێم.

– کاردانەوە لە گوێن ئەو رۆمانە چۆن بوو؟

* نامەی زۆرم لە خوێنەرانەوە پێگەیشت. زۆر کەوتبوونە ژێر کاریگەرییەوە. هەندێکیان دڵگەرمیش بووبوون. بۆ رۆمانێکی پۆلیسی نا چیرۆکی کاردانەوەیەکی سەیر بوو. خوێنەران وتیان دڵگەرم بوون. خەڵکی بە توندی و راستگۆیی زۆرەوە کاردەکەن و ئەم رۆمانەیش بۆ ئەوان راچڵەکێنەر بوو. ئەمەیش لەگەڵ دیدگاکانی پێشوومان وێکنەدەهاتەوە، ئەمەی کە بە توندی کارکردن شتێکی باشە.

– ئایا لەگەڵ ئەندامانی گروپی ئانومیش گفتوگۆت کرد؟

* هەنووکە سەرقاڵی ئەم کارەم. زۆر بەداخم بۆیان. ئەوان جاحێڵن، زۆربەیان بیست ساڵن. ئەوان زۆر مکوڕن و زۆریش ئامانجگەرا. ئەوان زۆر بە مکوڕی بیر لە جیهان و رژێمی بەهاکان دەکەنەوە. من لە ساڵی (١٩٤٩) لە دایکبووم و لە ساڵانی (١٩٦٠) دا کە دەورانی چالاکییە شۆڕشگێڕی و دژە سوونەتییەکان بوو خوێندکاری زانکۆ بووم. ئێمەیش ئامانجگەرابووین، باسی نەوەی خۆمان دەکەم. بەڵام ئێستا ئیتر شوێنەوارێك لەو ئامانجگەرایییە نییەو (ئابووری بلوری) گەیشت. ئەو لاوانەیش تا رادەیەك وەك تافی لاویی ئێمەن، ئامانجگەرا و ناتوانن خۆیان بە بەشێك لە رژێمی بەهاکان بزانن. کەس ئەوانی قبوڵ نییەو هەر بەم هۆیەشەوە چوونەتە شوێن ئەو گروپە. لە دیدارەکانیاندا دەیانوت پارە بۆ ئەوان هیچ مانایەکی نییەو بە دوای شتێکی بە نرخ ترەوەن، شتێکی مەعنەوی. باشە ئەمەیش فکرێکی خراپ نییە، هەڵەیش نییە. بەڵام کەس ناتوانێ شتێك بۆ ئەوان پێشنیاز بکات، جگە لە خودی ئەندامانی تیمی ئائۆم. ئەوان نیزامێکیان بۆ پشکنین نییە تا بتوانن حوکم بدەن چی دروستەو چیش نادروست. ئێمە ئەم نیزامی حوکمدانەمان نەداوە بەوان. پێموایە ئێمەی نووسەران لەم بارەیەوە بەرپرسین. ئەگەر من چیرۆکێکی دروست بدەمە تۆ، ئەو چیرۆکە نیزامێکی حوکمدان دەداتە تۆ و بە تۆ دەڵێت کە چی دروستەو چیش نادروست. بە بۆچوونی من خوێندنەوەی چیرۆکێك وەك لە پێکردنی پێڵاوی کەسێکی ترە. لە دنیادا یەك دنیا پێڵاو هەیەو گاڤێك مرۆڤ پێی تێدەخات لە دیدی ئەوانیترەوە سەیری دنیا دەکات. بەشەر لە رێگەی خوێندنەوەی رۆمانی باش و مکوڕەوە

شتانێك لە بارەی جیهانەوە فێر دەبێت. بەڵام کەس ڕۆمانێکی باشی نەدایە ئەندامانی ئەو گروپە. کاتێك (ئاساهارا) — گورووی گروپی ئائۆم— چیرۆکی خۆی دا بەوان، ئەوان بە توندی کەوتنە ژێر هێزی چیرۆکی ئەوەوە. ئاساهارا خاوەنی هێزێکە کە هەڵبەتە ئەنجامێکی شەیتانی هەیە، بەڵام پرسی گرنگ ئەمەیە کە دەبوو (ئێمە) چیرۆکی باشمان بدایە بەوان.

— لە ڕۆمانی (کاتژمێری باڵندەی قورمیشی)، (نۆبۆرۆ) ژنبراکەی تۆرۆ کەسایەتییەکی زۆر سەرنجڕاکێشی هەیە، وەك پسپۆڕێکی ڕاگەیاندنە گروپییەکان کە دەچێتە تەلەڤزیۆن تا لە بارەی سیاسەت و ئابوورییەوە قسەو باس بکات، بەڵام ئەو باوەڕی بە هیچ شتێك نییە، تەنها ئەوە دەڵێت کە بە قازانجی بێت. چ سەرچاوەیەك بووە هۆی هاتنە بوونی ئەو؟

* تەلەڤزیۆن(پێدەکەنێ). هەڵبەتە من بە شێوەیەکی گشتی سەیری تیڤی ناکەم، بەڵام گەر تەنها ڕۆژێك لە بەیانییەوە تا ئێواریێ سەیری تیڤی بکەیت دەتوانی وەها کەسێتییەك دروست بکەیت. ئەو دەتوانێ قسە بکات، بەڵام زۆر رووکارو تەنك. لە ناخی خۆیدا هیچ شتێکی نییە. لە ژاپۆن لەم خەڵکانە گەلێك زۆرە، لە ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش بە هەمان شێوە. زۆرێك لە میللیگەرایان وەك نۆبۆرۆ خەڵکانی رووکار و ناو بۆشن. هەستەکەم بوونی وەها خەڵکانێك تاڕادەیەك مەترسی خوڵقێنە. هەڵبەتە دەتوانین بەوانە پێبکەنین، بەڵام لە ڕاستیدا بوونی ئەوانە مەترسی خوڵقێنە.

— ئایا نیگەرانی فاشیزم یا شتێکی وەك ئەوەیت؟

* فاشیزم وشەیەکی گونجاو نییە، دەبوو بتوتبا میللیگەرایی و پێداچوونەوە خوازی. ئەوان دەڵێن شتێك بە ناوی کۆمەڵکوژی (نان لینگ) لە گۆڕێ نییە و پرسێك بە ناو (ژنانی ئاسایش) بوونی نییە(مەبەست لە ژنانی ئاسایش ژنانی چینی و کۆرییایە کە بە زۆر لە لایەن سوپای ژاپۆنەوە ناچاری کۆیلەیی دەکرێن). ئەوان خەریکن سەرلەنوێ مێژوو ڕۆدەنێنەوە و ئەمەیش زۆر ترسناکە. چەند ساڵێك لەمەوپێش چووم بۆ مەنچوری و سەردانی گوندێکم کرد. خەڵکی ئەو گوندە پێیانوتم سەربازە ژاپۆنییەکان پەنجا شەست کەسێکیان لە دانیشتوانی ئێرە کۆمەڵکوژ کرد. گۆڕە بە کۆمەڵەکانیان پیشاندام، هێشتایش هەیە. بە ڕاستی شۆك ئاوەرەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لەم ڕاستییە بکات، بەڵام ئەمە کارێکە ئەوان خەریکن ئەنجامی دەدەن. ئێمە دەتوانین بەرەو پێشەوە





بڕۆین بەڵام دەبێت رابردووشمان لە بیر بێت، ئەمە جیاوازە.

— تۆ دەڵێی خەیاڵ لە کارەکانتدا زۆر گرنگە. هەندێك کات ڕۆمانەکانت زۆر واقعگەرایانە (ریالیستی) دەبن و هەندێك کاتیش زۆر... میتافیزیکی.

* من چیرۆکگەلی سەیروسەمەرە دەنووسم. نازانم بۆچی ئەوەندە حەزئەکەم نووسینەکانم سەیروسەمەرەبن. من خۆم مرۆڤێکی زۆر واقعگەراییم. متمانەم بە هیچ شتێکی (چەرخی نوێ) نییە، تا بە دەستهێنانی کەرەسەو خەون و تاروت و ئەستێرەناسی. هەرگیز باوەڕم بەمجۆرە شتانە نییە. کاتژمێر شەشی بەیانی لە خەو هەڵدەستم و کاتژمێر دەی شەو دەنووم. هەموو ڕۆژێك لە سەرخۆ رادەکەم و مەلە دەکەم و خۆراکی ساغڵەم دەخۆم. بەڵام گاڤێك دەنووسم سەیروسەمەرە دەنووسم و ئەمەیش زۆر سەیرە. هەرچی زیاتر مکوڕ دەبم، سەیروسەمەرەتر دەنووسم. کاتێك دەمەوێ لە بارەی واقعییەتی کۆمەڵگەو جیهانەوە بنووسم، نووسینەکەم سەیروسەمەرە دەبێت. زۆرێك لە من دەپرسن بۆچی و منیش وەڵامێکم نییە بیدەمەوە. بەڵام کاتێك خەریکبووم لەگەڵ ئەو شەست و سێ کەسە گفتوگۆم دەکرد، پەیم بەم دۆزە برد، ئەوانە مرۆڤی زۆر بێغەل و غەش بوون، زۆر سادەو زۆریش ئاسایی بوون. بەڵام هەندێککات چیرۆکەکانیان زۆر سەیروسەمەرە بوو و ئەمەیش بۆ من سەرنجڕاکێش بوو.

— ئایا خۆیشت قەت وەك تۆرۆی پاڵەوانی ڕۆمانەکەت، لە ناو چاڵێکی وشکدا دانیشتووی؟

* نا، بەڵام هەمیشە چاڵ بەلامەوە سەرنجڕاکێش بووە، زۆریش. هەر جارێك کە چاڵێك دەبینم، دەرۆمە تەنیشتی و دەوەستم و سەیری ناوەوەی دەکەم.

— ئایا ئەگەری ئەوە دادەنێیت ڕۆژێك بکەویتە چاڵێکەوە؟

* نا، نا .

— دەترسی؟

* بەڵێ، دەترسم. من نووسینی کەسانێکم خوێندۆتەوە کە کەوتبووە چاڵەوە. چیرۆکێکی (ریمۆند کارڤور)م خوێندبۆوە لە بارەی منداڵێکەوە کە کەوتبووە چاڵێکەوە و ڕۆژێکی تەواوی لەو چاڵەدا دەژی. چیرۆکێکی چاك بوو.

— ئەو نووسەرێکی زۆر واقعگەرابوو.

* بەڵێ، زۆر واقعگەرا. بەڵام ناخودئاگا بۆ من نووسەرێکی زۆر گرنگە. من زۆر کارەکانی (یۆنگ) ناخوێنمەوە، بەڵام لە نێوان نووسینەکانی من و نووسینەکانی ئەودا وێکچوونی زۆر هەیە. (ناخودئاگا) بۆ

من سەرزەوییەکی نەناسراوە. نامەوێ ئەوە شیبکەمەوە، بەڵام یۆنگ و دەروونناسەکان هەمیشە سەرقاڵی شیکردنەوەی خەون و تەرازووی بایەخی هەر شتێکن. من نامەوێ کارێکی وا بکەم. ناخودئاگا بۆ من تەنیا ناخود ئاگایە. رەنگە ئەم دیدگایە تا رادەیەك سەیر بێت، بەڵام هەستەکەم دەتوانم بەم دیدگا سەیرە بگەمە ئەوەی مەبەستمە. جارجارێ کۆنترۆڵکردنی ئەوە زۆر لەگەڵ مەترسی هاورێیە. دیمەنی پەیوەست ئەو ئوتێلەت لە بیرە؟ من چیرۆکی ئەرفۆس خۆشدەوێ، دابەزینەکەیشی، ئەم چیرۆکە لەسەر بنەمای ئەم دۆزە نووسراوە، (دنیای مەرگ) مرۆڤ خۆی دەخاتە مەترسییەوەو دەچێتە ناوی. بە گومانی خۆم من نووسەرێکم و دەتوانم ئەم کارە ئەنجام بدەم. واتا خەریکم خۆم دەخەمە مەترسییەوە. ئەرخایەنم کە ئەو دەتوانم دەروەستی بێم. بەڵام کات دەبات. کاتێك دەستم بە نووسینی رۆمانەکە کرد هەموو رۆژێك دەمنووسی و دەمنووسی بەداهاتنی تاریکی ئامادەبووم بچمە ناوی. هەڵبەتە بەرلەمەیش کاتی دەگرت، گەیشتن بەو قۆناغە دەڵێم. مرۆڤ ناتوانێ ئەمرۆ دەست بە نووسین بکات و سبەی بچێتە ئەو دنیایەوە، دەبێت هەموو رۆژێك تەحەمول بکەیت و زەحمەت بکێشی. دەبێت توانای چڕبوونەوەت هەبێت. بە بۆچوونم ئەمە گرنگترین بەشی کاری نووسەرە. بۆ ئەمە مەبەستە من هەموو رۆژێ مەشق دەکەم. توانای جەستەیی زۆر پێویستە. زۆرێك لە نوسەران بایەخ بە هێزی جەستەیی نادەن (پێدەکەنێ) زۆر دەخۆنەوەو جگەرەیش زۆر دەکێشن. هەڵبەت من رەخنەیان لێناگرم، بەڵام بۆ من هێزی جەستەیی زۆر گرنگە. خەڵکی باوەڕ ناکەن کە من نووسەرم چون هەموو رۆژێ رادەکەم و مەلە دەکەم. بە سەراسیمەیەوە دەپرسن: (ئەو نووسەرە؟!)

– ئایا گاڤێك لە بارەی ئەم شتە رەش و تاریکانەوە دەنووسی خۆیشت دووچاری ترس دەبیت؟

* نا هەرگیز.

– تەنانەت لەو ساتەشدا کە ئەو بوونەوەرە شەیتانییەی لە دەرگای ئوتێلەکەوە دەچێتە ژووری تا (تورو) بگرێت، یا کاتێك کە ئەو سەربازە بەزیندووی کەوڵی دەکەن؟ ئایا لە نووسینی وەها دیمەنگەلێك بێتاقەت نابیت؟

* لەم روانگەیەوە بەڵێ، تووشی ترس دەبم. گاڤێك ئەو دیمەنەم دەنووسی خۆیشم لەوێ بووم. ئەو شوێنە بەڵەد بووم. دەتوانم هەست بەو تاریکییە بکەم. دەتوانم ئەو بۆنە سەیروسەمەرانە هەڵمژم. ئەگەر نەتوانی ئەم کارانە بکەیت نووسەر نیت. ئەگەر نووسەر بیت دەتوانیت لەژێر پێستتدا هەست بەوە





بکەیت. گاڤێك خەریکبووم ئەو دیمەنانەی پەیوەست بە کەوڵکردنی سەربازەکەم دەنووسی، زۆر بۆم.... زۆر بۆم ترسناك بوو، منیش زۆر ترسابووم. راستییەکەی نەمدەویست ئەو دیمەنانە بنووسم، بەڵام نووسیم. لە نووسینی وەها دیمەنێك رازی نەبووم، بەڵام بوونی وەها دیمەنێك لەو چیرۆکەدا پێویست بوو. مرۆڤی ناتوانێ لێی هەڵبێت. بەشێکە لە بەرپرسیارێتییەکانی مرۆڤ.

– وادێتە بەرچاو کاتێك لە نووسینی شتێك دەترسی بڕیار دەدەیت دوای بکەوی.

* ناکرێت لێی هەڵبێیت. پەندێکی هیندی هەیە دەڵێت: (ئەگەر تووله پڵنگت دەوێ، دەبێت بچیتە لانەی پڵنگەوە.)

http://tarjome.blogsky.com/?PostId=21



# کار و چالاکییەکانی

## لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد

**ئا: بەڕێوەبەری نووسین**

**نووسەرانی کەرکوک کۆڕێکی بەناونیشانی دەسەڵات وجەماوەر ڕێکخست**

لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری کۆڕو سیمیناردا، ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی ٢٠١٢/٣/١ لەهۆڵی (مستەفا گەرمیانی) لەکۆمەڵەی ڕووناکبیری کەرکوک، بەناونیشانی "دەسەڵات وجەماوەر" ئێوارە کۆڕێکی بۆ نووسەر (سەمەد ئەحمەد) ڕێکخست، سەرەتا بەڕێوەبەری کۆڕەکە شاعیر (ستار ئەحمەد) کورتەیەك لەژیاننامەو کارو چالاکییەکانی ئەدەبی کۆڕگێڕی بۆ ئامادەبووان خوێندەوە، دواتر کۆڕگێڕ دەستی بەخوێندنەوەی بابەتەکەی کرد، ولەکۆتایشدا ئامادەبووان گفتوگۆیان لەسەر بابەتەکە کرد..کۆڕەکە نزیکەی دوو کاتژمێری خایاند..

**لە درێژەی کارو چالاکییەکانی لقی کەرکوکی یەکێتیی نووسەرانی کورد، لە بواری چاپکردنی کتێب بۆ نووسەران بەبێ بەرامبەر، لەماوەی دوو مانگی ڕابردوودا پێنج کتێبی ئەدەبی هەمەجۆری تری چاپ وبلاّو کردەوە، بەپێی ئەم زنجیرانەی خوارەوە:**

* لە ژێر زنجیرەی (١٥١) کتێبی (ڕاز و گەمەی ئیشق) کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر (عەباس مەجید داودی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...








* لە ژێر زنجیرەی (١٥٢) کتێبی (نووسەرو نووسینەوەی زمان) کۆمەڵێ لێکۆڵینەوەی زمانەوانی وئەدەبییە لە نووسینی (نیهاد جامی) کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٣) کتێبی (زیارەتی ماچ) کۆمەڵە شیعرێکی شاعیر (ڕەسووڵ سوڵتانی)یە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی(١٥٤) کتێبی (لەگێژەنی پرسیاردا) کۆمەڵێ دیمانەی نووسەر (حەمە فەریق حەسەن)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران خوێنەران...

* لە ژێر زنجیرەی (١٥٥) کتێبی (بنەماکانی ڕەخنەی ئەدەبی) لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبیە لەنووسینی (مەحمەد سابیر مەحموود)ە، کەوتە بەر دیدی نووسەران و خوێنەران...